# قازی محەمەد

# زەنگی ئازادی



نیگاری: بەشدار نوری

33

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە و هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێک
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێک دەریدەکات


ئەمن بە خودا بە کەلامی عەزیمی خودا بە نیشتمان بە شەرافەتی کورد بە ئالای موقەددەسی کوردستان سوێند دەخوم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنوکی خوێنم بە گیان و مال لە ڕێی راگرتنی سەربەخۆیی جمهوری کوردستان و یەکیتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم

دەقی سوێندخواردنەکەی پێشەوا قازی محەمەد لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا

## بەشدار نوری فتح الله

- ساڵی 1980 لەرواندوز لەدایکبووە.
- دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ساڵی (2001-2002)ە.
- بەڕێوبەری بەشی پرۆژەکانە لە ڕێخراوی پێرو بۆ هونەرە جوانەکان.
- ئێستاش لەدوا قۆناغی بەشی وێنەکێشانی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی.
- بەشداری خولی سێیەمی گەلەریی هەولێری کردووە.
- بەشداری لەچەندین پێشەنگای هاوبەشدا کردووە.

## ژمارەکانی ڕابردوو

ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد مەولود (مەم)، کەمال مەزهەر، لەتیف حامید، سوارەی ئیلخانی زادە، محێدین زەنگەنە، ئەحمەد هەردی، یەڵماز گۆنای، موحەڕەم محەمەد ئەمین، دڵدار، مەستوورەی ئەردەڵانی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، جەمال عیرفان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، جەلالی میرزا کەریم، عەبدولخالق مەعروف، هێمن، حسێن حوزنی موکریانی، ئەمین فەیزی، کامەران موکری، جەلال تەقی، حەمە ساڵح دیلان، هەژار، شاکیر فەتاح، عەلائەدین سەجادی، کاکەی فەلاح


سەرپەرشتی گشتی
شێرکۆ بێکەس

ڕاوێژکار
ئەکرەم قەرەداخی

سکرتێری ڕۆڤار
یاسین عومەر

سەرپەرشتیاری هونەری
قادر میرخان

مۆنتاژی کۆمپیوتەر
یادگار ئەوڕەحمان

(ڕۆڤار) بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکات

سەرپەرشتیاری چاپ
فەرهاد ڕەفیق

ناونیشان
سلێمانی - فولکەی یەکگرتن
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ڕۆڤار

ت: 3120690

لە دەرەوەی وڵات
Tel: 00441628477660
Fax: 00441628486008

Web Site
www.sardam.info

Email
Sardam@sardam.info

چاپخانەی (ڕەنج)

# ژیاننامەی قازی محەمەد

محەمەد بەهادین
مەلا ساحیب

شەهید قازی محمد کوری قازی علی کوڕی میرزا قاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە، لە ساڵی(1901)ز لە شاری مەهاباد لە دایکبووە، دایکی لەتیرەی فەیزوڵڵا بەگییە، کە ئەوانیش لە مێژەوە ناو بانگێکی گرنگیان بووە لە وڵاتی موکریاندا.

پێشەوا لە 21مارت1947 بەدەستی کۆنەپەرستانی ئێران لە مەهاباد و لەمەیدانی(چوارچرا) لە سێدارەدرا لەگەڵ هاوڕێکانی لە پێناوی ئەو بیرو باوەرەی کە لەگەڵ خوێنیا تیکەڵ بوو، و لەسەر ئەو سوێنەی لە کاتی خۆیا خواردی، کەتا دواهەناسەی لەگەڵ خەڵکابێت.

قازی محمد پیاوێکی، کەڵەگەت، چوارشانە، وەبەخووەبوو، ریشێکی تەنکی کارەبایی هێشتبووەوە، هەمیشە زەردەخەنە بەدوو لێویەوە دیاربوو ڕووخۆش و لەسەرخۆو هێمن بوو، جلوبەرگێکی سادەی مەلایانەی لەبەرئەکرد، کە ئەگەر نابەڵەدێك چاوی پێبکەوتایە وای ئەزانی مەلای لادێیەکی ئەو وڵاتەیە.

هەموو علومی ئاینی تەواو کردبوو، و هەر لەسنوری ئەو علوومانەدا، نەوەستابوو، بەڵکو لەزانیاری نوێدا دەستێکی باڵاو پـــــایەیەکی بەرزی

هەبوو، و لە خوێندنەوەی پەڕاوی بێگانە دریغی نەئەکرد، تەنانەت زمانی رووسی و ئینگلیزی بە گفتوگۆ خوێندنەوە زانیوە.

لەو سەردەمەدا کە بۆ یەکەم جار قوتابخانەی تازە لە مەهاباد کراوەتەوە قازی محمد کراوە بەسەرۆکی فەرهەنگی ئەو ناوچەیە، بێ ئەوەی یارمەتی و مووچە لەمیری وەرگرێت و خەڵکی زۆر هانئەدا بۆ فێربوونی زانیاری و هەموو جۆرە هونەرێك، پیاوێکی پێشکەوتوو و دڵپاکبوو، بەرهەڵستی عەشیرەتگەری زۆر بەتوندی کردووە، بەو بۆنەیەوە زۆرجار دەرەبەگەکان دوژمنایەتیان لەگەڵا کردووە چونکە هەرگیز لایەنی رەنجبەران و جوتیارانی کوردی بەرنەداوە، گیانی دیموکراتی و نیشتمانپەروەری، کارێکی گرنگی کردبووە سەر هەست و بیروباوەڕی.

بەرەوبنەماڵەی قازی محمد هەر لەسەرەتای شەڕی جیهانی یەکەمەوە ناوبانگیان دەرکردووە لە موکریاندا، قازی محمد لەدواییدا بە هۆی چالاکی و وریایی خۆیەوە توانی ئەم دەسەڵاتە مەعنەوییەوە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی بگرێتەوە، ئەم بنەماڵەیە بەلای زۆربەی کوردەکانەوە بەرێزو خۆشەویست بوون، پیاوی هەڵکەوتوو و ناوداریان زۆربووە، وەك: میرزا فەتاحی قازی کەلەپێناوی هێنانی یاسای دەستووری (مەشروط)دا زۆرتێکۆشاوە بەو بۆنەیەوە ماوەیەکی زۆر لە تاران لە زیندانا بەندکراوە، چونکە لە دژی رژێمی دکتاتۆری ئەو سەردەمە خەباتی کردووە، پێشەوا هەر لەسەر رەویەی باوك و باپیرانی بەردەوام بوو، وە رابوردووی خاوێنی ئەوان پاڵی پێوەنا کە زیاتر لەرێی ولاتی کوردستان تێکوشان بکات. لە ساڵی 1938 کە "قازی عەلی" باوکی کۆچی دوایی کرد ئەرکی سەرشانی زیاتربوو و کرا بە قازی مەهاباد، لەڕاستیدا هەر چەندە بەمیرات بوو، بەڵام خۆی زۆر شایستەی ئەوپایەیە بوو، و توانی بەشێوەیەکی ڕێك وپێك فەرمانەکانی جێبەجێ بکات.

## نموونەیەك لە تێکۆشانی

لە پێش ئەوەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بێتە کۆڕی خەباتەوە، قازی محمد لەسییەکانی ئەم سەدەیە (ثلاثینیات)دا پەیوەندی بە (حزبی خۆیبون) ەوە هەبووە کە لەساڵی 1927 ئەم حزبە لە کوردستانی تورکیا بەهاوکاری (احسان نوری پاشا) شۆڕشیان بەرپاکرد.

هەروەها لە کاتێکدا(ژ. ك) ژمارەی ئەندامانی لە(20)کەسێك تێپەڕیان نەئەکرد، پەیوەندیان کرد بەقازی محمدەوە ئەویش بەدڵێکی خاوێن و نیازێکی ڕاستەوە چووە ریزی تێکۆشان لەگەڵیانا، پاش ماوەیەك، زۆر لە ئەندامانی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی لە ناوچەکانی کەدا بلاوبووتەوە، بۆ ئەوەی لەهەموو لایەك ئامانج و بەرنامەی"ژ.ك" بگەیەنن بەخەڵك و ڕیشەداکوتێ.

هەروەها پەیوەندیان کرد بەکوردستانی تورکیاو عێراقەوە، بۆ ئەم مەبەستە"محمد ئەمین شەریفی" ئەندامی سەرکردایەتی کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەرێکی کوردستانی عیراق وەکو نەتەوەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان مەلا وەهاب نوێنەری کوردەکانی تورکیا، شێخ عەبدوالله نوێنەری کوردەکانی عێراق، قاسم قادری ئەندامی دامەزرێنەری(ژ.ك) لەسەر سنوری هەرسێ بەشی کوردستان، لە ئەنجامدا چەند بریاریارێکی گرنگیان مۆرکرد. کەبریتی بوو لەوەی دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژبکەن و پەیوەندی تەواویان لەنێواندا بەهێزبێت

لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا تا لە پاشەرۆژدا گەلی کورد ڕزگارکەن، و مافی نەتەوایەتی خۆی وەربگرێت.

هەروەها توانیان گۆڤاری(نیشتمان) یەکەم ژمارەی لە حوزیرانی 1943 بەشێوەیەکی جوان و ڕێك و پێك لەچاپ بدەن، وبلاوی بکەنەوە، بەوجۆرە هەموو مانگێك هەموو بەرنامەو وێژەو مێژووی رابوردوی کوردی تیا بنووسن و بەخوێندەواری کوردی بگەێنن.

کۆمەڵی"ژ.ك" لەسەرەتاوە بەنهێنی خەباتی ئەکرد تاتوانی ئەندامانی زۆر بکات وە لەسەر بیرو باوەڕێکی ڕاست و لەپێناوی ڕزگاری کورد تێکۆشانی ئەکرد.

لە کاتێکدا رژێمی تاران هێشتا لەگەڵ خۆفرۆشەکان و هەندێ لە خاوەن زەوی وزارە گەورەکان دەسەلاتیان مابوو لە بەرگریکردنی خەڵکی و قەدەغە کردنیان لە هاوکاری کردن و یارمەتیدانی کۆمەڵی "ژ.ك"، تەنانەت لەناوچەی شارویران ئاغایەك گوێی پیاوێکی بڕیبوو چونکە وتبوی لەسەر هەموو کوردێك پێویستە بەدڵێکی خاوێنەوە بچێتە ناو کۆمەڵی "ژ.ك" بۆ رزگاری کوردستان لەژێر چەپۆکی داگیرکەران و کۆنە پەرستان، بەلام لەگەڵ ئەو هەموو قەدەغەیە لاوان و خوێندەواران گوێیان کەربوو لە عاستی نۆکەران و دەرەبەگەکان و بەدڵێکی خاوێنەوە ئەهاتنە ڕیزی ئەندامە تێکۆشەرەکانی "ژ.ك" لەوانە دوو هاوڕێ بەناوی (شێرکۆوپیروت)، بەو نیازەوە بەرەو مەهاباد کەوتنە ڕێگا پاش ماوەیەك بەپیاوێك گەیشتن لە کۆمەڵی ژیانەوە بوو بەڕوو خۆشیەوە بەخێرهاتنی کردن، ئەوانیش وەلامیان دایەوە و لێیان پرسی ئایا ئێمە چۆن ئەتوانین پەیوەندی بە کۆمەڵەوە بکەین تاکو شانبەشانی ئەندامەکانی پێویستی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین؟

میرزا قوتیاس وتی من ئەندامێکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانم و، ئەتوانم بەئاسانی ڕێگاو شوێن بۆ ئێوە دابنێم، وائێستە منیش بۆ مەهاباد ئەڕۆم لەگەڵم وەرن، هەرسێکیان بە دڵێکی پڕ لەهیوا و ئاواتەوە کەوتنەڕێ، ئێوارە وەختە نزیکی شاربونەوە، میرزا وتی باوچانێك لەباخی قازی بدەین، تا دنیا تاریك ئەکات، پاش ئەوە ئەچین بۆ ماڵی کاك سوار کە مەردێکی تەواوەو ئەندامێکی بەرزی دڵسۆزە، و من پەیوەندیم لەگەڵ ئەوا هەیە، پاش ئەوەی دنیا تاریك بوو هەرسێکیان ڕووەو ماڵی کاك سوار دەستیـــــان کرد بەرۆیین، و میرزا

هەردووكیانی پێشكەش كرد، و چەند گفتوگۆیەكیان دەربارەی ڕێكخستنی ناوی نەهێنیەوە درێژەپێدا لە ئەنجامدا كاك سوار وتی سبەی شەو (ئاذەر رو برا) ئەبەین بۆلای (كاك بینایی)، هەندێ لە هەڤاڵەكانی ترمان لەوێ ئەبن تابزانین چیمان بۆ دیارییەكەن، كۆمیتەی سەركردایەتی كۆمەڵی (ژ.ك) لە چەند هۆدەیەكی پیاوێكی دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەردا كۆبوونەوەیان ئەكرد، كە ئەم پیاوە لە فەرمانڕەوایی ڕەزاشادا زۆرجار تووشی گیروگرفت و چەرمەسەری بووبو، و یارمەتییەكی دڵسۆزانەی كۆمەڵەی ئەداو، كەم كەس گومانی پێئەكرد، بۆسبەی شەو هەرچواریان میرزاو ئاذەر وبراو كاك سوار، بەرەو جێگای كۆبوونەوەی نهێنی كاك بینایی ڕۆیشتن.

كاك سوار وتی ئێوە لەم كۆڵانەدا ڕابوەستن تامن ئەرۆم و ئەگەڕێمەوە بۆلاتان، ئەوسا هەمووومان ئەچینە ژوورەوە، پاش ئەوەی كاك سوار گەڕایەوە هەموویان ڕۆیشتن و تەقەیان لە دەرگادا، بۆیان كرایەوە، بەژێر خانێكی تاریكدا چوونە ژوورەوە، سەركەوتن تا گەیشتنە ژوورێك، چرایەكی كزی تیاداگیرسابوو، كەسی تیانەبوو، پاش ماوەیەكی كەم پیاوێك هاتەلایان وتی شەوتانباش، كاك سواروميرزا دەست بەجێ هەستانە سەرپێ، ئازەروبرا ئەوانیش بەچاو برین لەوان هەستان، چوونكە قازی محمدیان نەئەناسی هەرچەندە ناو بانگیان بیستبوو، كاك سوار وتی قوربان ئەو دوولاوەی باسم كردن ئەم ناوانەن، ناوی نهێنی و ئاشكرای هەردووكیانی پێووت، كاك بینایی پەردەیەكی هەڵدایەوەو لە ناوتاقێكدا نەخشەیەكی هێنایە خوارەوە و دەستی كرد بە باسكردنی خاكی كورد كە چۆن تائێستا بەبەشكراوی ماوەتەوە؟ و هۆیەكانی چییە؟ و چۆن لەدواڕۆژدا ئەتوانین یەكی بخەینەوەو وڵاتێكی سەربەخۆی خاوەن سنوری لێ پێك بهێنرێت.

پاش چەند گفتوگۆیەكی تر كۆبونەوەی ئەوشەوە تەواوبوو و هەموویان هاتنە دەرەوە، هەر لەو ماوەیەدا ڕۆژێك بڵاوكرایەوە كە قازی محمد لەمەیدانی چوارچرا وتارێك ئەدا، پاش ئەوەی خەڵكێكی زۆر بۆ گوێ گرتنی كۆبووەوە، كاتێ پێشەوا چووە سەر شوێنێكی بەرز، ئازەرو برا لە پیاوێكیان پرسی كەلە نزیكیانەوە وەستابوو گوێی لە وتار ئەگرت، ئەرێ براگیان وتیان قازی محمد وتار ئەدات، خۆئەوە ئەونیە ئەوە هاوڕێی ئێمەیە، ئەویش كەبۆی دەركەوت ئەو دوو كەسە خەڵكی مەهاباد نین و نەشارەزان، وتی: بەڵێ ئەوەیە قازی محمد، كە ئەمەیان بیست لەبەر خۆیانەوە شەرم دایگرتن و سەیری یەكتریان ئەكرد، چونكە لە كاتی كۆبوونەوەدا بە گوێرەی پێویست ڕێزیان نەگرتووە بەهەر جۆربوو ئەوانیش گوێیان شلكرد تا وتارە بەنرخەكەی تەواوكرد، دوایی ئەوانیش لەگەڵ هەموو خەڵكی بڵاوەیان كرد، بڕیاروابوو كەسبەی شەوێ ئەورۆژە، لەگەڵ كاك بینایی كۆبنەوە وەك جاران، بەڵام بە كاك سواریان وت، ئێمە تائەمڕۆ نەمان زانیوە كە ئەوە قازی بووە، كاك سوار هاتە زمان: هەتا خوا حەز بكات خۆی بەسادە ئەگرێ، هەركاتێ بچنەوەلای نەكەن شەرم بكەن. لەوئێوارەیەدا كەبەیەك گەیشتین لەشوێنی جاراندا، كاك بینایی دانیشتبوو ویستیان دەستی ماچ كەن، بەڵام قەدەغەی كردن وە نەیهێشت، وە فەرمووی دانیشن، كوتوپڕ كاك پیروت خۆی نەگرت وتی قوربان جەنابی قازی لێمان ببورە تا ئەو كاتەی وتارەكە نەمان ناسیویت ئەویش ئەمەی پێ ناخۆشبوو، پێی وتن ئەوە لەكەیەوە بۆ ئێوە بووم بەجەنابی قازی، مەگەر ناوی منتان لەبیرچووەتەوە من لای ئێوە ناوم كاك بیناییە نەك جەنابی قازی و بەس، تەنیا مەبەستم ئێوەنیە بەڵكو هەموو برادەرێك پێویستە ناوی نهێنی بەكاربێنێ نەوەك دوژمن شارەزایی پەیداكات بەسەر ناوی ئەندامانی كۆمەڵەی(ژ.ك)، براكانم منیش وەك ئێوەم هیچم لە ئێوە زیاترنیە لەمەولا ئەگەر هەر وەك دەستە برایەكی خۆتان سەیرم نەكەن لێتان دڵگیرئەبم، ئەوسادەیی و گفتوگۆ شیرینانەی كاك بینایی پەردەی شەرمی لەرووی ئازەروبرا لابرد، لەپاشان بە درێژی باسی مێژووی كوردو چەند ئاموژگارییەكی تری بۆ كردن، بۆ بەیانی ڕۆیشتن بۆ ناوچەی"تەرگەوەر" بەفەرمانی كاك بینایی، پاش ماوەیەك ئەندامانی سەركردایەتی هەموو بڕیاریان لەسەرئەوەدا، كە قازی محمد ببێت بەسەرۆكی كۆمەڵێ (ژ.ك)، هەر چەندە لە ئەندامانی دامەزرێنەر نەبوو، بەڵكو لەبەر دڵسوزی و زیرەكی وزمانزانی ئەویان هەڵبژارد، وەنەبێ بەهەڵەدا چووبن، چوونكە تا دوا هەناسەی لەو ڕێیەدا بە نیازێكی بێگەرد بەردەوام بوو، هەروەها زۆر لەپیاوە ئاینیەكان هاتنە ڕیزی تێكۆشانی كۆمەڵەوە، و زۆر لەو پیاوە ئاینیانە بەناو خەڵكا بڵاویان كردەوە كە ئەوەی یارمەتی كۆمەڵە نەدات تووشی گوناە ئەبێت.

چوونكە بۆ ڕزگاری نیشتمان و كوردستان خەبات ئەكات، بەو جۆرە لە ناو ڕۆشنبیراندا ئەم بیرو باوەڕە تاڕادەیەك جێگیربوو و ڕیشەی داكوتا، لە تشرینی دووەمی1945ز قازی محمد لەگەڵ چەند كەسێكی تر لە ئەندامە بەرزەكان بانگكران بۆ"باكۆ" لەیەكێتی سۆڤیەت، بۆ گفتوگۆ كردن لەگەڵ نوینەرانی ئەوێ بە سەرۆكایەتی "جعفر باقروف"، پاش چەند كۆبوونەوەیەك لە نێوان هەردوولادا، چەند بڕیارێكیان مۆركرد، لەو بڕیارانە ئەوەبوو بەپێشنیاری پێشەوا ناوی كۆمەڵی ژیانەوەی كوردستانیان بەكۆمەڵی دیموكراتی كوردستان گۆڕی، چونكە قازی محمد لەو باوەڕەدابوو كە دیموكراتیەت تێكەڵ بەبزوتنەوەو جووڵانەوەی گەلی كورد بكرێت تابەشێوەیەكی فراوان، دەرگا لە جوتیاران و كرێكاران بكرێتەوە بۆ ناو كۆڕی تێكۆشانو خەبات، و هەتا كۆمەڵە پێویستیە مێژووییەكانی سەرشانی بە

پێشەوا قازی لە کاتی وتاری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژی 1945/12/16 لە مەیدانی چوارچرای مهاباد

شێوەیەکی ڕێکوپێک جێبەجێ بکات وە بەرنامەو یاسای نوێ بۆ ئەم مەبەستە دابنێت.

پاش گەڕانەوەیان ئەندامی کۆمەڵی (ژ.ک) و زۆر لە خەڵکی مەهاباد و ناوچەکانی تر و هەندێ لەسەرەک هۆزەکان بانگ کران، بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی گەورە کرا، و هەموویان بڕیاریان لە سەرناوی تازەی کۆمەڵەدا، و قازی محمد بڵاوی کردەوە، کە بەرنامەی نوێی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوەیە کە بنچینەی کۆمارێکی دیموکراتین.

1. لەسەر کۆمەڵی دیموکرات پێویستە هەوڵ بدات و تێبکۆشێ بۆپتەوکردنی دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ دانیشتوانی ئازەربایجان و مەسیحەکان، تاکو هەردوولا یارمەتی یەک بدەن بۆبەرگری لەدژی چەوسێنەرانی گیانی نەتەوایەتییان.

2. هەموو توانایەک تەرخان بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و پارێزگاری باری ئابووری و تەندروستی.

3. پێشخستنی بازرگانی ناوخۆ، ئاڵوگۆڕکردنی لە دەرەوەی وڵات، هەروەها هێنانی کارگە و پێویستییەکانی تری وڵات.

زەویوزار دابەش کردن بەسەر جوتیاران و فێرکردنیان لەسەر تازەترین ڕێگای پەرەسەندنی کشتوکاڵ و زۆر کردنی تراکتۆرو هۆیەکانی تری پێش خستنی هەموو جۆرە چاندنێک.

4. لەسەر هەموو کوردەکانی ئێران پێویستە ئامادەبن بۆ تێکۆشان و خۆیان بخەنە ژێر فەرمانەوە بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی خۆیی و دیموکراتی لە کوردستانی ئێراندا، و ئیشوکاری ئەم کۆمارە هەموو بەدەست خۆیانەوە بێت، و هەموو فەرمانبەرانی کوردبن.

5. زمانی کوردی ڕەسمی بێت لە وڵاتاو لە هەموو فەرمانگە و قوتابخانەکاندا و لەهەموو پۆلێکدا.

6. ئەنجوومەنی تازە هەڵبژێرن بەگوێرەی یاسای نوێ لەهەموو هەرێمەکانی کوردستاندا بۆ ئەوەی چاودێری هەموو ئیشوکاری وڵات بکات بە شێوەیەکی ڕێکوپێک.

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

کۆمەڵی دیموکرات لەفەرمانەکەی خۆی دوانەئەکەوت و بە وردی ئیشوکاری خەڵکی ناوچەی جێبەجێ ئەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەیوەندیان بە تارانەوە کزتر ئەبوو، لە ڕۆژی(1945/12/16) خەڵکێکی بێشومار لە مەیدانی(چوارچرا) کۆبوەوە و بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ و زەماوەندێکی گەورەیان بەرپاکرد، کە هەمووی خۆشیوئاوات و بەختیاری بوو. لەو ڕۆژە مێژووییەدا قازی محمد بڵاوی کردەوە کەلەئێستەوە وڵاتی موکریان لە ڕژێمی کۆنەپەرستی تاران جیابووەوە، ئەمەش نموونەیەکە بۆ هەموو بەشەکانی تری کوردستان وە توێژکە بۆ یەکگرتنی هەموو کورد بەو جۆرەوە بەدڵێکی پڕ لەهیوای تینوی سەدان ساڵەی ئەم گەلە.

ئاڵای ڕژێمی تاران لەسەر هەموو فەرمانگەو قوتابخانەکانەوە داگیرایە خوارەوە، و لەجێی ئەودا ئاڵای کوردستان هەڵکرا، ئاڵاکە لەسەرەوە سوور، لە ناوەڕاستا سپی لە خوارەوە سەوز لە ناوسپییەکەدا کە چوار ئەوەندەی هەریەکە لە بەشەکانی تر ئەبوو نیوکورە ڕۆژێک کە دووگوڵەگەنم لەم لاولەولایەوە بەرەنگی زەردهەبوون، وەبە سەریەوە پێنوسێک هەبوو لە سەراووردی هەموویانەوە نوسرابوو (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)، ئەم ئاڵایە لەهەموو ئەو ناوچانەدا کەلەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەو سوپای شۆڕشگێڕدابوون هەڵکرا، بە ئاهەنگ و وتارو هەموو خۆشیەکەوە.

لە شاری نەغەدە کاپیتان محمد قودسی لەکاتی هەڵکردنی ئەم ئاڵایەدا وتارێکی مێژوویی بەنرخی بەم بۆنەیەوە لەناو خەڵکێکی زۆردا خوێندەوەو، وتی گەورەکانم ئەی گەلی بەشەرەف، خۆشەویستان، ئەی کرێکارو جوتیار سەپان و پاڵەی بەنرخ، ڕۆژ بەسەر شۆرشی پیرۆزی میللی کوردا هەڵهات، ئەمڕۆ گەورەترین و پیرۆزترین ڕۆژە، بۆیە ئەبینین هەڵۆی بەهێزی کورد بە چنگی ئاسنینی خۆی ئەو ئاڵا پیرۆزە هەڵدەکات.

برایان پیرۆزبایی خۆم و گەلی کوردستان پێشکەش ئەکەم و پیرۆزبایی لەهەموو میللەتێکی براو ئازادیخوا ئەکەم، هەروەها وتی ئەی گەلی کورد ئەزانی ئەم ئاڵایە چی ئەڵێت؟

ئەڵێ ڕەنگی سوورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردو ڕەنگی سپیم نیشانەی خاوێنی و دڵپاکیەتی کە میللەتێکی نەجیبە و گیانیکی ڕاستی هەیە.

ڕەنگی سەوزم هاوارئەکات خاکی کوردستان پڕ لەدەغڵ و دان وزێڕو زیوە، هەروەها ئەڵێ وا ڕۆژی سەربەستیمان هەڵهات، دووبارە ئەی جوتیار ئەو دو گوڵە گەنمە نیشانەی تۆیە تۆش هەوڵ بدە بۆبەرهەم هێنانی بەرو بوومی وڵاتەکەت.

پێنووس هاوارئەکات بۆ پەرەسەندنی زانیاری و هەموو جۆرە خوێندەوارێك لە ناوگەلدا.

## هەڵبژاردنی قازی محمد بەسەر کۆمار

لە ڕۆژی22ی کانونی دووەمی1946دا، کۆبونەوەیەکی زیاتر لە 20هەزار کەسی پێکهاتبووە، دامەزرانی کومارێکی دیموکراتی لەبەشێکی گرنگی کوردستانا بڵاوکرایەوە بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد، کۆمارێکی پێشکەوتوی ساوا، بۆهێنانەدی پاشەڕۆژێکی ڕوون و پڕ لەبەختیاری بۆ گەلی کورد کە ساڵەهای ساڵبوو چاوەڕێی ڕۆژێکی وابو، بەوجۆرە لە مەیدانی (چوارچرا)دا کە ڕەنگین کرابو بەئاڵای کوردستان و بەشێوەیەکی جوان ڕازابووەوە کە شایانی ڕۆژێکی مێژوویی وابێت، پێشەوا بەجلوبەرگی ژەنەراڵیەوە لە شوێنێکی بەرز کە بە تایبەتی بۆ ئەو ڕۆژە دروست کرابوو، و لەهەموو خەڵکەوە دیاربوو، تاقێکی ڕازاوە کە بەگوڵ و ئاڵای وڵات و وێنەی سەرۆك نەخشین کرابوو، لەو شوێنەدا ڕاوەستابوو فەرمووی (وائەمڕۆ گەلی کورد توانی کۆمارێکی خۆیی پێك بهێنێت و بتوانێ وەك گەلێکی سەربەخۆ لە خاکی خۆیا بە ئازادی بژی).

هەروەها فەرمووی: بائێمەش تەکانێك بەخۆمان بدەین و دوای خوێندن و صنعەت کەوین، فەلاحەت و کشتوکاڵی وەك خەڵکی لێبکەین، و میللەتمانی پێ دەوڵەمەندکەین، کارخانان بێنین، ئەو هەموو کانگاو مەعدەنانەمان باوەدەر خەین، و بە صەنعەتی ئەوانە وڵاتی خۆمانی پێ بڕازێنینەوە، ئێمە چی قازانجی میللەتی کوردەی تێدایە دەبێ بیکەین، و سەعیش بکەین نەتیجەی هەوڵ و تەقەلاکەمان وابێت کەلەپێشدا ڕەچاومان کردووە، جا ئەگەر وا دەرچوو ئێمە وەزیفەی میللی خۆمان بەجێ گەیاندووە، و نابێ نائومێدیش ببین.) دڵی خەڵکەکە هەموو وەك گوڵ گەشایەوە بەم وتارە بە نرخە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، ئینجا محمد حسین سەیفی قازی ئەویش بەجلوبەرگی ژەنەراڵیەوە لەتەنیشت پێشەواوە ڕاوەستاو هەڵبژاردنی قازی محمدی بەسەر کۆمار بڵاوکردەوە بەرەزامەندی هەموو چینەکانی گەل، دووبارە سەرکۆمار سوپاسی هەموو خەڵکی کرد بۆ ئامادەبوون و هاتنیان بۆ ئەم ئاهەنگەو ئەویان هەڵبژاردو جێی باوەڕی هەموویانەو لێی دڵنیان، سەر بازانی کوردو قوتابیان نمایشیکی (استعراضی) ڕێکوپێکیان بەوبۆنەیەوە گێڕا، لە دوای کۆتایی ئەم ئاهەنگە مێژوویی‌یە، خەڵکەکە هەموو بڵاوەیان لێکرد.

پاش ئەوەی قازی محمدیان بەسەر کۆمار هەڵبژارد ئەویش کەوتە ڕاوێژو گفتوگۆ لەناو ئەندامانی کۆمەڵی دیموکرات و هەندێ لەنیشتمانپەروەرەکانی تر، بۆ پێکهێنانی وەزارەت، و لە ڕۆژی 1946/2/11 وەزارەت بەم جۆرەی خوارەوە دانرا:

1. حاجی بابە شێخ سەرەك وەزیران
2. محمد حسین سیف جێگری سەرەك وەزیری بەرگری
3. مەنافی کەریمی جێگری سەرەك وەزیری پەروەدەو زانیاری.
4. محمد أمین معینی وەزیری ناوخۆ
5. عبدالرحمن ئیلخانی زادە وەزیری دەرەوە
6. محمد ئەیوبیان وەزیری تەندروستی
7. محمود وەلی زادە وەزیری کشتوکاڵ
8. خلیل خەسرەوی وەزیری کاروفەرمان
9. ئەحمد ئیلاهی وەزیری ئابوری
10. ملا حسین مەجدی وەزیری داد
11. موستەفا داودی وەزیری بازرگانی
12. صدیقی حیدری وەزیری ڕابەری
13. اسماعیل ئیلخانی وەزیری ڕێگاوبان
14. کریم ئەحمەدی وەزیری پۆستەو تەلەفون

## سوێن خواردنی

وەك لە هەمووو وڵاتیکا باوە سەرۆکی نوێ، یا هەر فەرمانڕەوایەکی بەرز پێویستە سوێن بخوات کە وەك شتێکی قانوونی و دەستوورییە، لەبەرئەوە پێشەوا فەرمانیدا بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی ئەنجومەنی وەزیران ئەمادەبن بۆ ئەم مەبەستە، قورئانی پیرۆزو ئاڵای کوردستان بەدەست وەزیری داد مەلا حسێن مەجدیەوە بوو، پێشیان کەوت تا ژووری قازی محمد، دەست بەجێ ئەویش هەستایە سەر پێ و بەرگەکەی لابردو هەموو ئەندامان و وەزیران بەپێوە ڕاوەستان، پێشەوا ئەم سوێنەی خوارد:(سوێن ئەخۆم بە خواو قورئانی پیرۆز، وەبە نیشتمان، شەرافەتی قەومی کوردو بە ئاڵای پڕ لە ئیفتخاری کورد، تادوا هەناسەی ژیانم وەتا دوا تنوکی خوێنم بەگیان و بەماڵ لەڕێگەی مانەوەی ئازادی کورد و بەرزکردنەوەی ئەوئاڵایە، کەمایەی شانازی هەموو کوردێکە کۆشش بکەم و دوانەکەوم، و بەسەرۆکی کۆماری کوردستان و یەکگرتنی کوردو ئازەربایجان ئیفتخار ئەکەم کۆشش ئەکەم بۆ مانەوەی ئەم ئامانجە).

دوای ئەوە ئەنجومەنی وەزیران و هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات بڕیاریاندا کە ئەوانیش بە نیازێکی خاوێن و دڵێکی پاکەوە هەموو کۆسپ و گیروگرفتێك چاسەربکەن کە لەکاتی هەڵسورانی ئیشوکاردا دێتەڕێیان و هەوڵوتەقەلا بدەن بۆ بەختیاری و ئازادی نەتەوەی کورد کەدەمێکە چاوەڕێی ئەم ڕۆژەیە.

گرنگترین فەرمان لە سەردەمی کۆماردا




پێکهێنان و دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی لە ئێراندا بە سەرۆکایەتی قازی محمد، گەورەترین گۆڕانێك بوو لە مێژووی نوێی گەلی کوردا، هەڵهاتنی رۆژێکی روونبوو کە بەتیشکی زێڕینی رێگای تاریکی بۆ روون کردینەوە کە هەر چەندە ماوەیەکی زۆری نەخایاند و لە ناوبراو، بەڵام هەموو کاتێ بە یادکردنەوەی سوود وەردەگرین و هانمان ئەدا بۆ تێکۆشان بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو کە هەموو بەشەکانی کورد یەك بخات لەپاشە رۆژدا.

ئەم کۆمارە دەنگێکی وایدایەوە کەتەختی نۆکەران و ئیمپریالیستەکانی هێنایە لەرزینو لە ماوەیەکی کەمدا توانی بەسەرۆکایەتی قازی محمد و تێکۆشانی کۆمەڵی دیموکرات زۆر لە فەرمانەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات وەك:-

1. پەرەدان بە پەروەردە و زانیاری لەهەموو ناوچەکەدا، پێشەوا لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی لەدایکبوونی کۆمار قوتابخانەیەکی بەرزی بۆ کچان کردەوە لە ناو کۆڕی زەماوەندێکی گەورەو ئاهەنگێکی پڕ لە شادمانیدا، و دەست کرا بە کردنەوەی قوتابخانەی نوێ لە زۆر شوێندا، بەرنامەوپەرتوك و پێویستی تر لە چاپدرا بۆ وتنەوەیان لەهەموو پۆلەکان، و کتێبی بێگانەیان وەرگێڕا بۆ کوردی بۆ ئەو مەبەستە، و بڕیاردرا بەنەهێشتنی نەخوێندەواری لەوڵاتا و هەموو کەس فێری خوێندن و نووسین بکرێت، بۆ یەکەم جار(50) قوتابیان نارد بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی لەدانشگا بەرزەکان بخوێنن هەروەها دەیانی تر لە قوتابیان بۆ تەورێز بۆ خوێندن لە زۆربەی لقەکانی زانیاریدا.

2. چاپخانەیەك دانرا بۆ لە چاپ دانی پەرتوك و رۆژنامەو گۆڤارو هۆیەکانیی فراوانکردنی رۆشنبیری لەناوگەلدا لەو چاپکراوانە رۆژنامەی"کوردستان" بو کە بەناوی کۆمارەوە ئەینوسی، هەروەها لە لێکۆڵینەوە لە مێژوو ئەدەبی کۆنی کورد دریغی نەکرد و هانی نووسەری کوردی ئەدا بۆ لێکۆڵینەوە لەبەشە جۆربەجۆرەکانی فۆلکلۆری کورد و ویژەو زانیاریتر و بڵاوکردنەوەی.

3. رێکخستنی سوپای میللی بۆ بەرگری و پاراستنی وڵات لە جێی سوپای رژێمی کۆنەپەرست، کە لەپێش دامەزراندنی کۆماردا چەوسانەوەی نەتەوەی کورد ئەوپەڕی هیواو ئاواتی بوو.

4. دانانی حوکمی خۆیی و هەڵسوراندنی ئیشوکار، بەهۆی فەرمانبەرانی کوردەوە، هەروەها رەنگڕشتنی وڵات و پێوانی، و پاراستنی ئاسایش لە ناوخەڵکاو دانانی یاسایەکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزانە.

5. کردنەوەی خەستەخانەو دەرمانگاو لەزۆر شوێن بەپێی توانا، هێنانی دەرمان و پێویستیەکانی تەندروستی لەدەرەوەی وڵات وەفراوان کردنی هۆیەکانی پاراستنی تەندروستی بۆ هەموو خەڵك.

6. ئێستگەیەکی نوێ بە زەماوەندێکی جەماوەری کرایەوە لە مەهابادەوە بەرنامەی کوردی و بێگانەی تیابڵاوکرایەوە.

7. پێکهێنان و رێکخستنی یەکیەتی لاوان و ئافرەتان بۆ ئەوەی وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان ئافرەت شانبەشانی پیاو بتوانیّ زۆر لە ئیشوکاری وڵات جیبەجیّ بکات، مافی خۆی بپارێزیّ، هەروەها یەکیەتی کرێکاران و جوتیاران وبنچ بەست کردنی ئیش وکاریان کەبتوانی زەوی و زار بگرنەوە ژێر دەستی خۆیان و لە چنگ دەرەبەگەکانی بسێننەوە هەروەها فراوان کردنی ئیشوکار بۆ زەحمەت کێشان و رەنجبەران، ئەم هەموو رێکخراوانە تێئەکۆشان بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت و بەختیاری بۆگەلەکەیان.

8. لیژنەیەکی تایبەتی دانرا بۆ چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و دابەشکردنی زەویوزار بە جۆرێکی یەکسان لە ناو جوتیاراندا کە لە ئەنجامدا بوو بەهۆی بزوتنەوەیەك لەناو جوتیاراندا، و هەندێ لە خاوەن زەویوزارەکان بەمە دڵگران بوون وە خۆیان خستەباوەشی دوژمنەوەو لە مێژوودا رویان رەش بوو، و لە تۆماری خۆفرۆشاندا ناوی خۆیان نوسی.

9. پتەوکردنی پەیوەندی دوستایەتی لەنێوان کۆماری دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی سۆڤیەت هەروەها لەگەڵ کۆماری ئازەربایجاندا.

10. هاوبەشی گەشەپێدان (شرکەتی ترقی) مۆرکرا لە نێوان سۆڤیەت و کوردستاندا بۆ ئالوگۆڕکردنی کەلوپەل و پێویستی ژیان بۆ یەك، وەك ناردنی تووتن و بەرهەمە دەستیەکانی ولاّت بەرامبەر بە تراکتۆرو دەرمان و پێویستی تر، هەروەها کارخانەی سیغاری کوردستان لەمەهاباد دامەزرا.

11. پاراستنی سەربەستی بیروباوەڕ بەبێ گوێدان بەرەگەزو ئایین و زمان لە ولاّتاو، پتەو کردنی برایەتی‌ویەکبوون لە ناویاندا بەهۆی رێکخراوە گەلیەکانەوە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد.

12. هاوکاری کردن لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بەتایبەتی لەگەڵ سوپاو ریکخراوەکانی هەردووکۆمار.

هەروەها بێگانەکان لە کاتی سەردانیان بۆ ئەم ولاّتە بۆ سەیر کردنی چۆنیەتی کۆماری ساوای کورد، وردئەبوونەوەو سەرنجیان ئەدا کە هەنگاوی پێشکەوتوو ئەنێ بۆ پێشەوە لە هەموو روویەکی ژیان و کۆمەلاّیەتی‌یەوە و فەرمانبەرانی کورد ئیش‌و کاریان بەرێکوپێکی هەلّئەسووڕێنن و بەڕێوەئەبەن.

(ئارفی رۆزفێلد) لە ژێر ناوی (کۆماری مەهاباد) نوسیویەتی: شاری مەهاباد لە پێشەوە نموونەیەکی دیهاتی هەبوو وەدواکەوتو پەستبوو، بەلاّم ئەمرۆ جولاّن و پێشکەوتنێکی تری هەیە، کەپڕە لە ژیان و بەختیاری و زۆر بەگەرمی هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی بنچینەیەکی پەروەردەی بەهێز دابنێن، بە پێچەوانەی بەشەکانی تری ئێران و ئازەربایجان.

کوردستان پرووسی تیا نییە کە دەستیان لە ئیشو کاردا هەبێت، لە ئازەربایجان حوکمێکی توندوتیژ بەرپایە، لە کوردستان ئەمە نیە، لەم ولاّتەدا بەندکراوی سیاسی نیە تەنیا یەکدوو کەسیك لەناوبرا ئەویش دوورنیە لەسەر سیاسەت بوو بێت، وەچەند کەسێکی کەم حەزیان بەرژێمی تازە نەکردووە پەنایان بەکار بەدەستانی ئێران بردوە و لەتاراندا ئەژین چونکە بەچارەسەر کردنی کشتوکاڵ ودابەش کردنی زەوی وزار، رازی نەبوون.

لەسەر شەقامەکانی(مەهاباد) ئەتوانیت بەسەربەستی گوێ لەرادێوی ئەنقەرەو هەموو شوێنێك بگرێت، بەلاّم لە تەورێز کە پایتەختی ئازەربایجانە گوێ گرتن لەمانە ئەبێ بەهۆی توش بونی خاوەنەکەی بۆ ســـزایەکی توند، ئەم ســـــەربەستیەش ئەگەڕێتەوە بۆ بیری وردی پێشکەوتووی کورد لەگیانی ئازادی و نیشتمانپەروەری (قازی محمد) و ئەندامانی وەزارەتەکەی، لەمانەوە بۆمان روون ئەبێتەوە کە ئەم کومارە تا چ ڕادەیەك خۆشەویست بووە لای کوردەکان و، ئەم ماوەیە بەدەورێکی زێڕین دائەنرا چوونکە بێ دادی و ستەمکاری زۆریان چەشتبو لەپێش کۆماردا، قازی محمد لەگەڵ پەیامنێری "ئەی، ئی، پی" لە رۆژی1946/1/16کەوتە گفتوگۆ وتی کوردەکان بەوەش قایل ئەبن ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بڕیاری ئەوە بدەن لەسەر دیموکراتی ئازم بڕۆن بەڕێوەو سەربەستی قەدەغەنەکەن، و ئەو دەستورەی بۆ کوردستان دانراوە لەسەری بڕۆن کەئێستا بەرپایە لە کوردستاندا بۆسەربەخۆیی زاتی، و بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان لەلایەن محویانەوە لەگەڵ هێزی سوپای خریان، پەیامنێرەکە لێی پرسی ئایا لەوە سڵ ناکەیت کە ئەم بەرامبەری و ناکۆکییە لە نێوان کوردو کاربەدەستی مەرکەزی ئێران ببێتە هۆی ئەوەی بێگانە دەست بخاتە ئیشوکارتانەوە؟

پێشەوا وەلاّمی دایەوە، باری کوردستان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ باری ئازەربایجاندا چونکە کوردستان لەلایەن هیزی سوپای سۆڤیەتەوە داگیرنەکراوە، هەر لەو کاتەوە ڕەزاخان لە سەر حوکم نەماوە ئەژەندرمەو ئەئەمنییەو ئەهێزی سوپایی ئەیتوانیوە بێتە کوردستانەوە و پێ بڕی ئەم ناوە بوە لەبەر ئەوە ئێمە لەم کاتەوە هەر بەسەربەخۆیی ژیاوین، لەگەڵ ئەوەدا نایەڵین بێگانە دەستبخاتە ناوئیش و کارمانەوە، لەهیچ روویەکەوە، کەوابو باری ئێستای کوردستان پەیوەندی بەناوخۆی ولاّتەوە هەیە، پێویستە لە ناو کاربەدەستانی کوردستان‌و ئێراندا جێبەجێ بکرێت و ئەمێنێ، چونکە ئەم گیروگرفتە پەیوەندی بە دەرەوە نییە، دوای ئەوە قازی محمد روونی کردەوە بۆ پەیامنێرەکە کە گەلێ کورد لە رابوردووەوە هەتا ئێستە چ خەباتێکی خوێناوی کردووە بۆ رزگاربوونی لەدەست چەوسێنەران وە چەند سزاو ئازاریان لەم رێگەدا چەشتوەو چەند قوربانیان داوە لەم رێیەدا، و چۆن لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمدا بڕیار درا کە کورد دەولّەتێك بۆ خۆی پێکبهێنێ و لە پەیمانی"سیڤەردا" بڕیاری لەسەردراو لە ئەنجامدا نەیانهێشت بێتەدی بەهۆی کۆنەپەرستان وداگیرکەرانەوە.

بەلاّم ئەمرۆ ئێمە بەشانازیەوە داوای هەقی خۆمان ئەکەین، و هەموو توانای خۆمان لەم رێگەدا ئەخەینەکار بۆ ئەوەی سەربەخۆییەکی زاتیمان هەبێت لە خاکی خۆماندا، و چەوتی‌و ئەرکی ئەم گیروگرفتە هەمووی ئەکەوێتە سەرشانی کاربەدەستانی رژێمی ئێران کە تائێستا هیچ هەنگاوێکیان لەم رووەوە بۆ پێشەوە ئەناوە و ئاوڕیان لە مافی نەتەوایەتیمان نەداوەتەوە، و ئێمە زۆر بەگەرمی و دڵسۆزیەوە، و بەهیوایەکی بەتینەوە چاومان بڕیوەتە هەموو رێگایەکی پێشکەوتوو بۆ سەرکەوتن لەم مەبەستە پیرۆزەدا، و نامانەوێ لاسایی یەکێتی سۆڤێت یا ئەمەریکا بکەینەوە.

لەگەڵ ئەوەدا دەرگا لەسەر خۆمان داناخەین و پەیوەندی‌و دۆستایەتیمان لەگەڵ ولاّتە پێشکەوتووەکان بەهێز ئەکەین، بەپێی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان، بەبێ جیاوازی تابەم بۆنەیەوە باری ئابووری ولاّتمان پەرەپێ بدەین، بتوانین هەموو ئیشوکارێکی خۆمان بەڕێکوپێکی هەڵسوڕێنین.

## سەرچاوە

قازی محەمەد، نووسینی: محەمەد بەهادین مەلا ساحیب، سلێمانی، 1972.

# هۆز یان نەتەوە؟

## کۆماری مەهاباد

دیڤید ماکداول

## مێژووی هاوچەرخی کورد

ئەبوبەکر خۆشناو

بەرگی دووەم

### پێشەکی

هەستی نەتەوایەتی بنیاتنراو لەسەر نەتەوایەتی یەکەمین جار لە ئێران بواری دەرکەوتن و دەربڕینی پەیداکردو ئەوەی مایەی سەرسوڕمانیشە دانیشتوانە کوردەکەی، لەدانیشتوانی کوردی وڵاتانی عێراق و تورکیا لاوازتر بوو، ئەم بۆشاییەی دەستەڵات دەرەنجامی شەڕی جیهانیی دووەم بوو کە هەلومەرجێکی وای خوڵقاند تیایدا ئەم بیرە توانی ڕەگ دابکوتێ. حکومەتی ئێران بەشێوە کۆماری مەهابادی تێکشکاند، بەڵام لەواقیعدا ڕێگری سەرکەوتنی مەهاباد وەک دەرکەوتەی ناسیۆنالیزمی بنیاتنراو لەسەر نەتەوە کە دەرەنجامی کولتووری هۆزایەتی بوو، بەردەوام بەسەر مەسەلەی کورددا زاڵ بوو.

### ڕێگا بەرەو مەهاباد

شەڕی جیهانیی دووەم، هەروەک شەڕی جیهانی یەکەم لەمێژووی کورد دا بەخاڵێکی وەرگۆڕان دەژمێردرێ. ئەم مەسەلەیە، هەندێکی بەهۆی خودی شەڕەوە بوو. بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت لە ئابی 1941 ڕۆژئاوای ئێرانیان داگیرکرد و ڕەزاشای هەواداری ئەڵمانیایان ناچارکرد واز لە پاشایەتی بهێنێ و وڵات بەجێ بهێڵێ و کوڕەکەی-محەمەد ڕەزایان لە شوێنی ئەو لەسەر تەخت دانا. ناوەندی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بەریتانیا کەدەیویست بەرگری لەلای ڕۆژهەڵاتی عێراق بکا، کرماشان بوو، ڕووسەکان زۆربەی ناوچەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان تاخوارووی ئەوخەتەی لە شنۆوە دەگەیشتە مەهاباد، داگیرکرد، ناوچەی نێوان مەهاباد و سەقز هەرچەندە لە ناو قەڵەمڕەوی سۆڤیەتدا بوو، بەڵام لەدەرەوەی چاودێرییە تایبەتییەکەیدا بوو. لە قەڵەمڕەو و حوکم و نفووزی بەریتانیادا، ناوچەی خوارووی سنە لە دەرەوەی کۆنتڕۆڵی کاریگەری هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بوو کە بەرەزامەندی ئینگلیزەکان، لەوێ مابوونەوە. ئەم(ناوچە چۆڵە)ی کە ببوە ناوچەیەکی ململانێی هێزە ناوخۆییەکان و دەوڵەتی لاوازی ئێران، بواری پێویستی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی خودموختار دەرەخساند هاوپەیمانان هەریەکەی نیگەرانی و مەیل و پەیوەندی تایبەتی خۆیان هەبوو: یەکێتی سۆڤیەت کەدەیویست هەردوولای هێزەکانی خۆی لە ئازەربایجان بپارێزێ، پێی خۆش بوو کوردەکان زۆرتر کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و کەمتر چاویان لە تاران بێ، بەڵام ئەم ئارەزووە بۆ ڕاکێشانی مەیلی کوردەکان بۆ جێبەجێ کردنی کارێکیوا بێگومان بەخراپ لێکدەدرایەوە. ئەم مەسەلەیەش زۆر زوو ڕوویدا. بەریتانیا مامەڵەیەکی جودای کرد. ئەوئاگاداری ئەو گرفتانە بوو کە حکومەت لەگەڵ هۆزەکاندا هەیبوو، بێجگە لە (سنووری ڕۆژئاوا)ی هیندستان، لەمیزۆپۆتۆمیاش ئەزموونگەلێکی زۆری هەبوو. شتێ کە نەیدەویست ئەوە بوو کە هۆزەکانی کورد پێلەقەیەک لە تابعیەتی ئێران بدەن و شێوەیەک لە خودموختاری یان سەربەخۆیی ڕابگەیەنن وایەستەی عەسکەری بەریتانیا لە تاران دەیگوت: "ئەگەر کوردەکانی ئێران بەپشتگیری ئێمە بگەنە خودموختارییەکی ناوخۆیی، ئەو دەم عەرەبەکانی خوزستان- و خوا دەزانێ چ گرووپێکی دیکەش... هەموو دەیانەوێ" لە هەمووی خراپتر، شتێکی لەم جۆرە دەبووە سەرمەشقێکی کارەساتبار بۆ هۆزەکانی عێراق و نەتەوەپەروەرە ئاژاوەگێڕەکانی سلێمانی و کەرکووک. سەرەنجام، بەریتانیا زۆرباش ئاگاداری ئەم خاڵەش بوو کە تورکیا، بەمەیلی ئەڵمانیا، زۆر لەوە دەترسا کە هاوپەیمانان کوردەکان بۆ خودموختاری هان بدەن و ئەم مەسەلەیە ببێتەهۆی نائارامی و کوردستانی تورکیاش بۆ یاخی بوون بوورژێنێ.

لەبەر هەندێ بەریتانیا دەیویست دەسەڵات و ڕژێمی ئێران بەو شێوەیەی کە هەبوو، بەڵام بێ توندوتیژی ڕەزاشا، بپارێزێ و تارانی ڕاسپارد داخوازییە ڕەواکانی کوردەکان جێبەجێ بکا و موڵکە دەست بەسەرداگیراوەکانی سەرۆک هۆزەکان ئەوانەی تاپۆیان هەیە، بگێڕێتەوە و یارمەتی ئەو هۆزانەش بدا کە حەزدەکەن نیشتەجێ بن و مادام کۆچ و کۆچبار ئارامی ناشێوێنێ، ڕێگاییان لێنەگرێ و

ئەولێپرسراو و کارمەندانەی لەدەیەی رابردوودا، دەستەڵاتی خۆیان خراپ بەکارهێناوە، بخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاساییەوە.

نیشاندانی خۆشەویستی بەریتانیا بۆ کوردەکان هەڵبەتەکارێکی زۆرباش بوو، بەڵام ئەمە، زەنگی مەترسی لە تاران لێدا. لەبەرئەوەی هاوپەیمانان رایان دەگەیاند کە لەرێگەی دیموکراسی و دژی دیکتاتۆری و لەپێناو داکۆکی لە بێ هێزەکان لەبەرامبەر بەهێزەکان و لەدژی بیرە تێکدەرەکانی دیکە تێدەکۆشن و شەڕدەکەن، بۆیە بۆئەوانەی لەتاران بوون، ئەم گریمانەیە ئاسان بوو کە ئێران جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناوبارودۆخی(ملوک ئەلتەوایفی) سەردەمی پێشوو. لەواقیعدا، هەر لە یەکەمین حەفتەی وازهێنانی رەزاشا لەشایەتی، ئاژاوە لە وڵات دەستی پێکرد. بەڵام کاتێ ئاژاوە لە ئازەربایجانی رۆژئاوا بەرپابوو، رووسەکان رێگای هێزەکانی ئێرانیان نەدا بچنە ئەوێ. ئەوجارانەش کە مۆڵەتیان دەدا، واپێدەچێ بەو مەبەستە بووبێ بەکاری ناخۆش ئەمما پێویستی ئەم هێزانە، نەفرەتی خەڵکی ناوچەکە بوروژێنێ.

لەبەشەکانی خواروی ناوچەکە، بارودۆخ باشتربوو، بەڵام بوونی ئینگلیزەکان خۆی هۆکارێکی رێگربو. تاران پێشوازی لەو پێشوازیو پشتیوانییە دەکرد کە ئینگلیزەکان لە ناوچەی کرماشان لەحوکم و نفوزی دەوڵەتی ناوەندییان دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا هەستیان دەکرد ئینگلیزەکان بەهەڵە چاوەڕانن و پێشبینی دەکەن دەوڵەت لەگەڵ چەند هۆزێکی سەرکەش و کەللەڕەق لەباتی چەك، بەدەستکێشی سپی رووبەڕووبێتەوە. سەرباری، بێجگە لە قسەی جوان، خودی بوونی ئینگلیزەکان و بینینی ئەمەی کە ئەوە خودی تاران نییە، بەڵکو ئەوانن سیاسەتی ناوچەکە بەڕێوەدەبەن، یارمەتییەك نەبوو بۆ دەسەڵات و حوکمی حکومەت. سەرەنجام، ئەو بیرورا نارەحەتکەرە، بەڵام بەردەوامە لەناو کوردان هەبوو کە بەهەرحاڵ لەوانەیە ئینگلیزەکان یارمەتی وەدیهاتنی ئارەزووە نەتەوایەتییەکانیان بدەن. ژمارەیەك رێبەری ناوخۆیی و هۆزایەتی پێوەندیان لەگەڵدا دروست کرد.

تاران ئەوەندە نیگەرانی جودایی کوردستان و ئارەزووی رێگا لێگرتنی بوو، لەتشرینی دووەمی1941دا لیژنەیەکی دەوڵەتی بۆ ناوچەکە نارد. ئەم لیژنەیە لەمەهاباد ژمارەیەك سەرۆك هۆزی ئەوێی کۆکردەوە و گفتی پێدان کە هەرکاتێ قبووڵ بکەن دەزگای ئیداری دەوڵەت بۆناوچەکە بگەڕێتەوە، دەوڵەت هیچ پێی ناخۆش نیە چەکی خۆیان هەبێ و جل وبەرگی کوردیش بپۆشن. ئەمە ئیمتیازێك نەبوو، لەکەوتنی رەزاشا بەدواوە ئەم خەڵکە هەم چەکدار بوون و هەم جلوبەرگی کوردیشیان دەکردەبەر. لەبەر هەندێ ئەم پێشنیارە رەت کرایەوە. سەرۆکەکان داواکاری ئەمە بوون کە لەمەڕ موڵکە دەست بەسەردا گیراوەکان و لەمەش گرنگتر دامەزراندنی خۆیان یان نوێنەرانیان لە دەزگای دەوڵەتی تاران، چەند زامنێکیان پێ بدرێ. هەشت مانگ دوای ئەوە، لە حوزیرانی1942، کۆمیسۆنێك بۆ لێپرسینەوە لە شکایەت لەمەڕ موڵك و ماڵی کوردەکان و هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایانی ناوخۆ لەباتی ئەفسەرانی سوپا، پێکهات لەم میانەدا پێش ئەوەی هاوپەیمانان بواریان بۆهەڵکەوێ سیستمێکی تازە بخولقێنن، سەرۆك هۆزەکان خۆشحاڵ بە ڕزگاربوون لە کۆتی رژێمە سەرسەختەکەی رەزاشا، بریاریاندا بارودۆخی بەرلە رەزاشا بگێرنەوە. هۆزەکان، پێشهاتنی هێزەکانی سوپای سۆڤیەت بۆ ورمێ، جارێکی دیکە شاریان تاڵان کردبوو، و سوودتاندبویان و برێکی زۆری ئەوچەك وتفاقەیان دەست کەوت کە لە سەربازە هەڵاتوەکانی سوپا بەجێ مابوو، چوونە شاخ لە خوارو، واتە لە سنە و کرماشان، هۆزەکانی دەوروبەر بەخێرایی ئاگری ئاژاوەیان لەلادێکان هەڵگیرساند و دەستیان کرد بەتاڵان کردنی خەڵکیو هێرش کردن بۆسەر گوندەکانی(دوژمن)، لە کۆتایی ساڵ، کوردەکانت دەبینی کە هەتا لە تەورێز بە جل وبەرگی نەتەوەیی و تەواو چەکدار لە جادەکانی شاردا خۆیان دەنواند.

لە ورمێ پەیوەندی ئازەرەکان لەگەڵ کورد و مەسیحییەکان گرژبوو، لە کانوونی دووەمی1942دا کۆمەڵێك لە کورد وئەرمەن و ئاشوورییەکان حزبێکیان بەناوی(ئازادی) دامەزراند کە کەوتە تاڵان کردنی گوندە ئازەرنیشینەکان لەمانگی نیسان بەکاری حکومەت لە چەکدارکردنی گوندە شیعە مەزهەبەکان، ئاژاوەی هۆزایەتی دەستی پێکردەوە زیاتر لە2000 جووتیار ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهێشت هۆزەکان ئەو دەمە ئارام بونەوە کاتێ حکومەت بەبردنەدەرەوەی هێزەکانی جەندرمە لە ناوچەی نێوان خوی و مەهاباد، رازیبوو.

لەکوردستانی ناوەندی حەمە رەشید خان، بانەی گرت و دەزگای ئیداری خۆی تێدا جێگیرکرد، حەمەرەشید لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا فەرمانڕەوای بانەبوو، لە کانوونی یەکەمی1941دا هەڕەشەی دەکرد کە سنە داگیردەکا و تەنیا ئاگادارکردنەوەی ئینگلیزەکان لەوەی ئەگەر کارێکی وابکا، رووبەرووی هێزەکانی ئینگلیزدەبێتەوە، ئەو بیرەی لە زەین دەرکرد لە مانگی شوبات تفەنگچییەکانی ئەو، سەقزیان گرت، بەڵام لە مانگی نیسان لەشار دەرکران لەگەڵ هەندێش، هەتا دەرگا و پەنجەرە و تێلی کارەباشیان لەگەڵ خۆیان برد.

لە سەرەتای پایزی1943 حەمەرەشید کە سەرەتا هەرجۆرە پەیوەندییەکی بە تاران رەتدەکردەوە، قبوڵی کرد وەك کاربەدەست خزمەتی ناوچەکە بکا، بەڵام هەروەك (ئورکهارت)ی کۆنسوڵی ئینگلیز راپۆرتیدا"ئەگەر هەر لایەنێك لە هەردوولا (دەوڵەتی ئێران یان حەمەرەشید) ئاسۆیەکی سەرنجراکێشتری لەبەردەمی خۆیدا دەبینی، لە پێشێل کردنی ئەم پەیوەندییانە دوودڵی نەدەکرد" لەساڵی دواتردا، واتە لە ساڵی1944 ئەو دەمە هات، مەحمود خانی کانی سانان لە تشرینی یەکەمی1941کرابووە فەرمانڕەوای مەریوان، حەمە ڕەشید دژی بووەو بۆ لەسەرکار لادانی هەڵمەتی کردەسەر مەریوان و هێزەکانی ئێران بە هاواری مەحمود خانەوە هاتن و حەمە ڕەشیدیان بۆ عێراق

راونا، بەڵام حەمەرەشید پێش ئەوەی بەرەو عێراق رابکا، نزیکەی هەر هەزار ماڵەکەی شاری بانەی سووتاند، هێزەکانی دەوڵەت کاتێ دەستیان لە مەسەلەی حەمەرەشید بەتاڵبوو، یەخەی مەحموود خانیشیان گرت و ئەویشیان بۆ عیراق راونا.

تا تەموزی 1942 تاران بەکردەوە هەموو سەرۆك هۆزە کوردییەکانی لە ئێران ئازاد کردبوو، و ئاساییبوو ئەوانەی لە حکومەتی رەزاشادا ستەمیان لێکرابوو داوای قەرەبوو بکەنەوە، ئەم قەرەبووەیان بۆ ئەو موڵکانە بوو کە لێیان وەرگیرابوو، یان بەهۆی ئەو باروپێگەیە بووە کە لەدەستیان دابوو، بەسەرهاتی عەباسی قوبادیان، ئەوەی داودخانی کەڵهوڕ بەباشی وەدەریدەخا کە موڵکدارەکان بە چ شێوەیەك خوویان بەو بارودۆخەوە گرتبوو کە رەزاشا خوڵقاندبووی. دوای مردنی داودخان لە ساڵی1912، ململانێ لەسەر جێگاکەی ئەو، لە نێوان سلێمانی کوڕی و عەباسی کوڕەزای (برازای سلێمان) دروست ببوو، هەردووکیان گەنج و بێئەزموون بوون، بەڵام سلێمان لەبەرئەوەی چەند پشتیوانێکی بەهێزی هەبوو، بووە سەرۆك بەڵام ئەو ترسەی لە برازاکەی هەبوو، باروپێگەکەی لەناو کەڵهوڕان لاواز دەکرد.

عەباس وەك ئەوانەی پێشتر ئیدیعای سەرۆکایەتی یان دەکرد لە کرماشان دەژیا و لەوێ ئاژاوەی بۆ مامی دەخوڵقاند، کاتێ سلێمان لە ساڵی1922 لە شەڕێکی ناوخۆی بنەماڵەکەیاندا کوژرا، عەباس خۆی بێگوناح راگەیاند و بەوەش زۆرترین قازانجی کردو بووە ئێلخان و

یەکێك لە گەورەترین موڵکدارانی ناوچەکە. سەرۆکایەتی‌یەکەی زۆری نەخایاند ئەویش، وەك گەڵێ سەرۆکی دیکەی هۆزەکان لە ساڵی 1920 ناچارکرا لە تاران نیشتەجێ بێ و تا ساڵی 1941 نەیتوانی بگەڕێتەوە کرماشان لەو ماوەیەی لەوێ نەبوو، ئەفسەرێکی سوپا بەهاوکاری عەلی ئاغای ئەعزەمی کە خۆی کەڵهوڕبوو، و لەلایەن رەزا شاوە بەناو وەك سەرۆکی کەڵهوڕەکان دانرابوو، کاروباری کەڵهوڕەکانی بەڕێوە دەبرد.

عەباس بە پێشنیارو یارمەتی بۆ گێڕانەوەی حوکمی دەوڵەت و دابین کردنی وەفاداری هۆز و کۆکردنەوەی چەك، مۆڵەتی وەرگرت لە تارانەوە بگەڕێتەوە کرماشان، بەئومێدی ئەوەبوو لەچاکەی ئەم خزمەتانەدا بەرەسمی بەکردەوە بکرێتەوە بەسەرۆکی هۆز، ناچاربوو کەمێك لە چاوەڕوانی‌یەکانی دابشکێنێ، چونکە پێویستی بەهاوکاری لکی رکابەر، واتە داودییەکان (نەوەکانی سلێمان) هەبوو. ساڵی دواتر، کاتێ عەلی ئاغا ئەعزەمی کوژرا، عەباس دیسان خۆی بێ گوناح راگەیاند، ئەگەرچی کوڕەکەی عەلی ئاغا کرایە حوکمرانی گەیلانی رۆژئاوا و عەباسیش کرایە فەرمانڕەوای شائاباد کە گرنگتربوو، هەرزوو کەوتەخۆخزم و کەسەکانی خۆی لە پلە و پێگە گرنگەکان دانا.

لە ساڵی 1943 بەیارمەتی ئینگلیزەکان وەك یەکێك لە چوار نوێنەری کرماشان بۆ نوێنەرایەتی ئەنجوومەن هەڵبژێردراو، سوودی لەم پلە و پێگەیەی خۆی وەرگرت و بووە ئەندامی کۆمیسیۆنی هۆزەکانی ئەنجوومەن کە بەمەبەستی گێڕانەوەی موڵکە دەست بەسەرداگیراوەکان بۆ خاوەنەکانیان دامەزرابوو، شتێکی ئاسایی‌یە لە بایەخ بەخۆدان، خۆی دوانەخست، چونکە لەسەر ئەوە سووربوو ئەو موڵك و بار وپێگەیەی پێش ساڵی 1926 هەیبوو، وەدەستبخاتەوە ئەم مەسەلەیە، بیانوویێکیشی پێدا کەبەو هۆیەوە بتوانێ رکابەرە کەڵهوڕەکانی لە مەیدانی ململانێ، وەدەرنێ.

عەباس بەتەنیا نەبوو لەو سەردەمەدا گەڵێ سەرۆك هۆز زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵیان دەدا دەستەڵات و نفوزی خۆیان بخەنە ناو دەزگاکانی حکومەت و خزم و کەسەکانیان لە پلەوپێگەی گرنگ دامەزرێنن و لەم رێگایەدا بەپێی توانا دەستەڵاتی تەواوی ناوچەکەی خۆیان بەدەستەوە بگرن. عەباس لە بەرامبەر دامەزراندنی خەسرەوی برای بە فەرمانڕەوای شائاباد، ئیمتیازێکی باشی دەستکەوت ئەم پێگەیە پێش ئەوەی بچێتە ناو ئەنجوومەن، هی خۆی بوو ئەم مەسەلەیەش چاوەدێری تەواوی ئەوی بەسەر کەڵهوڕەکان و زاڵبوونی بێئەم لاو ئەولای ئەوێ بەسەر ئەعزەمی یە تازە دەرکەوتووەکان، دابین کرد. خەسرەویش سوودی لە ئامادەنەبوونی ئوستاندار وەرگرت و هێزەکانی دەوڵەتی بۆ(چەك کردنی کەڵهوڕەکان) بۆ سەر گوندەکانی ئەعزەمییەکان برد لە مانگی تشرینی یەکەم، عەباس دەیویست(کەریم خانی داودیانی مامی،(برای سلێمان) لە قەسری شیرین بکاتە فەرمانڕەوا و ئەمەش کارێك بوو ئەگەر سەری گرتبا، نیوەی ئوستانی کرماشانی دەخستە ژێر دەسەڵات و نفوزی عەباسخان.

تاران کەم کەم ترسی لێنیشت لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکومەتی تازە، خەسرەو لە فەرمانڕەوایی شائاباد لادرا کاتێ مەهاباد خودموختاری خۆی راگەیاند، عەباس(یەکێتی هۆزەکانی رۆژئاوا)ی دامەزراند، رەنگە بەو مەبەستەی سەر بەحکومەتی مەهاباد کەچ بکا، بەڵام تاران زۆرتر لەو هێز و دەستەڵاتە دەترسا کە ... یەکێتی‌یە بە عەباس دەبەخشی‌و دەسبەجێ فەرمانی هەڵوەشانەوەی دەرکرد. عەباس لە تارانەوە بانگ کرا و بەتووندی ئاگادارکرایەوە کە دەبێ رادەیەك بۆ بەرزفڕییەکانی خۆی دابنێ.

لەبەشی سەرووتری ناوچەکەش، رووداوی لەم جۆرە دەقەومان ئەو سێ نوێنەرەی بۆ سنە هەڵبژێردران، هەموویان لە موڵکدارەکان و داخوازی دەستەڵات بوون. لەناوچەی نێوان مەهاباد و بۆکان عەلی ئاغا ئەمیر ئەسعەد، رێبەری لاوازی(دەبۆکری)یش هەوڵی دەدا لە لێپرسراوانی حکومەت نزیك بێتەوە ئەویش وەك عەباسی قوبادیان پێشنیاری کرد هێزێکی سوارە بۆ پاراستنی ئاسایش لە ناوچەکە پێك بهێنێ و وەك نوێنەری ناوەند لەگەڵ حەمەرەشید دانوسان بکا. ئەو وەك فەرمانڕەوای مەهابادو مۆڵەتدراوی بەکارهێنانی 300 چەکدار گەڕایەوە ناوچەکە بەڵام بۆ بەکارهێنانی ئەم باروذخە، ئەزموونێکی تەواو و هاوپەیمانێکی واشی نەبوو حەمەرەشید بە تووڕەییەوە هەڕەشەی کرد کە(سمێڵی دەتاشێ) لەبەرئەوەی عەلی ئاغا نەیتوانی یارمەتی دارایی دەوڵەت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر سەرۆك هۆزەکاندا دابەش بکات، ئەم مەسەلەیە بووە مایەی دووبەرەکی لەنێوان خۆی و سەرۆکەکانی مامەش و مەنگوڕ و براکانیشی کە پێشتر ساردییەکیان لە نێواندا دروست ببوو، زۆرتری لێدوورکەوتنەوە و سەرەنجام ئەمانە دەستیان خستە ناودەستی یەکتر و لە مەهاباد وەدەریان نا.

جێگای سەرسوورمان نییە، ئەگەر سەرۆکەکان وێڕای ئەوەی بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە ململانێ دابوون و بە تاران دڵخۆش نەبوون، بەهەمان توندی و دڵڕەقی حکومەت خەڵکی هۆزەکانیان دەپلیشاندەوە ئەو سەرۆکانەی گەرابوونەوە ناوچەکەیان دەبوایە هۆکاری دەستەڵات لە هۆزەکانی خۆیان دابین بکەن، یان دەبوو هۆزە دراوسێکانیان بە تاڵان بردبا، لە روانگەی ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانیا تەنیا کوێخاکان بوون کە نرخی پاراستنیان هەبوو، ئەویش بەو بەڵگە سادەیەی کە بەپێچەوانەی سەرۆکەکان کە دەورووپشتیان بە چەکدار گیرابوو، کوێخاکان راستەوخۆ وەرام دەرەوەی گوندنیشینەکانیان بوون.

بە گومانی ئەم ئەفسەرە بەریتانییە لە کەشێکی شایستەی وەك ئەوەی گوندی و خەڵك پێویستیان پێی هەیە، ئەو کارمەندە ناوخۆییانە بوون کە شارەزاییەکی تەواویان لە کاروباری کشتوکاڵ، تەندروستی، باج و پەروەردە و فێرکردن دا هەبێ، ئەمە هەڵبەت خەونێك بوو بواری وەدی هاتنی نەبوو، سەرۆك هۆزەکان هێشتا واقیعێك بوون و هەریەکەیان بەرنامەیەکی سیاسی تایبەتی خۆی هەبوو کە دەبوایە لەناو هۆزەکەدا، لەچوارچێوەیەکی فراوانتری شارو

گوندو لەناو هێزە دەرەکییەکاندا، واتە یەکێتی سۆڤیەتی و بەریتانیا وتاران پێڕەودەکرا.

لە ناوچەی داگیرکراوی ژێر دەستەلاتی سۆڤیەتیدا، بەتایبەتی لە دەوروبەرەکانی، رێبەرانی کورد بەوردی ئەو ئیمتیازاتانەیان کە لەوانەبوو لەوابەستەیی بەدەزگای ئیداری سۆڤیەت یان تاران وەدەستیان دەکەوت، هەڵسەنگاند بۆ نموونە عەلی ئاغای دەبۆکری تەئکیدی لە وەفاداری خۆی بۆ تاران کردەوە، برا نارازییەکانی بەدوای وەدەستخستنی پشتیوانی و چاوەدێری سۆڤیەتەکانەوە بوون ئەوانی دیکە، بەتەگبیر هەوڵیان دەدا پشتگیری هەردوولا (واتە هەم تاران و هەم سۆڤیەتی) یەکان وەدەست بخەن لە بارێکدا کە قازی محەمەد، کەسایەتی بەردڵی خەڵکی مەهاباد، لەپێناوی مەبەستی نەتەوایەتی بەدوای پشتگیری سۆڤیەتی‌یەکانەوە بوو، سەدری قازیی برای، وەک نوێنەری مەهاباد هەڵبژێردرا و چووەناو ئەنجوومەن، براکانی قازی لەگەڵ پۆکەری سیاسی بێگانە ئاشنا نەبوون، باوکیان (قازی عەلی)یش لەگەڵ سمکۆ دانوسانی کردبوو.

قازی محەمەدیش وەک هەندێ لە سەرۆک هۆزەکان، خۆتێگەیاندنی هاوپەیمانەکانی بەچاوی هەلێک بۆ وەدەست خستنی پلەیەک خودموختاری، بینیووە، ئەویش هەروەک ئەو سەرۆک هۆزانە سەرەتا لە ئەیلوولی1941 بەو ئومێدەی جۆرە ئینتدابێک بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو دابین بکا، پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە کردبوو، لێپرسراوانی سۆڤیەتی بەو باوەڕەی کە ئینگلیزەکان دەیانەوێ کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ کوردەکان رێك بخەن، لەناکاو لە مانگی تشرینی دووەم سی رێبەری کوردیان بانگی باکۆ کرد، ئەوان و لەناو ئەواندا قازی محەمەدیان بۆ باکۆ نارد، سۆڤیەتی‌یەکان دەیانویست کوردەکان بەتایبەتی ئەو کوردانەی لەودیوی ناوچەی ژێردەسەلاتی سۆڤیەت بوون، پشت بەوان ببەستن نە بەئینگلیزەکان.

(نوێنەران) بەجۆش و خرۆشەوە گەڕانەوە کوردستان و کۆمیتەیەکیان بە ناوی(کۆمیتەی باڵای تەندروستی و سەلامەتی) دامەزراند کە دواتربووە(شانەیەک) بۆ قەوارەیەکی خودموختار یان سەربەخۆیی لەورمێ رێکخراوی(ئازادی)ئەم دیدارەی بە دانی جۆرە(میهرێکی سپی) لەلایەن سۆڤیەتی‌یەکان بەکوردەکان، زانی.

دووکەس لەو کەسایەتی‌یانەی هەوڵیاندا ئومێدێك لەسەر بنەمای ئەم سەفەرەی باکۆ بنیاتبنێن، لەهەمووان دیارترن قازی محەمەد و شیخ عەبدولای گەیلانی(ناسراو بەسەید عەبدولای ئەفەندی و. ف) قازی محەمەد یەکێك لە پیاوە ئایینییەکانی زۆر ناسراوی مەهاباد و نەوەی برای قازی فەتاح بوو کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا بەمەبەستی وەدەست خستنی خودموختاری بۆ مەهاباد چەند هەوڵێکی دابوو، سەید عەبدوڵلا(ئال) گەیلانی کوڕی شیخ عەبدولقادربوو، لە ساڵی1941 دوای داگیرکردنی وڵات لەلایەن هاوپەیمانانەوە(لەعێراقەوە) هاتبووە مەرگەوەڕ، پیاوێکی زۆر بەناوبانگ بوو، لە پیرۆزیدا بەناوباگترین شێخی ناوچەکەبوو، ئەم دووانە(قازی محەمەد وسەید عەبدوڵڵا) هەوڵیاندا سەرۆکەکانی ناوچەی مەهاباد و ورمێ بەوە رازی بکەن کەجیاوازییەکانی رابردوویان بخەنەلاوە و لایەنگرەکانیان کۆبکەنەوە و یەك بگرن بەڵام ئەنجامێکی نەبوو هەندێ لە سەرۆکەکان ئامادەنەبوون ئەم کارەبکەن قازی محەمەد سەرەنجام، بەناچاری پێگەی ئومێدی خۆی لەسەرهاوکاری دوودۆستی خۆی بنیات نا، ئەم دووکەسە قەرەنی ئاغای مامەش و عەبدوڵڵائاغای بایەزیدی مەنگوڕ بوو کە هەردووکیان رووبەرووی چەند بەشێکی ناو هۆزەکانی خۆیان بوون.

بەڵام لەهەمووی خراپتر، سۆڤیەتی‌یەکان وادیاربوو حەزیان لێنەبێ ئارەزووی خەڵکی کورد وەدی بێ. دووەمین سەفەر بۆ باکۆ لە مانگی ئایاری1942 رێك خرا لەم چاوپێکەوتنەدا سۆڤیەتیەکان بەنوێنەرانی کوردیان گوت کەیەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کەمینەکان دەکا، بەڵام هێشتا کاتی سەربەخۆیی کوردستان نەهاتووە لەمانگی ئەیلول، کۆبونەوەیەك بەبەشداری سەرۆك هۆزەکانی ورمێ ومەهاباد لەشنۆ رێکخرا مەبەست لەم دانیشتنە دابینکردنی یەکێتیی هۆزەکان و هەڵبژاردنی رێبەرێك بوو، شێخ عەبدوڵلاو قازی محەمەد چاویان لە قەرەنی ئاغای مامەش بوو کە لەهەموان پیرتربوو، و هاوپەیمانی قازی محەمەد بوو، بەڵام لێپرسراوانی سۆڤیەت کە لەدانیشتنەکە ئامادەبوون، کارێکی وایان کرد عومەرخانی شکاك سەرۆکی کەردارەکان وەك رێبەر هەڵبژێردرێ و جارێکی دیکەش ئەم دیدەی خۆیان تەئکیدکردەوە کەهێشتا سەردەمی خودموختاری نەگەیشتووە.

قازی محەمەد و شێخ عەبدوڵلا بەئاشکرا بەهۆی هەڵنەبژاردنی کاندیداکەیان نارەحەت بوون و لێپرسراوانی سۆڤیەتیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بەو مەبەستە داوای ئەم کۆبوونەوەیان کردووە تا رووبەرووی شکستی بکەنەوە، لەبارێکدا خودی قازی محەمەد داوای کۆبونەوەکەی کردبوو، و سۆڤیەتیەکانی بۆ ئەوە بانگ کردبوو، پشتگیری بڕیارەکانی بکەن یەکێتی سۆڤیەت کە تێگەیشتبوو زۆر رێی تێدەچێ جڵەوی بزوتنەوەی کوردی لەدەست دەرچێ، بڕیاری دابوو بەتێکدانی ئەم کۆبونەوەیە کارێك بکا سەرۆکێك هەڵبژێردرێ نەرم و مولایم بێ و خەڵکی ئەم ناوچەیەش بێ کە لە ناو قەڵەمڕەوی ئەودایە ئەم رێبەرە عومەرخان بوو.

## سەرچاوە

مێژووی هاوچەرخی کورد، دیڤید ماکداول، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، کتێبی روناکبیری(38) سلێمانی ئایاری(2003)

# کورد لە ئێراندا

نووسینی : نادر ئینتیسار

وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی

بزوتنەوەی هاوچەرخی کورد لە ئێراندا کە لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا خەبات دەکات، دیاردەیەکی مێژوویی نوێیەو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، هەروەك پێشتر گوتمان کوردەکان لە ململانێی نێوان فارس و عوسمانیەکاندا بوون بە بزوێنەرێکی گرنگی ئەو ململانێیە کە سەرەتای دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شانزەهەم.

هەر لەگەڵ بەدەستگرتنی دەسەڵاتی ئێران لە لایەن سەفەوییەکانەوە، سوڵتانی عوسمانی لە رێگای سوود وەرگرتنەوە لە هاومەزهەبێتی(سوننە) لەگەڵ کوردەکاندا هەوڵی داوە بۆ راکێشانی کورد بە لای خۆیداو بەکارهێنانی بە دژی شیعە سەفەوییەکانی ئێران. بە یارمەتیی سوڵتان سولێمانی عوسمانی ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکانی کورد دژی دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی سەفەوی راپەڕین، کاتێك شا ئیسماعیل هەستی کرد کە مەترسی لەسەر ئیمپراتۆرەکەی هەیە لە ناوخودا، بە خێرایی بەرپەرچی ئەو راپەڕینەی کوردەکانی دایەوە سەرۆك خێڵە هەرە دیارەکانی کورد پێکەوە کۆکرانەوە و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان خرایە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەرکردایەتیی تورکە قزڵباشییەکانەوە کە ئەم قزڵباشییانە بڕبڕەی پشتی سوپای عوسمانی بون.

یەکەمین سەرکەوتنی شا ئیسماعیل بەرامبەر راپەڕینەکانی کورد لە ئابی ساڵی1514دا پێچەوانە بووەوە کاتێك هێزەکانی سوڵتان سلێمان بە پاڵپشتی کوردەکان سوپاکەی شا ئیسماعیلیان لە شەڕی چاڵدێران لە باکووری رۆژئاوای ورمێدا شکاند، ئەمەش یەکەمجاربوو کە

بەشێك لە هەرێمی کوردی لە ئێران جیا ببێتەوە و عوسمانییەکان بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

لە ماوەی سەدەی شانزەدا هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی دەستیان کرد بە دانانی بنیادنانی بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتێکی مەرکەزیی بەهێز، ئەوەش سیاسەتێك بوو بە دژی ئازادیی سنوورداری میرنشینە کوردەکان و، ئاراستەکراو بوو بەهۆی سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی کورد، ئەگەرچی راپەڕینەکانی کورد لە لایەن سوپای عوسمانی و ئێرانییەوە تێکشکێنران، بەڵام سەرۆکی دەوڵەتەکان گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە پێویستە رێککەوتنێك بکەن بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی کوردەکان ساڵی1639 رێککەوتننامەی نێوان ئێران و عوسمانی لەلایەن سوڵتان مورادو شاعەباسەوە ئیمزاکرا، لەم رێککەوتنەدا هەردوو لا سەرکەوتووانە ناوچەی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا (عوسمانی و سەفەوی) دابەش کرد لەکاتی ئەو رێکەوتنەدا حکومەتی مەرکەزیی ئێرانی توانیی خانە کوردەکان ملکەچ بکات و دیفاکتۆی دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی میرنشینە کوردەکان لە ناو ببات لە پێناوی دەسەڵاتکردن بەسەر راپەڕینەکانی کورددا، ئیمپراتۆری ئێرانی سوودی لە ناکۆکیی خێڵایەتیی نێوان خێڵە کوردەکان وەرگرت و سیاسەتی (گێزەر و عەسا)ی پەیڕەو کرد شان بە شانی سیستەمێکی هەڵبژاردە کە پەیڕەوی سزاو پاداشتی دەکرد لە دەورووبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا هەموو میرنشینە کوردەکان بەجۆرێك کەوتبوونە ژێر سایەی دەسەڵاتی راستەوخۆی حکومەتی مەرکەزیی ئێرانەوە. میرنشینی ئەردەڵان دوا میرنشین بوو کە ساڵی1865رووخا، دواترین و دەشێ گرنگترین راپەڕینی کوردی لە سەدەی نۆزدەدا ئەو راپەڕینە بوو بێت کە ساڵی 1880 سەری هەڵدا کە بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵا بوو، ماوەیەکی کورتی خایاند و لەو ماوە کورتەدا شێخ عوبەیدوڵا توانیی ناوچەکانی نێودەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وان یەك بخات، ئەمەش بریتی بوو لە یەکخستنی دوو بەشی کوردستان، بەڵام ئەم راپەڕینە لە هێرشێکی دوو سەرەی سوپای فارس و عوسمانیدا تێکشکێنرا.

کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆشاییەکی دەسەڵات و ئیدارەی لە ناوچەکەدا دروستکرد و رێگای بۆ خێڵە کوردەکان خۆش کرد جارێکی تر لە رووی دەسەڵاتی ئێرانییەکان و تورکەکان لە کوردستاندا رابووەستن. هەندێ جار ئەم راپەڕینانە زیاتر خاسیەتی شەڕی نیوخۆی خێڵایەتییان وەردەگرت و دەبوونە مایەی پەشێویی، هەندێ جار راپەڕینەکە هەر لە

سنووری تاکە خێڵێکدا دەبوو، دژی بنیادی ئەو دەوڵەتە ئاراستە نەدەکرا، بەڵام هەندێ جاری تر ئەو ململانێیانە هێجگار ئاڵۆزدەبوون و شەڕی نێوخۆی خێڵە کوردەکان و ململانێی نێوان کورد و کەمایەتییە ئایینی و زمانییەکانی تری دەگرتەوە، راپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ یەکەمین نموونەی ئەم جۆرە راپەڕینەیە، سمکۆ سەرۆک خێڵی شکاك بوو کە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی رۆژئاوای دەریاچەی ورمیەدا دەکرد و هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیدا، سەرکردایەتی ئەم راپەڕینە سمکۆ دەیکرد، دوای ئەوەی کە سمکۆ دەسەڵاتی خۆی بەسەر خێڵەکانی دراوسێیدا سەپاند، توانیی دەسەڵات بەسەر بەشی زۆری کوردستانی ئێراندا بکات کە ئەوەش لە ماوەی ساڵی 1920 بۆ ساڵی1924بوو.

لە تێڕوانینی سمکۆوە یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم سەربەخۆیی کوردستان بریتی بوو لە دانیشتوانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمیە، ئەمەش هەر کوردەکانی نەدەگرتەوە بەڵکو شیعە ئازەرییەکان و ئاسورییە فەلەکانیشی دەگرتەوە کە هەردوو لایان ناکۆکیی درێژخایەنیان لەگەڵ کورددا هەبوو، پێشتر شەڕی تاڵ و پڕ کارەساتیان لەگەڵدا کردبوون. لە راستیدا شارەکانی ورمیە(رەزائیە) سەڵماس و خویی بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێکهاتندا ئازەری بوون و حەزیان نەدەکرد کە ببنە بەشێك لە کوردستانەکەی سمکۆ، لە ئەنجامی ئەوەدا شەڕ لە نێوان ئازەری و کوردەکاندا روویدا.

سمایل ئاغای سمکۆ وای بە پێویست دەزانیّ کە دژی هێزەکانی رەزاخان خەبات بکات کە لە کودەتایەکی سەربازیدا لە شوباتی ساڵی 1921 دا فەرمانی گرتە دەست کە پێشتر وەزیری جەنگ و سوپاسالاری سوپای ئێرانی بوو.

رەزاخان کە هێزی ئێرانی سەرلەنوێ رێکخستبووە وەو مەرکەزییەتی بۆ دروست کردبووەوە، دەستی کرد بە رێکخستنی هێرش و شاڵاوبردن بۆ سەر سمکۆو سەرۆك خێڵە راپەڕیوەکانی تر. رەزاخان قەناعەتی وابوو کە کاری رووبەڕووبوونەوەی پێشتری بەرامبەر بە راپەڕینە خێڵایەتییەکان بە هێزێکی چەکداری بیّ پشتی بچووکەوە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو، بە سوودی هێزە راپەڕیوەکان شکایەوە لە تۆڵەی ئەوەدا رەزاخان فەرمانی بەهێزە رێکخراوەکانی کرد تابە چەکی قورس و هێزی مرۆیی راپەڕینەکان تێکبشکێنن و سوپای ئێرانیی قوناغ بە قۆناغ شارە گەورەکانیان لە دەستی راپەڕیوەکانی کورد دەرهێنا، دەوورووبەری ساڵی1924 هێزە چەکدارەکانی سمکۆ کە دە هەزار چەکدار بوون کەم بوونەوەو هەزار چەکداریان لیّ مایەوە کە ئەوانیش ئەندامانی خێڵی شکاك بوون. دوای ئەوەی کە هێزەکانی سمکو ئابلوقە دران، حکومەتی ئێرانی لێبووردنی بۆ سمکۆ دەرکرد.

لە ساڵی1925دا کە رەزاخان بوو بە رەزاشاو یەکەم پاشای بنەماڵەی پەهلەوی، سمکۆ بەڵێنی دڵسۆزیی هەتاهەتایی بەو و بە دەوڵەتی ئێرانیدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سمکۆ بەشداریی راپەڕینێکی تری کوردەکانی کرد لە ساڵی1926دا، لەگەڵ دوو سەرۆك خێڵی تری کورددا هاوپەیمانی'تییەکەی پێکهێنا کە ئەوانیش حاجی ئاغای سەرۆك خێڵی هەرکی و بەگزادەی سەرخێڵی مەرگەوڕ و تەرگەوڕبوون، دوای چوونە ناو سەڵماس و ئابلوقەدانی شاپور، هێزەکانی ئێران هێرشیان کردە سەر هێزە کوردییەکان، ئەو هێزانەی ئێران لە ورمیەو شەرەفخان و خۆیی و ئازربایجانەوە نێردرا بوون و هێزە کوردییەکانیان ناچار کرد کە پاشەکشیّ بکەن بۆ سنووری تورکیا، لەوێشدا سمکۆ دەستگیرکراو بەندکرا پاش ئەوەی کە سمکۆ لەو گرتنەی سنووری تورکیای ئازادکرا، جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئێران کە لەویّ لە حوزەیرانی ساڵی1930نزیك شاری شنۆ لە پێکدادانێکی کورتدا لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا کوژرا. (هەندیّ سەرچاوەی کوردی و رۆژئاوایی وایان راگەیاندووە کە سمکۆ لە شەڕی دژی هێزە ئێرانییەکاندا نەکوژراوە بەڵکو لە 21ی حوزەیرانی ساڵی1920دا لە لایەن هێزە ئێرانییەکانەوە لە پشتەوە کوژراوە لە کاتێکدا کە سمکۆ بانگهێشتی ئەو هێزانەی بۆ کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی گفتوگۆکردن قبوڵ کردبوو لە پێناوی کۆتایی هێنان بە راپەڕینی کورد)

راپەڕینی سمکۆ یەکەمین هەوڵی گەورەی کورد بوو لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئێراندا، هەر چەندە سمکۆ هەندیّ سەرکەوتنی سەرەتایی بەدەست هێنا بەڵام شکستی یەکجارەکی ئەم سەرکردەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی راستەقینەی کوردی بەهۆی بیّ توانایی خودی سمکۆوە بوو لەوەیدا کە نەیدەتوانی لە تێڕوانینی تەسکبینانە رزگاری ببێت، هەروەك توانای ئەوەشی نەبوو کە دەوڵەتێکی هاوچەرخ بە پێی رێکخستنی ئیداریی نویّ دروست بکات، سمکۆ بە شێوەیەکی گشتی بایەخی بە پەشێویی دەداو کاتێك کە نەیدەتوانی تاڵانی خێڵەکەی خۆی یان خێڵە هاوپەیمانەکانی بکات، هێرشی لەناکاوی دەکرد و هەوڵی دەدا کە ناوچە غەیرە کوردییەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەو شوێنانەش سەڵماس و رەزایە و دواتریش خۆیی، لە ئەنجامی ئەوەدا دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بە جۆرێك کەم کردەوە کە گەیشتە ئاستیبیّ ئومێدی و وێرانەیەکی بیّ سنوور.

سەرکەوتنی سەربازی رەزاخان بەسەر سمکۆ و سەرۆك خێڵەکانی تردا سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی سەرکەوتوانەی زۆر دەستەی ئیتنیکی بوو لە هەموو ولاتی ئیراندا، هەوڵ و کۆششی رەزاخان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مەرکەزی بە دەسەڵات لەسەر بنەمای یەکێتیی نەتەوەیی هەموو گەلانی ئێران بوو. بەشێوەیەکی ناسروشتیانەش هوشیاری (نەتەوەیی) فارسی دەسەپاند و ئەوەش رێبەرایەتی دەکرا لە لایەن ئەو کۆمەڵەی کە

پێی دەوترا(کۆمەڵەی ڕێ نیشاندەری گەل)، ئـەم کۆمەڵەیـە هـەموو هۆیـەکانی پەیوەندیکردنی خستەژێر دەستی خۆیەوە و هـەموو ناسـنامە ئیتنیکـی و سـیفاتە کەلتوورییەکانی غەیری کەلتووری فارسی پێشێلکرد لەو هۆکارانەی پەیوەندیکردنیش ئێزگەی رادێوو کتێب و بلاوکراوەی تریش بەر ئەو شەپۆلی سەرکوتاندنەوەیە کەوتن. خەمی رەزاخان لە پێناوی چاندنی تۆوی هوشیاری نەتەوەیی فارسیدابوو بەهۆی دامەزراندنی ئەکادیمیای ئێرانی کە ئەویش ئامانجی پاکژکردنەوەی زمانی فارسیبوو لەوشەی عەرەبیو تورکی کەدواتر سەلمێنرا ئەوە کارێکی نەشیاوە لە کاتێکدا کە چەندین سەدەیە کەلتووری فارس و تورك و عەرەب تێکەڵاوی یەکتربون، بەکارهێنانی دایەلێکتەکانی زمانی کوردی لەخوێندندا، لەبلاوکردنەوە و قسەی رەسمیدا قەدەغە بوون، زۆر قوتابخانەی کوردی ناچارکران کە دابخرێن، هەروەك پەروەردە و فێرکردن تێکوپێك دراو یارمەتیی داراییان لێبڕا یاسای لەبەرکردنی جلوبەرگی شێواز ئەورووپی بەسەر کوردە ئێرانییەکاندا سەپێنرا، هەمان شێوەی ئەتاتورك لە تورکیادا رەزاشا لە ئێراندا، تەنانەت جەختی لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی (ئێرانیی چیایی) کرد بۆ ناوهێنانی دانیشتوانی کوردی وڵاتەکەی، سەرباری ئەوەش بەکارهێنانی گشتیی وشەی (کورد) قەدەغەکرا بەو شێوەیەی تورکیا.

رەزاشا دەزگاکانی حکومەتی لە ناوچە کوردییەکەدا بە کاربەدەستی فارس و ئازەری پڕ کردەوە، رەزاشا مێژووی ناکۆکیی نێوان ئازەری و کورد پشێویی نێوان کورد و فارسی لە سەدەی بیستدا بە هێند گرت و ئەم سیاسەتە بوو بەهۆی بێبەشکردنی کورد لە هەموو مافێك و کردنی بە پاشکۆ، سەرباری ئەوەش لە ئەنجامی پێداگرتنی کۆمەڵەی رێنومایی گەلدا هەندێ ناوچە کەهەر لەدێرزەمانەوە کوردنیشین بوون راگەیەندرا کە بەشێکن لە هەرێمی نوێی ئازربایجانی رۆژئاوا، ئەمەش ناکۆکیی نێوان کورد و ئازەری بەرەو خراپتر برد.

ئابووریی کوردی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بەرهەمی تووتن بوو کە شێوەی بەرهەمێکی (نەقدی) هەبوو بە شێوەیەکی ترسناك بەهۆی هێنانی مۆنۆپۆلی دەوڵەتەوە لەسەر تووتن ئەو ئابوورییە تێکشکا، بەهۆی ئەوەی کە رەزاشا یارمەتییەکی دارایی گەورەی حکومەتیدا بۆ خاوەندارێتی تایبەتی خۆی لەسەر حسابی خاوەندارێتی کوردی، بەڵام لەلایەکی ترەوە سیاسەتی هاوچەرخکردنی ئابووریانەی رەزاشا بە شێوەیەکی گشتی نەگەیشتە کوردستانی ئێران، رێگای نوێ و کارگەی نوێ لە کوردستان نەکرانەوە باری تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی لە حاڵەتی سەرەتاییدا ماوەتەوە و لەو بارەیەوە کوردستان خراپترین شوێنی ئێرانە، شێوازی خاوەندارێتی زەوی بە شێوەیەکی گشتی دەستکاری نەکراوە، خاوەن زەوییە گەورەکان و لە نێویشیاندا خاوەن زەوی نەناسراو رێگایان پێ درا کە مڵکەکانیان وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنانەت ئەو مڵکانەی کە کرابوون بە(وەقف) یان(وەقف)ە ئایینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێ هیچ دەستکاریکردنێك مانەوە، ئەمە سەرباری ئەو راستییەی کە مڵکە زەوییە(وەقف)کراوەکان لە شوێنەکانی تری وڵات لە ژێر دەستی پیاوانی ئایینی دەرهێنراون و خراونەتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردە یان لایەنێکی تری حکومییەوە ئەمەش مانای وایە کە خاوەن هێز و دەسەڵاتە کۆنەکان لە کوردستاندا کە بریتی بوون لە سەرۆك خێڵ و شێخە ئایینییەکان توانیویانە لەسەر بەکارهێنانی میللەتی خۆیان بەردەوام بن، کوردستان وەکو هەرێمێکی دواکەوتوو ماوەتەوە، نەیتوانیووە یەکێتییەکی ئابووری لەگەڵ ئابووریی نیشتمانیدا پێك بهێنێت.

بۆرژوای بچووکی (سەرەتایی) کورد مۆنۆپۆلی دەوڵەتی رەت کردەوە و لە هەمان کاتدا حکومەت بە تەواوی ناوچەی کوردستانی پشتگوێ خست.

جەنگی دووەمی جیهانی سیاسەتی ئێرانی گۆڕی و دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لەناوچە دوورەکان و هەرێمە خێڵایەتییەکاندا لاوازکرد، لەگەڵ داگیرکردنی ئێراندا لە لایەن ئەنگلۆسۆڤێتەوە لە 25ی ئابی ساڵی 1941دا هێزەکانی ئێران پشتیان لە رەزاشا و لە دەسەڵاتی لاوازی محەمەد رەزای کوڕی و جێنشینی کرد و رێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی- سیاسی خێڵایەتی دەستی کردەوە بە خۆدەرخستن، بەریتانیاو سۆڤیەت فەرمانڕەوای ئەمری واقیع بوون لەو ناوچانەی کە لە رووی سەربازییەوە داگیریان کردبون. ئاشکراکردنی تیاچوونی دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانی لەو ناوچانەدا بەگشتیو لە ئازەربایجان و کوردستان بە تایبەتی کە سوپای سۆڤێتی تیایاندا بالادەستبوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە هەزاران کارمەندی سوپای ئێرانی بەرەو تاران رابکەن و لەوێ ناویان تۆمار بکەن، لەو بارودۆخەدا بوو کە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە مەیداندا خۆی سەلماند.

## کۆماری مهاباد

بەهێزترین لە رووداوەستانی کورد لە سەدەی بیستدا دژی دەسەڵاتی ئێرانی لە ساڵی1945دا بوو، کاتێك کۆماری سەربەخۆی مهاباد دامەزرا، دروستبوون و رووخاندنی کۆماری مهاباد دەبێت لە سنووری سیاسەتی فراوانخوازیی سۆڤێتی لە ئازربایجاندا لێك بدرێتەوە کە لەو ناوچەیە سۆڤێتییەکان بە هیوای ئەوە بوون چاودێریی بزوتنەوەی جیاخوازی کۆمۆنیستی بکەن کە لەلایەن خۆیانەوە ئاراستە دەکرا، فشاریان خستە سەر حکومەتی ئێرانی هەتا ئیمتیازاتی ئابووریان پێ ببەخشێت بە تایبەتی لە دەروازەی کەنداودا کە زۆر بەلایانەوە گرنگبوو، لەپێناوی چەسپاندنی سیاسەتەکانیان، سۆڤێتییەکان بە تەواوی ئاگاداری ناکۆکیی مێژوویی نێوان کورد و

ئازەری بوون و لەگەڵ ئەوەشدا دەعوەتی سەرۆك خێڵە جیاوازەكانی كوردیان كرد هەتا سەردانی ئازربایجانی سۆڤێتی بكەن ئەوەش لە ساڵی1944 و سەرەتای ساڵی1945، جەعفەر باقرۆف سەرۆك وەزیری كۆماری ئازربایجانی سۆڤێتی سەرگەرمی قایلكردنی سەرۆك خێڵە كوردەكان بوو بۆ پێویستبوونی دروستكردنی بەرەیەكی كوردی- ئازەری بە مەبەستی ئەوەی كورد ئوتۆنۆمی بەدەست بهێنێت سەرباری ئەوەی كە سۆڤێت ئاگاداری بنیادە خێڵایەتی و كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگای كوردی بوو، بەڵام لەو بارەیەوە دەلیل و ئاماژەیەكی كەمی هەبوو.

لە ڕاستیدا گەلێك ماركسیی تەقلیدیی ئێرانی لە ناو ئەوانەشدا حیزبی تودەی سەر بە سۆڤێت كە ساڵی1941 پێكهات، تێڕوانینەكانی فارس یان ڕۆشنبیرە بە فارسبووەكانیان نیشان دەداو تێ نەدەگەیشتن كە چۆن جۆراوجۆرێتی زمانی و هەرێمی كاری لە ڕەفتاری سیاسی و خێڵایەتی و دەستە ئیتنیكییە غەیرە فارسەكان كردوە، بەپێچەوانەوە زۆر ماركسیی ئێرانی غەیرە فارس لە گرنگێتی كەلتووری و جۆراوجۆرێتی ناوچەیی لەسەر دامەزراوەكەیان تێگەیشتن، ئەم جیاوازییە گرنگە لە نێوان فارس و غەیری فارسدابوو بە هۆی جیابوونەوە (دابەشبوون) لە نێوان سەركردایەتی تودە و هاوشێوەكانیاندا. لە ئازەربایجان ئەم جیابوونەوەیە بوو بە هۆی ئەوەی كە جەعفەر پیشەوەری چەپی ناسراو وا لێ بكات بكەوێتە بنەمادانان بۆ دامەزراندنی (فیرقەی دیموكراتی ئازەری) كە وەكو حیزبێكی ماركسی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەكانی ئازەری بكات ئەم فیرقەیە بە شێوەیەكی ڕەسمی لە ڕۆژی3ی ئەیلوولی1945دا پێكهات و هەر لەگەڵ دامەزراندنیشیدا لە لایەن ئێرانەوە بەوە تاوانباركرا كە پاشكۆی حیزبی تودەیە، ئەویش لە ئەنجامی خۆتێهەڵقورتاندنی سۆڤێت لە كاروباری ئازەربایجانی ئێرانیدا، لە ڕاستیدا تودە و فیرقە دووڕووی یەك دراو بوون، بەڵام بەهۆی جیاوازیی بنەمای كۆمەڵایەتیو ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەكانیانو نارێكی سیاسیی نێوانیانەوە لە یەكتر جیابوونەوە.

لە كاتێكدا تودە گرنگیی تەواوی بە بنەما مەئلوفەكانی ماركسییەت دەدا لە ململانێی چینایەتی و دیموكراتیی مەركەزیدا، فیرقە لایەنگری ئۆتۆنۆمی بوو بۆ كەمایەتییەكان و پاڵپشتی بەكارهێنانی زمانی ئازەری دەكرد وەكو بنەمایەكی سەرەكی بۆ داننان بەمافەكانی ئازەردا، پیشەوەری لە وەڵامی ڕەخنەی تودەدا لە سیاسەتی سیكتاریزمانەی حیزبەكەی گوتی: هەڵێكی باش لە بەردەستدابوو بۆ ڕۆشنبیرانی فارس هەتا هەست بە شۆڤینیەتی خۆیان بكەن و درك بەو جیاوازییانە بكەن كە لە نێوان زمانی خۆیان(فارسی) و زمانی ئێرانییەكانی تردا هەیە... پیشەوەری لەسەر ڕادیۆی تەورێزەوە ڕایگەیاند كە حیزبەكەی مافی بەكارهێنانی زمانی دایك لە ئازەربایجاندا وەكو خاڵێك سەیر دەكات كە شایەنی سەوداگەری لەسەركردن نییە.

مەسەلەی سەربەخۆیی زمان سیاسەتی تودەو سۆڤێتی لە كوردستاندا ئاڵۆز كرد هەروەك ئەرڤاند ئیبراهیمی تێبینی كردووە سیاسەتی تودە بەرامبەر بە كەمایەتییە زمانییەكان بە تەمومژاوی ماوەتەوە حیزبی تودە لە بارەی كەمایەتییە زمانییەكانەوە هەتا كۆنگرەی دووەمی ساڵی1948هیچ بەرنامەیەكی نەبوو لەو كۆنگرەیەدا كە دوای ڕووخاندنی كۆمارە ئۆتۆنۆمییەكانی كورد و ئازەری بوو حیزبی تودە بەیانێكی تایبەت بە مەسەلەی ئیتنیكی دەركرد، لە نامیلكەیەكدا كە لە ئەیلوولی ساڵی1949دا بەناونیشانی(میللەت و میللیەت- نەتەوە ونەتەوایەتی) بڵاوی كردەوە، تودە لە ئێراندا بۆچوونەكانی لینین و ستالینی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لەو نامیلكەیەدا پێشكەش كرد، ئەم نامیلكەیە بەو دەرەنجامە كۆتایی هاتبوو كە ئێران لە كۆمەڵە نەتەوەیەكی جیاواز پێكهاتووە كە هەریەكەیان خاوەنی زمان وداب و نەریتی خۆیەتی، بەشدارییان لە بنیادنان و كەلتووری دەوڵەمەندی ئێراندا هەیە و خەباتی پێكەوەییان دژی فیودیالیزم و حوكمی ئیستیبدادی و ئیمپریالیزم بووە بە هۆی دروستكردنی پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوانیاندا، ئەم پەیوەندییە دۆستایەتییە بەهێزە دەتوانرێت بە باشترین شێوە بپارێزرێت ئەگەر كەمایەتییە زمانییەكان پارێزراو بوونایە و مافی بڕیاردانی چارەنووسیان ڕێزلێ بگیرایە.

سەرباری ئەوەی نفوزی سۆڤێت لە دروستكردنی ڕووداوەكانی كوردستاندا گرنگ بوو، بەڵام جیاوازیی تەواو لە نێوان داواكارییەكانی ئازربایجان بۆ ئۆتۆنۆمی و داواكاریی كورددا هەبوو لە ئێراندا. لە ئازربایجان، یەكێتی سۆڤێت بەرژەوەندیی خۆی لەسەر ئەوە بنیاد نابوو كە پشت ببەستێت بە گەنجینەی دەوڵەمەندیی ئازەرییە ماركسییەكانی كۆماری ئازربایجانی سۆڤێتی، بەشی زۆری فیرقە بە تایبەتی دامەزرێنەرو تیۆرییەكانی (خاوەن فیكر) ساڵانێكی زۆریان لە یەكێتیی سۆڤێت بەسەر بردبوو و پەیوەندیی پتەوو بەهێزیان لەگەڵ ماركسییە ئازەرییەكانی سۆڤێت لە باكۆ دروست كردبوو، سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی ستالین دەربارەی باشووری سۆڤێت بریتی بوو لە خەباتكردن لە پێناوی یەكخستنی ئازربایجانی ئێرانی و یەكگرتنەوەی لەگەڵ ئازربایجانی سۆڤێتدا لە ژێر سایەی سەركردایەتی مۆسكۆدا.

هیچ بەڵگەیەكی قایلكەر لە ئارادانەبوو پێشنیاری ئەوە بكات كە سیاسەتی سۆڤێتی بەرامبەر بە كورد هەمان شێوەی سیاسەتی سۆڤێتی بێت بەرامبەر بە ئازەرییەكان، لە ڕاستیدا حكومەتی سۆڤێتی یارمەتیی دروستكردنی دەوڵەتێكی كوردیدا لە ئێراندا، لەوانەیشە سۆڤێت حەزی كردبێت دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی لە ئێران

وعێراق و تورکیادا دابمەزرێت و توانای ئەوەشی هەبووبێت کە ئەو دەوڵەتە کوردییە بەلای سۆڤێتدا رابکێشێت و دڵسۆزی و وەلائی بۆ سۆڤێت هەبێت، بەڵام ستالین سیاسەتی پشتگیریکردنی دروستکردنی کوردستانێکی یەکگرتووی پیادە نەکرد، لەترسی ئەوەی نەوەکو لەم دەوڵەتە نوێیەدا رۆحی سەربەخۆیی لەگەڵ سیاسەتی سۆڤێتیدا یەك نەگرێتەوە، لە ئەنجامدا ئەم دەوڵەتە بکەوێتە ژێر دەستی رۆژئاواوە، چونکە هێزی سیاسی لە هەموو ناوچە کوردییەکاندا لە ژێر دەستی خاوەن زەوی و سەرۆك خێڵ و رابەرانی ئایینیدا کۆببووبووەوە کە ئەمانەش هەموویان خۆپارێزو بگرە کۆنەپەرستیش بوون و زۆریش بە گومان بوون لە ئامانجەکانی سۆڤێت و بە گومانیشەوە سەیری بلاوبوونەوەی کۆمۆنیستیان دەکرد و دژیشی بوون، لە راستیدا دامەزراندن و روخاندنی کۆماری مهاباد تێروانینی کاتی و پڕ لە دژایەتیی یەکێتیی سۆڤێتی لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کورد ئاشکراکرد.

## دروستبوونی کۆمەڵە

تەنانەت پێش داگیرکردنی باکووری ئێران لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە لایەن سۆڤێتەوە، شاری مهاباد ناوەندی سەرەکیی هەوێنی هەستی نەتەوایەتی کوردی بوو لە مهاباددا، چینی کۆمەلایەتی ناجێگیر هەبوو، دانیشتوانی ئەم شارە لەگەڵ هەوێنی رۆشنبیری ئەو سەردەمەدا کۆك و تەبابوون دوای دروستکردنی ناوچەی دەسەلاتی سۆڤێتی لە ئێراندا (پاش داگیرکردنی ئەو ناوچانە لە لایەن سۆڤێتەوەو...) کە شاری مهابادیشی تێدابوو، شوێنی کارمەندە حکومییەکان بە شێوەیەکی رێکوپێك بە کوردەکان پڕکرایەوە، ئەویش بە رەزامەندیی سۆڤێت، زۆرێك لە کوردەکانی ئەو ناوچانە حەزیان لەوە نەبوو کە بنیادێکی بەرێوەبردنی چالاك و کاریگەر لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا هەبێت، بۆ نموونە ئەمیر ئەسعەد کە بە ناو سەرۆکی خێڵی دیهبۆرکی بوو کرا بە پارێزگاری سنووری مهاباد، ئەسعەد پیرەمێردێك بوو، بە ئاشکراش پیاوێکی لاوازبوو، توانای فەرمانکردنی بەسەر زۆرێك لەتیرەکانی خێڵەکەی خۆیدا نەبوو و رێزو شوێنی خێڵەکانی تری ناوچەکەشی بەلاوە دەنا، لە ئەنجامی ئەوەدا دەستەیەك لە کوردی مهاباد حیزبی سیاسی خۆیانیان بۆ بەدەستگرتنی چارەنووسی خۆیان بە شێوازێکی زۆر سەربەخۆو کاریگەرانە دامەزراند.

لە رۆژی 16ی ئەیلوولی 1942 هەندێ لە کوردەکانی مهاباد کۆبوونەوەکیان کرد بە مەبەستی پێکهێنانی لیژنەیەك بە ناوی (کۆمەڵە کورد) بۆ نەخشەدانانی کارکردنی بۆ پشتگیریکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە لایەن کوردەوە، ئەم لیژنەیە ناوی خۆی نا(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) یان(کۆمەڵە) لە ماوەی چەند هەفتەیەکی دروستبوونیدا، کۆمەڵە ژمارەی ئەندامانی خۆی زیاد کردبوو و گەیشتبووە نزیکەی سەد ئەندام لە مهاباددا، لەبەر مەترسیی پشکنین لە لایەن دەسەلاتدارانی دوژمنەوە، کۆمەڵە لەسەر بنەمای نهێنی و رێکخستنی شانەی تایبەتی وەکو بنەمای یەکەی ریکخستن کاری دەکرد. ئەندامانی کۆمەڵە تەنیا ئەندامانی شانەکەی خۆیانیان دەناسی ئەندامیتی تا رادەیەکی بەرچاو بە سنووردارى مایەوە و تایبەت بوو بۆ ئەو کەسانەی کە لە دایك و باوکەوە کورد بوون، ئازەری کە لە نیو کۆمەلانی خەلکی کورددا دەژیان و بە کوردی قسەیان دەکرد بەزوویی لە ئەندامێتی کۆمەڵە دوور دەخرانەوە وەکو ئەوەی کە ئەو ئازەرییانە کوردبن بەڵام نەوە یان(بەرهەمی) نا شەرعیی کوردبن. لەبەرئەو شێوە هەڵبژاردنەی ئەندام لە لایەن کۆمەڵەوە وبنەمای تەسکی پشتگیری و لایەنگری لە دەرەوەی مهاباد، کۆمەڵە توانای گەیاندنی دەنگی خۆی بە سەرجەم کوردی کوردستانی گەورە نەبوو.

کۆمەڵە سەرەرای ئەوەی کە مافی رەوای خۆی بوو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دروست بکات هەموو کوردستانی ئێران بگرێتەوە و ئامانجیشی ئەوە بێت کە لە ئاکامدا ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمییە لەگەڵ خاکی کورددا لە دەرەوەی ئێراندا یەکێتی بگرێتەوە، بەڵام کۆمەڵە سەرکەوتوو نەبوو گەیاندنی چالاکییەکانی خۆی بۆ شارە گرنگە کوردییەکانی وەکو سنە و ناوچەی کرماشان، ئەم ناوچانە هەر ئەوە نەبوو لە لایەن سوپای ئێرانەوە کۆنترۆڵ کرابێتن، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا پێگەی بنەماڵە دیارەکانی شیعەش بوو کە چەندین نەوەبوو پەیوەندیی توونـد و تۆڵیان لەگەڵ فارس و حکومەتی ئێرانیدا دروست کردبوو، لەبەرئەوە ئەم بنەماڵانە خۆیان وا نیشان داوە کە بەشێکی نەپچڕاوبن لە نەتەوەی ئێران. بانگەوازەکانی کۆمەڵە بۆ جیابوونەوە لە زۆربەی ناوچە گەورە کوردنشینەکانی دەرەوەی مهاباددا بەرگوێی کەڕ دەکەوت، لەبەر ئەوە کۆمەڵە بڕیاریدا کە پشت بەیەکێتیی سۆڤێت ببەستێت بۆ ئامادەکردنی هەلومەرج بۆ پشتگیریکردنی بیانووی داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد.

شتێکی سەیریشە لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی کۆمەڵەدا هیچ مارکسییەکی ناسراو یان هیچ ئەندامێکی کۆمۆنیست بەشداریی کۆمەڵەی نەکرد.

گوتاری مارکسی و چەپ کە دەستی کرد بە چوونە ناو بڕیارەکانی کۆمەڵەوە، زیاتر لە رێگای چالاکییە پڕ لە گۆڕانکارییەکانی سۆڤێتەوە نەبوو، وەکو ئەوەی لە رێگای چڕبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەوە لەگەڵ گروپە کوردییەکانی عێراقدا ئەو گوتارە هاتە ناوەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کۆمەڵە هاریکاریی خۆی لەگەڵ رێکخراوی (رزگاری کورد)دا پەرەپێدا کە رێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی بوو لە کوردستانی عێراقدا و مارکسی و چەپەکان دەسەلاتیان بەسەرداکردبوو، بڕیارەکانی رزگاری لەوەدا کۆدەبووەوە کە سنوورێك بۆ ئیمپریالیزمی رۆژئاواو پاشکۆکانیان دابنرێت، لەهەمان کاتدا کۆمەڵە کەوتە سەر

سیاسەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەکانی کوردی دەرەوەی ئێران. لەئابی 1944دا نوێنەرانی کۆمەڵە لەگەڵ نوێنەرانی کوردی عێراق و تورکیادا لە چیای دالآنپەڕ لەو شوێنەی کە سنورەکانی ئێران و عێراق و کوردستان یەکتردەبڕن کۆ بوونەوە و رێککەوتننامەیەکیان بە ناوی(پەیماننامەی سەر سێ سنوور) ئیمزا کرد، بەلآم ئەم رێککەوتننامەیە زیاتر هێمای دڵنیابوون بوو لە یەکێتیی خاکی کوردستانی گەورە زیاترلەوەی کە نەخشەیەکی چەسپاوبێت بۆ کارپێکردن. ئەم نەخشەیە دەرەنجامی ئەو نەخشە جوگرافییە بوو کە هەندێ لەنەتەوەییەکانی کورد بۆ نیشتمانی کوردیان کێشاوە.

ناوچەی کوردستان بەو شێوەیەی لە لایەن ئەم سەرکردانەی کوردەوە نەخشەکێشرابوو هەندێ شتی تێدابوو کە جێگای قسە لەسەرکردن بو، چونکە دووربوو لە وردەکاری، بۆ نموونە سەرۆکەکان هەرێمی کوردییان لە ئێراندا درێژکردۆتەوە بۆ پشتی کرماشان و بۆ ئەو ناوچانەی کە خێڵەکانی لوڕو بەختیاری لێ نیشتەجێن کە ئەو خێڵانەش کورد نین، بە هەمان شێوە درێژکردنەوەی ناوچەی کوردی بۆ ئازربایجانی ئێرانی سەرچاوەی کێشەو ناکۆکیی نێوان نەتەوەییەکانی کورد و ئازەری بووە بۆ ماوەی دەیان ساڵە ناوچەیەکی تر کە جێگای قسە لەسەرکردنە شاری کەرکوکە هەروەك ولیەم ئیگڵتن گوتوویەتی دانیشتوانی ئەم شارە نەوتییە دەوڵەمەندە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان کورد و تورکماندا دابەش ببوبوو، سنووری شارەکەش جێگای لادێ نشینەکانی کورد و تورکمان وعەرەب بوو سەرباری هەندێ گرفتی ناجۆر دەربارەی سنووری نیشتمانی کورد، ئەم نیشتمانە گەوهەری نەتەوایەتیی کوردی هێماکردووە و بۆتە هۆی سەرهەڵدانو جووڵاندنی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد لە سەدەی بیستدا.

بنیادی کۆمەڵە ئارەزووی سەرەتایی ئەم حیزبەی بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی ناهەرەمی نیشان دەدا کە دووربێت لەوەی کە تاکە کەسێك یان دەستەیەك لە لوتکەدابن و دەسەڵاتی بەسەردا بکەن، لەماوەی دوو ساڵی یەکەمی مێژووی دروستبوونی کۆمەڵەدا، مەسەلەی ئەندامێتی، بە تایبەتیش ئەندامێتی لە لیژنەی ناوەندیدا بە گەرمی گفتوگۆی لە سەر دەکرا هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حەزیان دەکرد کە رێگا بۆ قازی محەمەد خۆش بکەن کە بێتە ناو لیژنەی ناوەندییەوە، قازی محەمەد رابەری هاوولآتییانی مهاباد بوو، هەندێکی تر لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی کۆمەڵە لەوەو ترسان کە کەسێتی دەسەڵاتدار و بەهێزی قازی محەمەد ببێتە هۆی لاوازکردنی بنیادی دیموکراتی بۆ دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵەدا سەرەڕای ئەوەش ئاشکرا نەبوو ئایا قازی محەمەد چۆن وبە چ مەرجێك رازی دەبێت ببێت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە کاتێکدا ئەگەر داوای ئەوەی لێبکرێت.

قازی محەمەد رابەرێکی ئایینی سوننە مەزهەب ببوو، کوڕی قازی عەلی بوو کە هاوکاریی سمایل ئاغای سمکۆی کردبوو کاتێك لە ساڵانی سەرەتای بیستدا هێزەکانی سمکۆ دەسەڵاتیان بەسەر مهاباددا کرد لە رێگای سەدری قازییەوە کە برای بوو، ئەندامی پەرلەمانی ئێرانی بوو، قازی محەمەد لەگەڵ ئەندامێکی ئەنجومەنی حکومەت کۆبووبووەوە هەتا داواکانی کوردی پێ بگەیەنێت وەکو رابەرێکی ئایینی کە مەیلێکی سیاسیی کۆمەڵآیەتیی پارێزگارانەی هەبوو، قازی محەمەد بەگومانەوە سەیری عەقڵی نەتەوەییە رادیکاڵەکان و چەپەکانی ناو کۆمەڵەی دەکرد، سەرەڕای ئەوەش چی نەتەوەییەکانی کۆمەڵەو چی یەکێتیی سۆڤێتەیش تێگەیشتن بەبێ بەشداریکردنی کەسێکی خاوەن رێز و مەقام و بەدەسەڵاتی وەکو قازی محەمەد ناشێ کۆمەڵە بتوانێت دەسەڵات بەسەر ناکۆکییە خێڵآیەتییەکاندا بکات لە ئەنجامی ئەوەدا لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1944دا قازی محەمەد بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی بێتە ناو کۆمەڵەوەو وەکو رابەری رۆحی و چرای رێنیشاندەر و دەنگی رێکخراوەکە بەلآم هەرگیز لە شێوەی رەسمی و رەسمیاتدا بۆ ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵنەبژێردرا.

لە سەرەتای ساڵی1945دا دەرکەوت کە بۆ ئەوەی کۆمەڵە لە جێبەجێکردنی ئامانجە فراوانەکانیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت پێویستیی بە یارمەتیدانی سەربازیی دەرەوە هەیە، لەبەرئەوەی کە یەکێتی سۆڤێت باکووری ئێرانی داگیرکردبوو و، خۆیشی لە بوونی کۆمەڵەدا هەڵقورتاندبوو بۆیە شتێکی سروشتی بوو ئەگەر لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە یارمەتی بدرایە، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی سۆڤێت ئاراستەی نەتەوایەتی کۆمەڵەیان بەدڵنەبوو و رازی نەدەبوون بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بەهێزو پتەو لەگەڵ فیرقەی ئازربایجانی ئێرانیدا کە سۆڤێت پشتگیریی دەکرد، سۆڤێت بە فشار خستنەسەر کۆمەڵە مەبەستی ئەوەبوو رێگا بۆ یەکگرتنی بزوتنەوە جیاخوازییەکانی کورد و ئازەر خۆش بکات و هەردوو بزوتنەوەکەش بهێنێتەوە سەرهێڵی سیاسەتی ستالین و ئامانجەکانی لە ئێراندا بە مەبەستی دروستکردنی یەکێتیی نێوان کورد و ئازەر، حکومەتی سۆڤێتی جارێکی تر بانگهێشتی وەفدی بالآی کوردی کرد بۆ سەردانی باکۆو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئازربایجانی سۆڤێتی جەعفەر باقرۆفدا، وەفدە کوردییەکە لە ئەیلوولی ساڵی1945دا بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و بە نوێنەرایەتی ئەندامانی بەرزی تری کۆمەڵە لەوانەش عەلی رەیحانی کە ئامۆزای قازی بوو هەروەها سەیفی قازیشی تێدابوو گەیشتە باکۆ، باقرۆف بەڵێنی یارمەتیی دارایی و سەربازی بە کورد دابو بۆ درێژەدان بە رۆیشتن لەسەر داواکارییەکانیان هەروەها باقرۆف سیاسەتی نەتەوایەتیی سۆڤێتی روون کردەوە و باسی ئەوەشی کرد کە چۆن کورد ئارەزوومەندی سەربەخۆییە، بەلآم ئەو سەربەخۆییە دەبێت لەگەڵ سیاسەتی سۆڤێتیدا بگونجێت: (ئەو گەلانەی کە

خاوەنی زمان و کەلتووری جیاوازی خۆیانن، پێویستە حکومەتی سەربەخۆیان هەبێت) ئێران چوار نەتەوەی لەم جۆرەی تێدایە کە ئەوانیش بریتین لە نەتەوەی فارس کە خاوەنی زمانی فارسین و گەلی قسەکەر بە زمانی جیلاکی کە لە باشووری لیتۆرلی کاسپەین(بەلوچ) دەژین و ئازەربایجانییەکان کە بە تورکی دەدوێن و گەلی کوردی خاوەن زمانی کوردی لە کوردستاندا. هەریەکە لە مانە ئارەزووی بوونی ئۆتۆنۆمیی ناوخۆی هەیە، یەکەمیشیان کە زیاتر ئەو ئارەزووەی هەیە تورکی ئازەربایجانە.. پێویست نەبوو کورد ئەوەندە پەلە بکەن لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیاندا، سەربەستی کورد پێویستە پشت ببەستێت بە سەرکەوتنی هێزە میللییەکان لە عیراق و تورکیادا نەك تەنیا بووەستێتە سەر سەرکەوتنی ئەو هێزانە لە ئێراندا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی جێگای حەزو ئارەزوو بوو کە لە داهاتوودا دروست ببێت، بەڵام کاتێك کە هەموو نەتەوەی (کورد) بتوانێت یەك بگرێتەوە لە هەمان کاتدا ویستەکانی کورد ئێستا پێویستە لە سنووری ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا جێبەجێ بکرێت.

قازی محەمەد وەڵامی ئەوەی دایەوە کە کورد پێویستیی بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بووە لەو کاتەداو نەیانوویستووە چارەنووسی خۆیان ببەستن بە چارەنووسی ئازربایجانەوە سەرباری هەموو شتێك، دەبێت یەکێتی کوردی بگاتە ئەنجام و بەدی بێت لەگەڵ براکانی تریدا لە عێراق و تورکیادا، باقرۆف وەڵامی دایەوە کە پێویستبوو کۆمەڵە خۆی بگۆڕێت بۆ حیزبێکی سیاسیی دیسپلینکراو وسوپای خۆیی هەبێت هەتا ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ درك پێ بکات و هەروەها کۆمەڵە پێویستیی بە دەربازبوونە لە تێڕوانینی تەسکی بۆ ئەوەی سۆڤێت پاڵپشتی بکات. لە ئاکامی ئەوەدا لە ئەیلوولی ساڵی1945دا حیزبێکی نوێی سیاسی دامەزرا کە ئەویش پارتی دیموکراتی کورد بوو، قازی محەمەد هانی هەموو کوردیدا تەنانەت ئەندامانی کۆمەڵەش کە بچنە ریزی ئەو حیزبە نوێیەوە وەکو کۆبوونەوە لە ژێر سایەی ئەو دەستەیەدا لە پێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورددا.

هەر زوو ئاشکرابوو کە پارتی دیموکراتی کورد کە سۆڤێت نەخشەی دانابوو لەگەڵ بنیادی دیموکراتی بڕیاردەری کۆمەڵەدا ناتەبا بوو، لە کاتێکدا کۆمەڵە لەسەر شێوازی دیموکراتیی لیبرال ی دەڕۆیشت، پارتی دیموکراتی کورد خۆی وەکو حیزبێك ناساند کە یەك کەس دەسەڵاتدارە تیایدا ئەویش قازی محەمەدە. یارمەتیدەرە کوردەکانی قازی وایان کرد کە ئەو قسانەی بەرامبەر تاك دەسەڵاتیی قازی دەکرا نەمێنێت ئەورەحمانی قاسملۆ کە دواتر بوو بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەدحی قازی محەمەدی کردووە بۆ رابەرایەتیی ئەزموونگەرانەیی و توانای بێ وێنەی بۆ چەسپاندن و پێداگرتنی لەسەر دۆزی کورد لە پشتگوێ خستنی ژیانی تایبەتی خۆی (واتە بەخۆبەختکردنی لەو پێناوەدا).

بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رەشنووسی بەیانێکدا لە ژێر سەرپەرشتیی سەفارەتی سۆڤێتدا لە ورمیە نەخشەی بۆ دانراو لە لایەن قازی محەمەد و 105ئەندامی ئەم حیزبە نوێیەوە ئیمزاکرا بە کورتی بەرنامەکە ئەم داواکارییانەی خوارەوەی تێدابوو:

1. گەلی کورد لە ئێراندا دەبێت ئازاد بێت و حکومەتی خۆیی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خۆیان و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا کورد ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنێت.

2. زمانی کوردی دەبێت لە پەروەردە و فێرکردندا بەکار بهێنرێت و ببێتە زمانی رەسمی لە کاروباری بەڕێوەبردندا.

3. ئەنجومەنی هەرێمایەتیی کوردستان دەبێت بە زوویی بە پێی یاسایەکی دەستووری هەڵبژێردرێت و پێویستە سەرپەرشتیی هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بکات و بیان پشکنێت.

4. دەبێت هەموو کاربەدەستانی دەوڵەت لە کوردستاندا خەڵکی کوردستان و ئەسڵ کوردبن.

5. پێویستە یاسایەك بۆ جوتیار و خاوەن مڵك دەربچێت و داهاتووی هەردووکیان پارێزراوبێت.

6. پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵێکی تایبەتی دەدات بۆ بنیادنانی یەکێتی و برایەتییەکی پتەو لەگەڵ گەلی ئاربایجان و ئەو گەلانەی تر کە لە ئازربایجان دەژین وەکو(ئاسوری و ئەرمەنی و.... تاد) لە خەبات و تێکۆشاندا.

7. پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات بۆ چاککردنی باری ئەخلاقی و ئابووریی گەلی کورد لە رێگای ئیستیسمارکردنی سەرچاوە سروشتییە زۆر و زەبەندەکانی کوردستانەوە و لە برەوپێدانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پێشخستنی باری تەندروستی و پەروەردەوە.

8. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە ئەو گەلانەی لە ئێراندا دەژین بتوانن بە ئازادی خەبات بکەن بۆ بەختیاری و پێشکەوتنی وڵات.

مەرجێکی تر لە داواکارییەکان ئەوە بوو کە هەموو ئەو داهاتە حکومییەی لەکوردستاندا کۆ دەکرێتەوە بە شێوەیەکی چاك لە هەرێمی کوردستاندا خەرج بکرێت.

حکومەتی ئێرانی ئەو بەیانەی بە جۆرێك لە تەحەددا بۆ دەسەڵاتی خۆی دانا لە کوردستاندا، هەروەك ئەو بەیانە یەکەمین هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ بە هێزکردنی خۆی، سەرباری ئەو ئاماژانەی کە لە بەیانەکەدا بۆ یاسای دەستووریی ئێران کرابوو، لە راستیشدا ئەو ترسەی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو بە واقیع کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمارێکی رەسمی لە22ی کانونی دووەمی ساڵی1946دا راگەیند، لە کۆبوونەوەیەکدا کە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵ و مەلا مستەفای بەرزانی (سەرۆکی پایەبەرزی

کوردی عێراق) کە هێزەکانی هاتبوونە سنووری ئێرانەوە بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی سەربازی بۆ راپەڕینی کورد لە ئێراندا. کاتێك کۆمەڵە پێکهات لەگەڵ سێ ئەفسەری سوپای سووری سۆڤێتدا، لەم کۆبوونەوەیەدا قازی حەمەد بە سەرۆکی کۆمارە نوێیەکە هەڵبژێردرا و کابینەیەکی نوێ پێکهێنرا کە ئەوکابینەیەش بە شێوەیەکی سەرەتایی لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد پێکهات جەنگاوەرەکانی مەلا مستەفا هاریکاریی هێزی خێڵەکانی ئەو ناوچەیەیان کرد بە مەبەستی پێکهێنانی بڕبڕەی پشتی سوپای کۆمارە نوێیەکە کەجێگای بایەخە ئەگەر تێبینیی ئەوە بکرێت کە قازی محەمەد و سەیفی قازیش کە وەزیری جەنگی کۆمارە نوێیەکە بو هەردووکیان جلوبەرگی رەسمیی جەنەراڵی سۆڤێتییان لەبەرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا قازی محەمەد لە سەر داوای هاوەڵەکانی تەربووشە سپییەکەی لەسەرکرد بۆ ئەوەی مەکانەتی ئایینی دەربخات.

لەو کاتەوە کە کۆماری مهاباد دامەزرابوو، سۆڤێتییەکان لە یارمەتیدانی هاوپەیمانەکانیان لە فیرقە سەرکەوتوو بوون بۆ دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی خۆیان لە ئازەربایجان بە ناوی کۆماری دیموکراتی ئازربایجان لە وتەیەکی کورتدا کە قازی محەمەد دوای دروستبوونی کۆمار ئاراستەی خەڵکی کرد و زیاتر بۆ قایلکردنی سۆڤێتی پارێزەری بوو، پیرۆزبایی لە(ئازربایجانییەکان) کرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و هیوای ئەوەی دەربڕی کە ببنە یارمەتیدەری چەسپاندنی کۆمارە دامەزراوەکەی ئەمان و ئەمەش ببێتە هۆی درێژەپێدانی هاورێیەتیی نێوان ئەم دوو کۆمارە سەربەخۆیەی کە سۆڤێت پاڵپشتیان بوو، هەروەك ولیەم ئیگڵتن گوتوویەتی لە مەراسیمەکەدا هیچ کەس نەیوویست ئەو موناسەبەتە خۆشە تێك بدات بە پرسیارکردنی لە رادەی دڵسۆزێتی بۆ ئەو برایەتییەی کورد و ئازەرییەکان کە قازی محەمەد رایگەیاند سۆڤێتییەکان ئاگاداری جیاوازییە گرنگەکانی نێوان مەسەلەکانی کورد و ئازەری بوون، هەر لەو روانگەیەشەوە بە تەواوی ئاگاداری پێویستی گەیشتن بە رێککەوتنی عەمەلیی نێوان کۆمارەکانی کورد و ئازەربایجان بوون بە مەبەستی پاڕێزگاریکردن لە نفوزی تەواوەتی خۆیان لە باکووری ئێراندا. ئەویش لە رێگای بوارپێدانیانەوە بۆ بەدەستهێنانی زیاترین ئیمتیاز لە حکومەتی ئێرانی.

لەم چوارچێوەیەدا بوو کە وەفدێك بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد کە نوێنەرەکانی سۆڤێتیشی تێدابوو چوو بۆ تەورێز لە ئازربایجان و لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئازربایجان کۆبوونەوە بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو دژی حکومەتی ناوەندی لە تاران، قازی محەمەدو سەرۆك کۆماری ئازربایجان جەعفەر پیشەوەری بە هاندانی سۆڤێتی لە23ی نیسانی 1946 رێکەوتننامەیەکی هاورێیانەیان بۆ هاریکاریکردن ئیمزاکرد رێککەوتننامەکە گەلێك سەرچاوەی برایەتی کورد و ئازەری خستبووە روو، لەوانەش کە پانتایی هاریکاریکردنی لە نێوان ئەو دوو کۆمارە تازە دامەزراوەدا نەخشە کێشابوو زمانی رێککەوتنامەکە سەرباری هەندێ پڕوپاگەندەی دژ هیچ گومانێکی لای تاران نەهێشتبووەوە و تاران دڵنیابوو لەوەی کە ئەو دوو کۆمارە بەرەو سەربەخۆیی تەواو لە ئێراندا هەنگاودەنێن، بۆ نموونە رێککەوتننامەکەداوای ئاڵوگۆڕکردنی نوێنەرایەتیی دەکرد لە دیوانی هەردوو کۆماردا (کە ئەوەش نزیك بوو لە گۆڕینەوەی کاربەدەستانی دیبلۆماسی لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەی دەوڵەتی دوو نەتەوەدا، هەروەها پێکەوەبەستنی نەخشەو پلانی سەربازی و ئابووری و بازرگانی و رێککەوتنی رۆشنبیری لە نێوان دوو کۆمارەکەدا، لە خاڵەکانی نێو ئەو رێککەوتننامەیە بوون. رێککەوتننامەکە زیاتر گفتوگۆکانی داهاتووی لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا دەبەستەوە بەو بنەمایەوە کە دەبێت لە هەر گفتوگۆیەکدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کۆماری کورد و کۆماری ئازربایجان بەهێند بگیرێت.

رێککەوتننامەی نێوان کورد و ئازربایجان لە ساڵی1946دا شێوازو ئاراستەی گیروگرفتی سەختی نێوان داواکانی ئەو دوو نەتەوەیە و ململانێ ئیتنیکییەکانی گۆڕی، بەندی دووی رێککەوتننامەکە دەڵێت لەو ناوچانەی ئازربایجان کە کەمایەتیی کوردی لێیە، لە دامەزراوەکانی حکومەتدا کوردەکان دادەمەزرێن و لەو ناوچانەی کوردستانیش کە کەمایەتیی ئازەری لێیە، ئازربایجانییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا دادەمەزرێن، بە هەمان شێوە بەندی شەشی رێککەوتننامەکە دەڵێت حکومەتی نەتەوەیی ئازربایجان هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پێشخستنی کەلتووری کوردی لە نێو کوردەکانی ئازربایجاندا، حکومەتی نەتەوەیی کوردیش هەنگاوی هاوشێوە دەنێت بە گوێرەی ئەو ئازربایجانییانەی لە کوردستان دەژین.

نە کۆماری کوردیی مهاباد و نە کۆماری دیموکراتی ئازربایجان هەنگاوی جیدییان نەنا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی رێککەوتننامەکەیان لە ئاکام بزوتنەوەی نەتەوایەتی و پێداویستییە لە رادەبەردەرە ناوخۆییەکان سەلماندیان کە ئەو مەسەلەی یەکگرتنە(هاریکارییە) مەسەلەیەکی پڕ تەنگ و چەڵەمەیەو پە یوەندی و پێکەوە پەیوەستبوونی ئەو دوو کۆمارە کە لە ئامۆژگاری و لە بەرژەوەندیی هێزێکی بێگانەدا بوو شکستی هێنا، سەرەرای ئەوەش کۆمارەکانی کورد و ئازربایجان وا حساب دەکران کە دەسکەوتی سۆڤێتن و بە مەبەستی ئیفلیجکردنی باری سەربازیی ئێران، بەلاّم یەکێتیی سۆڤێت و ئێران دەستیان کرد بە زنجیرەیەك چالاکیی دیبلۆماسی بە مەبەستی چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

سۆڤێتییەکان لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ ئەحمەد قەوامومولسەڵتەنە سەرۆك وەزیرانی ئێراندا بەڵێنی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێتییان لە ئی ٘ران دا بەرامبەر بەوەی کە ئیران ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتییەکانی باکوور بدات بە سۆڤێت، ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە سەرۆك وەزیران بیری سۆڤێتییەکانی خستەوە کە دەبوو پەرلەمانی ئێرانی دان بە بەخشینی ئیمتیازی نەوتدا بنێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی کاتی پەرلەمان لە هەڵبژاردنەوە بۆ ئێستا بەسەر چووە، هەڵبژاردن پێویست بوو بۆ پەرلەمانێکی نوێ هەر چەندە هەڵبژاردنی پەرلەمان بە پێی دەستووری

ئێرانی بواری پێ نەدەدرا لە کاتێکدا هێزەکانی بێگانە بەشێك لە ولاٌتیان داگیر کردبوو، لە رێککەوتننامەی نیسانی 1946دا یەکێتیی سۆڤێت بەلٌێنی کێشانەوەی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی ئێران داو، هەروەها بەلٌێنیشی‌دا کە مامەلٌەی کێشەو گۆڕانکارییە خێراکەی ئازربایجان وەکو مەسەلەیەکی تەواو ناوخۆی ئێران بکات، رێککەوتننامەکە لە لایەکی ترەوە داوای دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی ئێران و سۆڤێتی دەکرد، لە 9ی مایسی ساڵی 1946دا سۆڤێت لە ئێران کشایەوە بەلاٌم پەرلەمانی ئێرانی نە دانی بە ئیمتیازی نەوتدا نا، نە بە دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتدا.

لە ئەنجامی هەستکردنی ئازربایجانییەکان بە کشانەوەی سوپای سوور لە ئێران و لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کشانەوەی ئەو سوپایەدا ئازەربایجانییەکان کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ قەوامی سەرۆك وەزیران و لەئاکامی ئەو گفتوگۆیەشدا رازی بوون کە ئازربایجان بەشێکی جیانەکراوە بێت لە ئێران، لە بەرامبەردا قەوام ژمارەیەك ئیمتیازاتی سیاسی و ئابووری پێدان، ئەوانەش دان نان بە قەوارەی یاسایی و تەنفیزیی کۆماری ئازربایجاندا وەکو حکومەتێکی یاسایی ناوخۆیی، هەروەها بەلٌیندان بە زیادکردنی قەوارەی نوێنەرایەتیی ئازربایجان لە پەرلەمانی ئێرانیدا بواردان بە کۆماری ئازربایجان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی لە رێگای هێزەکانی ئاسایشی خۆیەوە هەروەها بواردان بە بەکارهێنانی دوو لەسێی داهاتی کۆکراوە لە ئازربایجان بۆ پێشخستنی پرۆژەی ئابووری ناوخۆیی ئەو هەرێمە، ئازربایجانییەکان بۆ ئەوەی وا خۆیان نیشان نەدەن کە ناپاکییان لە رۆحی ئەو رێککەوتننامەیە کردووە کە لەگەڵ کۆماری مهاباددا ئیمزایان کردبوو، وەفدەکەیان قاوامیان ناچارکرد کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن چاك بکات و بواری منداڵانی ئازەری و کورد بدات کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

تەنانەت کۆماری مهابادیش جارجار لە گفتوگۆی نێوان ئێران و ئازەریدا لە لایەن سەدری قازییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، بەلاٌم کوردەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو رێککەوتنە شتێکی زۆر کەمی لە داواکانی کورد جێبەجێ دەکرد، لەبەرئەوە وەفدی کوردی لە مهابادەوە بردرا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ قەوامدا، بە پێچەوانەی هاوشێوە ئازەرییەکانیانەوە وەفدی کوردی نەیتوانی هیچ ئیمتیازێك لە سەرۆك وەزیرانی ئێران بەدەست بهێنێت ئەوەش بۆ کوردەکان بێ ئومێدییەکی تەواو بوو، قەوام پێی گووتن کوردستان بەشێکە لە ئازربایجان ئەگەر کورد ناوچەی خۆیان بویستایە لە ئێراندا، دەبووا لەگەڵ کۆماری ئازربایجان گفتوگۆیان بکردایەو رەزامەندیی ئەویان بۆ داواکارییەکانیان بەدەست بهێنایە، چونکە بەپێی بۆچوونی قەوام کۆماری مهاباد بنەمایەکی یاسایی(شەرعی)نەبوو لە لایەك وەکو کەمایەتییەکی ئیتنیکی لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا، لە لایەکی تریشەوە وەکو کەمایەتییەك لە حکومەتی ئازربایجاندا.

ئەم گفتوگۆیانە پەیوەندییەکانی ئازەری و کوردیان ئالۆزکردو بووە هۆی پێکدادان و ئەو پێکدادانەش زیاتر پەرەی سەند کاتێك سوپای سوور دەستی کرد بە گواستنەوەی هێزەکانی لە ئێران، لە کاتێکدا سوپای سووری سۆڤێتی لە ئازربایجان و کوردستان دەکشایەوە، سوپای ئێرانی وردەوردەکەوتە چەکداماڵینی هێزە ئازەری و کوردەکان و لەگەڵ کۆتایی هاتنی پاراستنی سۆڤێتدا سوپای ئێران دەسەلاٌتی حکومەتی ناوەندیی(تاران)دامەزراندەوە کۆمارە سەربەخۆکەی ئازربایجان بوونی کەوتە بەردەم مەترسیی کۆتایی هاتنێکی بە پەلەوە و لە سەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی 1946دا هەرەسی هێنا.

کۆماری مهابادیش رووبەرووی هەمان چارەنووس بووەوە کاتێك هێزی سوپای چوارەمی ئێران بە فەرماندەیی جەنەراڵ هۆمایۆن کە تازە سەرۆکایەتیی شالاٌوێکی سەرکەوتووی بۆ پووچکردنەوەی راپەڕینی خێڵەکان لە ناوچەی باشووری خوزستان کردبوو ئابلۆقەی مهابادیدا سوپای ئێران لە رۆژی 17ی کانونی یەکەمی ساڵی 1946دا چووە ناو مهابادەوە و کۆماری مهاباد کە هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردبوو رووخێنرا دادگای سەربازیی قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بە خیانەت تاوانبار کرد و بە ئاشکرا لە گۆڕەپانی سەرەکیی مهاباددا لە رۆژی 31ی ئازاری ساڵی 1947دا هەڵواسران، بنەما و بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمارەکە رووخێنران و ئەو دیاردانەی کە مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردیان نیشان دەدا وەکو فێربوونی زمانی کوردی قەدەغە کران.

سەرباری ئەو راستییەی کە کۆماری مهاباد پیادەی دەسەلاٌتی بەسەر کەمتر لە سێیەکی کوردی ئێراندا کرد و بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێکیش بەردەوام بوو بەلاٌم وەکو خاڵێکی سەرچاوەی بزوتنەوەی کوردایەتی ماوەتەوە لە هەموو رۆژهەلاٌتی ناوەڕاستدا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆماری مهاباددا زۆرێك لە داخوازییەکانی کورد بەدی هاتن، زمانی کوردی بوو بە زمانێکی رەسمی، گۆڤار و رۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون وبلاٌوکراوەی ئەدەبی پەرەی سەند، پێشمەرگەی کورد جێگای یەکەکانی پۆلیسی ئێرانیی گرتەوە و دامودەزگای حکومەتی کوردی پێکهات و... هەوڵ و کوشش خرایە کار بۆ هاندانی پێکهێنانی هەرێمی تری ئۆتۆنۆمی لە ولاٌتدا هەروەها هەوڵدرا هەتا کوردستان بکرێت بە زەمینە بۆ(هەموو هێزە دیموکراتەکانی ئێران)، لەو کاتەوە تاکو ئێستا هیچ بزوتنەوەیەکی کوردی لە وێنەکردنەوەی دەستکەوتەکانی کۆماری مهاباددا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

### سەرچاوە

ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردیی، نادر ئینتی‌سار، وەرگێرانی عەتا قەرداغی، چاپی یەکەم- سلێمانی 2004، لە چاپکراوەکانی خانەی وەرگێرانی سەربە وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی.

# تایبەتمەندیەکانی قازی محمد و کۆمارە کوردییەکە

نوسینی : ئارچی روزڤلت
وەرگێڕانی : ئەکرەم قەرەداخی




دوای ماوەیەك پێکدادان، قازی محمد بڕیاریدا، پەردە ئاسنینەکە لە سەر خۆی لا بدات، دەرفەتی رەخسان بۆ چاودێرانی دیکەی جگە لە سۆڤیەتیەکان بۆ ئەوەی سەیری وولاتەکەی بکەن. بەڵام دەرفەتی بە بەریتانیەکان نەدا، سەیری وولاتەکە بکەن، چونکە هەستی خەڵك بەرامبەریان خراپ بوو، بە هۆی دەرکەوتنی بارزانیەکان لە عێراقدا و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی زۆری سۆڤیەت دژی بەریتانیا، ڕووداوەکانی لەوەپێشیش کە کوردەکان هەستیان دەکرد خۆیان قوربانی هەلپەرستی بەریتانیایی بوون.

لە چەند ڕێکەوتنێکدا، چوار ئەمەریکی و ئەفسەرێك دەبوونە میوانی قازی محمد، رای ئەو چاودێرانە ئەوە بوو کە چارەنووسی کۆمارە کوردی‌یەکە هەر رووخانە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم کۆمارە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو، بەڵام کۆمارە دیفاکتۆکە (Defacto)ی قازی محمد هەر بەردەوام بوو، تەنها گۆڕان ئەوە بوو، کە ناوی وەزیرەکان کرابووە (رەئیس)، سەرۆك، قازی محمد خۆشی بووە پێشەوای حزبی دیموکراتی کورد.

لادێکانیش لەلایەن خاوەن زەوی و دەرەبەگەکانی پێشووەوە بە یارمەتی بەڕێوەبەرێتی ژەندرمەی خۆیەتیەوە، دەبرا بە ڕێوە، کە بەرگی کوردیان لە بەردا بوو، و لە ژێر فەرماندەی ئەفسەرانی مەهاباد دا بوون، ئەوانیش لەسەر شێوەی سۆڤیەتی رێك خرابوون.

مەهاباد، خۆشی لە شارۆچکەیەکی ناخۆشی ئێرانیەوە، بوبوە شارێکی رەنگاورەنگ شایانی وێنە گرتن بوو، شەقامەکانی پڕ بوو لە خەڵك کە بە جلی نەتەوەیی کوردی یەوە ئازاد بوون، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت. لە ژێر دەستی ژەندرمەو سەربازە ئێرانی یە حەز لێ نەکراوەکان رزگاریان بوبو.

ئەو کەسانەی بەختیان هەبوو، دیدەنی قازی محمدیان کردبوو، سەریان لە کەسایەتیەکەی سووڕ مابوو، و بە ئاسانی لەو راستی‌یە گەیشتبوون کە بۆچی ئەم پیاوە لە هەموو شوێنێك بوبوە سمبولی نەتەوەی کورد.

پیاوێکی باڵا کورت، لە سەرەتای تەمەنی پەنجا ساڵی دا بوو، پاڵتۆیەکی سەربازی کۆنی لە بەردا، و ریشێکی تەنك و دەموچاوێکی زاهدی مەیلەو زەردباو بە هۆی نەخۆشیەکی گەدەیی یەوە، جگەرە ناکێشێت، دەنگی ئاوازێکی هێمنی تێدایە، دەنگێکی خۆشی هەبوو، کە هەموو ووشەیەك پێش دەربڕینی دانی پیا دەنرا، جوڵانەوە و بزاوتی لە کاتی گفتوگۆدا زۆر بە تەواوی نیشانەی لە خۆ دڵنیا بوون و وقاری دەنواند، جوان پەرست و هەموو گەلانی دنیای خۆش دەویست، گەلێك زمانی دەزانی لە ناویاندا رووسی، و هەندێك ئینگلیزی و و ئیسپیرانتۆ **Espiranto**. بە ئاسایی دەزانی لە سەر مێزەکەی کتێبی رێزمانی زمانەکان وچیرۆك و کارە ئەدەبیەکانی بە زمانە بێگانەکان لەسەربوو.... وادەردەکەوێت وەك پیاوێك بێت بڕوایەکی پتەوی هەبێت و ئازایەتیەکی دەگمەن و گیانی لە خۆ بوردن و قوربانی دانی تێدابێت.

بەڵام ئەو گیانە دەوڵەمەند کرابێت بە ئەقڵێکی فراوان و هاوچەرخەوە. لە کاتی بوونی کێشەیەك دا، بە لای کەمەوە داواکانی هاوچەرخ بوون. خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) بۆ کورد، لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. هەروەها ئەویش وەکو زۆر کوردی

دیکە، هەر ئەو بیرەی هەبوو کە مادام ئەمانیش، سەر بە هەمان خیزانی ئیرانین وەکو فارسەکان، کەواتە هیچ جۆرە ریگریك نی یە لە دروست کردنی یەکیتی تەواو لە نیوان کورد و فارسدا، هەروەك لە کۆندا، میدیەکان و فارسەکان کردبوویان. قازی خۆشی لەو بروایەدا بوو، کە کورد لە نەوەی میدیایە. هەر لە بەر ئەوەش بوو حەزی دەکرد ئیتمۆلۆژی (میدئاباد) یان (میدئاوا) بە شاری مهاباد ببەخشیت.

شتیکی زۆر ئاشکراو نەشاراوەیە، کە خۆی و پالپشتەکانی هەولیان بۆ بەدی هینانی خەونی دوا رۆژی هەموو کورد دەدا (یان کوردیزم Pan Kurdism)، ئاواتیان بوو، کە مهاباد ببیتە سەنتەری رۆشنبیری کوردیو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە شیوەیەك کە جیگەی سەنتەرەکانی سوریاو سلیمانی ئەو کاتە بگریتەوە. هەولی بیشومار دەدرا بۆ ئەوەی پەروەردەو فیرکردنی کوردی لە سەر بناغەیەکی پتەو داریژریت. لە سەرەتادا مامۆستا کوردەکان، تیکستە فارسیەکانیان تەنها زارەکی لە پۆلەکانی خویندندا دەکرد بە کوردی بەلام پیش کەوتنی دەولەتە کوردیەکە بە ماوەیەکی کەم، کتیبەکانی قوتابخانەی قۆناغی سەرەتایی چاپ کرا.

جگە لە رۆژنامەیەکی رۆژانەو گۆڤاریکی مانگانەی رامیاری، هەردووکیشیان ناویان (کوردستان) بوو، دووبارە، دوو گۆڤاری ئەدەبیش هەبوون بە ناوی (هاوار) و (هەلالە) **(10)** ئەم چاپکراوانە لە چاپخانەیەکەوە دەردەچوون کە سوپای سوور پیشکەشی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردبوو.

بایەخ و گرنگ پیدانی قازی محمد بە ئەدەب و زمانی کوردی، رەنگە بە هۆی بوونی دوو شاعیری لاوەوە بوبی کە لە نووسینگەی دیوانی سەرۆکایەتی دا کاریان دەکرد، ئەوانیش (هەژار) و (هیمن) بوون، لەگەل نەبوونی و کەمی کاغەزیشدا، شیعرەکانیان چاپ دەکرا.

هەر چەندە، ئەم جۆرە هەولانە، ئەوەندە نەبوون کە کاتی تەمەنە کورتەکەی گۆڤارەکە بتوانیت بیگەیەنیتە رادەی ئەو دوو سەنتەرە رەسەنەی دیکە ی کەلتوری کوردی، کە زمانی کوردی بیست و پینج سالیك دەبوو تیایاندا بە ئازادی دەنوسران و دەخویندرایەوە. بەلام هەر چۆنیك بیت لە بارەی سیاسی یەوە، مەهاباد بوبوە خالیکی تیشکۆ **Focal point** کە هەموو کوردان چاویان تی بریبوو.

بازنە ئەقلانیە کوردیەکانی بەیروت، ئەستەمبول و بەغدا، هەروەها لە ناو شاخە سەرکەشەکانی خۆرئاوای ئاسیادا، ئەمانە هەموو بە یەك چاو دەیانروانیە ئەو کۆمارە، بزانن قازی محمد، سەر دەکەویت، یان ژیر.

چەندەها لە جاسوسەکانی قازی محمد، هەوال و پەیوەندیان لە کۆمەلە کوردە دامەزراوەکانەوە بۆ دەهینا، نەك تەنها لە عیراق بەلکو لە سوریاو لە تورکیاش. بزوتنەوەکەی زۆر جیگای رەزامەندی بوو بە تایبەتی بۆ لاوەکان، کەوا هەستیان دەکرد، پارتیە کۆنەکان شتیکی ئەوتۆیان بە دەست نەهیناوە، لەو کاتەدا، لە عیراقدا، پارتیکی نهینی چەپرەوی نوی لەم دەستە لاوانە بە ناوی (رزگاری) یەوە دروست بوبو.

## هەستی دژایەتی کردنی سۆڤیەت

پارتە نەتەوەیی یە کۆنەکانی (هیوا) لە عیراق و (خۆیبون) لە سوریا، زۆر بە پەرۆش نەبوون بۆ قازی محمد بە هۆی ئەو پەیوەندی یەی لەگەل سۆڤیەتیەکاندا هەیبو، لە بەر زۆر هۆ، ترس و بگرە رق لیهاتن لە سۆڤیەت لە ناو کورداندا زۆر بە توندی بلاو ببوەوە لە پلەی یەکەمدا، زوربەی کوردان، ئاینین، و گومانیان لە نیاز باشی سۆڤیەت بۆ ئاین هەبوو. و زۆر لە کوردان ئاوارەییان دیبوو، کە لە یەکیتی سۆڤیەتەوە رایان کردبوو، یان کوردەکان قسەیان لەگەل ئەو مسولمانانە کردبو کە لە ناو سوپای سوور و سۆڤیەتیدا بوون، کەمیکیان، وینەیەکی خراپیان دابوونێ دەربارەی بەشی زۆری خەلکی ناوچە خۆرهەلاتیەکانی ژیر دەسەلاتی سۆڤیەت، هەروەها پیویستە لە یادمان بیت، کەهەمیشە رووسەکان دوژمنیکی تەقلیدی کوردان بوون لە سەردەمی قەیسەرەکانەوە.

لە شەری یەکەمدا، هیزە روسەکان لە سەر رووبەریکی فراوانی کوردستان شەریان کردو لە دوای خۆیانەوە کاولیان کرد، و لە ویران کردن و روخان زیاتریان بە جی نەهیشت، پاشماوەکانی لە زۆربەی گوندو دەشتایی کوردەکاندا دیارە.

لە شاری مهاباد خۆیدا، هیزی سۆڤیەتی بۆ چەند رۆژیك فەرمانی دابوو بە تەقە لی کردنی هەر کەسیك لە شەقامەکاندا دەردەکەویت و شارەکەش بەر تالانی و سوتان کەوتبو، ئەم وینانە، هەرگیز لە میشکی خۆرهەلاتیەکی کوردا دەرناچیت.

کە تا ئیستاش مندالەکانیان بە ووشەی (رووسی) دەترسینن، کاتیك دەیانەویت لە گریان بیان وەستیننەوە.

سۆڤیەتیەکان بە پەرۆشەوە، ویستیان ئەم هەستە خراپەی کورد بەرامبەریان بگۆرن، و بیسرنەوە، دەستیان کرد بە قسەکردن دەربارەی (ئۆتۆنۆمی کورد) لە یەکیتی سۆڤیەت و پالەوانیەتی (سەمەندسیامندۆڤ) کە کۆلۆنۆلیکی کورد نەژاد بوو لە سووپای سووردا و ناسرابوو بە پالەوانی لینینگراد. گرانە بزانریت سۆڤیەت تا چ رادەیەك توانی ئەم ئامانجە بهینیتە دی، بەلام گومان لەوەدا نی یە کە ژمارەیەکی زۆری خەلك لە ناویاندا، خاوەن زەویەکان و بازرگان و سەرانی ئاینی، بەردەوام بوون لە بی بروایاندا، تەنانەت گەیشتە قازی محمد خۆشی، کە پەیوەندی بە سۆڤیەتەوە ئەوەندە زۆر بوو ناتوانریت نکولی لی بکریت.

دیوارەکانی ئەو بینایەی کە فەرمانرەوای حکومەتەکەی تیادا دەکرد بە پۆستەری پروپاگەندەی سۆڤیەتی رازابوەوە، گۆڤار و رۆژنامەکان پر بوون لەو مادە سۆڤیەتانەی کە ووشە بە ووشە

دەگۆرانە سەر کوردی، و شاعیرەکانیش کەوتبونە پیا هەڵدان و وەسف کردنی ستالین و سوپای سوور.

لەگەڵ ئەمەشدا، بە پێچەوانەی ناوچەکانی دی ئازربایجانەوە کوردستان بە کرێ گیراوانی روسی تێدا نەبوو، جگە لە چەند شۆفێرێکی ئێ انی کامیونە روسەکان، ئەمانە وەك بەکرێگیراوی فەرمانڕەوایەتی سۆڤیەت، یان وەك باوەڕ پێ کراوی بوون. بوونی هاوولاتی سۆڤیەتی لە ناویاندا، نە دەبینرا نۆکەرەکانی سۆڤیەتیش بە پەنهانی کاریان دەکرد و دەردەکەوتن. نوێنەرێکی سۆڤیەتی لە مهاباد دادەنیشت بەڵام دەسەڵاتدارە کوردیەکان ئەمە بە درۆ دەخەنەوە[11]. هەریەك لە هاشمۆڤ، قونسوڵی سۆڤیەتی لە رەزائیە یاریدەدەرەکەی علی ئەکبەرۆڤ (Ali Akbarov) لە بۆنەکاندا دەردەکەوتن و دیدەنی مهابادیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی تیرۆر لە ئازربایجانی خۆرهەڵاتدا بڵاو بووەوە، بەڵام لە کوردستاندا ژمارەیەکی کەم گیراوی سیاسی هەبوو، تەنها روداوێکیش یان دوان تۆمار دەکرا، کە گومانی کوشتنی سیاسیان لێ بکرێت. هەندێك کوردی نەیاریش رایان کردبوو، مرۆڤ لە شەقامەکانی مهاباددا بە ئاسانی گوێی لە ئێستگەی رادیۆکانی ئەنقەرەو لەندەن دەبوو، لە کاتێکدا لە تەورێز گوێ گرتن لەو ئیستگانە سزاکەی مردن بوو. هەر چۆنێك بێت، هۆی ئەم ئازادی‌یە لە بیروڕای قازی محمد و ئەندامانی وەزارەتە هاوچەرخە لیبرالی یەکەوە هەڵقوڵابێت یان بە هۆی بوونی سەرانی هۆزەکانەوە بێت کە رێگایان نەدەدا تیرۆر لە ریزی هۆزەکانیاندا بەارمبەر بە خەڵکی رووبدات. بەرئەنجامی ئەمەش ئەوە بوو کە رژێمەکە جۆرە میلیەتێکی لە ناو خەڵکی مەهاباددا پەیدا کردبوو، چونکە بەوە بەختیار بوون کەلە دەست درێژی و چەوساندنەوە رزگاری کردبوون کە لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بە سەریاندا سەپێنرا بوو.

## دەست بە سەراگرتنەوەی دەسەڵاتی ئێرانی

لەم کاتەدا، رووداوەکان زۆر بە خێرایی تێپەڕ دەبوون، حکومەتی تاران داوای لە دیموکراتەکان کرد دەست لە ناوچەی زینجان (ZenJan) هەڵبگرن، کە بەشێك نی‌یە لە هەرێمی ئازربایجان. کاتێك کە ئێرانیەکان زانیان کە دەبێت بەزۆر بیسەننەوە دیموکراتەکان رازی بوون کە ناوچەکە چۆڵ بکەن، لە دوای تشرینی دووەمەوە بە تەواوەتی لە ژێر دەستی سوپای ئێرانی دا بوون.

کەمێك لە دوای نیوە شەوی 10 ی کانونی یەکەم ئێرانیەکان هەڵیان کوتایە سەر بارەگای دیموکراتەکان لە قافلانك (Qaflankuh) لە باشووری میانە، لە دوای بیست و چوار کاتژمێر لە خۆڕاگراتن، پێشەوا دیموکراتیەکان لە هەڵهاتندا بوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت، کە ساڵێك بە سەر ئەو رۆژە تێپەڕ بوبو کە دەستیان بەسەر تەورێزدا گرتبوو.

پارێزگاری دیموکراتەکان لە بروسکەیەکی خۆ تەسلیم کردندا بە قەوامی سەرەك وەزیرانی ئێرانی ووتبوو وا سەرۆکی کوردی‌و سەیفی قازی، ئاگاداری ئەم بڕیارەیە و پێی راگەیەنراوە وا چاوەڕوان دەکرێت، ئەویش فەرمان بەهێزەکانی بدات، کۆتایی بە شەڕ و کینەیە بهێنێ.

لە 13ی تشرینی یەکەمدا، براکەی قازی محمد سەدری قازی کە ئەندامی پەرلەمانی ئێرانی و کاروباری نێوان براکەی و ئێرانیەکانی لە مەهاباد رێك دەخست لە (میاندواو) دەرکەوت، لەوێ چاوی بە ژەنەراڵ همایۆن کەوت و پێی ووت، کوردان ئامادەن بە ئاشتی بەخێرهاتنی سوپای ئێرانی بکەن، ژەنەراڵ همایۆنی ووتی کە ئەو داوای چۆڵ کردنی مەهاباد دەکات، لە لایەن بەرزانیەکانەوە، سوپاکەی خۆی بە زوترین کات دەجوڵێنێت.

پیاوانی چەند هۆزێکی سەر بە دەسەڵاتی ئێرانی لە لایەن خۆیەوە نارد لەوانە هەندێك دیبوکری مامش و مەنگور کە بە سەرکردایەتی کولونیلی رکن غەفاری کە لە عێراقەوە گەرابوونەوە، ئەمانە کە نزیك مەهاباد بوونەوە لە لایەن نوێنەری قازی محمدەوە بینران و پێی ووتن کە رێکەوتنەکەیان لەگەڵ جەنەراڵ همایۆنی دەربارەی داگیرکردنی شارەکە لە لایەن هێزی لەشکرەوە دەبێت نەك لە لایەن هێزەکان کە لە وانەیە کێشە دروست بکەن. لەدوایدا پیاوانی هێزەکە بێ شەڕ وازیان هێنا.

لە 15ی دیسەمبەری 1946 دا پاش ئەوەی بەرزانیەکان چوون بۆ نەغەدە، سوپای ئێرانی چووە مهابادەوە ئەمە سەرەتای کۆتایی هاتن بوو بۆ ساڵێکی تەمەنی کۆمارە کوردیەکە.

سوپای ئێرانی، بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕ کرا، قازی محمد و سەرانی لەشکری ئێرانی دیدەنی یەکتریان کرد بەڵام لە ڕۆژی 17ی دیسەمبەر )کانونی یەکەم)، ژمارەیەك لە کورد گیران، لە رۆژی دواتریشدا، قازی محمد و سەیفی قازی و چەندەهایەکی دیکە گیران، تەنها ئەندامێکی حکومەتەکەی قازی محمد کە نەگیرا بوو حاجی بابا شێخ بوو، هۆی نەگرتنەکەشی، بە هۆی پایەی ئاینی یەوە بوو هەروەها ژمارەیەك لەو کوردانەی رایان کردبوو بۆ عێراق یان لە گوندەکاندا خۆیان شاردبۆوە، نەگیران.

سەرەڕای گرتنیش سەرانی کورد، سزای زیاتر دران بەوەی منداڵەکانی شێخ خرانە ژێر دەستی هۆزەوە بۆ ئەوەی تیایدا نیشتە جێ بن، بە خۆڕایی بخۆن، ئەم رێگایەش بە سزا دادەنرێ بێ ئەوەی دادگایی کرا بن.

لە 30 ی کانونی یەکەمیشدا سەدری قازی و براکەی لە ماڵەوە دەرهێنان و، گیران، کە تازە لە تارانەوە گەڕابوەوە لەگەڵ ئەوەی ساڵێکی تەواو بوو تارانی بە جێ نەهێشتبوو تەنها بۆ کاری نێوانی Mediator نەبێت کە حکومەتی ئێران پێی دەسپێردرا کەچی هەر گیراش.

لەشکری ئێرانی داوای لە خەڵك کرد کە هەر کەسێك داوایەك یان شەهادەیەکی هەیە دژی گیراوەکان با بچێت پێشکەشی بکات،

له پاش دادگاییەکی سەربازی فەرمانی خنکاندن بە سەر هەریەکێك لە قازی محمد و سەدری قازی و سەیفی قازیدا درا و لە 31ی مارتی 1947 دا حوکمەکەیان بە سەردا جێبەجێ کردن و لاشەکانیان لە گۆڕەپانێکی مەهاباددا هەڵواسین[12].

حکومەتی سەربازی ئێرانی، پرۆگرامێکی بۆ نەهێشتنی هەموو ئاسەوارێکی حکومەتەکەی قازی محمد دانابوو هەموو رۆژنامە کوردیەکانی داخست، خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغەکرد و هەموو کتێبە کوردیەکانی بە ئاشکرا سوتاند.

بۆ پیشاندانی هێزیش لە بەردەم هۆزەکاندا، سوپای ئێرانی، یانزە لە سەرانی هۆزەکانی فەیزوڵا بەگی و گەورەیی لە سەقز خنکان.

پێویستە باسی لایەنێکی دیکەی گەڕانەوەی شاری مهاباد بکرێت، ئەوە بوو کە لە دەوروبەری ئازربایجان کرێکار و جوتیار و دوکاندارەکان، هەر لە یەکەم دەرکەوتنی حکومەتی تارانەوە، هەرچی دیموکراتیەکانی ناوچەکە هەبوو، سەریانبڕی، ئەم بەرپەرچ دانەوە خێرایی یەی خەڵکی، نیشانەیەکی ئاشکرا بوو بۆ رژێم، کە خەڵك رقێکی زۆریان لە دیموکراتەکان بوو.

بەڵام لە مەهاباددا، کاروبارەکان زۆر بە هێمنی بە ڕێوە دەچوون لەگەڵ ئەوەی پۆلیسی نهێنی بەسەر هەموو ناوچەکانی ئازربایجاندا زاڵ بوو کەچی حکومەتی قازی محمد ئەم دەزگایەی نەبوو، نووسینی ئەم راستیە، ئەو راپۆرتانە دەسەلمێنێت کە حکومەتی قازی محمد، حکومەتێکی میللی بوو، لە باکوریشەوە عومەر خان و ئەو هۆزانەی لە ژێر دەستیدا بوون هیچ بەشداریەکیان لەم چالاکیانەدا نەکرد.

سوپای ئێرانی، حەزی نەکرد بە زۆر ناچاریان بکات لە بەر ئەوە هیچ هەواڵی جوڵەکەی بەرەو ئازربایجان بە عومەر خان نەوت، لە بەر ئەوە کاتێك عومەر خان هێزەکەی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر دیموکراتەکان، شەڕەکە کۆتایی هاتبوو.

عومەر خان و هۆزەکانی دیکە بە خێرایی بروسکەی دڵسۆزیان بۆ سەرانی ئێرانی نارد و هەموویان وەرگیرانەوە، تەنها زیرو بەگ نەبێت کە خۆی زۆر پرکاری دانوسان بوو لەگەڵ جەنەراڵ همایۆنی، بەڵام پیاوەکانی بۆسەیەکیان بۆ سەربازە ئێرانیەکان لە بالانش balanesh نزیك رەزائیە نایەوە، لە پاشدا زیرۆ بەگ ناچار بوو کە لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێکی و ژمارەیەك لە ئاشووریەکاندا بەرەو شنروێ را بکات لەوێ گەیشتنە مەلا مستەفاو بەرزانیەکان. کە لە حاڵەتی ئاگر بەستێکی گومان لێ کراو Precarious truce دابوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، مەلا مستەفا، بڕیاری حکومەتی ئێرانی، بۆ دانان و فڕێ دانی چەکەکانیان، یان بۆ گەڕانەوەیان بۆ عێراق رەت کردەوە، سەر لەنوێ جارێکی دی شەڕ دەستی پێ کردەوە بەرەو ماکۆ، بۆ هەوڵێك بوو بۆ بڕینی سنووری سۆڤیەت.

**سەرچاوە**

کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد

نوسینی: ئارچی روزڤلت

وەرگێری: ئەکرەم قەرەداخی

سلیمانی 2002


حزب دیموکرات کوردستان

جناب ژنرال ماژور محمد رشید خان

لە جوابی ژمارە ١٥٢ کومیتەی مرکزی بەتوەی خسوی لە ابتکار وطنی زوری جنابتان اظهار رسوپاس قدردانی دکات و بۆچند نفر لەوضا پطماتە تەوی لازم بووە بە بێ نیاندراوە هوباقی دیکە شیان مقام معظم جمهور تشریفیان لێرەنهە لە کاتی هاتنە وە دادو بارە پوشنهادی بەرمون تا اقدامی لازمی تیسدا بکریت.

کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان


حزبی دیموکراتی کوردستان

# کۆماری یانزە مانگە

## نەوت و جەنگی سارد

## خەونی سەربەخۆیی کورد لە باردەبەن

د. گرینتەر دێشنەر

و: حەمە کەریم عارف

دیمەنەکە هەر لەو تابلۆ بەنێوبانگە دەچوو کە(لینین)ی تێدایە و شۆڕشی ئوکتوبەری سالّی1917رادەگەیەنێت، کرێکاران رۆژی پێشوتر لە مەیدانی چوارچرادا سەکۆیەکی دارینی گەورەیان دروستکردبوو، سەکۆکە بە هەر سێ رەنگی سووروسپی و کەسك، کە ڕەنگەکانی ئالاّی کوردبوون، رازێنرابووەوە، ئالاّی حیزبی دیموکراتی کوردستان(کۆمەلّەی جاران) بە هەر چوار دەوری مەیدانەکەدا هەلّکرابوو، شنەبایەکی هێدی ئەم ئالاّیانەی دەشەکاندەوەو لە هەموو لایەکەوە سێبەریان بەسەر مەیدانەکەدا

بلاو دەکردەوە، ئەو بەفرەی کە دوێنێ باری بوو، هێشتا لەسەر شەقام و بەسەربانی مالانەوە مابوو.

ئەو رۆژە، رۆژی 1946/1/23بوو، واتە دووەم رۆژی مانگی رێبەندانی کوردی بوو. بەلام لە ر ۆژژمێری مێژوودا، ئەو رۆژە یەکەمرۆژی تەمەنی یەکەم کۆمار و دوا کۆماری تا ئێستای کوردە. هەزاران کەس هەر لە نیوەڕۆوە ڕویان کردە ئەوێندەر: ئیدی لە خاوەن پیشەو فەرمانبەر وکاسبکارانی شاری مهابادەوە بیگرە تا دەگاتە میران و جەنگاوەرانی هۆزو تیرەکانی دەوروبەری مهاباد وەکو(گەورك)، (مامەش)، (مەنگوڕ)، (هەرکی) و(بەگزادە). هەر هەموو بە کورتەك و شەڕواڵ و مێزەرو دەرسۆکی خۆماڵی کوردییەوە هاتبوون.

بەلام نوێنەرانی هەردوو هۆزی (شکاك) و(جەلالی) کە لە باکورەوە هاتبوون، جلەکانیان لە جلی قوقازییەکان دەچوو، بە قاپوتی لبادو سەرکلاوی لبادەوە دیمەنێکی غەمگینیان هەبوو لە چاو دیمەنی رەنگاو رەنگی جلوبەرگی نوێنەرانی تیرە و هۆزەکانی دیدا، زۆربەی خەڵکی شار قاتی مەدەنی ئەوروپاییان لەبەردابوو، کە بۆ بۆنە گرینگەکان لە بەریاندەکرد، زۆربەیان لەگەڵ چاکەتو پانتۆڵدا دەرسۆك و مێزەری کوردیان لەسەرکردبوو، تا دیمەنێکی کوردی-ئیسلامی وەربگرن.

شاندێك لە ئەندامانی کۆمەڵە چوون بۆماڵی سەرۆکەکەیان و لەوێوە لەگەڵیدا بۆ مەیدانی چوارچرا هاتنەوە. قازی محمد جل و بەرگی تایبەتی بەم بۆنەیەوە لەبەرکرد بوو، لە تەورێز خەیاتێکی تایبەتی جلوبەرگی سەربازی راسپاردبوو کە قاتی ژەنەراڵێکی روسی بۆ بدروێ تا لەم رۆژەدا بۆ یەکەمجار لەبەریبکات، هەندێ لە هاور ێکانی، ئەوانەی زۆر مەیلیان بەلای روسیدا نەبوو، داوایان لێکرد کە کلاوی روسی لەسەر نەنێ، بۆیە لەگەڵ جلە رووسییەکاندا عەمامە سپییەکەی خۆی لە سەرنا، وەکو رەمز و هێمایەك بۆ پایە ئاینییەکەی، ئەوجا بەرلەوەی سەربکەوێتە سەر سەکۆیەکە، پالتۆ نارێکەکەی داکەند. کەسەرۆکی حیزب کەوتە نوتق دان، ئاپورای خەڵکەکە کڕو بێدەنگ بوون.

قازی محمد، لە نێو ئاپورای خەڵکەکەدا هەستی بەبوونی تاقە یەك روسیکرد. ئەو پیاوە ئەفسەرێك بوو کە راسپێردرابوو، موتابەعەی مەسەلە کوردییەکان بکات. ئەم ئەفسەرە لەسەرجێبێکی ئەمریکییەوە چاودێری ئاهەنگەکەی دەکرد. گوتەکەی قازی محمد لە چارەکە سەعاتێك پتری نەخایاند بە کورتی و بە روونی بۆ ئامادەبووانی ئاشکراکرد کە کورد گەلێکە مێژوو، و زمان و رۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیەو لەسەر خاکی خۆی لە کوردستاندا دەژی و مافی خۆیەتی دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبێ. بۆیە ئالێرەوە دامەزراندنی کۆماری مهابادی کوردی رادەگەیەنێت. سوپاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کرد کە وەکو نوێنەری گەلی کورد و لە بری گەلی کورد، ئەویان(قازی محمد) بە سەرۆکی ئەم کۆمارە هەڵبژاردووە.

هەرچەندە وتەکە کورت بوو، بەلام قازی محمد ئەوەندەی دەرفەت هێنا کە سوپاسی یەکێتی سۆڤیەت بکات بۆ ئەو کۆمەکە مەعنەوی و مادییانەی پێشکەشی کردوون، ئیدی چ ئەو کۆمەکەی کە وەریان گرتبوو، چ ئەوەش کە هێشتا وەریان نەگرتبوو، هەروەها پیرۆزبایی لە برا ئازەرییەکانیش کرد بە بۆنەی سەربەخۆییانەوە، چونکە ئەوانیش کۆمەکی چاکیان پێشکەش بەگەلی کورد کردبوو، هەروەها چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکرا لە هەر دەرفەتێکدا کۆمەکی پێویست پێشکەش بە کورد بکەن کە قازی محمدی سەرەك کۆمار دامەزراندنی کۆمارەکەی راگەیاند و ویستی لە نێو چەپڵە رێزانی حەشاماتی خەڵکەکەوە بێتە خوارێ، ئیدی بوو بە تەقەی خۆشی و نزیکەی سێ سەد جەنگاوەری کورد بە جارێ تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد.

**هەمیشە لە ماڵەوە بەشی میوانە رووسەکان، قۆدگا وەلاوە نرابوو:**

پاش ماوەیەکی کورت ئەوە دەرکەوت کە راگەیاندنی کۆماری کوردی و گفت و بەڵێنی پێ‌شکەشکردنی یارمەتی بە برا ئازربایجانییەکان، هێشتا زووبووە.. وا دیارە قازی محمد، مەوعیدی راگەیاندنی کۆمارەکەی بە سۆڤیەتەکان نەگوتبوو، و بۆیە ئەوانیش(سۆڤیەتەکان) لەلای خۆیانەوە نەیانتوانی بوو هاور ێکانیان لە تەورێزدا بۆ ئەم هەواڵە ئامادە بکەن، چونکە ئەم هەواڵە بەلای ئەوانەوە(ئازربایجانییەکان) بریتی بوو لەوەی بەشێك لە خاکی کۆماری ئازربایجانی خودموختاربێتە دابڕین و دەوڵەتێکی کوردی لە سەر بێتە دامەزراندن.

نیشانەکانی نارەزایی و واتەوات دەربارەی ئەم رەفتارو کارە کوردییە بە ئاشکرا لە رووداوێکی بچکۆلەدا دەرکەوت، کە دوو هەفتە پاش ئەو کۆبوونەوە مێژووییەی مەیدانی چوارچرا روویدا، دوو ئەندامی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تەورێزبوون بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاروباریان، دکتۆر سەمەدۆف، کە ئەفسەرێکی گەورەی سۆڤیەتی بوو، سۆڤیەت بۆ مەبەستی خۆیان لە خەستەخانەی تەورێز وەکو پزیشك دایان نابوو، جا ئەم ئەفسەرە لێی پرسی بون کە بۆچی کوردان بێ ئەوەی دوارەزامەندی سۆڤیەتی وەربگرن، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە و دەوڵەتیان دامەزراندووە؟ دیارە کە قسەکانیان درێژە دەکێشێت، قسەیان لێکدی هەڵدەبەزێتەوە.

دوای چەند رۆژێك کە قازی محمد رێی دەکەوێتە تەورێز هەمان پرسیاری لێدەکەن قازی محمد وەلامی دابوەوە کە (پری‌ماکۆڤ) ئاگاداری تەدارەك دیتنی کوردان بووە بە چاوی خۆی و لەسەر ئوتومبیلەکەیەوە لە دایکبوونی کۆمارەکەی دیتوە، بەوە خۆی پەراندەوە کە گوایە وێڕای هەموو ئەوەش چرای کەسکی بۆ راگەیاندنی کۆماری نێوبراو هەڵنەکردووە، بەلام پێدەچێت جەنەڕاڵ(سالم ئاتاکیخوف) کە راسپێردرابوو سەرپەرشتی کاروباران لە کوردستاندا بکات، قەناعەتی بە بۆچونەکانی قازی محمد کردبێ یان لە مۆسکۆ و باکۆوە ئامۆژگاری بۆ نێردرابێ بۆیە

کەوتـە بـەر پەرچدانـەوەی سـەرۆکی تـوڕەی ئازربایجـانی و هێـدی کردنەوەی و کەوتە ستایشی هەنگاوەکانی کوردان. (دیریك کینان) کـە وەکـو دیپلومـاتێك لـە(UN) کـاری دەکـرد و لـە پـەنجاکاندا بایەخێکی تایبەتی بەدۆزی کورد دەدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گوایـە(سـال ـ ـاکیخوف) بـەر لـەو گفتوگۆیـە و وەرگرتنـی ئـەو هەلوێستە، لە مۆسکۆوە بە تەلەفون ڕەزامەندی وەرگرتـووە ئیـدی لـەو دیمانـەو دیـدارەدا سـەرۆکی تـازەکورەی کـورد تێگەیـەنرا کەحکومـەتی مـهاباد نـاتوانێت ڕوو بـەڕووی تـاران و ئازربایجـان و ڕەنگـە ولاٚتـانی تریش بوەستێ، ئەگـەر پشـتیوانی زلهـێزێکی نـەبێ ئاشکرایە مەبەست لەو زلهێزە یەکیەتی سۆڤیەت بوو. کە سروشتی ڕوداوەکـانی ئـەو وەختانە وایان لێدەکرد کە ببـێ بە تاقە زلهـێزێك بتوانێ ئەو دەورە بدینێ.




قازی محمد توانـی ڕووبـەڕووی ئەوبۆچونـەی سـۆڤیەت ببێتـەوە کـە دەیویسـت ناوچـەی کوردسـتان بخرێتـە ژێـر دەسـەلاٚتی ئازربایجانی، قازی محمد بۆ ئەم مەبەستە سیاسـەتێکی ئاقلاٚنـە و هێمنـی گرتەبـەر، لـە لایەکـەوە نەیدەویسـت پشـتیوانی سـۆڤیەتی بدۆڕێنـێ و لەلایـەکی تـرەوە پشـت بەسـتوو بەهەسـتی نەتـەوەیی خرۆشـاوی مـهابادی ئـەو ڕۆژگـارە، هەلوێسـتی تونـدی نەتـەوەیی دەنواندو سازشی لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان نەدەکرد.

تابەمجۆرە توانـی لە ئەنجامدا ڕەزامـەندی سـۆڤیەت بـە دەسـت بێنێ بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردی لە مهاباد، بەلاٚم لەگەڵ ئەمەشدا پـەیوەندی نێـوان سـەرکردایەتی کۆمـاری کـورد و پشـتیوانە سۆڤیەتەکانی هەر ڕواڵەتی بوو، چونکە بۆچونی قازی محمد لەمەڕ بـارودۆخ و ڕەوشـی کۆمارەکـەی زۆر دوور بـوو لـە بۆچوونـی سۆڤیەتەکان و هەلوێستی گشتی یەکێتی سۆڤیەت.

کوڕەکەی قازی محمد، کە لە باسی سەفەری یەکەمی کوردەکان بۆ باکۆ ئاماژەمان بۆ کرد، لە ساڵی 1979دا کە دیمانەیەکم لەگەڵدا سازدا، ئەوەی بۆ دوپات کردمەوە کە سۆڤیەتەکان میوانی نیمچە دایمی بوون لە ماڵە گەورەکەیاندا لە مهاباد: "لە وەخت و ناوەختی ڕۆژدا و هەندێ جاران لە نیوە شەویشدا دەهاتن و لەو ناوچەیەدا دەیانکرد بە ڕۆژی خۆیان، سەردەکەوتنە سەربانی خانوەکە و بەپێ دەیانکێشا بەسەربانەکەدا و بەدەنگی بەرز داوای خواردنەوەیان دەکرد. هەر چەندە بابم مەیی نەدەخواردووە، بەلاٚم هەمیشە ڤۆدگای لە ماڵەوە هەڵگرتبوو بۆ میوانە ڕووسەکان".

لە شوباتی1946دا یەکەم وەجبەی کۆمەکی سۆڤیەت گەیی. کوردەکان پاش ئەوەی ئەو چەکانەیان وەرگرت کە لە جەندرمەی ئێرانی گیرابوون، پێنج سەد پارچە چەکیان بەدوو وەجبە لە سوپای سۆڤیەتی وەرگرت. چەکەکان بریتیبوون لە تفەنگ و دەمانچەی سوپایی چیکی و ئەمریکی و تفەنگی ڕەشاش هەروەها ڕادیۆیەك دانرا، لە سەعات چوارەوە تا سەعات دەی شەوێ بەزمانی کوردی بەرنامەی بلاٚودەکردەوە، ئەمە یەکەمین ڕادیۆ بوو کە بە زمانی کوردی پەخشی دەکرد، ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە شەستەکان و هەفتاکاندا لاسایی ئەو ڕادیۆیەی دەکردەوە.. هەروەها سۆڤیەتەکان کەرەستەو تفاقی تەواوەتی تیپێکی موسیقایی سوپایشیان نارد، ئەم تیپە مارشی سوپایی و سروودی شۆڕشگێڕی کوردی لێدەدا، بە تایبەتی سروودی نەتەوەیی(ئەی ڕەقیب) کە یونس ڕەوف دلداری شاعیر لە مهابادا دانابوو.. هەروەها ئامێرە موسیقییە سۆڤیەتییەکان، ئاوازی خۆیان لە ڕادیۆ و بۆنە ڕەسمییەکان و نمایشەکانی سوپای کوردی تازە دامەزراودا لێدەدا.

**نەقیب سەلاٚحەدین قاسموف مەشق بە سوپای کورد دەکات:**

قازی محمد، لەو ماوەیەدا لە دامەزراندنی وەزارەتەکەی بووەوە(سیف الدین)ی برای کرا بەوەزیری بەرگری بە حوکمی ئەوەی کە تا ئاخرو ئۆخری دووەم جەنگی جیهانیش ئەفسەرێکی گەورەبوو لە(دەرەك)ی ئێرانیدا، هەر چەندە مەبەست لە دامەزراندنی ئەم وەزارەتە تەنیا ئەوە نەبوو کە ببێ بە دەزگایەکی سوپایی چالاکی ئەوتۆ کەبەرگری لە سنووری کۆمارەکە بکات دژی زێدەگاڤیە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەبوو کەببێ بە بناغەی دەزگایەکی کارگێڕی(اداری) ئەوتۆ کە پشتی پێ ببەسترێ بۆ دابین کردنی هاوسەنگی ناوخۆ، و بریکاری ئەو هێزەبێ کە خێڵە جەنگاوەرەکان هەیانبوو، و پشتیان پێنەدەبەسترا. لەبەر ئەم هۆیە قازی محمد، (سیف الدین)ی برای خۆی کرد بە وەزیری بەرگری و بەخۆیشی بەشداری لە هەڵبژاردنی

فەرماندە و ئەفسەرەکانی سوپای کوردیدا کرد، ئەوە بوو تێکەڵەیەکی سەیر لە حەفتا ئەفسەرو دەرەجەدار دامەزرێنران تا ناوەندی سەرکردایەتی سوپا پێک بهێنن ئەرکی ئەم سەرکردایەتی‌یە ئەوە بوو کە ڕێبەرایەتی ئەو هێزە سوپاییە بکات کە قەرار بوو وەکو سەرەتا لە(1200)سەرباز پێک بێت، کۆماری مهاباد لە مەسەلەی ئەفسەراندا دەیتوانی پشت بەو دە ئەفسەرە گەنجە ببەستێ کە بە هۆی هەڵوێستی نەتەوەییانەوە لە سوپای عێراقی هەڵاتبوون و تازە پەیوەندییان بە کۆمارە ساواکەی مهابادەوە کردبوو، ئەمانە ئەفسەری راستەقینەبوون لە سوپای عێراقیدا، بەڵام قازی محمد و دەوروبەرەکەی لەبری ئەوە هەستان زۆربەی ئەفسەرەکانیان لە کەسانی باوەڕپێکراوی بنەماڵەکانی مهاباد دامەزراند.

لە مانگی ئازاردا راوێژکاری سوپایی سۆڤیەتی، نەقیب (سەلاحەدین قاسموف) گەیشتە مهاباد، تا کادری پێویست بۆ سوپای کوردی مەشق دابدات و پێبگەیەنێت. ئەم ئەفسەرە گەنجە لە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. کۆماری کوردی پلەی سەرهەنگی دایێ، کەچی پێیان دەگوت کاک ئاغا. دامەزراندنی ئەو سوپا بچکۆلەیە هەر هەموو وەرزی بەهاری خایاند، لەو ماوەیەدا مەشقێکی یەکجار بەزەبرو توندیان پێکرا کە بریتی بوو لە مەشقی دونێل (مبارزە) و بەکارهێنانی تفەنگ و چەکی رەشاش و نارنجۆکی دەستی... هەروەها ژمارەیەک سەرباز مەشقی شۆفێرییان پێکرا بۆ هاژۆتنی ئەو ئوتومبیل و زرێپۆشانەی کە سۆڤیەت ناردبویان.

مرۆڤ زۆر بە ئاسانی و هەر بەتەمەشاکردنێکی ڕووتەنی ئەو کۆمەکانەی کە سۆڤیەت پێشکەش بە کۆمارەکەیان کردبوو، دەیتوانی دیدو بۆچونی سۆڤیەت سەبارەت بەو کۆمارەی کە بە ڕەزامەندی خۆیان هاتە دامەزراندن، بزانێت، بۆ وێنە کۆمەکەکە بریتی بوولە، دە ئوتومبیلی سۆڤیەتی، دە ئوتومبیلی ئەمریکی، دەجیّب قیادە، کە ئەمە بە هەمووی نەیدەکردە تاقە دڵۆپێک لەو دەریا کۆمەکەی کە ئەمریکا لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا بۆ سۆڤیەتی هەڵرشت، کوردەکان لە سەفەری دووەمیاندا بۆ باکۆ لیستێکی چەکی قورسیان پێشکەش کرد، وەلێ ئەو چەکە قورسانە ئێستاشی لەگەڵ بێ نەگەییشتنە دەستی کوردان، نە ئەو تانکانەی کە(باقروف)ی سەرەک وەزیران گفتیدا بوو بۆ مهابادیان بنێرێ و نەتۆپەکان تەنانەت ئەو چەکە دژە تانکانەش کە سۆڤیەتەکان دەیانگوت ناردویانن، وەختێ گەییشتنەجێ، بریتی بوون لە قونبەلەی مولەتوف نەک چەکی دژە تانک، دیارە سوپاییە کوردەکان بەمە زۆر تورەو نائومێد بوون، سۆڤێتی‌یەکانیش، هەر چەندە کوردەکان داوای کۆمەکی سوپایی زیاتریان دەکرد یان داوایان لێدەکرد بەلای کەمەوە بەڵێنەکانی پێشویان بێننەدی، ئەوا بەڵێنی چەوری تازەیان دەدا و هیچی دی.

هیچ جۆرە کۆمەکێکی دارایی نەنێردرا، ئەو داوایەش جێبەجێ نەکرا، کە کوردەکان لێکدا لێکدا داوایان دەکرد رادیۆیەکی بەهێزی ئەوتۆیان بۆ بنێرن کە کوردی عێراق و تورکیاش بتوانن بەرنامەکانی وەربگرن و گوێیان لێ ببێ، ئەم هێمایانە ئەوە دەگەیەنن کە سۆڤیەتەکان ئەو گەرم و گوڕییەی جارانیان لەمەڕ ئەزموونی کوردی نەماو ئەو جۆشو خرۆشەی هەوڵیان دامرکایەوەو وەستا، هەر چەندە ئەوە شتێکی ئاشکراو دیاربوو، بەڵام قازی محمد و ئەندامانی حکومەتەکەی ئەمەیان بە هەند وەرنەگرت و بەو ئاماژەیەیان ئەزانی کە ئایندە و چارەنوسی کۆماری کورد دیاری دەکات.

## کاریگەرییەکی ناخۆش و وەرەڕوخێن

ئیدی مهاباد بەرە بەرە بوو بە مەڵبەندی سەرلەبەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، بوو بەو مەڵبەندەی زۆرهێز و ڕێبازی فیکری کوردی رووی تێبکەن، لە چیاکانەوە میرو سەرەک خێڵەکان بەخۆو جەنگاوەرانیانەوە پەیوەندییان پێوەکرد زۆری نەبرد دوانزە هەزار جەنگاوەر لە دەوری مهاباد خڕکرایەوە، بە تایبەتی لە باشوری شاردا و لە نزیکی سنوری ئێرانی خەنیمدا، هێزەکەی هۆزی شکاک بە سەرکردایەتی تاهیرخانی کوڕی سەرکردەی ئەفسانەیی، سمکۆ لە هەزار و سێ سەد سوارە پێک هاتبوو لقە جیاوازەکانی هۆزی هەرکیش هەزار سوارەو حەوت سەد پیادەیان ناردبوو حەمە ڕەشیدی جەنگاوەری دەوراندیدەش کە چەند ساڵێک پێشتر لە ناوچەکانی سەقز وبانەدا شەڕی ئێرانییەکانی کردبوو، بەخۆ وسێسەد جەنگاوەرەوە پەیوەندی بە کۆماری کوردەوە کرد. ئێدی کۆمار لە نێوان خۆی و هێزی هەر خێڵێکدا ئەفسەرێکی پەیوەندی دامەزراند، مهاباد ئازوقە و خۆراکی هەموو ئەو جەنگاوەر وخێڵەکیانەی دابین دەکرد.

توانای شەڕکردنی ئەم هێزانە لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دی جیاوازبوو، لەکاتێکدا کە هەندێ لەم خێڵانە شێوازی شەڕی خۆی بە جۆرێک گۆڕی بوو کە دەیتوانی زیانی گەورە بە دوژمن بگەیەنێ، هەندێ خێڵی دی لەسەر هەمان شێوازی شەڕی سوارچاکی کە زۆر جاران گەڕیدە رۆژاواییەکان ستایشیان بەسەردا نەهاتبوو دیارە سوارە و سوارچاکانی کورد بە نێوبانگ بوون لەم جۆرە شەڕانەداو زۆر بە توانا بوون لە بەکار هێنانی ڕم و سەرەنێزاندا بە رادەیەک کە زۆرجاران سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر سوپای نیزامیدا بەدەست هێنابوو، بەڵام داهاتنی تفەنگی ئوتوماتیکی و دەوری گرینگی لە پاراستنی هێزەکانی پیادە لە ساڵانی دوایی سەدەی رابردوودا، وایکرد کە سوارەی کورد ئەو باڵادەستییەی جارانیان بەسەر دوژمنی خۆدا نەمێنێ لەبەرئەوەی هەندێ هۆزو خێڵ هێشتا تازە لە هەوڵی فێربوونی شێوازی تازەی شەڕدابوون یان هێشتا بە شێوەی پراتیکی موومارەسەیان نەکردبوو، بۆیە کۆمارە ساواکەی کورد لە سەری بوو بایەخی زۆر بە دامەزراندنی سوپایەکی هاوچەرخ بدات

کە زەبت ورەبتی تێدابێت و سەرکردایەتییەکی کارامەی وەهای هەبێ کە بتوانێت سەرکەوتن بە دەست بێنێ، پاش ئەوەی ئەو سەردەمە بەسەرچوو تەنیا سوارچاکی و ئازایەتی بتوانن سەرکەوتن و بالادەستی سوپایی مسۆگەر بکەن مێژوونوسی ئێرانی (حسن ارفع) کە بەخۆی سەرکردایەتی چەندین هێرشی سەرکوتکاری شۆڕشەکانی کردووە لە سالانی 1920و1940دا، لە یاداشتنامەکانیدا زۆر بە دووردرێژی و بەستایشەوە باسی چۆنیەتی شەڕی کوردی کرووەو نوسیویەتی: "هەرچەندە زۆربەی جەنگاوەرانی کورد بەسواری ئەسپی کوردی توندو تۆڵ هێرش دەکەن، بەلام شێوازیان یەکجار دورە لە شێوازی ئاسایی سوارچاکان کە بە پلەی یەکەم پشت بەڕم و نێزە و شمشێر دەبەستێت، چونکە سوارەی کورد هەوڵدەدەن بە چەکی سپییەوە بێنە مەیدان و بە خەنجەران کە زۆر لێهاتوانە بەعەمەلی دێنن بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەری وەها کە تەواو لە دوژمنیان نزیکدەکاتەوە هێرشی دێنن، ئەوسا لە ئەسپەکانیان دادەبەزن و بە دەمانچەو تفەنگەکانیان دەکەونە شەڕ".

زۆرجار، دوو سوار سواری یەك ئەسپ دەبن، یەکێکیان لە ڕێگە دادەبەزێ و دەکەوێتە ئەم سەنگەرو ئەو سەنگەرو بەو شێوەیە دەکەوێتە مژولکرنی هێزەکانمان، بەمجۆرە سوارچاکی دووەم دەپارێزێ کە بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە تا سوارچاکێکی دی لەگەڵ خۆیدا بێنێ کە ئەویش هەمان کاری سوارچاکی یەکەم دووبارە دەکاتەوە ئەوانەی بەو جۆرە بۆ نزیکترین شوێنی سەنگەرەکانی ئێمە دەگوازرانەوە، کوێرانە دەکەوتنە تەقە کردن لە ئێمەو سەنگەر گۆڕکێیان دەکرد و بەمەش ترسییان دەخستە دڵی سەربازەکانمانەوە ئەم تاکتیکەیان بریتی بوو لەگرتنی هەموو گردو بەرزاییەکانی دەوروبەری سەنگەرەکانی دژمنەکەیان ئەوجا بازنەی گەمارۆکەیان بەرە بەرە تەنگ دەکردەوە تا رادەیەك کە بتوانن دژمنەکەیان لە نێوبەرن ناچاری بکەن کە خۆبەدەستەوەبدەن."

"هەرچەندە من لە سالانی 1921دا و1922دا شەڕی (شکاك)م کردووە، لە سالی 1947دا شەڕی (مریغای)م کردووە لە سالی 1945دا شەڕی (حەمە رشید)م کردووە، بەلام یەکەمجار کە لە ناوجەرگەی هێرشێکی کوردیدا خۆم بینی یەوە، رۆژی 1922/7/24بوو، ئەویش لە کاتی هێرشێکی نائومێدانەدا بوو بۆ سەر کەتیبەیەکی پیادەی پەهلەوی، کوردەکان بەدەم هێرشەوە هاوارێکیان دەکرد کە هەر لە هاواری عەرەبەکانی جەزایر دەچوو کاتێ کە هێرشیان بۆ فەرەنسییەکان دەبرد، خۆکەشەڕ لە گوندو بارەگاکان نزیك دەبوەوە، ژنانیش هەمان هاواریان دەکرد (هۆی هۆی) ئەلهەقی ئەم هاوارانە زۆر ناخۆش و ورە روخێن بوون".

## کۆمەك لە عێراقی دراوسێوە

سوپای کورد لە دوانزە هەزارکەس پێك هاتبوو، هێزەکەی مەلا مەستەفای بارزانی لە هەموو هێزەکانی دی بەزەبت و رەبت ترو پر ئەزمون و خۆراگرتربوو لە مەیدانی شەڕدا، رووداوەکانی دواتریش دروستی ئەم بۆ چونەیان سەلماند، مەلا مستەفا بارزانی کەبەڕاستی بە چاکترین سەرکردەی سوپای کوردو بلیمەتی ئەو مەیدانە دێتە ژماردن، یەکێك بوو لە سیاسیە زیرەك و لێهاتووەکانی نێو کوردی عێراق، ئەم پیاوە لە ناوچەی بارزانی نزیکی ئێران شۆڕشی دژی حکومەتی عێراقی کردبوو، بەمەش شارەزاییەکی باشی لە شەڕدا پەیدا کردبوو. دوا شۆڕشی ئەوەبوو کە لە مانگی 1945/4دا هەلایسا و تا مانگی ئەیلولی خایاند و ناچاربوو پاشەکشە بکات و لە بەردەم هێزی عێراقی بالا دەست بەسەر جەنگاوەرانی دلێری بارزانیدا، بگەڕێتەوە چونکە هێزی عێراق لەروی تەکنەلوژیاوە زۆر بالا دەستتر بوو لە جەنگاوەرانی دلێری بارزانی، بەتایبەتی دوای بەشداریکردنی فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا لە شەڕەکانداو بۆردومانکردنی درندانەی سەنگەرو گوندی کوردەکان.

بارزانی، لەو پاشەکشەی یەدا، خۆی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا نەدا، چونکە شارەزای سوپای تورك بوو، و ئاگاداری ئەو هەموو رق و کەرب و کینەش بوو کە ئەم سوپایە لە کوردی هەلگرتبوو و چاوەڕوانی دەرفەتێك بوو بۆ لێدانی کورد، هەروەها بلاوبوونەوەی هەوالی دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی لە مهاباداو رزگاربوونی ناوچەکە لە دەسەلاتی ئێرانی و بریتانی لە کوردستانی ئێراندا، مەلا مستەفای بۆ ئەوێندەر راکێشا، بارزانی تامەزرۆی هەر دەرفەتێك بوو تالە رووی سیاسییەوە بە دیار بکەوێ و توانای سوپایی و فەرماندەیی خۆی بنوێنێ، ئەمەش هۆیەك بوو بۆ بڕیاردانی یەکجارەکی بارزانی، بڕیاریدا لە سنووری ئێران بپەڕێتەوە، سێ هەزار جەنگاوەری لەگەڵدابوو، پتر لە هەزار و دووسەد کەس لەوانە شەرکەرو جەنگاوەری یەکجار بەتوانا و گوێ رایەلی شەخسی فەرمانەکانی بارزانی بوون ژمارەی یاوەرانی بارزانی گەییە پتر لە دوانزە هەزار کەس.

زۆربەی جەنگاوەرەکان ماڵ و منداڵی خۆیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو، لە کاتێکی باشدا واتا بەر لە دەستپێکردنی وەرزی زستان کە ئیدی چ حەرەکەیەك لەو ناوچە شاخاوییە سەختەدا نامێنێ، پەڕی بوونەوە. گەلێك لەو ئەفسەرانەش کەپەیوەندییان بە بارزانییەوە کردبوو، بەگەڵی کەوتن و هاتنە ئێرانەوە دیارترینیان نەقیب عەبدولعەزیز گەیلانی بوو، کە کوڕی گەورەی میری کورد شێخ عبداللابوو، شێخ عەبدوللا یەکێك بوو لەدیارترین و بەدەسەلاتترین سەرانی کوردی عێراق، بگرە بنەماڵەی عەبدوڵلا سەرکردەی راستەقینەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوون بەر لە دەرکەوتنی قازی محمد لە شانۆی روداوەکان، لە ترسی ئەوەی نەبادا کێشەی ڕێبەرایەتی بکەوێتە نێوان ئەم دوو بنەماڵە هەڤرکەوە، سۆڤێتەکان چارەسەرێکی زیرەکانەیان بۆ ئەم مەسەلەیە دۆزییەوە ئەوە بوو هەرکە نەقیب عبدالعزیز لەگەڵ بارزانیدا گەییە مهاباد، رووسەکان ناردیان بۆ خوێندنی سوپایی لە یەکێك لە ئەکادیمییا سوپاییەکانی سۆڤیەت، بەمە ئەو پیاوەیان لە ناوەندی روداوەکان دورخستەوە و(قازی محمد) یان لە گیروگرفتی ئەو رزگار کرد.

سۆڤیەتەکان لە لایەکی ترەوە بە وەرگرتنی ئەم خوێندکارە سوپاییە نێودارە، ئەوەیان بۆ خۆ مسۆگەرکرد ئەگەر زروف بخوازێ لە کاتێ پێویست داو لە رێگەی ئەوەوە گوشار بخەنە سەربابی. سۆڤیەتەکان لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا کە بارزانی بە خێرایی دەسەڵاتی سیاسی پەیدا نەکات، چونکە چاك دەیانزانێ کە کەسایەتییەکی بە هێزە وکەڵکەڵەی رێبەرایەتی لە سەردایە. تەنانەت (باقروف)ش لە دوا سەفەری سەرانی کوردا بۆ باکۆ، بە خەباسەتەوە ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات و دەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە کە بارزانی لە سەر داوای بەریتانییەکان بۆ ئێران هاتبێ و بیەوێ ئەزمونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان تێکبدات، ویستی بەریتانییەکان بەجێ بێنێ، لەم دوو نموونەیەوە ئەوەمان بۆ دیار دەکەوێ کە سۆڤیەتەکان لەم بۆنەیەدا هەمان شێوازی نامەردانەو نەرم و زیرەکانەیان بەکارهێناوە کە دەوڵەتە گەورەکان لە مامەڵە کردنیاندا لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی زیندوی گەلانی بچوکەوە، پەیرەوی دەکەن، واتا هەر لە هەوەڵەوە جموجۆڵی هەر هەموو سەربازەکانی شەترەنجی ئەم گەمە پەیوەستەیان بە ئەزموونی کوردەوە لەمهابادا، دیاری کردبوو.

بەڵام یەکێك لەو سەربازە کوردانە، کەسایەتییەکی بەزکماك زیرەك و سەرناس بوو، توانایەکی زۆر گەورەی هەبوو لە دەرك کردنی رەوتی کاروباران و شیکردنەوەیان و وەرگرتنی هەڵوێستی راست و دروست دەربارەیان، هەر هەموو ئەوانەی لەم قۆناغە کۆڵیونەتەوە و واقیعیانە هەڵیانسەنگاندوە هەستیان بەوە کردووە کە ئەو کەسایەتییە دەیروانییە رووداوەکان و چاوەنۆڕی دەرفەتی گونجاوی کردووە تا دەسەڵات و توانای رێبەرایەتی خۆی بنوێنێ ئاشکراشە بارزانی لەم رووەوە گرەوی لەسەر دەوری سۆڤیەتەکانیش کردووە هەر کە گەییوەتە مهاباد، بە بەردەوامی هاتوچۆی ئەفسەرو راوێژکارە سۆڤیەتەکانی کردووە، لە چەندین دیداردا لەگەڵ ئەفسەرانی سۆڤیەتیدا، هەوڵی داوە ئەوەیان بۆ بسەلمێنێ کە هەر ئەو کوڕی رۆژە و پێویستە پشتیوانی لێ بێتەکرن و متمانەی پێبکرێ و چاوەنۆڕی دەستکەوتی لێبکرێ، بارزانی زۆربە توندی لە رووی هەموو ئەو کەسانە وەستایەوە کە ناقابیل بوون بەوەی پەیمانێکی توندو تۆڵ لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبێ، بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوە بوو کە تەنێ سۆڤیەت دەتوانن مانەوەی کۆمارەکە دابین بکەن یان هەوڵی پەیوەندی لەنێوان کورد و سۆڤیەتدا، ئەمریکاو ئینگلتەرا دەستەو ئەژنۆ دانانیشن.. بەڵام دوای چەند مانگێك پاش لە دەستچوونی دەرفەتان ماهیەتی ئەو یاسایانەی دەرك کرد کە بوون و مانەوەی کۆماری(کوردی)یان دیاریدەکرد.

بارزانی یەکێك بوو لەو چوار کەسەی کە کۆماری کوردی لە سوپای خۆیدا، پلەی ژەنەراڵی دانێ لە ناوەندی شاردا خانویەکیان بۆ کرد بە بارەگاو تا رۆژگاری ئەمرۆش ماوە و لەم دواییانەدا کرا بە ئوتێل لە ساڵی1997دا رێزدار(جعفر عبدالجواد)ی خاوەنی ئەم خانووەم بینی و بەدەم گێڕانەوەی بیرەوەرییانی خۆی سەبارەت بەو رۆژانە گوتی: " دیمەن و رواڵەتی بارزانییەکان زۆر جیاوازبوو لە دیمەن و رواڵەتی کوردی مهاباد زۆر متمانەیان بەخۆ هەبوو، زۆر متمانەیان بە سەرکەوتن هەبوو، چ ترسێکیان لەمەڕ ئەوە نەبوو کە ئایندە چی پێیەو چی پێدەبێ هەرچەندە زۆرچاك دەیانزانی کە هەڵبژاردەی سوپای کۆمارن و لە هەموو هێزەکانی دی بە تواناتر و پڕ ئەزموتترن، بەڵام ئێمە هیچ جۆرە لە خۆبایی بوونێکمان لێ نەدەبینین".

بارزانی، رەزامەندی قازی محمدی وەرگرت تا بەشێك لە هێزەکەی لە نزیکی مهابادا بهێڵێتەوە، نزیکەی هەزار جەنگاوەری گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودی بارزانی لە ناو مهاباد جێگیربوون، ئیدی باقی هێزەکەو خێزانەکانیان دابەشکران بە سەرگوندەکانی باشوورو رۆژاوای مەهابادا بنەماڵەی بارزانی لە شارۆچکەی نەغەدەدا جێگیربوون کە ئەوساکە چ بایەخێکی نەبوو کەشی رۆژگار وای هانی کە ئەم شاروچکەیە دەورێکی دی لە مێژووی بنەماڵەی بارزانیدا بدێنێ، ئەویش ئەوە بوو بارزانی ناچاربوو پاش سی ساڵ لەو مێژووە، خۆی و خێزانەکەی و ژمارەیەك لە یاوەرانی لە ساڵی1975دا و پاش داروخانی شۆڕشی974/975لەو شارۆچکەیەدا نیشتەجێ ببن.. پاش ئەوەی هنری کسینجر و ریچارد نیکسون بە شێوەیەکی حەیابەرانە لە بەڵێنە درۆکانی خۆیان ژێوان بوونەوەو پشتیان کردە بزاڤی کوردی لە ساڵی1975لە نەغەدە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیم لەگەڵ بارزانبدا کرد، رەنگە ئەم دیمانەیەی من دوا دیمانەی رۆژنامەوانێکی بێگانە بووبێ لەگەڵیداو بەر لەوەی بە نەخۆشی شێرپەنجە بمرێ هەستم کرد هەموو ئاواتێکی ئەوەیە، پاش پتر لە نیو سەدە رێبەریکردنی شەڕی پارتیزانی دژی عێراقییەکان و تورکەکان، کە بتوانێ لە نۆژەن دەست بەشۆرش بکاتەوە.

## پسپۆڕانی شەڕی شاخ

لە ئەنجامی مەشقی بەردەوام و چڕوپڕو هەنگاونانی گورجوگۆڵ لە باری رێکخستنەوەو لە مانگی ئازاری1946دا سوپای کۆماری کوردی بەیەکجارەکی هاتە دامەزراندن و لەدایکبوو، زۆربەی سەرانی کورد لەو رۆژانەدا لە مهاباد خڕبوو بوونەوە بارزانی لە هەر هەموویان بەجۆشتر بوو بۆ شەڕ، حەجمانی لەبەر برابوو، و دەرفەتێك دەگەڕا کە توانای سوپایی خۆی بنوێنێ.

بارزانی‌یەکانیش تینوی پێکادان بوون لەگەڵ سوپای ئێرانیدا کە هێزەکانی لەسەر سنوری باشووری دەوڵەتی کوردی، لە سەقزو سەردەشت و بانەدا خڕکردبووە و دەیویست لەوێوە لە شکرو قۆشەن بکاتە سەر خاکی کوردان.

کوردەکان لەلای خۆیانەوە باسی پێشڕەوییان بۆ باشوور دەکرد، تا ئەو خێڵ وهۆزە کوردانەی پارێزگای کرمانشا کە هێشتا لە بن دەسەڵاتی ئێرانییەکاندا بوون رزگار بکەن، هەروەها باسی ئەگەری پەلاماردانی خودی کرماشانیان دەکرد تابەزەبری چەك ئەو ناوچانەش بخەنە سەر کۆماری کوردی. کە دوو کەتیبە هێزی

سوپای ئێرانی بەرەو سەقز کەوتە پێشرەوی، بارزانییەکان بۆسەیەکیان بۆ نایەوە و چاوەڕوانیان کرد تا بکەوێتە بۆسەکەوە ولێی بدەن بارزانییەکان بە حوکمی ئەزموونی زۆریان لە شەڕی هێزەکانی عێراق و تورکیا کە چەندین ساڵی خایاند بوو، شارەزاییەکی زۆریان لە بواری ئەو جۆرە شەڕانەدا پەیدا کردبوو.

(پسپۆڕانی شەڕی شاخ)، ئەمە ئەو ناوە بوو کە ڕێزدار(روان روبسن)ی حاکمی عەسکەری عێراق لەسەردەمی ئینتدابی بەریتانیدا لە بارزانییەکانی نابوو، جا ئەو پسپۆڕانەی شەری شاخ هێندە بە سەبروحەوسەڵە بوون دەیانتوانی یەك ڕۆژی تەواو بێ ئەوەی جوڵە بکەن لە ناو سەنگەرەکانیاندا بمێننەوە تا هێزی دژمن بە تەواوەتی بکەوێتە بۆسەکەیانەوە و دڵنیا بن لەوەی کە شوێنەکەیان قایمە و پشتیان بە تاڵ نییە ئەوجا پەلاماری بدەن، بۆیە زەرەری گیانیان بەکجارکەم دەبوو یەکێك لە ئامێر بەتالیۆنەکانی حەوزی ڕەواندوز، پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا بۆی گێڕامەوە کە"نهێنی شەڕەکانمان لەوەدایە کە هەوڵدەدەین خەسارەتمان کەم بێ".

نۆرەی (فورس)یش هات، کە بەلەز نێردرابوون تالە نزیکەوەو بە چاوی خۆیان لەو ڕۆژەی مانگی نیسانی1946دا ئەو نهێنییە بدینن و بە دەستی بارزانییەکان تالاو بنۆشن. کاتێ هێزی ئێرانی گەییە (گەوهەر ئاوا) سەیریان کرد دنیا کڕوکپەو چ شتێك لە گۆڕێ نییە، ئەمە تەماحی خستنە بەر کە پشویەك بدەن، بە تایبەتی ماوەیەکی زۆر بە پای پیادە هاتبوون و شەکەت بووبوون، ئیدی بارزانییەکان بە بێ خشپە لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردنە سەرو خەسارەتێکی یەکجار گەورەیان لێداون ناچاریان کرد بە پەلەپرۆزێ و سەر لێ شێواوی بەرەو سەقز پاشەکشە بکەن. دیپلۆماتی ئەمریکی(دیریك کینان)بە تەوسەوە باسی ئەو شەڕە دەکات و دەڵێ: "بارزانییەکان فەرمانیان بەهێزی ئێراندا کە بەرەو دوا بڕوات".

هێزێکی تری (ئێرانی)ش بە سەرکردایەتی نەقیب (خەسرەوی) کە کوردی خەڵکی سنەبوو، تووشی هەمان چارەنووس بوو، کاتێ کە لە ڕۆژی1946/5/2دا ویستی هێزێکی بارزانییەکان راوبنێ، بارزانییەکان بۆسەیەکیان بۆ نایەودو بە دژە هێرشێکی لەناکاودا غافڵگیریان کردو زەرەرو زیانێکی گەوردیان لە ئێرانییەکان داو نەقیب(خەسرەوی) بە خۆیشی لە مەیدانی شەڕەکەدا کوژرا. ئیگلتون، کە لە مهاباد و دەورو بەریدا چاودێری ڕووداوەکانی دەکردو نوسیویەتی کە: "ئەم ڕووداوە هەترەشی ئێرانییەکانی برد و وردیان پێ نەماو بە جارێ نەترەیان بەردا" ئێرانییەکان هێزێکی سوپایی پێنج هەزار کەسییان بە پشتیوانی تانك و تۆپ و فڕۆکەو بەسەرکردایەتی خودی(ڕەزم ئارا)ی سوپا سالاری ئەو وەخت، ئامادەو تەیارکرد، هێزی کوردیش خۆی لە سێزدە هەزار کەسێك دەدا کە لە خەڵکی عەشایەر پێکهاتبوون و لە نێوان سەقزو سنووری عێراقدا خڕبوبونەوە و هێزی تایبەتی بارزانییەکانیشیان لەگەڵدابوو، کە خەڵکەکە بە هەڵبژاردەی هێزی کوردیان دەزانین، چەکی هێزی کورد تەنیا چەکی سووك و چەند سووکە تۆپێك بوو. هێزی کورد تاقە یەك چەکی دژە تانك و دژە فڕۆکەیان نەبوو... بۆیان دەرکەوت کە ئەو چەکەی(دۆستە سۆڤیەتەکان) بەناوی چەکی دژە تانکەوە بۆیان ناردوون، قونبەڵەی مولوتوف بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەوش و بارودۆخەکە ئالۆزبوو، چ کەسێك ئەنجام و ئاکامی شەڕەکەی بۆ پێشبینی نەدەکرا ئێرانییەکان لە سەرەتاوە هەوڵیاندەدا وا بنوێنن کە گوایە حەزیان بەچارەسەرێکی ئاشتیانەیە، هەر چەندە ئەو ئەگەرەش لەسەر زاران بوو کە گوایە ئێرانیەکان بە فێڵ و دەهۆن دەیانەوێ دەرفەتی پتر وەدەست بێنن تا بتوان دەسەلاتی خۆیان بۆ هەموو ناوچەکان بگەڕێننەوە، بە تایبەتی دوای کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی و سالانی داگیرکاری بەریتانی و سۆڤیەتی ئیدی ئەو هۆیانە هەرچییەك بن کەئێرانییەکانیان هاندەدا ڕێگەی ئاشتی بگرنەبەر، (ڕەزم ئارا) پێشنیازی کرد کە لیژنەیەکی کوردی- ئازربایجانی هاوبەش بنێردرێ بۆ بانە تاگفتوگۆی لەگەڵدا بکات دەربارەی ئەوەی کە ڕێگەی ناردنی ئازوقە و پێداویستی سوپایی بۆ سەربازخانەی بانە نەگیرێ و ئەو ڕێگەیە کراوەبێ.

هەرچەندە سەرۆکی شاندی کوردی بەر لە چەند ڕۆژێك گفتی نەگرتنی ڕێگەکەی دابوو، لێ ئێرانییەکان زۆریان دڵ پێوە بوو بەڵێننامەیەکی نوسراویان لەو بارەیەوە دەستبکەوێ.. بەڵێنی ئەوەشیاندا کە ڕێگەبدەن لیژنەیەکی کوردی بە شێوەیەکی بەردەوام لە شاری بانەدا هەبێ، ئەگەر کوردەکان بەڵێنی ئەوە بدەن کە هێزەکانیان بەرنە دوری سێ کیلۆمەتری باکوری شارو دوری چوار کیلومەتری ڕێگەی ئازوقەی سەربازخانەی بانە.

بەلام ئەندامانی شاندی کوردیش لەلایەن خۆیانەوە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو بەڵێننامەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەکدیانەوە لە مهاباد، پەسند بکرێ چونکە ئەمەیان بەجۆرە دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆی ئێرانییەکان، بە حکومەتی کوردی مهاباد دەزانی ئابەمجۆرە پێشڕەوی هەردوو هێزەکە ڕاگیرا هەروەها ئەو هێرشە کوردییەش کە نەخشەی بۆ دانرابوو بەرەو باشوربکرێ، بە فەرمانی سەرکردایەتی ڕاگیرا، هەرچەندە بارزانی زۆر پێی لەسەر زەرورەتی دەستپێکردنی هێرشەکە داگرت.

## کۆماری مهاباد... وولاتێکی نموونەیی بوو؟

پایتەختی کۆماری کوردی لەو ماوەیەدا شان بە شانی کۆمارەکە گەشەی سەندو پەرەسەندنێکی باشی بە خۆوە بینی واتە ڕێك بەپێچەوانەی کۆماری ئازربایجانی دراوسێیانەوە کە بە ئاشکرا

ڕواڵەت و شەقڵی ستالینی‌یەتی پێوەدیاربوو. لە کاتێکدا کەش وهەوای ئازربایجان، کەش و هەوای موڵکایەتی گشتی‌بوو،

حوکمی پۆلیس و تیرۆری فیکری زاڵ بوو، مهاباد لەو کاتانەدا بۆ یەکەمجار بوژانەوەی ئابوری و ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆی بە خۆوە بینی. ئەم گەلە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا بە خۆیانەوە نەبینی‌بوو حکومەت خەرجی و مەسرەفی خۆی لە باجوخەراج کۆدەکردەوە، حیزب ئابونەی ئەندامانی خۆی وەردەگرت و خێزانە دەوڵەمەندەکانیش پیتاکیان دەدایێ، سەرەک خێڵەکانیش بۆ ئەوی گۆیرایەڵی خۆیان بۆ حیزب بسەلمێنن پیتاکیان دەدا، بازار، بە هۆی کەل و پەلی قاچاغی عێراقەوە کە هەندێ جار دەگەییە بازارەکانی تەورێزو تەنانەت بازاڕەکانی(تاران)ی‌ش، بوژایەوە، بەڵام ئەو قەرزەی کە لە حکومەتی ئازەربایجانی و لە مانگی کانونی دووەمدا وەرگیرا بوو لە دەرامەتی ئەوشەکرە درایەوە کە کارگەی شەکری (میاندواو) بەرهەمی دەهێنا. بەپێچەوانەی ئەو وەزع و حاڵەی لە ئازربایجاندا باوبوو، هاووڵاتی کۆماری کوردی دەیتوانی بەو پەڕی ئازادی بێ وبچێ وسەفەر بکات، هەموو هاووڵاتی‌یەك بۆی هەبوو چەك هەڵبگرێ، ئاسایش بەرادەیەك بەرکەماڵ بوو کە پۆلیسی کوردی بە درێژایی یەك دانە ساڵ تەنیا پینج کەسیان گرت.

هیچ سانسۆرێك لە سەر رۆژنامە نەبوو، یەکەمین کتێبی دەرسی قوتابخانان بە زمانی کوردی هاتەنوسین و بۆچاپ ئامادەکرا، گوێگرتن لە رادێوی بێگانە ئاسایی بوو لە پاڵ گوێگرتن لە رادێوی کوردی کە رۆژانە شەش سەعاتان کاری دەکردو بەرنامەی بڵاودەکردەوە ئیدی دەسەڵات سۆڤیەتی لەوێندەر بوو بەسفر، هەرچەند حیزب رێکخراوی قوتابیان و لاوانی لەسەر شێوەی سۆڤیەتی دامەزراند و بەرپرسانی کورد لە کاتی قسەکردندا ستایشی سوپای سوریان دەکرد و زۆرجار لە گوتاری رەسمی و بەیانات و گوتاری رادیۆییدا ئاماژە بۆ یەکێتی‌ی سۆڤیەتی مەزن دەکرا لێ لەو بۆنانەدا زاراوەی وەك مارکسیزم، لینینزم، ریفۆرمی کشتوکاڵی و خۆماڵی کردن ... هتد بەکار نەهێنران زۆر بە دەگمەن وێنەی ستالین لە دایەرەکانی کۆماردا دەبینرا، بە پێچەوانەوە وێنەی قازی محەمەد لەچوارچێوەی رەنگاورەنگ بەرەنگی ئاڵای (کۆمەڵەی جاران) لە هەموو شوێنێك داو بە تەنیشت نەخشەی کوردستانی گەورەوە هەڵواسرابوو، کە کۆماری کوردی وەکو خاڵێکی بچووك تێییدا نیشانەکرابوو.

خەڵکی کۆمار لە حاڵەتی خەونێکی نەتەوەیی رەنگیندا دەژیان سروودی نەتەوەیی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەگوترا جگە لە هەستی نەتەوەیی، نەوت‌ی‌ش یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی کە سنووری خەونی کوردی دیاری دەکرد، وەکو لەم برگە سرووده نەتەوەییەدا بەدیار دەکەوێ:

نەفتم ئاوی ژیانە لە سیرت و کەرمانشانە،

بابا گوڕگوڕ دەزانێ لە موسڵیش هەمانە،

کورد، بەرادەیەك لە خەونی ئایندەی خۆدا نقوم بوو بوون کە کەسیان هەستی بەوە نەدەکرد کە کێشەی دەوڵەتان لەسەر ئەو ناوچەیەی کە ئەوان تێییدا دەژین، لە راستیدا بۆ دەست بە سەراگرتنی ئەو ئاوی ژیانەیە لەگەڵ ئەوەشدا دەشیا بگەنە ئەو ئەنجامگیرییە، ئەگەر زەمینەی مێژوویی و هێماو ئاماژە سەرەتاییە ئاشکراکانیان هەڵبسەنگاندایە و بیانخوێندباوە کە بە ئاشکرا بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچوون: رووس و بەریتانییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا رێك کەوتبوون لە سەر دابەشکردنی ناوچە پڕنەوتەکانی باکور و باشوری ئێران هەروەها لەسەر هاوئاهەنگی هاوبەش رێککەوتبوون کە چۆن لە ناوچەکەدا روو بەرووی دەسەڵاتی ئابوری گەشە کردووی ئەوسای ئەڵمان بوەستنەوە.

وەختێ بەلشەویکەکان، لە ساڵی1921دا لە ئێران کشانەوە و دەسبەرداری هەموو ئەو مافانەی خۆیان بوون کە ئەو پەیمانە بۆی دابینکردبوون، کاروبارەکان گۆڕان.. بەریتانییەکان بەپێی پەیمانی ساڵی1909بیرەنەوتەکانی خۆیان پاراست ولەرێگەی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو- ئیرانییەوە کەوتە وەعەمەل هێنانی، هەرچەندە تاران بۆ ماوەیەکی کەم ئەم پەیمانەی هەڵوەشاندەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە رەزاشای یەکەم سیاسەتێکی تازەی بۆ دانی مافی بەرهەمهێنانی نەوت دانا، لێ بەریتانیا ساڵی 1933دا مافی بەرهەمهێنانی تری بە پێی مەرجی تازە وەدەست هێنایەوە.

وەختێ جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هات و بارودۆخی ئێران هاتەوە تایم، بەریتانیا و دنیای رۆژاوا بە چاوی گومانەوە دەیانروانی یە هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتیان لە ئێران و لەوەشە بیەوێ مافی بەرهەمهێنانی (نەوت)ی‌ش وەربگرێ.

## پیترۆڵ و جەنگی سارد

پێدەچێت سەرانی کۆماری مهاباد ئەم زەمینە مێژووییەیان لەبەر چاو نەگرتبێ هەروەها ئەو هەنگاوەی تری سۆڤیەتیانش کە لە ساڵی1944دا نایان، بەجدی وەرنەگرتبێ لەو کاتانەدا کە سۆڤیەتەکان مژولی جوڵاندنی سەربازانی شەترنجەکەیان بوون لە کوردستان و ئازربایجاندا و خەریکی ئامادەکردنیان بوو بۆ گەڕی (جولە) ئایندە، مافی دەرهێنانی ئەوتیان لەسەرانسەری باکوری ئێراندا وەدەست هێنا لێ حکومەتی ئێران مەسەلەی یەك لایی کردنەوەی ئەم بابەتەی بۆ دوای جەنگ دواخست، بیانوشی بۆ ئەمە قەرارێکی وەزاری پێشوبوو لە لایەکەوە و هەنجەتی ئەوەش بوو کە بەردەوامبوونی شەڕ رێگە نادات ئەم ئیمتیازو مافە بە یەکێتی سۆڤیەت بدرێ.

لەبەرئەم هۆیانە سۆڤیەتەکان بە لایەکی تردا بایاندایەوە، ئەویش بریتی‌بوو لە پشتیوانی و بەهێزکردنی جوداخوازی کورد و ئازەر، لێ لەم هەوڵەیاندا روو بەرووی نارەزایی و مقاوەمەتی توندو تیژی حکومەتی ئێرانی دەبوونەوە کە ئامەزرۆوتینوی ئەوە

بوو هەموو خاکی خۆی لە رووی سیاسی و سوپاییەوە بێنیتەوە ژێر رکێفی خۆی لەو کاتانەدا کە کورد مژوڵی تەواو کردنی بینای یەکەم دەوڵەتی خۆیان بوون لە مهاباد و دەیانویست بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنن کە دەتوانن خۆیان بەرێوەبەرن، حکومەتی ئێرانی پەنای وەبەر هەموو کەناڵێکی گەمەی دبلوماسی دەبرد تا شارەکانی باکوری رۆژاوی وەربگرێتەوە و لە مەترسی دەریان بهێنێ.

وەختێ هاوپەیمانان لە ساڵی 1941دا چوونە خاکی ئێرانەوە بەڵێنیاندا کە لەگەڵ تەواوبوونی جەنگدا بکشێنەوە بەراستیش ساڵی 1946دانرا بۆ ئەم کشانەیەوە، ئەوەبوو ئەمریکییەکان لە رۆژی 1945/12/31دا کشانەوە دوا سەربازی بەریتانیش لە رۆژی 1946/3/2دا لە خاکی ئێران کشایەوە لێ سۆڤیەتەکان بە پێچەوانەی بەڵێنەکانەوە بوونی سەربازی و سیاسی خۆیان لە ئازربایجاندا زیاد دەکرد و راوێژکارانی سۆڤیەتی لە مهابادا مەشقیان بە سوپای کورد دەکرد.

ئێرانییەکان هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خۆیان وەگەر خست تا سۆڤیەتەکان ناچاربکەن خاکی ئێران بەجێ بهێڵن، ئیدی لە رێگەی پارانەوەو تکاوە بیگرە تا رژدبوون لەسەر پێشکەشکردنی داخوازی رەسمی و گوشاری ئەمریکی و بەریتانی، بەڵام ئەم هەوڵانە کەمو زۆر هەڵوێستی سۆڤیەتی نەدەگۆری، بەڵام سەرۆکی تازەی ئەمریکی(هاریس ترومان)، سووربوو لەسەر ئەوەی کە رووبەرووی کاریگەری سۆڤیەت بوەستنەوە، ئەو سۆڤیەتەی کە هەموو هێماکان وایان دەنواند کە بەرەو ئەوە دەچێ ببێ بە دەوڵەتێکی زلهێنر بە تایبەتی دوای نەمانی ئەڵمانیای نازی، جا ئەگەر ئەم لە رووووەستانە لە رێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە بێ کە ئەمریکا لەو سەرو بەندەدا سەرپەرشتی دامەزراندنی دەکرد.

نوێنەری ئێران لە رۆژی 1946/1/19دا سکاڵانامەیەکی دایە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و شکاتی کردبوو کە سۆڤیەت دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەردەدات وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسای هاوپەیمانی ئەمریکا پشتیوانییان لەو سکاڵایەی ئێران کرد، ئەمە یەکەمین سکاڵابوو کە دوای دوو رۆژ لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی درا بە ئەنجومەنی نێوبراو، بەرلەوەی ئەم ئەنجومەنە هێشتا پەیرەوی ناوخۆی دانابێ، لە مانگی ئازاردا نوێنەری ئەمریکاو بەریتانیا لە مۆسکۆ نارەزایی نامەیەکی رەسمیان دژ بە رەفتاری سۆڤیەتی پێشکەشکرد، دیگول بەخۆی بانگەوازێکی ئاراستەی کرملین کردو داوای کرد لە ئێران پاشەکشە بکات.

هەر چەندە ئەنجومەنی ئاسایش نەیتوانی بگاتە بریارێکی ئیلزامی، تەنانەت پاش سکاڵای دووەمی (ئێران)یش کە لە3/18و1946/4/12 پێشکەشی کردەوە، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت کە دەترسا تووشی گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتی ببێ، نەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو گوشارانە بگرێ کە لە لایەن رایگشتی جیهانیەوە دەکرایە سەری.

کاتێك کە سەرەك وەزیرانی ئێران(احمد قوام) کە لە مانگی ك2 ئەم پۆستەی وەرگرتبوو، ئیشارەتی دایە سۆڤیەت سەبارەت بە مافی دەرهێنانی نەوت، سۆڤیەتەکان لێبران گۆرانی بنەرەتی لە سیاسەتی خۆدا لە رۆژهەڵاتی ناڤین بکەن و لەسەر بناغەیەکی تازە سیاسەتی خۆ رێبنەنەوە، بریاریاندا جاری کۆمەك و پشتیوانی ئازربایجانییەکان و کوردەکان رابگرن و لەبری ئەوە هەوڵبدەن لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا بگەنە رێکەوتنێکی وەها کە لە لایەکەوە یەکێتی ئێران بپارێزێ و لە لایەکی ترەوە رووسەکان مافی دەرهێنانی نەوت وەدەست بهێنن(ج. س هوروفیتس)ی ئەمریکایی پسپۆر لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناڤین، لە ساڵی 1946دا لە تەعلیقێکیدا لەسەر ئەم بابەتە دەڵێ لەروانگەی سۆڤیەتی یەوە ئەم کارە بریتیبوو لە گرتنەبەری دوو رێگە بۆ یەك ئامانج ئەویش نزیك بوونەوە بوو لە کەنداوی فارسی".

(احمد قوام) لە مانگی ئازاردا ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا گەیاندە دوا قۆناغەکانی، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت(گرۆمیکو) لە کاتی ئاڵۆزبوونی تەنگژەکەدا رایگەیاند کە هێزەکانی سۆڤێیەت بەم زووانە و لە ماوەی کەمتر لە شەش هەفتەدا خاکی ئێرانی بەجێ دێڵن ئەگەر روداوی تازەی چاوەنۆر نەکراو نەیەتە پێشێ". رەنگە ویستبێتی بەم رستەیەی دوایی، سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی گفتوگۆی ئێران و سۆڤیەت، بە مەسەلەی مافی دەرهێنانی نەوتەوە ببەستێتەوە.

بەڵام رەوتی کاروبارەکان زۆر بە خێرایی چووە پێشێ لە4ی نیساندا قوام و سەفیری سۆڤیەت لە ئێران(ا. گ. سادخیکوف) رەشنوسی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی- سۆڤیەتییان خستە بەردەم رۆژنامەوانان ئەوە راگەیەنرا کە ئەم رێکەوتننامەیە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەردەوام دەبێ و لە ساڵی 1966دا کۆتایی دێت رێکەوتنەکە ئەوەشی تێدا بوو کە سۆڤێیەتەکان لە 25ساڵی یەکەمدا51٪ی بەشەکانی کۆمپانیاکە دەبەن و پاشان کەم دەکرێتەوە بۆ50٪ هەروەها لە بەشێکی تایبەتی رێکەوتننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەکرابوو کە ناوچە نەوتاوییە دەوڵەمەندەکان بریتین لە هەردوو پارێزگای ئازربایجان و کوردستان واتا هەموو ناوچەی باکووری رۆژاوای ئێران بەدرێژایی سنوری عێراق و تورکیا.

## روخانی ماڵە کارتۆنییەکە

رێکەوتننامەکە هەر ئەوەندەی مابوو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێرانی لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ پەسندی بکات و ئەوسا سۆڤیەت هەموو ئەوشتانەیان چنگ بکەوێ کە مەبە ستیان بوو.

قوام هەر بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی نیشان بدات هەستا دوو نوێنەری حیزبی تودەی لە کابینەی وەزارەتی ئیرانی وەرگرت، ئیدی سۆڤیەت بێ سێ و دوو قوربانییان بە سەربازی شەترەنجی ئازربایجانی و کوردی داو بە خواردنی دان.

لەو کاتەنەدا کەسەفیری سۆڤیەتی(سادخیکوف) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـرد کـە مەسـەلەی ئازربایجان(مەسەلەیەکی ناوخۆی ئێرانییە) و پێویستە دەست بە گفتوگـۆی ئاشـتیانە لـە نێـوان تـاران و ئازربایجـاندا بکـرێ تـا ئازربایجان بگەڕێتەوە باوەشی ئێران و جۆرە خود موختارییەکی هەبێ، لە هەمان ئەو کاتانەدا دەسەڵاتی ناکۆمۆنیستی لە مهابادا پشت گوێ خراو سۆڤیەتەکان بەتەواوەتی فەرامۆشیان کرد، بێ ئەوەی گوێ بەوەبدەن کە چارەنوسی بەکوێ دەگات، ئەوەبوو لە کاتی گفتوگۆی نەوتدا بە جارێ پشت گوێ خرا سەفیری ئەوکاتی ئەمریکا لە تاران لەم بارەیەوە دەڵێ: "داروخانی ماڵی کارتونی ئازربایجانی و کوردی سەرکەوتن بوو بۆ سیاسەتی دروست و هەڵوێستی بنجبری نەتەوە یەکگرتوەکان بەرانبەر بە یەکێتی سۆڤیەت"، هەروەها لە سەری دەڕوات و لە پێشبینییەکیدا کە ڕەنگە بۆ هەشتاکانیش دروست بێ دەڵێ: "نابێ باوەڕ بەوە بکەین کە کرملین بەم شکستە حەیابەرەیە رازی دەبێ و. وەدەست هێنانی مافی دەرکردنی نەوت وای لێدەکات کە هەوڵنەدات دەسەڵاتی سیاسی و ستراتیژی لەسەرانسەری ئێراندا وەدەست بێنێ".

ئیدی بوکەڵەکانی دەستی مۆسکۆ لە تەورێزدا خێرا بایاندایەوە، کەوتنە خۆ سازاندن لەگەڵ ڕەوت و، ڕێبازی تازەی سۆڤیەتداو تەنانەت هاوڕێ پیشەوەری رایگەیاند کە ڕێکەوتن لەگەڵ تاراندا(بەداخەوە)زەروری یە چونکە ئەمریکا و بریتانیا مەسەلەی ئازربایجانیان کردوە بە هەنجەت بۆ خوڵقاندنی گیروگرفت بۆ دۆستی گەورەمان یەکێتی سۆڤیەت" ئابەمجورە گفتوگۆ لە نێوان ئازربایجانی‌یە ستالینی‌یە هاوسۆزەکانی کۆمۆنیزم و حکومەتی ئێرانی لە تاراندا دەستپێکرد، حیزبی تودە هاتە مەیدانی سیاسییەوە و چەندین خۆپیشاندان و مانگرتنی لەسەرانسەری وولاتدا ڕێکخست.

ئەم ڕەوەشە تازەیە و ئەو نزیک بوونەوە دیارە لە یەکێتی‌ی سۆڤیەت کردییە کارێك کە عەشایەری کەمە نەتەوەیی تری وەك(بەختیاری) و(قەشقەیی) لە باشووری وولاتدا کە شەقلێکی ئاینی هەبوو، بە پشتیوانی و هاندانی ئینگلیزەکان راپەڕن و روو بەرووی حکومەت ببنەوەو داوای لێبکەن کە سنورێك بۆ ئەم سیاسەتی (داشکان بەلای چەپ)دا دابنێ هەروەها بەرنامەی کۆمەکی ئەمریکیش کەوتە لەقین و ئەمەش وای لە (قوام)کرد کە لە مانگی1946/1دا گۆڕانکارییەك لە وەزارەتدا بکات و وەزیرە کۆمۆنیستەکان دەربکات و وزارەتێکی بە هێزی وەها دابنێ کە سوربێت لە سەر پەیرەوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆی دوور لە سیاسەتی سۆڤیەت، بۆیە هەر هەموو ئەم کارانەی کرد چونکە دەیزانی ڕەوتی گشتی کاروبارەکان هاتۆتەوە تایمی خۆی و بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات.

لەم کاتەدا سوپای ئێران کەوتەوە سەر پێیان و ئەوسوکایەتی یە گەورەیەی لەبیرکرد کە لە ماوەی داگیرکردنی ئێراندا بە سەری هاتبوو پێدەچوو رازی بێ لەو دەورەی کە (قوام) لەم قۆناغەدا بۆ سوپای دانابوو، کە بریتی بوو لەوەی دەزگایەك بێ هەنگاوی گونجاوی ئەوتۆ بنێ کە چارە نوسی وولات دیاری بکات. سەرەك وەزیران لە 1946/11/25دا فەرمانی بە سوپادا کە ئازربایجان و کوردستان بە هەنجەتی نوێ بوونەوەی ریفراندۆمی گشتی بگرێتەوە و هەر بەرگرییەکی چەکدارانەی لەم دوو پارێزگایەدا هاتەرێ سەرکوتی بکات. ئەوەی هەست دەوروژێنێ، لە هەرەتی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی ئێراندا، ئەوە بوو کە قازی محمد لەو کاتانەدا لە تاران بوو، بروسکەیەکی ناڕەزایی نارد دژی ئەو نەخشەیەی کە بۆ داگیرکردنی کۆماری کوردی دانرابوو هەروەها بە پشتی دۆستە سۆڤیەتەکان، لەو گفتوگۆیەدا کە لە مانگی ئەیلولدا لە تاران کردی، زۆر بە توندی رەفزی ئەوەی کرد کە مهاباد بۆ باوەشی ئێران بگەڕێتەوە، کاتێ هێزەکانی ئێران بە سەرۆکایەتی ئامیر لیوا(هەمایونی) لە سنوری هەردوو کۆمارە بێ خاوەنەکە نزیك بووەوە، هەنگینێ کوردەکان کەوتنە گومان لە دروستی کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەتی مەزن بۆیان.

شاندێکی کوردی لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمدا بەلەز چوو بۆ شاری ڕەزاییە تا چاوی بە(هاشمۆف)ی کونسوڵی سۆڤیەتی لەوێندەر بکەوێ لەوەوە بزانن کە هەڵوێستی سۆڤیەتی چییە هلشموف هەموو هەواڵێکی وەگەرخست تاکوردەکان تێ بگەیەنێ کە ئەنجامی کارەکان ئەنجامێکی باش دەبێت و تاران بە تەمایە چەند یەکەیەکی سوپایی رەمزی بنێرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی ئایندەو هەرکە هەڵبژاردن تەواوبوو، ئیدی سوپا لە خاکی هەردوو کۆمارەکە دەکێشێتەوە لەبەر رۆشنایی ئەم قسەیە، ئەنجومەنی جەنگی لە مهاباد فەرمانی بۆ هێزە کوردییەکان دەرکرد کە هیچ جۆرە مقاوەمەتێك لە بەرانبەر پێشرەوی هێزەکانی ئێران نەکەن، بەڵام دوای چەند رۆژێکی کەم بە ئاشکرا ئەوە دەرکەوت کە چارەنووسی کۆماری مهاباد لە راستیدا پەیوەست بوو بە چارەنووسی کۆماری ئازربایجانەوە.

لە رۆژی1946/12/13دا پێشینەی هێزی ئێرانی خۆی بە شاری تەورێزدا کرد، بێ ئەوەی یەکێتی‌ی سۆڤیەت چ کاردانەوەیەك دەربڕێ بۆ رزگارکردنی سیستەمی ستالینی ئەو رژێمەی کە خۆی بەشداری لە دامەزراندنیدا کرد، لەئەنجامی ئەو رەفتارە توندو تیژانەدا کە دەزگای ئاسایشی حکومەتەکەی پیشەوەری کردیان، چەند گروپێکی ئەنتی کومونیزم کەوتنە پەلاماردان و داگیرکردنی بارەگا حیزبی و حکومەتییەکانی تەورێز و گەلەك ئاژاوە و پێکادان بەرپابوو، و جەماوەری توڕە چەندین کۆمونیستیان کوشت، خەڵکی ئاژاوەچی زانییان کە(محمد بیریا)ی وەزیری پەروەردەی جاران پەنای وەبەر خەستەخانەی سۆڤیەتی بردوەو لەوێندەر خۆی

شارۆتەوە، ئەوەبوو پەلاماری خەستەخانەی نێو براویانداو بەستیان بە ئوتومبیلێکەوە و تا مردن هەر رایانکێشا، بەڵام پیشەوەری و ئەندامانی گرینگی وەزارەتەکەی، لەکاتی خۆیدا بۆ باکۆ هەڵاتن و لەوێندەر پەنایان وەبەر هێزەکانی سۆڤیەت بردو، ئیدی کوردەکانیش یەقینیان پەیداکرد کە چارەنووسی کۆمارەکەیان پاش رووخانی تەورێز، نەمان و رووخانە، ئەوە بوو لە رۆژی 1946/12/17دا چارەنوسی کورد دیاریکرا.

## سێدارەکانی مەیدانی چوارچرا

قازی محمد سواری ئوتومبیلە (سیدان) کەی خۆی بوو، ئەم ئوتومبیلە سۆڤیەتەکان بە دیاری دابویانێ جلی مەدەنی لەبەر کردو جلی سوپای سۆڤیەتی بۆ یەکجارەکی لەبەرداکەند، چەند کەسێك لە یاوەرە نزیکەکانی لەگەڵی چوون قازی محمد گەیبیە بڕیارێکی پێچەوانەی راو تەگبیری زۆربەی خەڵکی، هەروەها بارزانی زۆری لەگەڵ گوت کە لە مهاباد وەدەرکەوێ و پەنا بۆ یەکێتی سۆڤیەت یان عێراق بەرێ بەڵام سودی نەبوو قازی محمد بڕیاریدا کە لە نێو گەلەکەیدا بمێنێتەوە، لە نێو ئەو گەلەدا کە سوێندی خوارد بوو رێبەرایەتیان بکات وبیانپارێزێت، ئیدی وەکو داب و نەریتی کوردانو لێبرا لە شار دەرکەوێ و بچێتە پێشوازی سەرکەوتوو، و خۆ تەسلیم بکات.

ئوتومبیلەکەی قازی محمد و یاوەرەکانی بەسەر جادەی زوقم و شەختەگرتودا بەرەو باکورو ر ۆەو رەزاییە وەرێ کەوت کاتێ ئوتومبیلەکە13کیلومەتران رێگەی بڕی و گەییە نزیکی گوندی (قەرەتەپە) بەرایی هێزەکەی جەنەراڵ هەمایونی بە دیارکەوت هەنگینێ قازی محمد دەستووری بە شوفێرەکەیدا کە بوستێت، ئیدی لە پاڵ ئوتومبیلەکەدا وەستا و چاوەڕوانی گەیشتنی هەمایونی کرد. هەمایونی سەرکەوتوو، بەرێزەوە داوای لێکرد کە سواری ئوتومبیلەکەی خۆی ببێ و لەگەڵ هێزەکەدا بەرەو مهاباد بچێت ئێرانییەکان بۆ ئێوارە شارەکەیان داگیرکرد، شار لەتۆ وایە شاری شەبەنگانە، چ مقاوەمەتێکی نەکرد جەنەراڵ هەمایونی هەر لە مەیدانی چوارچراوە کۆتایی کۆمارەکەی راگەیاند و ئەوەی راگەیاند کە ئیدی شار گەڕایەوە باوەشی ئێران، ئیدی قازی محمد بە دەستبەسەری لەماڵی خۆیدا مایەوەو سەرکردەکانی‌تر گیران.

دەوڵەتی کوردی، بەر لە چەند رۆژێك هەیبەت و بوونی راستەقینەی خۆی لە دەست دابوو، بە هۆی ئەو ناکۆکی یەی کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە نێوان (شێران) و(هەڵپەرستان)دا هەبوو لە نێوان چەکدارانی عەشایەرو بۆرژوایانی شاردا هەبوو، ئەو ناکۆکییانەی کە کۆمار بە درێژایی تەمەنی خۆی نەیتوانی چ چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، سەرانی هەندێ خێڵ ویستیان بەرگری تایەتی بکەن وەکو خێڵی(گەورك) و(زراری) کەلێکۆڵەرەوەی

ئەڵەمانی پسپۆڕ لە کاروباری ئەرمەن (الیهمات هاویت) باسی دلێری و بوێریانی کردووە.

بەڵام ئەو هاوارەی کە ئەوان بردیانە بەر عەشیرەتی شکاك، لە لایەن سەرەکی ئەم خێڵەوە (ئەمیرخان شریفی)یەوە کە کۆماری کوردی پلەی جەنەراڵی دابوێ، وەها وەڵام درایەوە کە: "مخابن ناتوانین هیچ یارمەتییەکتان بدەین چونکە هەموو ئەسپەکان رەوانەی پاوان کراون". بە پێچەوانەی شکاکەوە ئەسپی پیاوانی(هەرکی) رەوانەی پاوان نەکرابوون". بەڵکو هەندێك لە رۆڵەکانی ئەم خێڵە، سواری ئەسپەکانیان بوون و بە پەلە بەرەو رەزاییەو تەورێز وەرێکەوتن تا بەشداری بکەن لە لەنێوبردنی کۆماری ئازربایجانی دراوسێ یاندا، ئیدی بەرەبەرە هێزەکانی تری کۆماری مهاباد کەوتە هەرەس هێنان و لە نێوچوون تەنیا ئەو هێزە پچوکە نەبێ کە هەڵبژاردەی هێزەکانی کۆماربوو، بەنێو بەفرو سەرمادا بەرەوسنوری عێراق و ئێران کشایەوە و خۆی بە گوندە شاخاوییە دورە دەستەکاندا پەنادا.

گەرچی ئەم کۆمەڵە جەنگاوەرە توانیان خۆیان دەربازبکەن لێ چارەنوسی قازی محمد و یاوەرە نزیکەکانی زۆر زوو دیاریکرا لە سەرەتای ساڵی 1947دا دادگایەکی سوپایی ئێرانی لە مهاباد دانرا و قازی محمد و هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆی کۆماری کوردی بە تۆمەتی یاخی بوون و خیانەتی گەورە تاونبارکردو حوکمی لە سێدارەدانیان بە سەردادرا چونکە(محمد رەزا شای پەهلەوی) سووربوو لەسەر جێبەجێکردنی ئەم حوکمە، بۆیە هەموو هەوڵێکی تەمیزکردنەوەو سوککردنی ئەم حوکمە بێ ئاکام مایەوە، لەو کاتەدا کە هاوپەیمانانی سەرکەوتوو لە دووەم جەنگی جیهانیدا، شاری (نورنبرگ)ی ئەڵەمانییان، بە حوکمی پێگەی تایبەتی شارەکە، هەڵدەبژارد بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ، شای ئێران سووربوو لەسەر ئەوەی کە حوکمی ئیعدام کردنی قازی محمد لە مەیدانی چوارچرادا جێبەجێ بکرێ، ئەو چوار چرایەی کە لەوێندەرەوە جیابوونەوەی مهاباد لە ئیمپراتوریەتی ئێرانی راگەیەنرا.

لە ئێوارە وەختێکی درەنگی رۆژی1947/3/3دا، دەنگی پاچ و بێڵی ئەو سەربازە ئێرانیانەی کە خەریکی داچەقاندنی سێ قەنارەبوون لە مەیدانی چوارچرا، وەستاو خامۆش بوو، ئەوە بوو لە بەرە بەیانی رۆژی ئایندەدا و هەر لەوێدا نوێنەرانی یەکەمین کۆماری کوردی لە سێدارەدران، لە مانگی ئایندەشدا(5) سەرکردەی تری کورد هاتنە خنکاندن و سی‌و یەك سەرکردەی تریش خرانە زیندانەکانی شاوە و بێ سەرو شوێن کران و کەس نەیزانی چییان بەسەر هێنرا.

## پاش شکست و داروخان

مەلا مستەفای بارزانی، کە رۆژێك پێش رووخاندنی مهاباد، خۆی گەیاندبووە ئەوێندەر تا قەناعەت بە پێشەوا قازی محمد بکات کە لە مهاباد وەدەرکەوێت و خۆی بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە نەدات.. ئەم پیاوە یەکەم کەس بوو کە بە هوشیارییەوە هەستی

بەرەوتی کاروبارەکان کرد لای ئاشکرابوو کە ئەو بڕیارەی دژی بەرژەوەندییەکانی کورد دراوە، بڕیارێکی سیاسییە، شکستی کورد پتر شکستێکی سیاسییە تا شکستی سوپایی بێت، هەندێ هاوعەسری خۆی گوێیان لێ بووە کە چۆن نائومێدی خۆی لە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان، لە یەکێتی سۆڤیەت دەربڕی بوو، گوتبووی: "هێزی ئێران بەسەر کوردا سەرنەکەوتوون، بەڵکو بەریتانیا و وولاتە یەکگرتووەکان بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا سەرکەوتوون".

هەڵبەتە ئاکامی نسکۆکە، سەبارەت بە بارزانی و هاوەڵەکانی جیاوازتر بوو لە هی پیاوەکانی تری کۆماری کوردی چونکە ئەوان ئێرانی نەبوون، هاوولاتی عێراقی بوون، بۆیە نەدەکرا بە خیانەتی گەورە تۆمەتبار بکرێن بارزانی دەیزانی کە ئەوپەڕەکەی تەسلیم بە عێراق دەکرێنەوە، بۆیە بارزانی، پاش ئەوەی قازی محمد خۆی بەدەستەوەدا، سەردانی جەنەراڵ هەمایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی کرد و ئاگاداری کردووە کە خۆی و خەڵکەکەی کە ژمارەیان دوانزە هەزار کەس دەبن، بەتەمان بۆ زێدی خۆیان بۆ بارزان بگەڕێنەوە، بە مەرجێ بەریتانیا گوشار بخاتە سەر عێراقییەکان گیانیان بپارێزرێ هەمایونی بایەخی تایبەتی بە بارزانی دەدا، ئەمەش لەوەدا دەرکەوت کە هەموو دەسەلاتی خۆی وەگەڕخست تا زەمینە بۆ بارزانی خۆشبکات کە سەفەری تاران بکات و بەخۆی ئەم پێشنیارەی بخاتە بەردەم بەریتانییەکان، بارزانی پتر لە هەیڤەك لە(بەهو)ی ئەفسەراندا لە تاران مایەوە زۆر بەرێزەوە وەکو میوانێکی رەسمی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.

کاتێ بەریتانییەکان پێیان راگەیاند کە وەڵامی بەغدا ئەوەیە کەگوایە ناکرێ ئەم داوایەی جێبەجێ بکرێ، ئێرانیەکان پێشنیازی ئەوەیان کرد کە بارزانیەکان لە ناوچەکانی چیای (الوند)ی رۆژاوای (هەمەدان)ی دەوروبەری ناوچەکوردنیشنەکانی ئێران نیشتەجێ بکرێن هەر چەندە بارزانی دڵی پێوەبوو کە ئەم پێشنیارە قەبوڵبکرێ، بەڵام شێخ ئەحمەدی براگەورەی، کە سەرۆکی رەسمی عەشیرەت بوو، و دوابڕیارش بە دەستی ئەو بوو، پێشنیاری گۆڕینی رەفزکرد هەڵبەتە بوونی ئەم هێزە چەکدارو شەڕکەرو چەلەنگە، لەم ناوچە سنوورییەدا کە تازە ئازاد کرابووەوە، مایەی نیگەرانی هەمایونی بوو، ئەمە پاڵی پێوە نا کە بچێتە نەغەدە و سەردانی شێخ ئەحمەد بکات و داوای دوا وەڵامی لێبکات و بزانێ بەتەمای چییە، بەڵام شێخ ئەحمەد نەیدەویست هەروا سوك و ئاسان گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە بۆیە پێی گوت بەخۆ و خێڵەکەیەوە، زەمانەتی بەریتانی و عێراقی هەبێ یان نەبێ، بۆ عێراق دەگەڕێنەوە لە سەری رۆیی و گوتی چاوەڕوانی بەهاردەکەن تا رێگە بکرێتەوە و بتوانن ناوچە سنوورییە سەختتەکان ببڕن، هەمایونی، ئەم هەڵوێستە نادیارو ئاڵۆزەی لە بەرگرانبوو، سەبری سواو بە شێخ ئەحمەدی گوت کە تەنیا سێ رێگەتان لە بەرە و چوارەمی نییە، یان دەمودەست و بێ چاوەڕوان کردنی خۆشبونی هەوا بۆ عێراق بگەڕێنەوە یان چەك دابنێن و تەسلیم بە ئێران ببن و گوێ رایەڵی بڕیاری ئێران بن، دەنا بە پێچەوانەوە دەبێ خۆبۆ شەڕی سوپای ئێران ئامادە بکەن.

هەمایونی نەغەدەی بەجێ هێشت و گوتی دوو رۆژی دی بەهێزەکەیەوە دێتەوە بۆ وەڵام و بڕیاری کوردان بە راستیش دوای دوو رۆژان هاتەوە، بەڵام کاتێ هێزی سوپایی ئێران بە پشتیوانی تۆپ و تانك، پاش دوو رۆژان هاتە نێو نەغەدەوە، تاقەیەك بارزانیی لەو دوانزە هەزار بارزانییەی نەبینی، لەتۆ وایە زەوی قووتی داون.

شتێکبوو لە بابەتی مەحاڵ کە هیچ تاقمێك بتوانێت بەو زستانە سەختە، کە لە زۆر شوێندا بە شەوان پلەی گەرمی دەگەییە سی نمرەی خوار سفرەوە، ئەو رێگاوبانە شاخاوییە ببڕێ و چوار سەد کیلومەتر رێگا بەنێو زریان و رەنوو و هەرەسی بەفردا بڕوات کەچی بارزانیەکان بە حوکمی ورەبەرزی و خۆراگری و خۆشەویستی و گوێڕایەڵی بۆ سەرۆکەکەیان ئەمەیان کرد، ئەم کوردانە باشترین چەکی ناو عەمارەتی کۆماری مهابادیان، بەرلەوەی هێزەکانی ئێران دەستی بە سەردابگرن لەگەڵ خۆدا هێنا بوو، لەوانە پتر لە سێ سەد تفەنگی هەڵبژاردە، سەدوبیست رەشاش، دوو تۆپی مەیدانی و کۆمەڵێك نارنجۆکی دەستی زۆر.

## محمد رەزا شای پەهلەوی هەڵوێستی توندبوو

بارزانییەکان، لە سەرەتادا، لە لایەن هێزەکانی جەنەراڵ هەمایونییەوە تەنگەتاو نەکران جەنەراڵ هەمایونی پێی وابوو مانەوەی لە بارەگای زستانەی خۆیدا زۆر چاکترەلەوەی ئەو کوردانە راوبنێ کە تەواو دوور کەوتبونەوە بەڵام شاکە هەزار کیلۆمەتریك لەوێندەرەوە دووربوو، زۆر توند بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ هێزە هەڵبژاردەکەی کۆماری مهاباد دەرس و پەندێکی وەها دابدرێت کە هەرگیز ژبیری نەکات. ئێرانییەکان لە سەرەتادا ویستیان بە پێی سیاسەتی (کوتی بکەوکۆتی بکە) عەشیرەتی هەرکێ بکەن بەگژ بارزانی یەکاندا، بەڵام ئەم هەوڵەیان سەرینەگرت ئەوە بوو هێزەکانی سوپای ئێرانیان خستە مەیدانەوەو بارزانییەکان بەرەو سنوری عێراق چون، دیارە هەم کەشو هەوا لە باربوو، هەم شارەزای ناوچەکەش بون، ئیدی شەڕەکان بریتی بوون لە سووکە پێکادانی رۆژانەو پەراگەندە کە زیانی ئێرانییەکان زۆر لە هی بارزانییەکان زیاتربوو، ئیدی ئێرانییەکان پەنایان وە بەرتۆپ و فرۆکان بردو کەوتنە بۆردومانی و تۆپبارانی ئەو ژن ومناڵانەی کە بەلوتکەو زنارانداا هەڵدەگەڕان یان بەقەد پاڵی هەزار بەهەزاردا دادەگەڕان، بەڵام بەو حاڵەشەوە لەسەرەتای نیساندا گەیشتنەوە خاکی عێراق و لە شەڕی ئێرانییان خەلەسانن لەم کاتانەدا هەندێ

کەناڵی کوردی دەسەڵاتدار لە بەغدا، توانیان کارێکی وەها بکەن کە عێراقییەکان چ کارێکی سوپایی دژی بارزانییەکان ئەنجام نەدەن، بەلای کەمەوە دەرهەق بەو رۆژە.

بەو جۆرە مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد لە ناوەندی هەیقی نیساندا خێڵەکەیان گەیاندەوە ناوچەی بارزان بێ ئەوەی عێراقییەکان یان بەریتانییەکان هیچ دژایەتییەکیان بکەن. شێخ ئەحمەد بە خۆو چەند پیاوێك و هەموو ژن و منداڵەکانەوە تەسلیم بەحکومەتی عێراق بوو، وەزع و حاڵیان زۆر شڕبوو ماندو و شەکەتبوون، پێویستیان بە ماوەیەکی زۆر هەبوو تا ماندوێتی ئەو سەفەرە دژوارەیان لە لەش دەربچێت و وەحەسێنەوەو بێنەوە سەربەخۆ، بەڵام مەلا مەستەفا وای بەچاك زانی لەگەڵ کۆمەڵێك جەنگاوەری هەڵبژاردەدا، بۆ ناوچە سەختە سنورییەکانی تورکیا پاشەکشە بکات و لەوێ خۆ پەنا بدەن و چاوەنۆڕ بکەن ئاخۆ رۆژگار چ شتێکی تازەیان دێنێتەرێ.

پاشان بە دیارکەوت کە ئەم بڕیارە یەکجار ئاقڵانە و حەکیمانەبووە دەرکەوت کە کابینەی حکومەتی عێراق پڕە لەو عەرەبە ناسیونالستانەی کە لەژێر کاریگەری دامەزراندنی جامیعەی عەربیدابوون، ئامادەنەبوون هیچ نەرمییەك و ئاسانکارییەك لەگەڵ رۆڵەکانی نەتەوەی کوردا بنوێنن، بنەماڵەی هاشمی لەم بارەیەوە هاوبیرو بۆ چونی ئەندامانی کابینەی وەزارەتی ئەو وەختەبوون، وەختێ لەساڵی 1939دا مەلیك غازی بەدەعمی ئوتومبیل مرد، تاجی پاشایەتی بە مەلیك فەیسەڵی دووەمی کوڕی غازی بڕا، کە هێشتا منداڵبوو.. کە فەیسەڵ و ناسیونالیستە عەرەبەکان سەیریان کرد خۆیان خودان بڕیارو دەسەڵاتن، لێبڕان زۆر بە ساردی و بە توندی مامەڵە لەگەڵ کوردا بکەن کۆمەڵێك لەو ئەفسەرە کوردانەی کە وازیان لە سوپای عێراقی هێنابوو، و لەگەڵ بارزانیدا پەیوەندییان بە سوپای کۆماری کوردەوە بوو، لەگەڵ شێخ ئەحمەدا تەسلیم بووبوونەوە حکومەتی عێراق هەر بۆ ئەوەی بیانکات بە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکانی دی گرتنی و دانی بە دادگایەکی سوپایی، حوکمی ئیعدام دران و زۆربەخێرایی حوکمەکە جێبەجێکرا یەکێك لەو ئەفسەرانە نەقیب عزت عبدالعزیز بوو، هەر چەندە ئەم پیاوە یاوەری شەخسی(وەلی عەهد)بوو، بەڵام ئەمە شەفاعەتی بۆ نەکردو دادی نەدا.

### سەرچاوە


کوردگەلی لەخشت براویی غەدرلێکراو، دکتۆر گوینتەر دێشنەر، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف. چاپ دووەم - 1999- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر.



# قازی محمد و عشائرەکان باوەڕیان بە یەکتر نەئەکرد

میرزا محەمەد ئەمین ـ مەنگوری



لە کاتی شەڕدا فیشەك ئەدرا بەو کەسانەی کە تفەنگی برنەویان پێبوایە، نەفەراتی چەکداری 3تیر ساڵدات انگریزی- فیشکیان چنك نەئەکەوت، چونکە فیشەکی ئەو وێنە تفنگانەیان نەبو.

لەبەرئەوەی کە قازی محمد زۆر بە عەشائرەکان دڵ خۆش نەبو چەکەکانی بۆ نەئەگۆڕینەوە بە برنەو.

قازی محمد ئەگەر بوی بکرایە بە زوترین کات ئاغواتەکانی لەناو ئەبرد جا ئەو بێ باوەڕ و(دردۆنگیە) بوبو بە هۆی ئەوەی کە عەشائیرەکان سەر لە فەرمانی قازی محمد بپیچنەوە وە بۆ نەمانی تێبکۆشن.

لە زۆر ڕوداو و متینگا قازی محمد ئەی وت هەتا ئێستا بەسەر چوار شتا سەرکەوتووم.

1. هەڵکردنی ئاڵای ئازادی کوردستان.
2. بێ هێزکردنی ئاغایەکان.
3. دامەزراندنی دایرەی فەرهەنگ.
4. کرینی چاپ.

جا بەم هۆیەوە ئاغاواتی عەشائیرەکان هەستیان بە پاشەڕۆژێکی خەراپی خۆیان کردبو. بە تەرزێکی نهێنی دەرگای مخابراتیان لەگەڵ حکومەتی ئێرانا کردبوۆە.

لەو باوەڕەدا بوم، ئەگەر لە ترسی ڕوس وملا مصطفی و حمە رشیدخان نەبوایە هەر زو ئاغایەکان لە قازی محمد ڕائەپەڕین و قازی محمد و ئەنجومەنی ئایالەتیەکەیان لەناو ئەبرد. حاشایان لە هەزار کورد وکوردستان و ئازادی ئەکرد. چونکە بۆ دەوری دەربەگیەتی و ئاغایەتی جاران یان زۆر پەشیمان بوبونەوە.

کە کچی کرمانجی بە پارە بفرۆشن و شیریایی ژن ئەوان وەربیگرن. وەلە هەمو شتیکا برابەش و شەریکە برابن لەگەڵ کرمانجا. دار داری ئەوانو پشت پشتی کرمانج بێ.

هەتا ڕادەی لێك هەڵبەزینەوەی قازی محمد و ئاغایان گەیشتە ئاقارێك کە عمرخانی شکاك- کە یەکێك بو لەسەر لەشکرەکان و کرابو بە پارێزەری ناوچەی سەقز، بەشی باشوور جنوبییەوە لە ژێرەوە لەگەڵ حکومەتی ئێران کەوتە مخابرەوە ئەگەر(70هەزار تومانی بدەنێ جبهەی جەنگ چۆڵ بکات.

کاك اللو اغای حسن اغای- (قولقوڵە) لە هەمان کاتا. لە ژێرەوە دەرگای مخابراتی لەگەڵ حکومەتی سقزا کردبوۆە موچەی(80) ئەمنیەی بە دروستی هەمو مانگیك وەرئەگرت.

لە هەمان کاتا علی اغای اسعدی- رئیس عشیرەتی دیبکری و حاجی بایز اغاو حاجی محمود اغای ئیلخان زادە حکومەتی ئیرانیان هان ئەدا کە هێرش بەرێتە سەر قازی محمد. کە لە وەختی خۆیان ئەو باسەتان بە درێژی ئەخەینە بەرچاو.

مام عزیزی قرەنی اغا- رئیس عشیرەتی مامەش- عبداللە خانی رئیس عشیرەتی مەنگوڕ- ملا خلیلی گورە مەر- محمد اغای عباسی- حاجی ابراهیم اغای گەورك ئەو سەرۆك عشیرەتانە لە ڕوی بێ مبالاتی قازی محەمەدەوە. هەموویان لەگەڵ حکومەتا کەوتنە ووتووێژ و بەڵێن و پەیمان بەستن و واداری بە مەنسەب و دەسەڵاتی گەورەتر. هەندێکیان هەڵاتن و چون بۆ تاران، هەندێکیشیان لە ژێرەوە بەرگی سیخوریان بۆ دەوڵەتی ئیران لەبەر کردبو لە دژی قازی محمد.

هەندێ دەستکاری سابڵاغیەکان و پیلان هەڵبەستراوی عەشائیرەکان بو بەهۆی ئەوەی کە نێوانی قازی محمد و حمە ڕەشید خانیش تێك بچێ. حەمە رشید خان ناچاری ئەوە ببێتەوە کە خۆی فڕێ بداتەوە باوەشی پۆلیس و بەندیو دورخرانەوەی بۆ ڕمادیە و کەرکوك.

بێ سیاسەتی قازی محەمەد بو بە هۆی تەکێنەوەی زۆربەی عەشائیرەکان. قازی محمد چاوی لە ئازربایجانیەکان ئەکرد کە توانیان زۆر بە گورجی ڕۆحی ئیقطاعی و دەرەبگایەتی لە ناوچەی خۆیانا نەهێڵن وەیاسای تودە و شیوعەت تا ئەندازەیك بگەینەجێ، جا ئەو چاولێکردنو دەرسەی ئازربایجان لە قازی محمد نەئەوەشایەوە. چونکە موقف و جێگا و ڕێگا و ڕۆژی سیاسەتی قازی محمدو ئازربایجان زۆر لێکدوربون. قازی محمد وەختی ئەو هەنگاوەی نەبوکە لەگەڵ عەشائیرەکان تێکبدا و یاسای شیوعی بخاتە بازاڕی کوردستانەوە.

ناوچەی ئازربایجان لەگەڵ ناوچەی کوردا نێوانێکی زۆری هەبو، ئازربایجانیەکان هەر ئەوەندەیان وڵات هەبو کە چنگیان کەوتبو وە بە تەمای هیچ وڵاتیکی تر نەبون کە داگیری بکەن، بەڵام دەوری قازی محەمەد زۆر قۆناغی گەورەو منزلی دورتری مابو کە بیان بڕێ. وەکو ئازادی عیراق، سوریا، کوردی تورکیا، نفوزی عەشائیرەکان لەو کاتەدا

بۆ قازی محمد زۆر پێویست بو، چونکە بە پروپاگەندە هیوای نفوز بڵاوکردنەوەی عەشائیرەکان زۆر هەنگاوی قازی محمد جێگیر ئەبو.

لە ناو کوردستانا ڕوحیەی عەشائیرەی زۆر زیندو وە بەتینە بۆ بڕینی هەندێ مراحلی نیشتمانپەرستی. کورد و ئازەربایجان فەرقێکی زۆریان هەیە. ئازربایجانیەکان ناچاربون کە بە گورجی یاسای تودە سەرپێ بگرن- بەڵام کوردەکان جاری ئیشیان تەواو نەبوبو کە کاڵای شیوعیەتیان بخستایەتە بازاڕەوە. بە دوملیون کوردی ئازادکراوی مهاباد(15)ملیون کوردی غیرە ئازادکراو بترسێنن.

جا لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێن کە قازی محمد نەئەبو بەم پەلەپەلیە یەقەی ئاغاوات و خان و بەگەکانی بگرتایە و ئیعلانی شەڕی لەگەڵا بکردنایە. چونکە لەو کاتەدا عەشایرەکان بە هێزبون و ئەم پێویستی بە کۆمەگی ئەوان هەبو

مصطفی کمال و ڕەزاشا لە دەوری خۆیانا بە هەزاران فڕوفێڵ وهێز و ڕاپەڕین، نەیانتوانی روحی عەشائری و ئاغایەتی لەناوبەرن و بەچەند پەیمانی فێڵاوی وەکو پەیمانی سعد اباد و-کاخی سفید و گلستان- ویستیان گیانی عەشائری بێهێز بکەن، بۆیان نەکرا.

عەشائرەکان زو ئەبن بە کۆمەگ و زوش ئەتورێن- بەڵام کە زانایەکی هونەرمەند هەبێ ئەتوانێ بە سلیقە و مێشکی عشائری لەگەڵیانا بجوڵێتەوە تا ئەندازەیەکیش باری تەماعیان نیشانبدا. زۆر لەو سەربازانە باشتر شەڕ ئەکەن کە بەموچەو یاسای زۆر بە هێز پەروەردە کرابن.

عەشائیرەکان سافیلکە و خۆش باوەڕن. ئەگەر لە ڕێگای ڕاستا لەگەڵیان بدوێی زۆر بە ئاسان دێنە سەر ئەو بارەی کە کورد پێویستی پێ ئەبێ.

عەشائیرەکان بە تەماعێکی کەم ئەتوانن لەو حکومەتە بدەن کە وا خاکی کوردی داوەتە بەر لەپ- چونکە ئیستقلالی کورد، یا ئەبێ بە خوێنرێژی وە یا بە هۆی قەڵەم و ئەحزابگەریەوە تأمین بکرێ.

خوێنرێژی چەك و پارەی‌ەکی زۆری ئەوێ کە ئەو مەبەستەی پێ ببرێتەسەر. هێزی حزبی دیمکراتیش لەوکاتەدا ئەوەندەی تەوانا نەبو کە بە پێشمەرگەی حزبی، لە دەوڵەت و عەشائیرەکان بدات جا کە وابو ئەبوایە قازی محمد عەشائیرەکانی بە گران و هەرزان لە حکومەت هاندابا. ڕێگایێکی وای نەهێشتبایەوە کە عەشائیرەکان پیا ڕویشتبان بۆ لای حکومەت. چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندیدا. عەشائیرەکان دەستێکی باڵایان هەیە لە چەکداری و شەڕکردنا. لە زۆر دەورا دەوڵەتانی عەرەب و فارس و تورك سودیان لە نفوزی عەشائیرەکان کردووە بۆ سەر شۆڕکردنی ئەو دەوڵەتەی کە ویستویانە شەڕی لەگەڵا بکەن.

عەشائیرەکان لە شەڕی ناوخۆیی و شەڕی لابەلایی چەتەیدا زۆر لە سەرباز باشتر شەڕ ئەکەن.

ڕوتکردنەوەی عەشائیرەکان لە چەك و داماڵینیان لە ملك، بۆ هۆزێك ئەگونجێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دامەزراوبێ و لەهەمو بارێکەوە خاوەنی هێز و چەکو تەوانابێ. لە پروپاگەندەی دەرەوە پشت ئەستوربێ. یا حزبێك ئەتوانێ نفوزی ئاغوات و خانوبەگ نەهێڵێ کە لەسەر هێڵێکی ڕاست و دیمکراتیەت مەودایەکی زۆر بێ و لە خەبات و تێکۆشانا بێ. هەمو فەلاح وەرزێرو ڕەنجبەرەکانی ئەو عەشیرەتە لەناو حزبو سیاسەتا قاڵ بوبێتەوە. بە تەماعی دابەش کردنی زەویوزاری ئاغا میللەتەکە هەستابێتە سەر پێوە هێزی دەرەبەگ بێتین بوبێ.

بەڵام قازی محمد- لە دەوریکا داوای نەهێشتنی اغاواتو دەرەبەگی ئەکرد. کە هیچ تقریری مصیری ڕون نەکرابو. کەس نەیئەزانی بەسەربەخۆیی ئەژی یا ئەخریتە ژێر حوکمی ئازربایجان.

دەوڵەتی ئێران ئیعتراف بەم کیانو ژیانەی ئەکات یان لێ ئەدات. جا پێش ئەوەی کە قازی محمد ئەو قۆناغانە ببڕێ، لەسەر ئارەزووی شیوعی و شیوعی پەرستەکان جارێ لەگەڵ ئاغایەکان معرەکەو قڕەی میراتی دابەستبو. لە زووترین کاتا- عەشائیرەکان جێگایەکی مەترسی بوون بۆ دەوڵەتەکانی بێگانە. چونکە چەکی عەشائیرەکان بە هەمیشەی بۆتە کۆسپێك لەڕێی پەلاماردانی دەوڵەتەکانی بێگانە.

دەوڵەتانی بێگانە مەترسێکی گەورەیان لە چەکداری عەشائیرەکان کردووە چونکە ئەو هێزەی هەتا ئێستا لە دەوڵەتانی عەرەب و تورك و فارس و رووسیی دابێ هەر عەشایر بووە. یان بەهیوای عەشائیرەکان ئەو حکومەتانە لە یەکتریانداوە لەزۆر کاتا.

بەڵێ نزامی سۆسیالیستی- لە دژی چینو تەبەقەی ئاغاوات و دەرەبەگێتیە، بەڵام ئێمە کە کوردین جارێ لەم کاتو ڕۆژەدا هیچ سودێك لەم تطور و ئالوگۆڕە ناکەین چونکە هەرچی کە بیکەین بێگانە سودی لێ وەرئەگرێ نەك کورد.

کورد ئەبێ تێکوشانی بۆ کورد بکات نەك بۆ بێگانە. کورد ئەبێ شۆرش بۆ بەرزی کوردستان بکات نەك بەرزی وەلآتانی دەرەوە، هەر میللەتێك کە دەست ئەداتە چەك و لەدژی حکومەتەکەی خۆی ڕائەوەستێ مانای ئەوەیە کە تەئسیرێك و دڵ شکاوی و نارەزایەتی یاساو زۆرداری ئەو حوکومەتەبووە وا ئەو میللەتە ناچار بووە کە بەرگی هەڵگەڕانەوە و شۆرشی لەبەرکردووە.

بۆ دەورێکی خۆشتر و ئاسایش تر هاتۆتە مەیدانی شۆرش و خوێن ڕێژیەوە. بەڵام کە دی دەوری حکومەتی پێشووی لەدەوری ئەم حکومەتەی ئێستایەی داخۆشتر و ئاسان تر و بەسوودتربووە. ناچار ئەبێ بۆ بادانەوە بۆ لای ئەو حکومەتەی کە لێی هەڵگەڕاوەتەوە جالە ئێرانا عەشائیرەکان و ئاغوات و خان و بەگەکان ئەو مەسرەحەیان دی، لەو شانوی سینماییەی مهاباد بەتەواوی کەوتنە بەرچاوی ولآتان.

جا لەبەرئەوەی کە هیچ وێنە ئیحترام و ڕیزێك بۆ ئاغواتو خانەکان نەمابۆوە لەدەوری قازی محمدا، ناچاربون کە با بدەنەوە بۆ لای حکومەت وە هەوڵی لەناو بردنی ئەو حکومەتە بدەن کە لە هەمو باریکەوە سەر وماڵیانیان خستوتە مەترسی و نەمانەوە.

من لەگەڵ ئەو باوەڕەدانیم کە بڵێم تەبەقەی ئاغواتو دەرەبەگ مانەوەیان شتێکی باش بێ. بەڵام من ئەڵێم لە وەختێکی ئاوا ناسکو تەسکا لاوانەوەیان لە تۆرانیان پێویست ترە، چونکە ئیشیان پێتێکئەچێ. لەو باوەڕەدام ئەگەر قازی محمد توانیبای دڵی عەشائیرەکانی ڕابگرتایە و بەمستقبلی داهاتو تەمادار و دڵخۆشی بکردبانایە، هیچ ئاغایەك نەئەبو بە لاینگری حکومەتی ئێران، چونکە جەفا و ڕەزالەتو سوکێتی زۆریان لە ئێرانیەکان دی بو. بەڵام لە دەوری قازی محمدا- زۆرتر سوکیو مەترسییان چاو پێکەوت، بۆیە بە تێکڕایی بایاندایەوە لای حکومەت. چونکە لە زەمانی حکومەتی ئیرانا هەر دەوڵەتو داوایەکەیان لە ژێر مەترسی دابو،

بەلاّم لە زەمانی قازی محمدا سەر و ماڵو ناموسیشیان کەوتبوە مەترسیەوە. بۆنمونەی ئەو چەند ڕوداوەی خوارەوەتان بە عرض ئەگەینم کە من خۆم شخصیا رئیس حزبی جەوانان بوم لە ناوچەی سرا و ناوچەی سەقزا.

## حزبی جەوانان

لە ژێر سەرۆکایەتی علی خسرەوی سابلاّغی و بەمستشاریەتی ئەسدۆف ناوی ممثلی سیاسی روس، حزبێك لە ناوچەی مهابادا پێکهات بەناوی (حزبی جەوانان- گەنجان- ئەندام و مرشحینی ئەو حزبە هەمووی ئەبوایە لەدەمڕوت و گەنج پێکهاتبایە.)

ڕاپەڕینەکەیان زۆر بەسام و ترسی نەربو. ئەو حزبە لە حزبە خۆینرێژەکانی ئەوروپایی ئەکرد. هەر فەرمانێکیان کە پێ سپێرابایە ئەبو بەبێ گیروگرفت پێکیان هێنابایە.

نەفەراتی ئەو حزبە ئیمتیازێکی تایبەتیان هەبو لە هەموو ڕاپەڕین و تێکۆشانیکا. ئیشەکانیان وەکو بروسکە وابو. نابێ و ناکرێ لە بڕیارەکانیانا نەبو. نیشانەیکی زەرد و سوریان بەسەر سینگەوە دادورابو هەندێ نیشانەیان لە مفرەق و هەندێ کیش یان لە پەڕۆ دروست کرابو. لە ڕۆژی 31 تموزی1946 عبدالرحمن ویس و سید بابانی حسینی هاتنە مەرکەزی سرا تشکیلاتی حزبی جەوانیان لە سەرا کردەوە، بەناوی حزبی جەوانانی(سقز و سەرا وظیفەی سەرۆکی ئەو حزبەیان بەمن ڕەوا دی.)

ئەو باسە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە(70)دا بلاّوکرایەوە بەلاّم لە گەڕانەوەی حمە رشیدخان بۆ عیراق من ئەو وەزیفەی سەرۆکی حزبی جەوانانەم دایە دەست محمد محمود کە لەقەبەکەی محمد قدسی بو، جا ئەو حزبە لەناو کوردی ئێرانا سامێکی زۆری پەیدا کردبو.

ئەگەر ئازربایجان لەو چەندانەدا تسلیم بە ئێران نەبوبایەوە هەرچی ئاغوات و خانویەکی کوردەواری بون لەسەر دیهاتو شوێنەکانیان دەرئەکران.

بەلاّم بەختی ئاغا و زۆرداری دووبارە ئاغا و ئاغاژنیان هینانەوە سەر حکم و داروفەلاقەیان بۆ مسکین و کرمانجە هەڵگراوەکانیان دانایەوە.

ئەو حزبە هیچ گوێی نەئەدایە سوکی و بێ نەزاکەتی بەرامبەر بە ئاغایەکان. ئاغایەکان لە هیچ کاتێکا خۆیان بە خاوەنی سەر و ماڵو ژن نەئەزانی بو دەوری ئیرانی و ئەمنیە سوتخۆرەکان پەشیمان بوبونەوە.

لە پەنای ئەو حزبێکی شیوعی نهێنی لە دی باسی کەند) لە ژێر سەرۆکایەتی عزیز خانی ئاغای باسی کەند) کرابوۆوە کە پێیان ئەووت پاڵەپشتی حزبی جەوانان، بەلاّم وەکو حزبی جەوانان ئەو خۆی ئاشکرا نەکردبو هەر والە پەناوە دەستی ئەخستە ناو ئیشەکانی سوسیالیستی دروست کردن.

سەربەخۆیو ئازادی بۆ چینی دەرەبەگ و شۆڤینی نەمابۆوە. هەتا مجێوری مزگەوتەکانیش بە هیوای بەشومیراتی ئاغا خۆیان خستبوە ناو حزبی جەوانانەوە.

قازی محمد هەتا ڕەشو ڕوتیکی لە چینی کریکار و فلاح ئەهی نایە ژێر فەرمانی حزبیەوە و چەکداری لەلایەن ئاغاکانەو، وەلی تەفرەئەدراو پشتینەی بەربەرەکانیان لەزد ئەبەست.

قازی محمد ئەوەی بەراوورد کردبو کە کوردستان لە 50هەزار(دێ) پترە. ئەگەر لە هەر دێیەکا دوو و ئاغا و سێ چوار کەسی سەر بە آغای لێ برەنجێ دەستەی ڕەنجاو توراوان ئەکاتە نیو ملیون کەس.

بێگومان پڕوپاگەندەی نیو ملیۆن کەسی چەکدار و پارەدار معدەی باقی دانیشتوانی کوردستان تێکئەدا. ئەگەر تێکیشی نەدا ئەوا ئەو مەبەستە ئەشێوینی کە قازی محمد و دەستەی جەوانانی حزبی سوسیالیستی بەقونەخشکێ بۆی ئەچون.

چونکە دەوڵەمند و ئاغایەکان لە پێش ئەو ئینقلابەدا لایان وابو کە مبدەئی سوسیالیستی دەستکاری سەروەتو نفوز ناکات خەڵکەکە بە گەورە و بچوکیەوە ئامادەبون بۆ ئیستقبالی رووس، بەلاّم لە دواییدا کە چاویان کرایەوە. تەماشایان کرد هەر ئاغاژنو کارەکەرێکیان بەدەست برا فەلاحێك و برا تێکوشەرێکی پیشەسازی و جەوانیکەوەیە لەو جەوانانەی کە قازی محمد چەکی داونەتە دەست بو پاریزگاری کوردستانی مەزن وە کوردستانی هەمو کوردیك. لە پێش دروستکردنی کوردستان جارێ پەلاماری ناموسی ئاغایان ئەدا بەلێ مللەتان بە لەناو بردنی ئیقطاعیەتەوە ڕەجعی و دەرەبەگیەتی پێشکەوتون شۆڕشی فرانسا لە ساڵی1789 و شۆڕشی ئۆکتوبەری رووس لە1917دا بەڵگەی ئەوەیە کە بە توانەوەی ئەو خانو بەگو ئاغواتانە رووسیا و هەندێ ولاّتانی ڕۆژهەلاّت پێیگەیشتون، بەلاّم ئەوەندەی هەیە ئەو ڕاپەڕینە جارێ بۆ کورد دەست نادا چونکە کورد لە مراحلی ژیانو گیانی ئیستقلالیا هیچ قۆناغیکی نەبڕیوە. تا جارێ لە پێش هەموشتیکا بەگژ ئاغاکانا بچێت و نفوز و مەبەستی سوسیالیستی لە ولاّتەکەیدا بلاّوبکاتەوە، کە ئەو بیرە تەنها بۆ سودی شیوعیەت تەواو ئەبێ نەك کوردیەت، قازی محمد بۆ خویو محمد حسین خان سیف و صدری قازی برای دییان لە ناوچەی مهابادا هەبو قازی محمد ئەیزانی کە ژیانو یاسای دەرەبەگیەتی چۆنە وە چ دەنگیك لەم بەسەرهاتە دیتەڕو. بەلاّم وا دەرئەکەوێکە پەنجەێکی ناچاری ئەو ئیشەی پێکردبێ کە ناچار بوە بەسەر ئەم نەخشەی غەلەتەدا بڕوا. هەر ئەو پەنجەیەش بو کە داری ئازایەوە هەڵی ئاوەسی دیسان ئەو یاساو نظامەی حزبی شیوعی وە لەناوبردنی اغا و ئاغاژن لەم وەختەدا بو ڕوسیش هەر هەڵە بو رووسەکانیش ئەبوایە باریکیان تعقیب بکردایە کە دوربایە لە قرەو غەوغای ناوخۆیی. ئەو ڕاپەڕینو ئاغا و ئاغاژنە دەرکردنەیان هەڵگرتبا بو وەختیکی ئارام تر و پێویست تر، بەلاّم رووسەکان ئەو ئیشەیان بۆ پەراوە

دامەزراندبو. ئایا ئەگەر ئێرانیەکان بەڵێنەکانیان ئەبردەسەر تا چ ئەندازەیەك ئەتوانن بە یاسای شیوعیەت لە ئێرانا پەیرەوی بکەن‌و، کوردەکان تا چە ئاقاریك حەز لە ژیانی سوسیالیست ئەکەن وە ئەڕون لەگەڵیا.

جابۆ تەدارەکاتی ئەو ڕۆژە ئەو(مەتەڵەیان) لە قازی محمد داهێناوەو پەراوەکەیان بە قازی محمد کرد.

لە سەر ڕاپورتی حزبی جەوانان زۆر ئاغای گەورە لە سابلاغ زیندانی‌و خانەنشین کرابون. لەو باوەڕەدا بوم ئەگەر ئەو حکومەتە تا مەودایەکی تر بەو تەرزە مابایەوە ئەو ئاغایانە یان هەموو لە داری سیاسەتە ئەدان، بەڵام بەختی ئاغوات لە بەختی کاکی فلاح بەهێزتر بوو.

## سەرچاوە

بەسەرهاتی سیاسی کورد، میرزا محەمەد لە 1914 1958، بەشی یەکەم، چاپی دووەم سلێمانی/ 2000.

از راست به چپ : مرحوم قاضی محمد و برادرش مرحوم صدر قاضی

□ نووسینی: عەبدولڕەحمان قاسملو

لە مانگی بەفرانباری1325دا دادگای پێشەوا قازی محەمەد و حوسینی سەیف قازی دەستی پێکرد. لە رۆژی 9ی بەفرانبار(3ی دیسامبەری1946)دا سەدری قازیشیان لە تارانەوە هێناو لە مەهاباد زیندانی‌یانکرد، بەم شێوەیە هەرسێ قازی پێکەوە دادگایی کران، ئەم دادگایە نهێنی بوو نەیان دەهێشت کەس بزانێ چی لە دادگا روودەدا، لەلایەکی دیکەوە کاتێك پێشەوا قازی و هاوڕێیانی داوایان کرد کە بۆ خۆیان پارێزەر (وکیل مدافع) دیاری بکەن ئەوەش لەلایەن دادگاوە رەدکرایەوە سەرۆکی دادگا سەرهەنگ فیرووزی زۆری رق لە جوولانەوەی دیموکراتی گەلی کورد و لە شەخسی پێشەوا بوو، پێشتریش بە نوێنەری لەشکری ئێران لە زەمانی کۆماری کوردستاندا هاتبوە مەهاباد، سەرەڕای ئەوەی کەدادگا نهێنی بوو و نەشیان هێشت پێشەواو هاوڕێیانی بۆ خۆیان پاریزەر هەڵبژێرن و بە زۆر پارێزەریان بەسەر داسەپاندن، رۆژی 19ی مانگی بەفرانبار(9ی ژانویەی1947)پێشەوا بۆ خۆی دیفاعێکی رێك وپێك و ئازایانەی کرد کە14سەعات درێژەی هەبوو، و هەموو تاوانەکانی دادگای فەرمایشی لەشکری شای رەدکردەوە ئەوسەنەدو بەڵگانە کە لە دەستدان تەنانەت ئەوانەی بە دەستی دوژمنانی گەلیش نووسراون بە چاکی نیشان دەدەن کە پێشەوا بە هەستی مەسئوولییەتێکی گەورەوە کە مێژوو خستبوویە سەرشانی، ئەوەندەی لە توانای دابوو و ئەوەندەی هەل و مەرجی دادگایەکی فەرمایشی نیزامی رێگای دەدا لە ئاواتەکانی گەلی کورد و ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەروەها هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان ئازایانە دیفاعی کرد.

پێشەوا قازی لە رۆژەکانی یەکەمی شکانی کۆماری کوردستانەوە دوو مەسەلەی زۆر بەچاکی لە بەرچاو بوون:

## یەکەم

ئەوەکە باش دەیزانی مردن چاوەروانیەتی‌و تاقی کردنەوەی چەندین ساڵ خەباتی گەلی کورد بۆی دەرخستبوو کە لەگەڵ دژمنێکی زۆردار و فێڵباز تێکەوتووە کە بە خوێنی ئەو وهی وەك ئەو تینووە، هەر بۆیەش لە یەکەم رۆژی گیرانی را تا دادگافەرمایشییەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی رووداوکان و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لە قەڵەم بدا، قازی دەی هەویست بەم جۆرە هەم بە رێگاو ئامانجاکانی حیزب و گەل وەفادار بمێنێتەوە و هەم ئەوەندەی دەکرێ لە تاوانی هاوڕێیانی کەم بکاتەوە، تا بەڵکوو بتوانێ کەمێك سزایان سووکتر بکا.

## دووهەم

ئەوەبوو کەپێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەمەد نییە، بەڵکوو جوولانەوەی دیموکراتی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجاکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانبار دادەنێ هەربۆیەش وەك رێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەلادە خوێنمژەکانی رێژیمی شا قارەمانانە راوەستا و دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد.

دوژمنانی گەل زۆریان هەوڵدا قازی بێننە سەرئەوە کە بلێ لە کردوەی خۆی پەشیمان بۆتەوە و داوای لێ بووردن بکا و لە بەرامبەریاندا بەچۆکدابێ، بەڵام پێشەوا قازی دادگای نیزامی و کاربەدەستانی ئەرتەشی شاهەنشاهی بە چۆکداهێناو ناچاری کردن کە بەرامبەر بە گەورەیی و ئازایەتی ئەو سەردانەوێنن، تەنانەت لە ژووری داخراودا کە نە تەماشاچی لێ‌بوو و ئەپاریزەر و نەدادگاش دادگا بوو، لەسەر سووکایەتی‌یەك کە بەگەلی کورد کرا پێشەوا قازی کورسییەکەی هەڵگرت و لە سەری دادستانی نیزامی راکێشانەك هەر کۆنەپەرستی ئێران بەڵکوو ئاغابێگانەکانی، ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس هێشتا هەر هیواداربوون کە قازی محەمەد بە فریو بەرن و کارێکی وابکەن پشت لە کارو کردەوەی خۆی و گەلی خۆی بکا و تەسلیمی ئەوان بێ، بەڵام پێشەوا قازی ئەمجارەش نەچووە ژێر بارو پێشنیازی نوێنەرانی ئەمریکای کە دە رۆژ پێش ئیعدام چوو بوون بۆ لای بە توندی رەدکردەوە، نەلەهەرەشەکانیان ترسا و نەبەڵێن و وەعد و پەیمانەکانیانی بە هیچ دانا، پێشەوا قازی بەو سوێندەی کە لە 24ی رێبەندانی 1324(13ی فیوریەی1947)دا بەرامبەر بەگەل و نیشتمان خواردبووی وەفادار مایەوە، شەهیدبوو بۆ ئەوەی گەلی کورد سەربەرز بژی.

رۆژ3 ی رێبەندانی1325(23ی ژانویەی 1967) واتە ساڵێك و رۆژێك پاش ئەوەی بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژیرا پێشەوا قازی و هاورێکانی مەحکووم بە ئیعدام کران، بەڵام بەجێ‌هێنانی حوکمی ئیعدام وەدواخرا، 77 رۆژی تەواوی پێ چوو تالە رۆژی15ی خاکەلێوەی1327 (25ی مارسی 1947)دا حوکمی ئیعدام لە مەهاباد بەرێوەچوو.

ئەوە کە حوکمی ئیعدام زیاتر لە دوو مانگ وە پاش خرا چەند هۆی هەبوو:

یەکەم: پێشەوا قازی شەخسییەتێکی زۆر خۆشەویستی سیاسی بوو و نە دەکرا هەروا بە هاسانی بێلێکدانەوە ئیعدام بکرێ، هەربۆیەش سەعاتی سێی بەیانی پاش ئەوەی مەیدانی چوارچرا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو و لە سەربانەکان تیرباریان دانابوو، قازی و هاورێیانی لە سێدارە دران، کاتێك کە خەڵك لە خەوهەستان ئیدی پێشەواو هاورێیانی شەهید ببوون بەم جۆرە نەك هەر دادگای پێشەوا و هاورێ یانی بەدزی بوو بەڵکوو تەنانەت ئیعدام کردنەکەشیان هەر بەدزی بەرێوە چوو، هۆی دیکە ئەوە بوو کە ئەو کاتە جارێ بەربەرەکانی لە کوردستان تەواو نەببوو و

بە تایبەتی بەربەرەکانی بارزانییەکان نەک هەربەردەوام بوو، بەڵکوو زەبری زۆر توندیشی لە لەشکری شادا بوو و ڕژێمی کۆنەپەرستی تاران ترسی ئەوەی هەبوو کە ئیعدامی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی ببێتەهۆی نارەزاییەکی زیاتری خەڵکی کوردستان و رەنگە تەنانەت ببێتە هۆی دژەکردەوەیەکی توند لە لایەن خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە.

لەسەر ئیعدامی قازییەکان هەرلە نێو کاربەدەستانی تارانیشدا ناکۆکی هەبوو هێندێ لە بەرپرسیارانی سیاسی دەوڵەتی، لایەنگری ئەوەبوون کە قازی و هاوڕێکانی ئیعدام نەکرێن، بەڵام ئەرتەشییەکان زۆریان هەوڵ دەدا کە هەرچی زووترە حوکمی ئیعدام بەرێوەبچێ، چونکە لەو بڕوایەدا بوون کە پێشەوا قازی هەم لە زەمانی کۆماری کوردستاندا دژی لەشکری شا راوەستاوە و تەنانەت بەچاوێکی سووک سەیری ئەفسەرەکانی کردووە و هەم لە زەمانی دادگایی کردندا بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبووە بچێتە ژێرباری داخوازەکانی نیزامییەکان و ئازایانە راوەستاوە و بەربەرەکانی لەگەڵ کردوون، لەشکری شا ئەوەی بەبێ حورمەتی بە خۆی دەزانی و داوای سەری پێشەوا قازی دەکرد.

لە ئاکامدا، پاش پێ داگرتنی ئەمریکاییەکان کە پێیان خۆش بوو ئیسباتی بکەن کەسێک دژی سیاسەتی ئەمریکا بجووڵێتەوەو لەوەش زیاتر لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیێتی دۆستایەتی بکا لەقامووسی ئەواندا سزای هەر کوشتنەو بەپێی هەڵوێستی شەخسی حەمەرەزاشا کە لە هەموو کەس زیاتر ئینتیزاری هەبوو قازی محەمەد ئیعدام بکرێ، بریاری دوایی دراو شا حوکمی ئیعدامی ئیمزا کردو بۆ سەرتیپ هومایوونی نارد کە ئەوکاتە بۆ بەرێوەبردنی شەڕی لەشکری ئێران دژی بارزانییەکان لە ورمێ بوو. ئەمری بەرێوەچوونی حوکمی ئیعدام رۆژی 9ی خاکەلێوە(29ی مارس) گەیشتە دەستی هومایوونی ئەویش بە بێ سیم بە مەهابادی راگەیاندو لەسەر ئەو ئەمرە رۆژی 15ی خاکەلێوەی1327 بەو شێوەیە کە باسمان کرد پێشەوا قازی محەمەد وبراکەی ئەبولقاسمی سەدری قازی و ئامۆزاکەی محەمەد حوسێنی سەیف قازی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران، لەومەیدانە کە رۆژی2ی رێبەندانی 1327 (22ی ژانویەی1947) دامەزرانی کۆماری کوردستانی تێدا راگەیاندرا بوو و قازی محەمەد بە سەرکۆمار هەڵبژێرابوو.

(شەخسییەتی قازی محەمەد پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلەو مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کەپێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لەژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو پێشەوا قازی محەمەد رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەورۆژگارەدا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورددا زۆرکەم بەدی دەکرا.

قازی محەمەد لە شارستانیەت و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو، زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیسی و عەرەبی و فەرەنسی و رووسی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا دەستێکی باڵای هەبوو لەگەڵ ئەوە کە رووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکەو بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەواردا دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا روابوو بەڵام دیسانەکە لەگەلی خۆی نیزیکبوو، دەردوئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆرباش تێ گەیشتبوو لە هێنانەگۆڕو دەرختستنی ئەو دەردو ئازار وهیوا و ئاواتانەدا لە هەمووکەس سەرکەوتووتر بوو، بە خۆرایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک خۆی ناز ناوی "پێشەوا"ی پێ دابوو، پێشەوا قازی هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو، لەهەمووکەس باشتر دەیزانی وڵاتەکەی چەندە دواکەوتووە و گەلە خۆشەویستەکەی چەندە بێخاوەنەو هاونیشتمانەکانی لە چ وەزعێکی نالەبار و لەنێو چ کوێرەوەری و هەژاری و ئازار و ئەشکەنجەیەکدا دەژین.

هەموو ئەو تایبەتمەندییانە ببون بە هۆی ئەوەکە قازی محەمەد نرخێکی زۆر گرینگ لە جووڵانەوەی دیموکراتی ساڵەکانی1325-1324(1945-1947)دا باری بکا، شەخسییەتی ئەو رێز و حورمەتێکی تایبەتی بۆ لای ئەو راکێشابوو. قسەکانی قازی ئیعتیبارێکی تایبەتی یان هەبوو و نەزەری ئەو بەراست و دروست دەزانرا.

پێشەوا قازی زۆر تێدەکۆشا رێزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا، ئەو راستییە مێژووییەی لەبەرچاو بوو کە یەکێک لە هۆیەکانی ئەساسی تێکشکانی هەموو راپەرینەکانی پێشووی گەلی کورد، نەبوونی یەکیەتی ویەک دەنگی نێو خۆیی بوە، پێشەوا قازی زۆری هەوڵدا ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان هەڵبگرێ، هەر چەند ئەوە کارێکی هاسان نەبوو بەڵام تارادەیەکی زۆر سەرکەوت.

لە شاری مەهاباد یەکێتیەکی بێوێنەی لە نێو هەموو دانیشتواندا پێک هێنابوو، تەنانەت پاش تێک شکانی جووڵانەوەش، پاش هاتنی لەشکری کۆنەپەرستی ئێرانیش کەس کەیف خۆشی و شادمانی دەرنەبڕی، کەس ئامادە نەبوو دەست بۆ رێبەرانی کۆماری کوردستان درێژ بکا.

پاش شەهیدبوونی، زۆر رەخنە لە پێشەوا قازی گیراوە رەخنەکان یەکودوو نین، بەڵام لە هەمووان گرینگ تر ئەوەیە کە بۆچی بەرامبەر بە پەلاماری کۆنەپەرستی ئێران رانەوەستاو وبەربەرەکانی نەکرد؟ هێندێک کەس نەزەریان ئەوەیە کە ئەگەر راوەستابا وبەربەرەکانی کردبا وەزع بە تەواوی دەگۆڕا.

(راستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانی یە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێک کە ئەو زۆر باش دەیزانی چەند فێڵباز ودرەندەیە، بەڵام قازی محەمەد ئەو کارەی بۆ پاراستنی گیانی خۆی نەکرد، بەڵکوو ئەو مەسئوولییەتە گەورەیە کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو پێشەوا بۆ ئەو کارە هاندا راستی ئەوەیە کە پاش لێکدانەوەیەکی زۆر کە پێشتریش باسی کرا، پێشەوا قازی هیچ دەرەتانێکی لە بەربەرەکانیدا نەدەدی نەشی دەویست خوێنی خەڵکی بێ دیفاعی کورد بە دەست لە شکری داگیرکەر بڕژێ ئەگەر بڵێین تەسلیم بوونی قازی محەمەد هەڵە بوو، ئەو هەڵەیە لە پێش هەمووواندا بە نرخی گیانی خۆی تەواوبوو، ئەو کەسانەکە پێشەوا قازیان، ناسیوە و ئاگایان لەرابردوو و ژیانی بوە دەیان زانی کە پێشەوا دڵخوازانە خۆی تووشی ئەو هەڵەیەکرد، ئینسان دۆستی ئەو هێندە زۆر بوو کە دەی هەویست بکوژرێ، شەهیدبێ تا زۆرکەسی دیکە زیندوو بمێنن.

چەند رۆژ پاش ئیعدامی پێشەوا قازی و هاورێکانی، چوارکەس لە باشترین ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان: "عەبدوڵا ی رەوشەن فیکر"، "حامیدی مازووجی"، محەمەدی نازمی "ومحەمەد رەسوولی نەغەدەیان" لە مەهاباد و هەروەها"عەلی بەگی شیرزاد" فەرماندەی هێزی بۆکان لە شاری بۆکان لە سێدارە دران دوو حەوتوو پێش ئیعدامی پێشەواو هاورێیانی لە26ی مانگی رەشەمەی ساڵی1325(17ی مارسی1947)دا یازدە کەس لە سەرۆک عەشیرەکانی فەیزوڵا بەگی و گەورکی سەقز کە لە کۆماری کوردستاندا چالاکانە بەشدارییان کردبوو، لە شاری سەقز لە سێدارە دران کە بریتی بوون لە: ئەحمەد خانی فاروقی(سالار)، عەوڵاخانی مەتین، حەمەخانی دانیشوەر، عەلی خانی فاتح، حەسەن خانی کانی نیاز، حەمەدبەگی باباخان بەگ، ئەحمەد جانی شەجیعی (شەنگە)، شێخ ئەمین ئەسعەدی کەس نەزانیێ، ئاغا سەدیقی ئەسعەدی بازی بلاغی، عەلی ئاغای جوانمەردی تەموتەو رەسوولێ، ئاغای مەحموودی میرەدێ.

بیروڕای سەرانی لەشکری شا لەو کاتەدا ئەوە بوو کە دەبێ هیندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانیش ئیعدام بکرێن بۆ ئەوەی ئەوانی تر بترسێن و تەسلیمی سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی بن، بەراستیش حەق بڵێین سەرانی ئەرتەش باشترین کەسانیان بۆ ئیعدام کردن هەڵبژارد چونکە سەرۆک عەشیرەتەکانی فەیزوڵابەگی و گەورکی سەقز لە وەفادارترین پشتیوانانی کۆماری کوردستان بوون.

بەم جۆرە رژێمی کۆنەپەرستی تاران باشترین کاربەدەستانی کۆماری کوردستانی شەهید کرد، لەو 28 کەسانەی کە لەمەهاباد دادگایی کران بەشێکیان بەزیندانی ئەبەد، بەشێکیان بە 15ساڵ و هیندێکیان بە زیندانی 2تا 15ساڵ حوکم دران، زۆرکەسیش لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان دوای گەیشتنی ئەرتەش بە مەهاباد رایان کرد و زۆربەیان چوون بۆ عیراق و سووریە.

لەشکری ئێران دەستی بە لە نێوبردنی هەموو شوێنەواری کۆماری کوردستان لە مەهاباد کرد، کتێبە کوردییەکان بە ئاشکرا لە مەیدانی شار سووتێندران، بەڵگەکانی زەمانی کۆماری کوردستان یا پێشتر خەڵک لە ترسان سووتاندبوویانن و یا پاشان لەشکری شا لە بەینی بردن، تەواوی هەوڵ و تەقەلای دەوڵەتی مەرکەزی ئەوە بوو کە هیچ شوێنەوارێک لە کۆماری کوردستان نەمێنێ.

## سەرچاوە

چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، د. عبدالرحمن قاسملۆ، ل118-128



# لەسەرکۆمارییەوە بۆ ناو زیندانی داگیرکەر

مەحمود مەلا عززەت

ئەو هۆو گیروگرفت و کۆسپانەی کۆمارەکەی کوردستانیان ڕووخاند زۆربوون، باسکردن و چوونە ناو درێژەی ڕووداوەکان لەبەشێکی تردا دەخوێنینەوە، لێرەشدا بەمەبەستی وێنەگیرییەکی ڕوونی سەردەمەکە، بەچڕی، ئاماژە بۆ هۆ گرنگەکان دەکەین، تا جگە لەمەسەلەی ڕووخاندنەکە، لەدیاردەیەکی تری زۆر هەستیار بکەین، کە خۆبەدەستەوەدانی سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد بوو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەهۆیەکی تری ڕووخاندنەکە دادەنرێ، زیاتر لەوە بۆ تێگەیشتن لەتەواوی دیاردەکە، دەشبێ لەبیروبۆچوون، هەڵوێست و هەست و نەست، بیروباوەڕو بۆچوونەکان و ئاکارە گرنگەکانی قازی محەممەد و شەخسیەتی شارەزابین، وەك هەندێکی لەپێشەوە دەرخرا، بۆ تەواوکردنی مەبەستەکانی دروستکردنی وێنەیەکی نزیك لەواقیعی سەردەمەکە، لەگەڵ هۆکارەکانی ڕووخاندن، دەبێ لەو ڕووداو و کێشەو ئەو گرفتانەی لەرۆژانی پێش ڕووخاندن، بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی ئازەربایجان سەری‌انهەڵدا بگەین و شارەزایان بین بە تایبەتی لە:

-. ناکامڵیی هەلومەرجی دامەزراندنی کۆمارو ناڕەسیوبی زەمینەکەی.

-. کێشەو گرێ و گۆڵی ناوخۆ، گیروگرفتە سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان، لاوازیی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسی... هتد

-. فرە دوژمن، جیاوازیی نێوان توانای ئابووری و سەربازی کۆمار و بەرامبەرەکەی، ڕۆڵی خراپی زلهێزەکان لە یارمەتیدانی ڕژێمی شاو ڕۆڵی ناحەزو دوژمنانەی ئەمەریکا و ئینگلیزەکان.

-. نەبوونی دۆستی ستراتیجی.

-. ڕۆڵی خراپی یەکێتی سۆڤیێتی، بەتایبەتی دوای مۆرکردنی پەیمانی نەوت لەگەڵ تاراندا(1)

-. کشانەوەی لەشکری سوور بێ ئەوەی لایەنی کەمی یارمەتی کۆمار بدات، تەنانەت ئەو تۆپانەی درابوون بەکۆماری ئازەربایجان وەرگیرانەوە، دەگوترێ کە ئامۆژگاری هەردوو کۆمار کرا کەرێگە لەئەرتەش نەگرن... هەڵوێستەکە وا نیشان درا کە سۆڤیەت یارییەکەی تەواوبوو، بۆیە بەرژەوەندی هەردوو کۆمارەکەی خستە لاوە، چونکە ئیتر پێویستی بەگوشار خستنەسەر تاران نەما زیاتر لەوانە:

لە11ی دیسامبەری1946دا ئازەربایجان ڕووخا، ڕووخانێکی کتوپڕی وا کە بوو بە بوومەلەرزەیەکی گەورەی سیاسیی ڕووخێنەر، سەرانی کۆمارەکە هەڵهاتن، خەڵکی تەوریز و دەوروبەری کەوتنە بەردەم هێرشی ئەرتەشو شەڕوئاژاوەو کوشتن و برین و تالانی و تۆڵەسەندن هەموو شوێنێکی کۆماری ئازەربایجانی گرتەوە ڕووداوەکان زۆر قەبەتردەکران و دەگەیشتنەوە مەهاباد، ئەوانەش زیاتر لێپرسراوانی کوردی دەخستە بەردەم بیرکردنەوە لەهەمان دیاردە و هەڕەشە.

ئەو ڕووخاندنە، بەو ئاسانییە، کۆماری کوردستانی خستەناو بازنەیەکی بێ دەربازگە.

دەڵێن هاشموف ئاگاداری نمایندانی کوردی کردووە کەهێزێکی بچووکی ئەرتەش بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی مەجلس دێت و پاشان دەگەڕێتەوە.. ڕەنگە ئەمەش هەر لە هەمان هەڵوێستی ڕووسەکانەوە بووبێ کەکاتی خۆی پاش هێرشەکەی ڕەزمئارا بەهێزێکی زۆرەوە بۆ سەر بەرزاییەکانی مامەشا کەهێزێکی زۆر بچووکی کۆماری لێ بوو و سەرنجام بەسەرکەوتنی ڕەزمئارا کۆتایی هات، ئیتر لێپرسراوانی سەربازی کۆمار کەوتە سەر دانانی نەخشەی پێشکەوتن تابتوانن سنەش ڕزگار بکەن... بەڵام هاشموف، کۆنسوڵی سۆڤیەتی لەورمێ، لەدێی سەرا چاوی بەپێشەوا کەوت و ئاگاداری کرد کەهێرش نەکرێتە سەر ئەرتەش چونکە ڕەنگە شەڕی گەورە دروست ببێت و ئەوانیش ناتوانن کۆمەکی کۆمار بکەن....(2)

دوای ڕووخانی کۆماری ئازەربایجانیش:

. ئەو تیرەو هۆزە کوردانەی هەر لەگەڵ ڕژێمدا بوون کەوتنە جموجۆڵ و هەڕەشە.

. هەر زوو پێش ئەم ڕووداوانە، بەهۆی ناکۆکی خێڵەکی و ناڕەزایی لە سیاسەتی گفتوگۆ وەك لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێ، جەنراڵ حەمە ڕەشیدخان کۆماری بەجێهێشت و چووە عێراقەوە.

. جەنراڵ عومەرخانی شەریفی، سەرۆکی ئێلی شکاك، خۆی لە کێوەکانی "زیندەشت" گۆشەگیر کردبوو.

. زۆر سەرەك خێڵی تر چاویان لەوکردو دانیشتن.

. هەندێکی تر کەوتنە هاوکاریی ئەرتەش و ئامادەبوون بۆ هێرش بردنەسەر دیموکرات.

. سەرلەشکر (همایونی) هێزێکی لەمەنگوڕ و مامەش و دیبوکری کەبەشێکیان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ تاران بوون، ئامادەو پڕ چەك کرد.

هەر دوای کۆبوونەوەکەی مزگەوتی عەباس ئاغا کەتیایا بڕیاری دامەزراندنی شورای بەرگری و بەرەنگارکردنی ئەرتەش درا:

. میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی ئەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشایەری و هی تریش خۆیاندا بەدەست ئەرتەشەوە.

. مەلا عەبدوڵڵای مودەڕیسی و مەلا حوسەینی مەجدی کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەندو باوی بێسوودی بەربەرەکانی و شەڕی ئەرتەش.

. هەندێ لەدەوڵەمەندو مەلای مزگەوتی مەهاباد وەلایان بۆ ئەرتەش برد.

بەو جۆرە شڵەژاوی‌و ئاژاوە، بروا بەخۆ نەمان، هەوڵی خۆرزگار کردن بڵاودەبوونەوە، "ئەبولحەسەنی تەفرەشیانی" لایەکی ئەو تراجیدیاو سەرلێشێواویەی ڕووبەڕووی کۆمار و پێشەوا ببوەوە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە، ئەو دەڵێ: کاتێ نامەیەکی سەرهەنگ عزت، سەرۆکی ستادی مەلا مستەفا بەدەستم گەیشت (مەبەستی عزەت عەبدولعەزیزە) کە هەواڵی ڕاکردنی پیشەوەری پێدەگەیەنی دەچێت بۆ لای تا پرسیاری ڕووداوەکانی لێ بکات...

ئەو پێی گوتم: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات هەمویان هەڵاتوون و ئیتر شتێك بەناوی فیرقەوە نەماوە... ئەرتەشی ئێرانیش هەر لەو دوو سێ ڕۆژانەدا تەواوی ئازەربایجان داگیر دەکا، جا ئێستا خۆتان بڕیار بدەن! خێڵی بارزانی لێرە ماڵ ی کی نییە کەبەرگری لێبکا، ئێمە لە ڕاستیدا لەهەوادا ماوینەوە، ئێوەش ئێستا وەزعێکی ئاواتان هەیە ناتوانن خۆتان بگەیيننە تەورێز، دژ شۆڕش لەڕێگادا هەر نەبێ بۆ وەرگرتنی چەکەکەنتان ئێوە وەبەر گوللە دەدا، ئەگەر بە سەلامەتیش بگەنە تەورێز لەوێ ڕوون نییە چ‌ی‌تان بەسەردێ، تەنیا ئەرکی ئێوەو ئێمە لە کاتی ئێستاش پاراستنی گیانی خۆمانەو جا بۆ خۆتان بڕیار بدەن بزانن چ دەکەن، ئێمە بەرەو مەهاباد پاشەکشە دەکەین ئەگەر ئێوەش پێتان خۆشە لەگەڵ ئێمە وەرن... هتد

ئەوەی ناوبراو بە سێ ڕۆژ دەگاتەوە مەهاباد و لەوێ ویستوویەتی پێشەوا ببینێ، پێیان گوتوە کەچوە بۆ میاندواو تا پێشوازی لە ئەرتەش بکات، ئینجا سەیفی قازی دەبینێ و دەڵێ: ئەو گوتی: ئێمە بۆ خۆشمان نازانین چ کارەین، بەڵام بەبیروباوەڕی من مانەوەی ئێوە لەمەهاباد مەسڵەحەت نییە، چونکە هەردەم لەوانەیە ئەرتەش بێتە مەهابادەوە"(3)

## زیاتر لەوانە:

لە15 دیسامبەر ئەسەدۆف نمایندەی بازرگانی ڕووسەکان، مەهاباد بەجێ دەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتە ورمێ.

سەرهەنگ غەفاری، هەر ڕۆژێك دوای هەرەسی ئازەربایجان بەهێزێکەوە دەگاتە بۆکان، عەشایەری ناوچەکە کەوتە پەیوەندی و ئامادەبوونی خزمەت بۆ ڕژێم..

هێمنی شاعیر لەباسی ڕۆژگارەکەدا دەڵێ:

لەو ماوەیەدا من هەمیشە لەگەڵ پێشەوا بووم، دیارە لەگەڵی نەچوومە حەمامیان" بەڵام لە شاری بەجێم نەهێشت دەمدیت پەشۆکا بوو بەڵام نەك لەترسان، بەڵکوو لەداخان، لەبەر ناهومێدی....(4)

ئیتر بارودۆخەکە بەو جۆرە شڵەقا بو، ڕووخاندن لە ئارادابوو، بێهیوایی، ترسی گەڕانەوەی ئەرتەش و ترسیی کوشتن و بڕین، هەڕەشەی عەشایەر و تاڵانی و تۆڵەسەندن، ڕووداوەکانی تەورێزو دەوروبەری... هەمووساتێك لەبەرچاودا لەبیرو کردارو چاوەڕوانیدا هۆش و گۆشی داگیرکردبوون کورت و پوخت قاسملو واتەنی:

"پێشەوا هیچ هیوایەکی بەتێکۆشان یا یارمەتی هێزە دیموکراتیەکانی ئێران نەمابوو... پێشەوا قازی هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کەکۆماری کوردستان توانای بەربەرەکانی بەرامبەر بەدەوڵەتی مەرکەزی نییە، بۆیە تەنیا مەبەستێکی کەپێشەوا قازی پەرۆشی بوو ڕزگارکردنی خەڵکی مەهابادو دانیشتوانی قەڵەمڕەوی کۆماری کوردستان لە کوشت و کوشتاربوو...

"لەناو ئەو مەترسییانەو ئەو بێهواییەدا، هیچ لەبەردەم پێشەوادا نەمابوو جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی نەبێ، بۆیە لە16ی دیسامبەردا بەتەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ همایونی کرد، دوای تەلەفۆن لەگەڵ حاجی بابە شێخی سەرەك وەزیران و سەیفی قازی وەزیری جەنگ دەچنە حەمامیان و خۆیان دەدەن بەدەست ئەرتەشەوە... دوای قسەکردنی لەگەڵ همایونی، پێیان دەڵێ کەبگەڕێنەوە مەهاباد، بەو جۆرە هەم کوردان هێمن دەکاتەوە و هەم مەترسی بارزانییەکان و ئەو عەشایەرانەی تا ئەو کاتە ملیان بۆ ئەرتەش نەدابوو، دوور دەخاتەوە.

کە پێشەوا دەگەڕێتەوە مەهاباد، بارزانی خۆی دەگەیەنێتێ و چاوی پێی دەکەوێ، تا وای لێبکات مەهاباد چۆڵ بکات و خۆی نەدات بەدەستەوە، هەمان ئەو قسەیەی کەلەو چەند ڕۆژەدا دەیگوت و هەر وەك بەهەندێ لەسەرکردەکانی حیزبیشی گوتبو، کاتێ باسی پاشەکشە بۆ سۆڤیەت یا بۆ عێراقی لەگەڵ دەکەن، دەڵێ:

دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە بەڵام قەیدی نییە، خەڵك بەجێ ناهێڵم.. لە باسی ژیانیشیدا، باسی ئەوەکرا بو کە پێشەوا پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە، بڕیاری خۆی ئەدا، ئیتر دوای ئەوە نەیدەگۆڕی" ئەو بڕیارەش ئاسایی نەبوو لەدایکبووی ئەو ساتە نەبوو، بۆیە دەبوو خۆشی لەپێناودا دابنێ تەنانەت هەروەك کوڕی ڕەش لە زمانی"مینا خانمی" دایکیەوە دەگێڕێتەوە کەلەڕۆژانی کۆتاییدا:

. دەوڵەتی شورەوی وتی ئامادەن هەتا گەسکی ماڵیشت بۆ هەڵگرین و هەموو شتێکت بۆبار بکەین.

. قونسوڵی ئینگلیز لە تەورێز داوای کرد بێتە عێراق و لەڕێی عیراقەوە بچێتە ئینگلستان.

. ئەمەریکای یەکانیش چاویان بە قازی محەمەد کەوتبو، داوایان لێکردبوو ببێتە پەنابەر لەدەرەوە. (6)

بەڵام هیچیانی قەبووڵ نەکرد لەڕاستیدا لۆجیکی رەوتی رووداوەکان نیشانەی پرسیار لەبەردەم ئەو سێ هەڵوێستەی ئەو سێ زلهێزە دادەنێت ئەگەر راست بن.

بەم جۆرە دوارۆژی کۆماری- رۆژی کارەساتی نەتەوایەتی ورمانی کۆمار هاتەبەردەم.

ئەوەبوو لە رۆژی 17ی دیسامبەری 1946دا دوای ئەوەی سەرەك کۆمار و دەستەیەك لەبەر پرسیاران و هاوبەشانی کۆمار لە"کوکتەپە" پێشوازی ئەرتەشی رژێمی تارانیان کرد، لەو رۆژەدا جارێکی تر عەجەم مەهابادی داگیرکردەوە و کۆتایی بەسەردەمێکی کورتی ئازادی، بەڵام نەمرو هەمیشە لەیادا، هێنا. سیمبولی ئازادیو سەربەخۆیی کورد بەدەستی دوژمن هەرەسی پێهێنرا، نەك "ئاشبەتاڵ" وەك هەندێ لەنووسەرانی کورد وای ناو لێدەنێن.

چونکە بەکارهێنانی"زاراوەیەکی والە تراجیدیا و کارەساتێکی نەتەوایەتی وا گەورە، رەنگە هەر درشتیی بیرکردنەوە یا دژەکرداری لەدەستچوونەکەی کۆمار و، مەزنەی ئەگەر پێشەوا خۆی بەدەستەوە نەدایە ئەوا رەنگ بوو رووداوەکان رەوتیان بەجۆرێکی تر بکردایەو، وەبوویێ، ئەگینا لە پرۆسەیەکی مێژوویی وا مەزن و نەمردا، دەبێ:"ئاشەوان، ئاش، باراش، خاوەنباراش کێبن ئەگەر هەر ناوێك لەگەڵ سەرکردە، شۆڕش، جەماوەر وپێشمەرگەو شەهیدان وە ئامانج و دروشمەکان جووت بکرێت، وا دەزانرێ چی سووکایەتییەك دەبێ بۆ ئەو ناوە پیرۆزانە، تەنانەت ئەگەر دوژمنەکە یا دۆستە دوژمنەکەش بخرێتە سەریان وا دیسان هیچ لەمەسەلە ناگۆڕێ، دیارە ئەمەش بۆ خۆی باسێکی گرنگەو لێرەدا مەودای ئەوە نییە درێژەی پێبدرێ.

## پێشەوای گەل لەبەردەم مەحکەمەی "بدوی سحرایی"دا

دوای داگیرکردنەوەی مەهاباد، ئەرتەش کەوتە سەروکاری سڕینەوەی شوێنەواری کۆمار، ئەفسەران زۆر بەپەلە بوون بۆ گرتن و لەسێدارەدانی قازییەکان.

بۆیە همایونی و ئەفسەرانی بەرپرسیار لەناوچەکە کۆبوونەوەیەکیان کرد تیایا گەڵێ بڕیاریاندا... لەوانە:

-. راوانانی بارزانییەکان.

-. چەککردنی هەموو عەشایر.

-. گرتنی ئاژاوەچی و موتەجاسرین.

هەرچەند شای ئێران لێبووردنی گشتی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستیان بووایە نەیدەگرتەوە سەرتیپ"همایونی"یش وەك سیمبولی رژێمی تاران لە مێژووی شکاندنی گفت و بەڵێن و پەیمان، هەر بەوەوە نەوەستا"تەئمینی جانی"یەکەی خۆی باسی کردبوو: "بەرلەوەی قازی محەمەدو سەرانی تری حکومەتی کوردستان بچن بۆ لای گفتی(تەئمینی جانی) پێدابوون بخاتە ناو تورەکەی بێبەڵێنی و شکاندنی پەیمان، لە21ی دیسامبەردا پێشەواو سەیفی قازی و دەیان تێکۆشەر و لەدواییشدا، گەیاندنەوەی سەدری قازی لە تارانەوە بۆ مەهاباد بەحەپسی، لەزیندان توندکران، دادگا سازکرا.

رایگەیاند کەهەر کەسە سکاڵاو بەڵگەی لەدژی بەندییەکان هەیە رایگەیەنێ"

بەڵام"رووداوەکان رەوتی خۆیان بەهێمنی پێوا، هیچ کارەسات و دژەکردەوەیەکی لەم چەشنە نەقەوما."

(دیارە کە مەبەستی لەرووداوەکانی ئازەربایجانە) مەحکەمەی بدوی سحرایی بەسەرۆکایەتی (سەرهەنگ پارس تبار) و دادوەری گشتی (سەرهەنگ فیوزی) دەستی بەکاری خۆی کرد. "تاوانەکان" زۆر بوون: دامەزراندنی جەمهوریەت و بوونە سەرۆکی، بەرزکردنەوەی ئاڵای سێ رەنگی کوردستان، بەرگی جەنراڵی پۆشین، گۆڕینی ئاڵای ئێران و لابردنی نیشانی شێرو خورشید، کوشتنی ئەفسەروسەربازانی ئەرتەش، کۆبوونەوەو قسەکردن لەگەڵ بێگانەو چوونە باکۆ، بەڵێنی ئیمتیازی نەوت بەرووسەکان... هتد.

بەڵگەش سەرجەمی رۆژنامەو بڵاوکراوەو وتارو دیدەنی و ئەو نامەو وێنانە بوون کە کەوتبوونە دەستیان.

پێشەوا قازی محەمەد هەر زوو روونی کردەوە کەئەم دادگایە نایاساییەو دەسەڵاتی ئەوەی نییە موحاکەمەیان بکات، چونکە سەربازییە و ئەمان سڤیلن، لەرووی"پارێزەر" و"ماوە" نایاسایین، بەڵام گوێ لەو قسانە نەگیرا.. نەخشەیەو دانراوە... مەحکەمەی بدوی سحرایی دەبێ حوکمی خۆی بە سەر قازییەکاندا بدات، ئیتر یاساو بەرگری و پارێزەر رۆڵیان نامێنێ بۆیە لە23ی جانیوەری1947دا بڕیاری لە سێدارەدانی هەر سێ سەرکردەکەی کورد درا.

بەئومێدی ئەوەی لەتاران موحاکەمە بکرێنەوە، داوای چاوپیاخشاندنەوەو دادگای "تەمیز"یان کرد، چونکە پێشەواو هاورێکانی وایان مەزنە کردبوو کە ئەگەر لەوێ بدرێنە مەحکەمە لە ئیعدام رزگاردەبن.

مەحکەمەی تەمیزی سەربازی بەسەرۆکایەتی (سەرهەنگ عطائی)و دادوەری گشتی (سرهنگ نکوزاد)و پارێزەران: (ملازم صلح جو) و(ملازم نبوی) لە28ی مارسی ئەو ساڵەدا دەستی کرد بەمەحکەمەکردنەوەی پێشەواو هاورێکانی. دادوەری گشتی "تاوانەکانی خوێندەوە، هەمان کۆنەکان و"تاوان"ی نوێش: راپەڕینی چەکدارانەی دژ بەدەوڵەتی مەرکەزی، بەسووکی روانینە حکومەتی مەرکەزی، سووتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

## پێشەوا لەدوو مەحکەمەدا

پێشەوا بەرامبەر تاوانەکان ئازاو لێزانانە لە هەردوو جارەکەدا بەرگری لە خۆی و هاورێکانی کرد، چەندین سەعات لەسەر قسە بەردەوام بوو: "گوتبووی سەرچاوە و وەرۆحهێنەری ئەمن لەم کارە، نیشتمان و

نەتەوەکەم بووە. هەرچییەکی ئەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن، بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن لەو کاتانەشا هەوڵی ئازادکردنی زیندانییەکانی تری داوە: "کاتێ کە چووم بۆ سەردانی پێشەوا کە سەرهەنگ(پارسی تباری) دێت پێی دەڵێت: "بۆ ئەو خەڵکە لە خۆڕاگیراوە، ئەوانە هیچیان نەکردووە ئەگەر کەسێك هەبێ مەسئول و بەرپرس بێ هەر منم."

چیرۆکی مەحاکەمەکردنی پێشەواو هەردوو هاورێکەی هەرچەندە کورت و بەچەند رۆژێ ئەنجام درا، بەڵام سەیرو مێژوویی و بێوێنە بووە. دەنگوباسەکانی لە ناو ئەرشیفەکانی ئەرتەشدا زیندانی کراون، کەمێکی لەسەر زاری ئەفسەرەکان وهەر ئەوەش کەئەوەی مەبەستیان بووە بلاوکراوەتەوە، سەرچاوەیەکی تر، سەروان(پەروێزی و شەریفی)بوە کە خۆیان ئاگاداری رووداوەکانی مەحکەمەکە بوون.

ڕۆژێك سەروان شەریفی دەچێتە ماڵی خێزانی قازییەکان بەدڵپڕییەوە وتوویەتی: "حەیف بۆ قازی محەمەد، بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیرو زانایە، دوێنێ لە کاتی مەحکەمەدا بەبێ کاغەز 4سەعات وتاریدا بەزانست و مەنتقی خۆیەوە هەمووانی حەیران کردبو... لە هەموو کەس باشتر قانوونەکانی ئێرانی دەزانی، لەهەموو کەسێك باشتر شارەزابوو لە وەزعی سیاسی ئێران و هەندەران.. لە ڕاستەقینەدا قازی بوو کە مەحکەمەی مەحاکەمە دەکرد... دەڵێن هەر لەسەر ئەوەش بوە ناوبراو لەئەرتەش دەرکراوە بەلێسەندنەوەی هەموو دەرەجەکانی"

دیسان(نجفقلی پسیان) و(سولیمان ح) وە ئەرشیفی سۆڤیەتی رووخاو(... کەمێ لەرووداوو بەسەرهاتەکانی باس دەکەن و دەنووسن:" لە مەحکەمەدا قازی محەمەد پەلاماری بردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و ئەیگوت من لەو قوژبنەی گرتوخانەوە دەنگی خۆم بەرز ئەکەمەوە لەدژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و ئەڵێم تاوانبار ئێوەن نەك ئێمە... ئێوەن کە وەڵاتتان لێداگیرکردوین و هێرشتان هێناوەتە سەرمان.

"لە جیاتی ئەمەی کە ئێوە بگیردرێن و مەحاکەمە بکرێن و، هاتون لە ماڵی خۆم ئەمنتان گرتووەو لە گرتوخانەتان هاویشتووم... تەواو ئەم بەسەرهاتەی کەڕوویداوە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە... ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخاین دەزانێ دەست لەو مەڵبەندە هەڵگرێ و ئەگەر بەنیشتمانپەروەریشیان حیساب دەکات بابهێڵن بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست خۆیانەوە."

قازی محەمەد لە تەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بەجەسارەت و نەترسی وسەربەرزی وتاری ئەداو جارێك نەدیترا سەری داخا و پەشیمانی لە کردەوەی خۆی بکات.

ئەو هەڵوێستانەو ئەو قسەلۆجیکی یاساییانە، مەحکەمەو سەرکردایەتیی ئەرتەشی نیگەران کردبوو، بەردەوام ئەفسەرانی لێپرسراو بەبێسیم لەگەڵ مەهابادا بوون پەلەیان بوو لەدەرکردنی بڕیار وجێبەجێکردنی، لای ئەوان هەمووی دەزانرا، تەنها ئەو بۆیە یاسایەی گەرەك بوو، تاله 30 ی مارسدا حوکمەکە بەلەسێدارەدان جێگیرکرا هەر کەسەرانی ئەرتەش بڕیارەکەیان پێگەیشت، بەپەلە ئاگاداری مەهابادیان کرد کەلەماوەی24سەعاتدا بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، چونکە زۆری پێنەدەویست لەسەر بڕیاری"اعلی حزرت" شای ئێران بوەستن.

## ساتەکانی نێوان بڕیارو جێبەجێکردن

"بێگومانە موحاکەمەکردنی سەرکردەکانی جەمهورییەتی کوردستان سەرنج ڕاکێشەرترین و نامۆترین موحاکەمەی سیاسی بوو کە لەمێژووی نوێی ئێراندا بێوێنە بووە"

"جعفر مهدی نیا"ی تاراندۆست بەو جۆرە پێناسەی موحاکەمەکەی پێشەواو هاورێکانی دەکا.

لەڕاستیشدا، ساتەکانی نێوان بڕیارو جێبەجێکردن، خودی جێبەجێکردنەکە، پڕبوون لەرووداوی سەرنجڕاکێشەرو دەگمەن، بگرە نامۆتر لە موحاکەمەکە، هیچ گومانیشی تێدانەبوو کەخوڵقێنەری ئەوانە، هەردوو لای سەر شانۆ سیاسییەکە بوون لای یەکەم: پێشەواو هاورێکانی کەلەمەڵبەندی نیشتمان و نەتەوەپەروەری ویژدان و یاساو داوەری، خاوەن گفت و بەڵێن و ڕاستگۆیی، ئارام و ئاساییش و ئازادیخواز، مرۆڤدۆست و زوڵملێکراو، نیشتمان و ماف زەوتکراوەوە ڕەفتاریان دەکرد.

لای دووەمیش: ڕژێمی تاران و سەرانی، کەتەواو بەپێچەوانەوە بوون.

بالێرەدا، کورت و پوخت، چەند نموونەیەك لەو ڕاستییانە بخەینە پێش چاو:

ڕۆژنامەی"جهان پاك" دوای بلاوبوونەوەی بڕیارەکە نووسیبووی: "قازی محمد و سیفی قازی و صدری قازی کە بەاعدام محکوم کران (اعلی حزرت) بۆ دڵ ن‌ەوایی کوردەکان عفوی کردبوون."

ئەو درۆیەی ڕۆژنامەکە سەرچاوەکەی سەرەك وەزیران و شای ئێران بوو کاتێ سەدری قازی پێش گرتنەکەی خۆی دەگەیەنێتە تاران، تا قوام ببینێ بەڵکە بەڵێن و وادەکانی وەبیربێت. هەموو داواکەی دێتە سەر ئەوە کەکارێ بکات بەڵکو نەنێردرێتەوە مەهاباد، چونکە لەوێ ئیعدام دەکرێ.

قوامیش دەڵێ: "دەزانیت کە گوشاری سەربازەکان زۆرە، ئەگەر تۆ نەچیتەوە مەهاباد وا خراپ تێدەگەن کە من پە یوەندیم بەفیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە هەیە، باشتروایە تۆ بگەڕێیتەوە مەهاباد تا منیش لێرە بەکاری ئازادکردنی ئێوە هەستم" ئەوە لە کاتێکدا سەرەك وەزیران دەیزانی چی دەکرێ و چۆن ڕووداوەکان دەخوڵقێنرێن، هەر خۆشی دەیزانی لەو ساتانەشدا چاوەڕوانیان دەکرد کەسەدر بێتە دەرێ وبیگرن.

با لەسەرەك وەزیرانەوە بچینە لای شاو بزانین ئەم چۆن گفت و بەڵێنی خۆی دەخاتە ناو توورەکە مێژووینەکەی ئەو نەریتە نەفرەتلێکراوەوە.

ئـارچی رۆزڤیلـت ئەفسـەری موخابـەرات لەسەفارەتی ئەمریکا لەتاران لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ:

"چارەنووسـی قـازی محەمـەد زۆری نەخایاند هەرسێك قازییەکان لەمەهاباد، لە 23ی جانوەری، لە مەحکەمەیەکی عەسکەری ئاشکرادا محاکەمە کران و حوکمی ئیعدامیان درا لەگەڵ ئەوەشدا، جێبەجێکردنی حوکمەکان لەلایەن تارانەوە دواخرا، لەبەرئەوەی کە پێخۆش نەبون لەراستەی جەنگەی وتووێژی ناسك لەتەك شوورەوییەکاندا لەمپەرو تەگەرەی بێتە سەر رێ، ئەو درێژە بەقسەکانی ئەدات: ماوەیەکی کورت بەرلەوەی لەفیبریوەری1947دا تاران بەجێبهێڵم، ژنراڵ رەزمئارا چوو بوو بۆ مەهاباد، ئەمن وای بۆ چووم کەمەبەستی لەو سەفەرە بۆ چاودێریی ئیعدام کردنی برایانی قازی بێ، جا بۆیە ئەمن بەپەلە خۆم گەیاندە لای سەفیر" جورج ئالێن" بۆ ئەوەی بزانم ئەو لەم بارەیەوە چی لەدەست دێ.

جورج ئالێن پێی گوتم: "ئەتۆ بۆچی ئەوەندە بەتەنگ چارەنووسی قازییەکانەوەی؟ دەبێ لەبیرمان نەچێ کە ئەوان لەتەك شوورەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد." ئەمن وەڵامم دایەوە : "ئەمە راستە، بەڵام ئەوان لەبناوانەوە ناسیونالیست بون وە بۆ باشتر کردنی وەزعی گەلی خۆیان ئەوەی لەدەستیان بهاتبا دەیان کرد، ئەگەر ئەوان ئیعدام بکرێن، لەچاوی کوردە ناسیونالیستەکاندا لەهەموو شوێنێکدا ئێمە وەك بەشێك لەم درندەییە دادەنرێین."

"باشە، ئەتۆ دەڵێی ئەمن لەم بارەیەوە چی بکەم؟"

"من پێم وایە ئەتۆ دەبێ داوا لەشا بکەیت کەفەرمان بدا بە" رەزمئارا" بۆ ئەوەی قازییەکان بهێنرێن بۆ تاران و لە دادگایەکی عادیلانەو کراوەدا محاکەمە بکرێن."

لەسەر ویستی سەفیر، دەستبەجێ کاتی پێدرا کەچاوی بەخاوەن شکۆ حەمە رەزا شا بکەوێت، لەم دیدەنییەدا شا هیوای دەربڕی کەدادگا عەشیرەتییەکان باشتر بەرێوە بچن، لەمانە محاکەمەی کوردەکان، پاشان ئاڵێن بەشـای گوتبـو، ئەگـەرچی قازییـەکان هاوکارییان لەگەڵ شوورەوییەکاندا کردووە، بەڵام ئەوان کارێکی زۆریشیان بۆ بەرەو پێشبردنی خوی ندەواری وپەروەردە کردوە، شا قسەکەی پێ دەبڕێ و بەبزەیەکەوە دەڵێ:

"لەوە دەترسێی فەرمانی تیرباران کردنیان بدەم". "چ ترسی وات نەبێ ئەمن نایان کوژم."

لە31ی مارسدا قازییەکان لەشەبەقی بەیاندا بەفەرمانی"خاوەن شکۆ شاهەنشا" لەداردران.

مرۆڤ بەم ئاکامە دەگا کەلەوانەیە هەر دوای ئەوەی کەسەفیرەکەی ئێمە چۆتە دەرەوەو دەرگای لە سەر گاڵە دراوە، فەرمانی ئیعدام کردنی قازییەکانی ناردبێ.

## بەرەوسێدارەو وەسیەتنامەی پێشەوا

رووداوەکان بەو جۆرە گوزەریان پێدەکرا. کۆمار رووخێنرا، مەهاباد داگیرکرایەوە، ناوچەکە خرایەوە ناو زیندانە گەورەکە، پێشەواو سەدرو سەیف چاوەروانی ئەنجامدانی بریاری مەحکەمە دەکەن، نەیاندەزانی کەی و چۆن! جار جار تروسکایی هیوا وەك بروسکەیەك لەناو بیرە ژاکاوەکاندا گوزەری دەکرد، بیرو گیانیان شەکەتی ناو مەحکەمەو هەڵمەتی هۆش و لەش بوون لە دژەکرداری دەرپەڕاندنی رستەی"کوردی سەگ سیفەت" بەرووی پێشەوادا، جاری مەرەکەبی بریار وشك نەبوو بوو نەیاندەزانی ئەو شەوەی 30ئازاری1947، هەر ئەو رۆژە، شەوەزەنگی ئەو رۆژە، دوا شەوی ژیانی دەبێت و بەرەبەیانی رۆژی 31ی ئەو مانگەدا، کاتێك خەڵکی مەهاباد لەشیرینەی خەودا دەبن ژیانی سەرکردەکانیان کۆتایی پێدەهێنن، لەپڕ بەو نیوەشەوە یەکێك خۆی کرد بەژووری زیندانەکەیاندا: خۆتان ئامادە بکەن چونکە دەوڵەت بریاری داوە بنیردرێن بۆ تاران، ئەم هەواڵە کە هەمیشە بیری داگیرکردبوون، بۆ ئەو ساتە وەك مژدەی سەرفرازی وابوو بۆ ئەوان کەوتنە ئەملاو ئەولای یەکتری ماچ کردن، داوایان کرد رێگەیان بدەن داوای پول بکەن بۆخەرجی، وەرام درانەوە کە دەوڵەت بەوە هەڵدەستێ.

پێشەوا ئامادەبوو، برایەدەرەوە، سواری لۆرییەکی پڕ لە چەکدار کرا، گوایا دەبرێ تا کەمە لێکۆڵینەوەو رێکخستنی پێویستی سەفەر سازبکرێ، لەبەر بینایەکی چەند دەرگا لە گۆشەیەکی چوارچرادا، دابەزێنرا بۆ خانووکە برا، رووەو ژوورێکی رووناك کە کرا بەژووردا ئیتر تێگەیشت کەلەدواساتیشدا دروێیان لەگەڵ کرا"مەلا صدیق صدقی" لە پشت مێزێك کە قورئانێکی لەسەر دانرابوو، سەرۆکی تەندروستی، وسەرهەنگ نکوزادو هی تریش ئامادەبوون. نکوزاد، بریارەکەی مەحکەمەی خوێندەوەو گوتی: بریاریشە کە دەبێ هەر ئێستا حوکمەکە ئەنجام بدرێ، بۆیە هەر داواو وەسییەتێکت هەیە بینووسە.

لەسەر وەسیەتنامەکەی پێشەوا، چەن ریوایەتێك باس دەکەن لەمەر هەندێ لەناوەرۆکی"جعفر مهدی نیا" و روزنامەی "مرد امروز" نووسیوویانە کەبەشێك لەوەسیەتەکە: بەشێ لە سامانی بۆ دروست کردنی قوتابخانەو نەخۆشخانە بۆ خەڵکی کورد لەمەهاباد تەرخان بکرێ، کوردی نەسیحەت کرد بەیەکێتی و شتی لەو بابەتانە.

هەرچی دوکتۆر رەحیمی قازی هەیە دەڵێ: بەگوێرەی وێژراوی ئەفسەرەکان قازی محەمەد دوو وەسیەتنامە ئەنووسێت، یەکیان لەمەر ماڵ و منداڵ و ئەوەی تریش لەمەر مەسەلەی سیاسی. ئەمەی کە لەمەر ماڵ و منداڵە ئەیدەن بەخێزانی قازی، بەڵام ئەوی دیکەیان نەدابوو ئێستاش مەعلوم نەبوو کە قازی لەوێداچی نووسیبوو لە وەسیەتنامەکەی لەمەرماڵ و منداڵ کەرووونووسەکەی بەدەستی ئێمەوەیە چەند دێرێکی مەبەستی سیاسیی تێدایە کەوا لەژێرەوە هەرچۆنێکی کەنووسیویەتی ئەیخەینە پێش چاوی خوێندەواران" .. بەو هەموو هۆیەوە کە لەئیختیار مندابو ئەگەر شەرم کردبا رەنگ بوو تێنەشکێین، بەڵام بۆ ئەمەی کەمەهاباد وێران نەبێت و بۆ خاتری تێدانەچوونی خەڵك شەرمان نەکرد.

بەو هەموو ماشێن و هەڵانەی کەلەئیختیارمدا هەبوو نەمتوانی لە مەهاباد

هەڵێم ودووجاریش لەوتارەکانی خۆمدا بەخەڵکی مەهابادم گوت، ئەمن دەمزانی ئەگەر هەڵێم ئێرەش وەکوو تەورێزی لێدەهات و توشی کوشتار و تالآن وبڕۆدەبو، ئەمن بەخەڵکم ڕاگەیاند کە، ڕەنگە بمگرن و بشمکوژن، بەلآم بۆ ئەمەی ناموسی خەڵکی بپارێزدرێت و تالآن نەکرێت هەڵ نایەم و خۆم بە قوربانی ئێوە دەکەم ئەوا ئەمن بەعەهدی خۆم وەفا ئەکەم و تائێستاش لەمێژوودا نەدیتراوە کەسێك فیداکارییەکی وای کردبێت هەڵبەت لەسەر ئێوەش پێویستە نیسبەت بەخزم و کەس وکاری من وەفاداربن و تۆڵەی منیش بستێننەوە.

دوای بلآوکردنەوەی وەسیەتنامەکەی پێشەوا کە لە شوێنی خۆیدا دەقەکەی دەبینیت، وادەردەکەوێت کەهەر ئەوە تەنها وەسیەتنامە بێت... پێشم وایە قسەکانی تری بەدەر لەم وەسیەتنامەیە، ئەسڵ یکیان نەبێت... چونکە پێش ئەوەی لە ساتی جێبەجێکردنی حوکمەکە ئاگادار بکرێن، ڕێی تێناچێت هیچ نامە یا وەسیەتنامەیەك نوسرابێت.. لەکاتی نوسینی ئەو وەسیەتنامەیەشدا بەکات و بەشێوەی نوسینی ئەو وەسیەتەدا هەر ئەو بۆچونە دەسەلمێنن.

لەدواییدا کاتی جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنی ئیسلامەتی بۆ خۆ ئامادەکردنی مردن هات ئینجا لەو دەرگایەی لەسەر مەیدانی چوارچرادا بوو هێنرایە دەرێ، ڕاستەوخۆ چاوی بەهەرسێ سێدارەکان کەوت، گوتی سێدارە لە ئیسلامدا مەکروهەو گوللەبارانم بکەن، وەرامیان: بڕیار هەر سێدارەیەو دەبێ هەر وا بکرێ.

لەسەعات سێ و دە دەقیقەی رووەو بەیانیی 31مارسی 1947لاشەی پێشەوای نەتەوەی کورد بەسێدارەوە شۆڕبوەوە، دوای سێ وچوار دەقیقەیەك گیانی نەمری ڕوەو بەهەشتی ئەزەلی هەڵفری، ناوی پیرۆزیشی بەنەمری و مێژووی پڕ لەشانازیی بۆ کورد مایەوە.

بەهەمان ڕێگەو شوێن سەیفی قازی بەرەو سێدارە بەڕێ کرا، هەر کەپێی نایە ئەم دیو دەرگای سەر زەوی چوارچراو لاشەی پێشەوای بینی کەوتە پەلامارو نەعرەتە... وەك شێر هاواری دەکرد بژی پێشەوای کورد، بژی سەربەخۆیی میللەتی کورد دەگوترێ زۆر لەو دەوروپشتە، لەنەعرەتەی سەیف وەخەبەر هاتن دوای پەتی سێدارە لەمل کردن و بەردانەوەی پەت دەپچڕێ...

بەلآم زۆردار بەوەش وازیان لێنەهێنا سەریان خستەوە سەر سێدارەو ئەویش بەگیان و ناوو شانازییەوە ڕێوشوێنی پێشەوای هەڵگرت.

سەدری قازیش بەوجۆرەی ئەوانی لەگەڵ کراو بەهەمان شێوە لەسێدارە دراو ناوو مێژووی ژیانی بەشانازییەوە بۆ کورد بەجێهێشت و گەیشتە ناو کاروانی شەهیدان، دوای ئەو تراجیدیا پڕ لە نەهامەتی و رووخان و لەسێدارەدانانە، دەمێنێتەوە سەر پرسیارێك کە ئارچی رۆزڤیلت لە کۆتایی باسەکەی لەسەر مەهاباد بۆ ئایندەی کوردی بەجێی هێشتبوو دەڵێ: دەبێ داهاتو ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئایا لەشوێنێکدا کەخەڵکەکەی مریدو لایەنگری ڕێبەرانی مەزهەبی و سەرۆك عەشیرەتەکانن و ناسیولیزم بۆیان دیاردەیەکی نەناسراوە، جولآنەوەی کوردی شتێکی پراکتیك و گونجاوە...؟

پرسیارێکی تەواو گونجاوە لەگەڵ سەرەنجامی یەك لەدوای یەکی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بەلآم کام جوولآنەوە یان کام شێوەو ڕێبازی خەبات؟ چونکە هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو بارودۆخە خراپەی کوردی تیا قەتیسکراوە، بەبێ بوونی کورد خۆی بێ خواست و ویست و خەبات و دروشم و ئامانجی خۆی بۆ خۆی گۆڕان نایەتە ئاراوە، بۆیە ئەم بوون و جوولآنەوەیە بۆ ئەو گۆڕانەی کە دەبێ کورد بگوێزێتەوە بۆ مەڵبەندی ئازادی و سەرفرازی و دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆیو زۆر پێویست و پراکتیکیشە، بەلآم چۆن و لەسەر چ ڕێبازو هەلومەرجێ؟ خۆ ئەگەر مەبەستیش لەوە جوولآنەوەی چەکدارو شۆڕشە، شێوەو ڕێبازی خەباتە وائێستا پاش ئەوەی پرسیارەکە لەسەر سەرەنجامی ڕووداوێك کراوە کە زیاتر لە(55)ساڵی بەسەردا تێپەڕیووەو تازە بەهەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست ڕووبەڕوومان ئەبێتەوە، لەبارودۆخی سەردەمدا پرسیارەکە پێویستی بەهەڵوێستەیەکی هۆشیارانە هەیە سەبارەت بەو هەموو زیان و کارەساتانەی سەرەنجامی هەر یەك لەم جۆرە جوولآنەوانە بوون، دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد، لە ناو لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی ورد و بابەتیو زانستیانەی ڕابردوودا بکەونەسەر ڕێبازی دانانی ستراتیجێکی یەکگرتوو بۆ جوولآنەوەی نیشتمانی کوردستان بەرەخساندنی بەرەیەکی یەکگرتووی سەرتاسەری، بەتێگەیشتنی واقیعی هەر بەشە، گونجاندنی خەباتی پلەیی، دروشم و ئامانجی پلەیی، لەگەڵ جوولآنەوەی سەرتاسەری و ستراتیجییەکەیدا، ئەمەیە کە دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد کاری بۆ بکەنو نەیەڵن لەوە زیاتر کات بەسەربچێ، نەیەڵن لەوە زیاتر هێزو توانا بەهەدەر بڕوات، نەیەڵن لەوە زیاتر کورد تووشی زیان و کارەسات و شکستو هەرەس ببێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی کورد کە لە کوردستانی عیراقدا هەلێکی مێژوویی تری بۆ ڕەخسێنراوە، وا لەناو هەمان سەرچاوەی بیری پرسیارەکەوە، کورد خۆی نەك دوژمنەکەی خەریکە لەناو شەڕی خۆکوژیدا وەلآمێکی پۆسەتیڤ دەداتە دەست پرسیاکەی ئارچی روزفلت...

## وەسیەتنامەکەی پێشەوا

بۆ زیاتر ڕووناکیی خستنەسەر دواساتەکانی ژیانی پێشەوا قازی محەممەد و ئەو وەسییەتنامەیەی لەو دواساتانەی پێش لە سێدارەدانیدا نوسراوە، لێرەدا دەقی دەقە ئەسڵیەکەو تایپکراوی وەسیەتنامەکە دەخەینە پێش چاو...

این وصیتنامەو در دهم فروردین 1326 بحضور این جناب محمد صدیق صدقی گفته اند:

یك پارچه یادو پارچه قالی یاقالیچه سید رحیم پسر سیدجامی با اسبابهای منند، بدهید بخودش و او هم پولی به من مقروض است، اگر دادخوب و اگرنداد مختار است.

گندمی کەدر تثبیت بودەاست و مال من است اگر دادند بگیرید.

موقعی کەمرا بازداشت کردند پنجهزارو دوییست تومان در جیبم بوده از من گرفتند و یکصدو پنجاه وسه تومان هم یك فقره ودەهزار تومان هم سروان شریف بەنام حق الوکاله از عیال من گرفته اراهم پس بگیرید.

معینی سه هزار تومان چیزی زیاد یا کم بەمن مقروض است و لو هم چیزی دادەاست و ساعتکه بەعنوان هدیه برای من اورده داخل دفتر شرکت کردەو من با شرکت طرف نبودەم.

سید سلام نمیدانم هشت هزار تومان یاچیزی کمتر طلب بر سرم دارد، هرچه خودش گفت به او بدهید.

تلفون را بردەاند تعقیب نمائید.

اتومبیلی که از بابا شیخ گرفتەاند انهم مال شخصی خودش است.

چهار جیب کە بشخص خودم... ودر اختیار من بوده انها هم مال شخص خودم میباشند.

چون سروان شریف زحمت... در حدود سیصد تومانی به او بدهند.

اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخذ شد به هر یك از سعید همایون و میرزا رحیم کەخدمت کردەاند یك هزار تومان و به محمد فیروزه خانم هم پانصد تومان بدهید.

خواهر خودم هستند غیر از اغلیان کە بەاسم خودم پبت شده، در همه ترکه پدرم حق دارند، ایشان را راچی نمائید.

عیالم مادر بچەها وصی باشد اطفالها سرپرستی بکندو ملا عبدالله ناظر باشد.

مطبعه هم خودم خرید ام مال من است.

میرزا رحمت یادیگری هرچند از کشتن نجاتش دادم اگر از من چیزی در دل داشته باشد ازادم کند.

نوکرها کە این مدت خدمت کردەاند زحمت با من کشیدەاند، نیکی به ایشان کردەو ایشان را راضی نمائید.

بعد از... چند هزار تومان برایم اسقاط وتهلیل نمائید.

شب10-1-1326

امضاء

شب10-1-1326 ملا صدقی و قاضی محمد.

## هەندێ سەرنج و ڕوونکردنەوە لەسەر وەسیەتنامەکە:

1. ئەم سەنەدەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەدە، کە بەخەتی مەلا صدیق لە شەوی10-1-1326ی هەتاویدا(31-3-1947)، نیو سەعاتێك پێش شەهیدبوونی قازی نوسراوە پێشەوا بەردەوام ئیمزای خۆی بە"محمد قازی" نووسیوە.

ماموستا مەلا صدیقی صدقی ڕۆحانییەکی زۆر بەڕێزی مەهاباد بووەو لەڕابوردوودا پێشنوێژو دەرسبێژی مزگەوتی هەباساغای مەهاباد بووە، لەشەوی لە داردرانی قازیدا بۆ وەسێتکردنی قازی و یارانی، ئەویان هێناوە تا وەسێتەکەیان یادداشت بکا.

ئەسڵی ئەم وەسێتنامەیە لەلای"دۆکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشمی" یە دۆکتۆر ئەبریشمی پیاوێکی هەڵکەوتووی مەهابادە، زاوای قازی محەمەدەو ئێستا لەتاران دەژی کاك سەعیدی هومایون کە خوشکەزای قازییە، بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چەند جێگەیەکی ئەو بەڵگەنامەیە یارمەتییان دام زۆر سوپاس بۆ گەورەیی وپیاوەتیی هەردوولایان.

3. معینی محەمەد ئەمینی موعینی، وەزیری کیشوەر لەکابینەی کۆماری مەهابادا.

4. (سید سلام نمیدام هشت هزار تومان)، سەییدا سەلامی حوسینی، ئەرباب(خاوەن)ی دێی سەوزی بووە.

5. بابا شێخ: جەنابی حاجی بابا شێخ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی مەهاباد.

6. لەدوو جێگەدا ناوی سەروان شەریف هاتووە، ئەم سەروان شەریفە ئەفسەرێك بووە لەپادگانی مەهاباد، کەئەو سەردەمە لەلایەن حکومەتەوە وەك وەکیل(پارێزەر)ی بەزۆر دانراو(تسخیری) بۆ پێشەوا قازی دیاری کراوە، پیاوێکی بەڕێزو ڕاستگۆبووە، پاشتر خاتوو مریەمی کاکاغازادەی خەڵکی مەهاباد بوو بەهاوسەری، زۆربەی ڕووداوەکان لەبارەی قازییەوە و کاروباری بەدادگادانی ئەوی بۆ خەڵکی مەهاباد گێڕابووەوە و ئاشکرای کردبوو.

7. (عیالم مادر بچەها... و ملا عبداللە)، مەبەست مەلا عەبدوڵڵای مودەڕیسە.

8. (اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخذ شد به هر یك از سعید همایون و میرزا رحیم... و به محمد فیروزه خانم) سەعیدی همایونی کەسایەتییەکی بەڕێزو خۆشەویستی مەهابادە(لەبنەماڵەی فەیزوڵڵا بەگییە) و خوشکەزای پێشەوا قازی محەمەدە، میرزا ڕەحیم: میرزا ڕەحیمی جەوانمەردی قازییە.

محەمەدی فەیرووزەخانم کارمەندی ئیدارەی دوخانیات (کارگێڕیی تووتن)ی مەهاباد بووە، تار ژەنیّکی لێهاتوو بووە و پوورزای قازی بووە.

9. میرزا ڕەحمەت: خودا لێ خۆشبوو میرزا ڕەحمەتی شافیعی، یەکێك بوو لە کەسایەتییە ناودارو دیارەکانی مەهاباد.

10. ئاغلیان ناوی دێیەکە لەدەوروبەری مەهاباد.

مام عزیز قرنی اقا کاری کەبر سرش امده به خیالش بەتحریك من بودەاست اگرچه بی خبرم، اما کاری بکنید که مرا ازاد نماید.

2. (گندمی که در تثبیت است)، تثبیت (تەسبیت) ناوی جێگەیەکەو عەمباری دەغڵ و دان بووە.

بالێرەدا بگەڕێینەوە دواساتەکانی سیاسەتی ڕژێمی شا بەرامبەر بەکوردو بەڵێن و پەیمان و ڕووداوەکان...

بۆ زیاتر چاوترساندن و سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵك رژێمی شا چەندین تێکۆشەری تر بەخنکاندن حوکمدا، لەوانە:

لە 7ی نیساندا، حمید مازوچی، رەسول نەغەدەیی، ملازم عبدالله رەوشن فیکر، ملازم محمد فاطمی لەمەهاباد کران بەسێ دارەدا، هەر لەو رۆژەدا لەسەقز ئەمانەی خوارەوە لەسێداره دران شێخ حمه امین کەس نەزان، ئاغا صدیقی یازی بلاغی، علی ئاغای تەموتە، ئەحمەد خانی فاروقی، عەولاخانی فاروقی، حمه خانی فاروقی، رەسول ئاغای میرەدێ، حسین خانی کانی نیاز و عبدالله مەتین.

لەبۆکانیش: علی بەگی شێرزاد، محمد بەگی دانشوەر، ئەحمەد خانی کەلتەگە، محمد خانی بابە خان بەگ و محمود خانی تورکمان کەندی، کران بەپەتی سێدارەدا.

سەرەڕای ئەوە بەدەیان لێپرسراوو سەرکردەی کۆمار لەزیندان تونەدکران و دەیانی تر خۆیان نەدا بەدەستەوەو ئێرانیان بەجێ هێشت یا خۆیان شاردەوە.. ئیتر چەوسانەوەو ئازاردان لەخراپترین شێوەدا دەستی پێکرد، گەلێکی شکاو، بەکاتیش بێت، بکەوێتە بەردەست دوژمنێکی کۆنەپەرستی خوێن رێژ، ئەبێت ژیانی چۆن بێت؟ سەرەك وەزیرانی ئێران– ئەحمەد قەواموسەڵتەنە– ئەو دەورەی پێی سپێررا بو پێی هەستا، نەخشەکەی بەئەنجام گەیاند، ئەوسا فەرمانی پێکرا کە ئیستقالەی خۆی و وەزارەتەکەی پێشکەش تەختی شا بکات و هەر خێرا جێبەجێی کرد.

دوای رووخانی هەردوو کۆمار، بەڵێنەکانی قەوامو لسەڵتەنە و پەرلەمان و سەربەستی دیموکراسی و مافی کرێکاران و ئازادی بیروڕاو چالاکی پارت و رێکخراوەکان و نوێنەرانی تودە لەوەزارەت و تاد... چیان لێ بەسەرهات؟ ئەوانە وەکو هەڵم چوون بەئاسمانا، نەك هەر شوێنەواریان نەما، بەڵکو رژێمی تاران کەوتە قەڵاچۆکردنی هەموو بیرودەنگ و داوایەکی ئازادی، سەرلەنوێ ستەم و زۆرداری سەرانسەری ئێرانی گرتەوە.

لەشوێنی خۆشیدایە، دوای ئەوانە، ئاورێك لە پەیمانەکەی نێوان سۆڤیەت و ئێران بدەینەوە و بزانین کۆمپانیای هاوبەشی نەوت چی لێبەسەرهات:

"پاش ئەوەی حکومەتی قەوامو لسەڵتەنە بەیارمەتی ئینگلیزو ئەمریکا لەجولانەوەی رزگاریخوازانەی ئازەربایجان و کوردستانی داو لەگۆمی خوێناوو خۆڵدا نقومی کردن، رێکخراوەکانی حیزبی تودەو یەکێتیە کریکارییەکانی لەناوبرد... ئەوسا لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1947دا پەیمانەکەی سۆڤیەت و ئێرانی خستەبەردەم پەرلەمان... پەرلەمانیش رەفزی کرد...."

بەڵێ نزیك روانین و دورکەوتنەوە لەتێگەیشتنی سروشتی رژێم و چینی دەسەڵاتدار... نەبوونی بنچینەی زانست لەشیکردنەوەی سروشتی رژێمی تاران، دەرك نەکردن بەپیلان و نەخشەی دوژمنانە بەرامبەر دوو گەلی ئازادیخواز و دوو قەوارەی خودموختار... ئەبێت هەر ئەوە ئەنجامی بێت.

ئەگینا زۆر ئاشکرا بو کە رژێمی شا نۆکەری ئیمپریالیزمە، لەوەش ئاشکراتر ئەوە بو کەئیمپریالیزمی بەریتانیا هەر لە سەرەتای ساڵی 1920 و بەهۆی (کۆمپانیای پیترولی سەروی ئێران) دەستی بەسەر نەوتی ئێراندا گرتبوو، ئیمپریالیزمی ئەمەریکاش هەر لەکۆتایی ساڵی 1921وە بەهۆی(کۆمپانیای ستاندارد اویل اوف نیوجرسی)یەوە هاوبەشی نەوتەکە بو.. لەدوایشدا هەمو نەوتی ئێران کەوتە بەردەستیان، ئەی چۆن دەست بەرداری ئێران و نەوتەکەی ئەبن، چۆن رێگە ئەدەن رژێمی تاران روو بکاتە لایەکی تر یان رێگەی ئازادی گەل بدات و جێگەیان پێ لێژ بکرێت؟ بێگومان سروشتی ئیمپریالیستیی ئەو دوو دەوڵەتە هەرگیز رێگە بەوانە نادەن، ئەوە راستیەکە زۆر لە مێژەوە ئاشکرایەو بیر لێکردنەوەی قوڵی ناوێت.

### سەرچاوە

جەمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیزەت، چاپی یەکەم، سلێمانی (2000) لە چاپکراوەکانی دەزگای سەردەم.

# لە دادگەدان و هەڵواسینی قازی محەمەد، سەدری قازی و سەیفی قازی

شەوکەت شێخ یەزدین

مەهاباد بازێڕێکی بچووکە، ناوی کۆنی "سابلاغ"بووە و لە رابردوودا بەسەرهاتی پڕ لە ڕووداوی هەیە. ئەم شارە کە لەسەر لێواری ڕووباری بچووکی مەهاباد هەڵکەوتووە، سەبارەت بە ناهێمنی و بشێوێنییەوە تەناهی و خۆشیی بەخۆیەوە نەبینیوە، لە ڕواڵەتی شارستانەتیی نوێدا لە کارگەیەکی بچووکی کارەبا و چەند باڵەخانەیەکی دوو نهۆمیی بێ بایەخ بترازێ شتێکی تری تێدا نابینرێ. مەهاباد لە نێوان چەند زنجیرە چیایەکی کە ئەم شارەیان لە کۆش گرتووە و لەملاو لەولا وە سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە، هەڵکەوتووە.

زنجیرە بانەکانی باکور و باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە چێترین پارێزی ئەم شارەن، لە بارەی دیرۆکی مەهابادی بچووکەوە نهێنیی بەمەترسییان لە دڵدا هەڵگرتووە. مەهاباد سەردەمانێ لە لایەن رووسە تزارییەکانەوە داگیرکراوە و، ڕۆژانێ بەدەستی سوارانی خوێنەخۆری سمایلاغاوە بووە. بەینێکیش شەرگەی زۆر خوێناویی هێزگەلی دەوڵەت و کوردان بووە.

بەڵام ئەم ڕووداوانە لە ڕیزی بەسەرهاتی ئەوتۆ رووویانداوە دوورنییە بەساڵان ڕابیوورن و کەسێك پەیدا نەبێ باسیان بکات. نهێنیی ئەوتۆ هەن لەوانەیە هەتا هەتایە کەس پێیان نەزانێ: جەردەیی، خوێنڕێژی، پیلانگێڕی و بێنەوبەردەی نۆکەرانی وڵاتانی بیانی وهیترو هیتر ئەم بازێرەیان کردبوو بەگۆڕەپانی زۆرانێی خۆیان.

مەهاباد لە نێزیکی سنووری سێ وڵات یان چاتر بڵێم چوار وڵاتدایە، بەرژەوەندی دژبەیەکی: نەوت، کۆماری کورد، سەرکوتینەوەی کورد، خۆبەڕێوەبەریەتی، ناوبەناوێ دانیشتوانی بەلەنگازی ئەم سەرزەوییە بەسەردەکەنەوە. ڕۆژێ کۆلۆنێل لۆرەنس دەیکا بەمەیدانی تەراتێنی خۆی، ڕۆژێکی تر ئەسەدۆڤ بۆ پێشوەبردنی سیاسەتی وڵاتی خۆی گورجوگۆڵ یی تێدا دەنوێنێو سەردەمانێکی تریش نەوت پێوەندیی دانیشتوانی ئەم سەرزەوییە بەسیاسەتگەلی دەرەکییەوە گرێدەدا. ڕاپەڕین، خوێنڕژتن، دووبەرەکیو کوشتار، گەلێك جاران دێنەوە کایە. باروودۆخ هێمن دەبێتەوە و پاش تۆژینەوە لەوەی ڕوویدا، چاودێری بێلایەن دەگاتە ئەو بەرکەوتەی کەوا پاش هەموو ئەو قوربانیدان و نیشتنەوەی لافاوە تەنیا دەوڵەتێك دۆڕاندبێتی ئێرانە و تەنیا گەلێك لە خۆڕایی قوربانی دەدا گەلی ئێرانە، جا چ لەم لا بێ چ لەو لا، بەو شێوەیەی لە بەرگی پێشوودا گوتمان کۆماری خۆبەڕێوەبەریەتیی کوردستان و ئەم بیرە بەر لە شەڕی ناووڵاتان شانبەشانی دەسڕۆیشتنی وڵاتێکی بیانی کە لە ئێران و تورکیا و عیراق و سووریا و شام واتە لە ناوچەگەلی کوردنشیندا دەسەڵاتی دەنواند، بەرە بەرە، لە زار بۆ زار، لە دڵ بۆ دڵ و لە گوێ بۆ گوێ لە هەموو شوێنێکدا پەرەی گرت و ئالیگرانی لەخۆی کۆکردەوە. وڵاتانی بیانیش کەچاویان بڕیوەتە ئەم ناوچەیە و لە کانگەی نەوتە گەشەدارەکەی راماون، کەڵکیان لەم ئاوازو لەم نێزەی خۆبەڕێوەبەریەتییە وەرگرت و ئەوەیان هێنایە کایەکە بینیمان.

نووسەر بێ ئەوەی بیەوێ ناوچەگەلی کوردستان و کوردەواری بە دوورو درێژی و بە نەخشەوە بۆ خوێنەران شرۆڤە بکات، بەئازادییەوە دەڵێ دەستی سروشت زەویی بەنرخ و زێڕینی کە لە سەرنجی ئابووری و سوپایی و سیاسییەوە بۆ ئینگلیز و رووسی کۆن و سۆڤیەت و ئەمەریکا و بەریتانیای نوێ لەو پەڕی گرینگیدان، بە مرۆڤگەلێك داوە کە کوردیان پێگوترێ و برێتین لە کۆنترین دانیشتوانی ئێران. جارێکی تریش ناچارم ئازادانە ئاماژە بکەم کە دانانی سنووری وڵاتانی بچووکی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی نێزیك بەجۆرێکە کوردستانی لەت لەت کردووە، کورد لەم ناوچەیەدا لەوەی کە لەئێراندا هەن و ئێرانین، هەروەها لە تورکیا و عێراق و سووریاشدا بەشێوەی کەمینە- کەمینەیەکی کارەسات دیتە، هەن، سەبارەت بەو نەوتە بەهادارەی لە زەوی کوردنشینی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا و تەنانەت بەشێکی قەفقاسیاشدا هەیە، ناوی کورد بەردەوام لەگەڵ ناوی نەوتدا جووتە کە ئەمڕۆ نەوت بەوێنەی کیمیایە. هەمان سیاسەت کە نەوتی دەوێ و لە پرسی نەوتدا تێکەڵە، لە پرسی کوردستانیشدا چالاکی دەنوێنێ.

قازی محەمەد پاش ئەو گۆڕانانەی هەموومان دەیزانین، دروست لە هەمان ئەو کاتەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە گوێ بەفەرمانیی دەوڵەتی ناوەندی هەڵگەڕایەوە، ئەویش ئاڵای زۆرداریی هەڵداو دەنگی خۆی بۆ دانانی کۆماری کوردستان بڵند کرد و دەستی پێکرد

ئاوازی (خودموختاری- خۆبەڕێوەبەریەتی) بژەنیٚ. وەك لە پێشەوە گوترا، بیری هێنانە کایەی ئەم بەلاٚیە نویٚ نەبوو، چالاکیی قازی محەمەدیش شتێکی تازەبابەت نەبوو، چاکتر وایە بەشێوەیەکی کورتەبڕی باسێك لە ژیانی رابردووی قازی محەمەد و برایانی ئەو بکەین.

باوکی قازی محەمەد، ناوی قازی عەلی و لە پیاوانی رێزدارو شایەن رێزی کوردستان بووە، لە شەڕی پێشوو لەگەلٚ قازی مونعیمی ئامۆزایدا خزمەتێکی گەورەیان پێشکێشی دانیشتوانی مەهاباد کردووە و هەتا پێیان کراوە پێشبڕییان لە دەسەلاٚتی رووسە تزارییەکان و زولٚمی ئەوان کردووە، مامی باوکی قازی محەمەد، قازی فەتاح کە دەسەلاٚتێکی فرەوانی لە کوردستاندا هەبوو، لە رووداوی "مەشروتە" و"ئیستیبداد"دا سوێندی خواردبوو هەتا زیندووبیٚ نەهێلٚیٚ سەربازی تزار پێبنێتە ناو مەهابادەوە، بۆ ئەمە کفنی لەبەرکرد و بانگی لە خەلٚك گێڕایەوە بۆ"جیهاد" و لە پێناوەدا شەهیدبوو. ئەو رابردووە گەشەدارەی بنەمالٚە کە هێشتا لە بیری دانیشتوانی مەهاباد نەسڕاوەتەوە، ئیتر ناوبانگی بنەمالٚەی قازیی لەگەلٚ ڕووبەڕووبوونەوەی بیانیدا هاوتا کردبووو دانیشتووانی کوردستانی هان دەدا لە پێش کەسانی سەر بەم بنەمالٚەیەدا سەری ڕێزو نەوازی دابنەوێنن. بەتاییەتیش لەبەرئەوەی ئەندامانی ئەم بنەمالٚەیە پیاوی ئایین و زانست بوون و، بەشێك لە سوننییەکانی کوردستان گوێڕایەلٚیی ئەوانیان دەکرد.

لە سەردەمانی دەسەلاٚتداریەتیی پاتشای پێشوودا کە هێزگەلی سوپا لە پێناوی چەسپاندنی دەسەلاٚت و فەرمانڕەوایەتیی دەولٚەت لە کوردستاندا ناچار بوون لەگەلٚ خێلاٚن وئاییندارانداا پێکەوە خەبات بکەن، لەو ڕۆژانەدا دەولٚەت بیٚ رادە خاوەن دەسەلاٚت بوو، توانا و دەسەلاٚتی ئەو ڕۆژانەش وەك پەندی پێشینانن، ئیتر لەو رووەوە کە باوکی قازی محەمەد و مامی دەسەلاٚتیٚکی فرەیان لە مەهاباد و دەوروپشتیدا هەبوو، دەولٚەت مۆلٚەتی بەهەردووکاندا سوود لە بەرگی ئایینی وەربگرن، دەست هاوێژەکەیشیان بەشێوەی خوارەوەیە:

"ژمارە66، بەگوێرەی مۆلٚەت، بەڕێزان میرزا عەلی و میرزا مونعیم قازی، بەپێی بەندی3 لە مادە2ی یاسای شێوەی یەککگرتوودا، لە لەبەرکردنی جلکی مەلایەتیدا مۆلٚەت دراون. بەژمارە **2669** شەهادەی مۆلٚەتی دەرس گوتنەوەیش لە زانستی(منقول) و(معقول)دا بەگوێرەی پەسندکردنی یەکێك لە زانایانی ئەهلی سوننەت بەناوبراوان بدرێت."

میرزا عەلی قازی کە دەسەلاٚت و ڕێزی شایەنی هەبوو و، پاتشای پێشوو کەیفی پێی دەهات، لە سالٚی**1317**دا کۆچی دواییی کردووە. بەپێشنیازی سەرکردەی فیرقە و ڕێنوێنیی بەرپرسانی سوپا، لە تارانەوە مۆلٚەت و فەرمانی دادوەری لە لایەنی پاتشای پێشووەوە لەسەر ناوی قازی محەمەدی کوڕی دەرچوو. پلە وڕێزی مەزەبیی قازی محەمەد پاش ئەوەی بایەخی دەولٚەتی ناوەندی و بایەخی پاتشاشی هاتنەسەر، دەسەلاٚتێکی بەرهەلٚدای بۆ ئەو لە کوردستاندا هێنایە گۆڕیٚ، بەلاٚم میری نەکرا سوود لەو دەسەلاٚت و خۆشەویستییەی ئەو وەربگریٚ، لەبەرئەوەی تاران هەستی نەکرد کە قازی محەمەد هەرچەند خۆی موفتیی مەهابادە و فەرمانی دادوەریی هەیە و ئەنگوستیلەی ئەلٚماسی بەدەست هێناوە، هەروەها دەشیەویٚ سەدری قازیی برایشی بەنوێنەرایەتیی ئەنجوومەن بۆ تاران بنێریٚ.

ئەو ڕۆژانە وەکو ئێستە، تەنیا هەندیٚ ماستاوساردکەرەوە دەیانتوانی سەرنجی بەرپرسانی مەلٚبەند بەکێش بکەن. گویٚ بەو بابەتە نەدرا، تەنانەت کارشکێنی لە دژی قازی محەمەد کە تیٚدەکۆشا بەبیٚ خۆدەرخستن پلەیەك بۆ خۆی بەدەست بهێنیٚ، دەستی پێکرد. هێشتا لەبیر نەکراوە کە وا لەیەکێك لە سەردانە مێژووینەکاندا پاتشای پێشوو لە دیمانەی دەمڕاستی ئەو شارەدا کە پیا ویٚکی دەروون پاكو پیرو پەککەوتە بوو، شایەتیش بۆ گەورەترین هونەری ئەو ئەوەبوو بەبیٚ مۆلٚەتی سەرکردەی مۆلٚگە نەدەهاتە شار و سەعاتێك لە پشت دەرگەی ژوورەکەی ئەودا لە چاوەڕوانیی دەرچوونی مۆلٚەتدا دەوەستا، بیٚ خولٚکیی خۆی پێشاندا و لە یەکێك لە دانیشتنەکاندا کە ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی و بازرگان تیایدا ئامادە بووبوون، پاش ماوەیەك لە باسوخواس و تێگەیشتن لە زانین و خوێندەواری و دەسەلاٚت و قسە کانی ئەو پیاوە، پاتشا بەسەرکردەی فیرقەی فەرمووبوو:" بۆچی لەمانە نانێری بۆ ئەنجوومەن؟"، ئەو خوالێخۆشبووە بەشێوەیەکی نهێنی گوتبووی: "ئەمانە گوێڕایەلٚ نین!".

بەهەحالٚ دوورەپەرێزی لە بایەخدان بەپێویستییەکانی سەردەم و گۆڕانەکانی ڕۆژ، بووە هۆی ئەوەی نوێنەرایەتیی مەهاباد لە پەرلەماندا بەکەسێك بسپێردریٚ کە لە ڕۆژی تواناییدا دەولٚەت نەتوانیٚ دەست و پێی قازی محەمەد گریٚ بدات و پاش مانگی گەلاوێژ لە ترسی ئەو نەچێتە مەهاباد و دەولٚەت لە چالاکیی ئەو کەلٚك وەرنەگریٚ.

قازی محەمەد پیاویٚکی لەبنەوە و فێلاٚوی بوو، بەزاراوی ناسکئامێزی ئەمڕۆ سیاسەتکاربوو. بیٚ ئەوەی هیچ بیانووەك بداتە دەستی ناحەزانی خۆی، لە چاوەڕوانیی هەلو دەرفەتدا کاتیٚ خۆی بەموتالاٚ وردبوونەوە بەسەر دەبرد. ئیتر بەرە بەرە خۆی لە پیاوێکی ئایین پەروەری کوردەوارییەوە کرد بە پیاوێکی زانا، بەتاییبەتیش لە بواری فێربوونی زانستی نوێدا چالاکییەکی زۆرتری لە خۆیدا پێشان دەدا و پێی کرا زمانگەلی: عارەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی پتر لە رادەی بەجیٚ گەیاندنی پێویستی فێرببیٚ. تەنانەت

بەجۆرێك لە مێژووی كۆنی كوردستانی كۆڵییەوە كە ئاخاوتنەكانی ئەو بۆ زۆر لە ئاگادارانیش بووبوون بەدەستهاوێژ. بەم هەموو توانا و دەسەلأت و ئامادەكارییەوە، باری ئارامی كوردستان بەهاتنی هێزی بیانی لێكهەڵوەشایەوە، پاڵەپەستۆی بیانییان لەو ناوچەیەدا بەرادەیەك گرژ بوو شەوێكیان بەهاندانی قازی محەمەد ئەوكاتەی بەڕێز فەریق جیهانبانی بۆ پشكنین چووبووەدەر، هەندێ لەخراپەكاران لەپشت باڵخانەیەك كە ئەو تیایدا روودەنیشت، هەتا سەری سبەینێ خەریكی گوللەباران بوون، پاش تاوێك بنكەی پۆلیسی مەهابادیان چەك كرد شوێنەوارێكی بەكردەوە لە هێزی میری لەو ناوچەیەدا نەما. لەو بارودۆخەدا كە هێشتا شەڕ بەكۆتا نەهاتبوو و خەریكبوونی وڵاتانی بیانی بەشەڕەوە بووبوو بەپێشبڕ لە تیكەڵبوونیان لە كاروباری ئێراندا قازی محەمەد، قازی سەدری برای یا وەك بەناوی سەدری قازی بەناوبانگە، بەناوی نوێنەری كوردستانەوە لە خولی چواردەدا ناردە ئەنجوومەن. هەموو ئەو ماوەیە قازی محەمەد بەكردەوە چیی پێویست بوایە دەیكرد بەلأم ناوی: لە(خودموختاری) یان دژایەتیی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر زاریدا نەدەهات بەڕادەیەك، جارێك یان دوو جاریش هاتە تاران و بەخزمەت پاتشا گەیشت و ئەنگوستیلەی ئەڵماس و بڕێكیش پارەی پێدرا.

ئەركانی سوپا لە ڕیگەی كرێگرتە نهێنییەكانی خۆیەوە لە مەهاباد و ناوچەگەلی تری كوردستاندا كە ئەركی كۆكردنەوەی دەنگوباسیان هەبوو، چالاكیی دەنواند. بەلأم دەوڵەت زێدە لە رووداوی ئەوێدا خۆی تێكەڵ نەدەكرد لەبەرئەوەی ململانەیەكی گەرموگوڕ لە نێوان كاردارانی سیاسی و سوپاییی دوو دەوڵەتی بیانیدا لە پەنای پەردەوە دەگەڕا و ئێران بۆی نەدەلوا دەست بە كارێكی بەكارو لەبار بكات. بەپوختی بەهەمان ئەو شێوەیەی قازی محەمەد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا گەمەی دەكرد دەوڵەتی ناوەندییش خۆی لەو نەبان دەكرد و، لەو كاروكردەوانەی قازی محەمەد لە مەهابادو سەدری قازی لە تاراندا بەئەنجامیان دەگەیاند خۆی كڕو بێدەنگ دەكرد.

بێ ئەوەی بمانەوێ ئەو باسانەی لە بەرگی یەكەمدا گوتوومانە جارێكی تر دەوربكەینەوە، دەڵێینەوە كەوا بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی لەو ڕۆژانەدا هەبوون و ئەو كێشەو بەرانەی لەبارەی پرسی نەوتەوە سەریان هەڵدابوو و بووبوونە مایەی روداوەكانی ساڵی1323 و1324، لە نیوەی دووەمی ساڵی1324 بەدواوە بارودۆخی كوردستان و مەهاباد ڕەوتێكی تریان گرتەخۆ و ئاشكرابوو لە كوردستانیشدا پەردەیەكی بچووك كە داخوازەكانی حیزبی كۆمەڵەی هەتا ئەوكاتە داپۆشیبوو، بەزوویی چووە لاوەو، بارستی راستەقینەی كارەكانی قازی محەمەد ئاشكرابوو. لەبەرئەوەی دەستهاوێژهەبوون پێشانیان دەدا كەوا لە كوردستانیشدا پێشینەی

پێویست لە پێناو بەجێگەیاندنی سیاسەتێکی لەگوێ، ئەو سیاسەتەی کەلە ئازربایجان بەڕێوەدەچوو، ئامادەیە و لەبەردەستدایە. هاتنی بارزانییەکان ئالیکارییەکی گرینگی دا بەفراوانکردنی داوێنی ئەو ڕووداوانە.

لە ئەنجامدا، لە هەمان ڕۆژی کەوتنی فیرقەی تەورێزدا واتە لە ڕۆژی بیست و یەکی مانگی سەرماوەرزی **1324**دا (واتە **11** کانوون **1945**) قازی محەمەدیش نیازی خۆی لە پشتەوانیی ئەو سیاسەتەدا بەناردنی نێردەیەك بۆ تەورێز ئاشکراکرد. ئەو نێردەیە بەسەرۆکایەتیی محەمەد حوسێن قازی (سەیفی قازی) و، بریتی (نیابة) لە گەورە بەرپرسانی حیزبی کۆمەڵە بوو. ئەمانە وتوێژێکی فرەوانیان لە تەورێز لەگەڵ پێشەوەری و گەورە بەرپرسانی فیرقەی ئازربایجاندا کرد و، یارمەتی و دەستەوایی و پشتەوانیی خۆیان بۆ یەکتر ڕاگەیاند.

قازی محەمەد ڕۆژی بیست و دووی سەرماوەرز نەخشەی کوردستان و بەرنامەی سەرخۆبوونی خۆی خستە بەردەمی دانیشتوانی سادەی مەهاباد و، نێزیکەی**300**کەسی لە لاوانی مەهاباد چەکدارکرد. ڕۆژی بیست و شەشی سەرماوەرزیش(**16**کانوون یەکەم) ئاڵای ئێرانی لە باڵەخانە دەوڵەتییەکان دابەزاند و ئاڵایەك کە بریتی بوو لە سێ ڕەنگی سوور و سپی و کەسك، بەرەواژی ئاڵای ئێران، هێمای گوڵەگەنم و ڕۆژ و قەڵەمی پێوەبوو، کە بەناوی ئاڵای سەرفرازیی کوردەوە دروستی کردبوو، بەرزکردەوە. ڕۆژی دووەمی ڕێبەندان، قازی محەمەد حکومەتی کۆماری کوردستانی جاڕدا (واتە: **22**کانوون دووەم **1946**)و پاش ئەمە محەمەد حوسێنی سەیفی قازی بەجلك و بەرگی یونیفۆرم و پلەی جەنەراڵییەوە چووە پشت مێزی و تاردان و قازی محەمەدی وەك پێشەوا و سەرۆك کۆماری کوردستان خوێندەوە، قازی محەمەدیش بەجلك و پلەی جەنەراڵ و بەناونیشانی سەرکردەی هەموو هێزگەلی کوردستان لە شوێنێکی بەرز بەپێوە وەستاو خۆنواندنی هێزەکانی خۆی بینی و پاش بەجێ هێنانی ڕێوڕەسمی خۆنواندن، قازی محەمەد پێکهێنانی کابینەی کۆماری کوردستانی بەشێوەی ژێرەوە ڕاگەیاند:

1. حاجی بابەشێخ- سەرۆك وەزیر (ڕەئیسی هەیئەت).
2. محەمەد حوسێنی سەیفی قازی- وەزیری شەڕ (جەنگ).
3. محەمەد ئەمینی موعینی- وەزیری ناوخۆ (کیشوەر).
4. ئەحمەدی ئیلاهی- وەزیری ئابووری (ئیقتیصاد).
5. کەریمی ئەحمەدەین- وەزیری پۆست و تێلگراف.
6. حاجی ڕەحمان ئێلخانی زادە- وەزیری ڕاوێژکار(مشاور).
7. مەنافی کەریمی- وەزیری ڕۆشنبیری(فەرهەنگ).
8. سەدیقی حەیدەری- وەزیری ڕاگەیاندن(تەبلیغات).
9. خەلیل خوسرەوی- وەزیری کار.
10. حاجی مستەفا داودی- وەزیری بازرگانی(تیجارەت).
11. مەحموودی وەلی زادە- وەزیری کشتوکاڵ(کیشاوەرزی).
12. سمایلی ئێلخانی زادە- وەزیری ڕێگەوبان.

دوای ماوەیەك، واتە لە ڕۆژی چوارشەمووی**24**ی مانگی ڕێبەنداندا، بەپێی ئەوەی لە ڕۆژنامەی بلاوکەرەوەی بیری حیزبی کۆمەڵەدا نووسراوە، قازی محەمەد سوێندی خوارد. ڕێوڕەسمی ئەو سوێندە لە ڕۆژنامەی کوردیی بلاوکەرەوەی بیری قازی محەمەددا بەشێوەی خوارەوە نوسراوە:

".... لە هەوەڵ و ئاخیر و نێوانی وتارەکاندا لە هەر کاتێکدا نێوی ڕیاسەتی جمهوور قازی محەمەد، بەسەر زاراندا دەهات بێ وچان مووزیکی میللی لێ دەدرا و چەپڵەڕێزان دەکرا و بەیناوبەینیش قوتابییەکانی مەدارسی کوڕو کچ سروودی میللییان دەخوێندەوە.

لەم کاتەدا ڕەئیسی جمهووری بەنگی بەرز بە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزیی ئەمر فەرموو کە قورئانی موقەدەس و نەقشە و ئاڵای کوردستان حازر بکرێت، بێ وچان هەیئەت کۆبوونەوە و دوو بەدوو لە پشت سەری یەك کەوتنە ڕێ و چوون لە کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان قورئانی موقەدەسیان دەگەڵ نەقشەو ئاڵای کوردستان دەگەڵ ئیحتیرامێکی فەوقولعادە لە سەر دەستی مەلا حوسێنی شکاك داناو، هەیئەت بەتەرتیبی هەوەڵ لە پشت سەری وی گەڕانەوە تا گەیشتنەوە حزووری پێشەوا، پێشەوا بەدەستی خۆی سەرپۆشی لەسەر قورئانی موقەدەس و نەقشە و ئاڵای بەرزی کوردستان لابرد و مەراسیمی سوێندی:

(ئەمن بەخودا، بەکەلامی عەزیمی خودا، بەنیشتمان، بە شەرافەتی میللەتی کورد، بەئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخیر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخیر تنۆکی خوێنم بەگیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێکۆشم و نیسبەت بەرەئیسی جمهووریی کوردستان و یەکێتی کورد و ئازربایجان موتیع و وەفاداربم.)ی خوێندەوە."

پاش بەجێهێنانی ئەم ڕێوڕەسمە کە گومانی تێدا نییە قازی محەمەد سەبارەت بەهەست گرژییەوە دەڵەرزی و، ئەو کەسانەیش کە ئەو گەمەیەیان هێنابووە گۆڕێ پێدەکەنین، قازی محەمەد پلەی جەنەراڵییدا بەهەندێك کەس، لەوانە دای بە"ڕێگر"ێکی وەك محەمەد ڕەشید کە بانەی لە ئاگر هەڵکێشابوو و بەسەتان مرۆڤی بێ گوناحی کوشتبوو بێجگە لەم وشەیە ناتوانرێ بەهیچ ناوێکی تر بانگ بکرێ.

قازی محەمەد پاش ئەوەی "بەقسەی خۆی" بەئاوات گەیشت، بەوێنەی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان بەفەرمانی بێگانان لە ڕێگەی سەدری قازیی برایەوە لە تاران خەریکی نواندنی چالاکیبوو. لەو ڕۆژانەدا ئەحمەد قەوام سەرۆک وەزیر بوو و کەشی دەوروبەر بۆ ئەم شێوە چالاکییانە لەباربوو. لە یەکەمین خولی وتووێژی نێوان دەمڕاستانی ئازربایجان و تاراندا سەرکەوتن بەدی نەهات و دەوڵەت ڕاگەیاندنێکی لە یەکەمی مانگی گوڵاندا دەرکرد و لە خاڵی یەکەمیدا گوتی: "لەبەرئەوەی دەوڵەت بڕوای وایە دامەزراندنی سەرۆکانی بەرپرسیاری سوپا و پۆلیس لە لایەنی دەوڵەتەوە بێ بەڵام دەمڕاستانی ئازربایجان ئەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ دانانی سەرۆکان بەپێشنیازی ئەنجوومەنی هەرێمایەتی و پەسندکردنی دەوڵەت بێ بۆیە و تووێژ بێئەنجام مایەوە."

بیانییەکان بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆیەک بخەنە سەر دەوڵەتی ناوەندی، لە تەورێزو مەهاباددا دەستیان کرد بەنواندنی چالاکیی سیاسی و لە هەندێک شوێندا "کە وەک سنووریان لێ بەسەر هاتبوو" خەریکی خۆپێشاندانی سوپایی بوون. تەنانەت بۆ ئەوەی دەوڵەت بترسێ، قازی محەمەد خۆنواندنێکی گرینگی بەهەمووخێڵان "کە ئەو کاتە لە سایەی لەباربوونی هەواوە دەیانتوانی چالاکی بنوێنن" لە مەهاباد بەجێ هێناو، دەستی‌کرد بەخۆپێشاندانێکی گرینگ و، رادیۆی تەورێز بەستنی پەیمانێکی گرینگی لە نێوان تەورێزو مەهاباددا ڕاگەیاند.

ئەم دەستپێشکەرییە کارێکی نالەباری لە تاران کرد لەبەرئەوەی لەو دەمەیدا کە دەوڵەت پێوەبوو لە ڕێگەی وتووێژی ڕاستەوخۆ و ئاشتیخوازانەوە ئۆتۆنۆمیی ئازربایجان لەبار بچوێنێ، ڕۆژی سێشەمی سێیەمی مانگی گوڵان (واتە: 23نیسان1946) ئازربایجان و کوردستان بەوێنەی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ خۆیان ڕاگەیاندو پەیمانی شەڕو ئابوورییان بەیەکەوە بەست. لەبارەی ئەو پەیمانە و ئەو مەرجانەی تیایدا تۆمار کراون ڕۆژنامەی کوردستان نووسیویەتی: "... ڕۆژی سێ شەمموو 3ی بانەمەڕی 1325 ساتی پێنجی ئێواری لە شاری تەورێز لە عەمارەتی میللیی ئازربایجان بەحزووری سەرانی حکووتی میللیی کوردستان:

. ڕەئیسی حکوومەتی میللیی کوردستان جەنابی ئاغای قازی محەمەد.

. ئاغای سەید عەبدوڵڵای گەیلانی عزووی کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

. ئاغای عومەر خانی شەریفی عزووی کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕەئیسی عێڵی شکاك.

. ئاغای محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ڕەزیری هێزی حکوومەتی میللیی کوردستان.

. ئاغای رەشید بەگی جیانگیری عزووی کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕەئیسی عێڵی هەرکی.

. ئاغای زێرۆ بەگی بەهادوری عزووی کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

. نوێنەری کوردی شنۆ ئاغای قازی محەمەد خدریۆ، و بەحزووری سەرانی حکوومەتیی میللیی ئازربایایجان:

. ڕەئیسی مەجلیسی میللیی ئازربایجان جەنابی ئاغای حاجی میرزا عەلی شەبستەری.

. سەرۆک وەزیری حکوومەتی میللیی ئازربایجان جەنابی ئاغای سەید جەعفەری پیشەوەری.

. معاونی سەدری فیرقەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان ئاغای پادگان.

. وەزیری داخلیەی ئازربایجان دوکتۆر سەلامولڵا جاوید.

. وەزیری فەرهەنگی ئازربایجان ئاغای محەمەد نیریا.

بۆ قایم و مەحکەمکردنی دۆستایەتی کە لە بەینی ئازربایجان و میللەتی کوردستاندا بووە و بۆ پایەداریی صەمیمییەت و دۆستایەتیی زیاتر لە بەینی ئەو دوو میللەتەدا ئەو قەرارانەی خوارەوەیان قەبووڵ کرد و هەردووکیان لەوەدوا لەگەڵ ژیان خۆیان تەبیقی دەکەن.

1. لەو جێگایانەی بەپێویست بزانرێ هەردووك حکوومەتی میللی نوێنەر دەگۆڕنەوە.

2. لە ئازربایجاندا ئەو جێگایانەی کە دانیشتووانی کورد بن کاری ئیداراتی دەوڵەتی بەکوردان دەبێ و هەروەها لە کوردستانیش لەو جێگایانەی کە بەشی زۆری دانیشتوان ئازربایجانی بن لە تەرەف مەئموورانی حکوومەتی میللیی ئازربایجانەوە ئیدارە دەکرێ.

3. بۆ حەل بوونی مەوزووعی ئیقتیصادی لە بەینی هەردووك میللەتان کۆمیسیۆنی تێکەڵاو دادەمەزرێ و قەراری ئەو کۆمیسیۆنە بەکۆششی سەرانی ئەو دوو حکوومەتە ئیجرا دەکرێ.

4. لەکاتی پێویستدا لە بەینی حکوومەتی میللیی ئازربایجان و کوردستان هاوکاریی پێشمەرگەیی دەکرێ و دەبێ ئەوەی لازم بێ بۆ کۆمەکی یەکتری ئەنجام بدرێ.

5. هەر کاتێك پێویست بێ لەگەڵ حکوومەتی تاران قسە بکرێ دەبێ موافیقی نەزەری حکوومەتی میللیی ئازربایجان و کوردستان بێ.

6. حکوومەتی میللیی ئازربایجان بۆ ئەو کوردانەی کە لە خاکەی ئازربایجاندا دەژین تا ئەو ئەندازەی کە بتوانێ بۆ پێشکەوتنی زمان و تەرەقیپێدانی فەرهەنگی میللیی وان هەوڵ بدا. هەروەها حکوومەتی میللیی کوردیش بۆ ئەو ئازربایجانییانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان و تەرەقیپێدانی فەرهەنگی میللیی وان ئەو ئەندازەی بتوانێ هەوڵ بدا.

7. هەرکەس بۆ تێکدانی دۆستایەتیی تاریخیی نەتەوەی ئازربایجان و کورد و لە بەین بردنی برایەتی وە دیموکراتیی میللی

وە یا لەکەدارکردنی یەکـەتیی وان هـەوڵبدا هـەردوو لا بەیـەك دەسـت ئـەو مورتەکیبانـە بەجـەزای خۆیـان دەگەیـەنن." لـەژێر ئـەم ڕێککەوتنـەدا ئیمـزای هـەموو نـاوبراوان دەبیندرێ.

قـازی محەمـەد پـاش بەسـتنی ئـەم پەیمانە، دەستی کرد بەچالاکی نواندن لـە پێنـاو راکێشـانی خێـڵان لەبەرئـەوەی هەرچەندە ئەو ڕۆڵێکی گرینگی لەناو شاری مەهابادو دانیشتوانی شاردا دەگێڕا، بـەڵام سـەرۆکی خێـڵان هێنـدە گوێڕایـەڵی ئـەو نـەدەبوون. هـەر لەبـەر ئەمـە بـوو سـەرەتا کاربەدەسـتانی بیـانی دەیانویسـت سـەید عـەبدوڵڵای گـەیلانی بـۆ سـەرۆکایەتیی کۆمـاری کوردسـتان راسـت بکەنـەوە بـەڵام بـەهۆی هـەوڵدانی بـەڕێز"فـەهیمی"یـەوە ئەویان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا نەگونجاو ئەوەبوو روو لە قازی محەمەد کرا.

قـازی محەمـەد خێـڵ و هۆزێکـی نـەبوو بـەڵام سـوودی لـە هـەبوونی بارزانییـەکان وەرگـرت کـە مرۆڤگـەلێکی شـەڕکەربوون، بـۆ ترساندنی خێڵانی ئێرانی بەکاری هێنان و دەسـتی کـرد بەدابەشـینی چـەك و پـارە بـەناویاندا. ئیـتر، تووتـن و تۆمـاکۆی کـوردانی‌دا بەکاربەدەسـتانی بیـانی و لـە بەرامبەردا پارە و چەکی وەرگـرت. پێنـاوی ئەم کارەش"ئەسەدۆڤ" بوو کە بەرووالەت دەمڕاسـتی بازرگـانیی سـۆڤیەت بـوو لـە تاراندا.

قازی محەمەد لە کاتی فەرمانڕەوایەتیی خۆی لە مەهاباددا بەکارزانییەکی تایبەتەوە هەڵسوکەوتی کـرد، ڕێگـەی نـەدا کوشتن و جـەردەوانی لەشـار ڕوو بـدەن و مـاڵی هاوولاتیـان بەتالان بچێ. ئەمە بووە مایەی ئەوەی لەماوەی دوو ساڵی فەرمانڕەوایەتیی ئەودا تـەنیا یـەك مرۆڤـی دانیشـتوانی شـار بکوژرێ‌و، خەڵك حەزێکی تایبەتی بۆ قازی محەمـەد پەیدابکـەن. ئـەم سیاسـەت و کارزانییـە وەك لـە پێشـەکیدا هـاتووە، دەوڵەتی ناچار کرد لە سەرەتای گەڕانەوەی هـێز بـۆ مـەهاباد بەشـێوەیەکی ئاشـتی بجووڵێتـەوەو، لـە دەسبەسـەرکردن و گرتنـی خـەڵکدا خـۆی لابـدات. سـەیر ئەوەیـە لـە ڕۆژانـی سـەرەتادا لیـوا هومـای‌ۆنیی سەرکردەی هێزگەلی کوردستان لە مـەهاباد لە ماڵی قازی محەمەد لایدا و فراڤینی لەگەڵ ئـەودا خـوارد و بـاس و خواسـێك لـەبارەی گرتنی ئەو لە گۆڕێدانەبوو.

لـەو ڕۆژانـەدا بـرای قـازی محەمـەد کـە پێوەندییـەکی نـێزیکی لەگـەڵ سـەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە بەڕێز ئەحمـەد قـەوامدا هـەبوو لـە تاران خـەریکی نواندنـی چالاکی بـوو بـۆ ئـەوەی بەقسـەی خـۆی، ئـەو بۆندژییـەی هەیـە لـە نێوانـدا هەڵسـتێ ودەوڵـەت دەسـت لـە دژایـەتیی خـۆی و خزمەکانی هەڵگرێ، بەهەمان نیاز، سەدری قـازی لـە تـاران بەپـەیامنێری ڕۆژنامـەکانی گـوت: " مـن لـە ڕێکوپێکیـی بـەڕێز لیـوا هومـای‌ۆنی و هەڵسـوکەوتی هێزگـەلی سـوپایی لـە کوردسـتاندا زۆر رازی و خۆشحاڵم، دانیشتوانیش هـەر بـەهۆی ئـەم بارودۆخەیـە بەخۆشـییەوە خـەریکی بەدەستەوەدانی چەکن."

لە ڕۆژانی هاتنی مەلا مستەفا و چوونـی بـۆ تـاراندا، قـازی محەمـەدیش گـیرا ودەسـبەجێ لێتۆژینـەوەی لەگـەڵدا دەسـت پێکـرا چـەند ڕۆژی پاشـتر، لـە تـاران بـوو بەدەنگ گوایـە"لەبەرئـەوەی قـازی محەمـەد هەندێك شتی گوتووە پێویست بێ سەدری قازیش بۆ روونکردنەوە بچێتە مەهاباد، ئیتر ئەویش گیراوە بۆ ئەوەی ڕەوانـەی مـەهاباد بکـرێ." ئـەم رسـتەیە سـەردێری هـەواڵی ڕۆژنامەکانی تاران بوو. بەڵام راستی شتێکی تر بوو و سەدری قـازی لـە نێـوان ململانـەی دوو هێزدا هەڵکەوتبوو. سەرۆك وەزیران کە پێوەندیی تایبـەتیی بـەبرایانی قازییـەوە هـەبوو و، لـە سـەرهەڵدانی هـەرای کوردستانیشـدا بەهـەمان شێوەی رووداوی ئازربایجان بێ تەئسیر نەبوو، دەیویسـت ئەمانـەی لەبـەر دەسـتدابێ بـۆ پاڵەپەستۆدانی هـەندێ لـە بەرپرسـان لـەکاتی پێویسـتدا. بۆیـە حـەزی نـەدەکرد بگـیرێن و سزابدرێن، لەلایەکی ترەوە بەرپرسانی سوپا کە تێدەکۆشـان دەسـەڵاتی دەوڵـەت بەسـەر سەرتاسـەری کوردسـتاندا بڕەوێنـن، مانـەوەی ئەمانـەیان بەلەمپـەر لـە پێـش ئۆپەراسـیۆنی خۆیاندا دەزانی.

بەو شێوەیە، کاتێ کاردارانی پۆلیس لە تاران کەوتنە سۆراغی گرتنی سەدری قازی، ئـەو خـۆی گـەیاندە باڵەخانـەی وەزارەتـی دەرەکی و چووە دیمانەی سەرۆك وەزیران.

بەڕێز ئەحمـەد قـەوام پێـی گوتـی:" مـن ئـەوەی پێویست بێ بۆ دەربـازکردنی ئێـوە دەیکـەم بـەڵام وا چـاترە خـۆت بەدەسـت کـاردارانی سـوپاییەوە بـدەی هـەتاکو بۆندژییەکە نەمێنێ."

سـەدری قـازی، گوتـی: "گـیرانی مـن و نـاردنم بـۆ مـەهاباد واتـە بـۆ هـەمان بەدارەوەکردنە، کاری بکـە بـەڵکو لـە تـاران نەمبەنـە دەرەوە وەهـەر لـێرە لـە دادگـە بدرێم."

"بـەڵام،" سـەرۆك وەزیـران گوتـی:" پاڵەپەستۆی بەرپرسـانی سـوپا زۆرەو ئیـتر هیچم لەدەست نایێ!"

سەدری قازی زۆر ناهومێد و بێ هیڤـی لە ژوورەکەی ئەوان چووە دەرەوە، بەجۆرێك ورەی بەردابوو کەوا لـە سـاڵۆنی نـاوەندیی وەزارەتـی دەرەکیـدا خـۆی بـەدیوارەوە هەڵپەرسـارد هـەتاکو نەکەوێتـە زەوی ئـەو کاتـە، یەکێك لـە نوێنـەرانی دەسـتی راسـتی ئەنجوومەنی چواردە خۆی لێ نێزیك کـردەوە و گوتـی:"کاك سەدر بینیت حیسێبی ئێـوە هەڵە بوو و دەوڵەت بەهێزە؟"

سـەدری قـازی گوتـی:"ئەمـە مـن نیـم کەشکاوم، ئەمە سیاسەتی سۆڤیەتە لە ئیران دۆڕاندوویەتی..."

هەرچۆن بێ، سـەدر بـەترس و لـەرزەوە لەگەڵ ئەسکورتێکی(کاروانێکی) سوپایی لە تارانـەوە بۆ تـەورێز ولەوێشـەوە بۆ مـەهاباد بـردرا، لـەوێ لـە ژوورێکـی بـە تـەنیایی لـە گرتووخانـەدا خرایـە ژوورەوە. ئەوکاتـە، سەیفی قازی و بڕێکی تر لە هاوەڵانی قازی محەمەدو بنەماڵەکەیان گیرابوون.

لەدادگەدانی گوناحبارانی سەرەکیی وەك محەمەد قازی و سەدری قازی و سەیفی قازی لە دادگەیەکدا کە بەسەرۆکایەتیی بەڕێز عەقید پارسی تەبارو، داواکەری گشتی عەقید فەیووزی پێك هاتبوو، دەستی پێکرد، لەو دادگەیەدا و توویژێکی زۆرکرا، داواکەری گشتی گوتەی گرینگی لەبارەی ناپاکی و گوناحی برایانی قازی و هەڤاڵانی ئەوان خستە روو گوناحبارانیش دەستهاوێژیان لەمەڕ بێ‌وناحی و پێوەندیی خۆیان بەهەندێ لە بەرپرسانی ناوەندییەوە پیشاندا،زۆرقسە و باس هاتنە ئارا، پرسی جیاجیا پێشکێش کران و هەردوو لا پێی گەلێك کەسیان لە بەرپرسانی ناوەکی و دەرەکی کێشایە ناوەوە وبەڵگەو نموونەیان هێنایەوە، تەنانەت ئاماژە بەنەوت و داوای راستەوخۆی دەرەکی و هاتنی هەندێ لە بەرپرسانیش دران. ئەوەی پێویست بێ لە دادگەیەکی مێژوویی سوپاییی ئاوەهای سەردەمی شەڕدا رووبدا، رووبدا، ئێمە لێرەدا بەکورتی و بەپوختی ئەوەی بواری قسە لەسەرکردنی هەیە و بۆ بلاوکردنەوە دەشێ، رادەگەینین هەتاکو خوێنەرانی ئێمە لە چۆنیەتیی ئەم دادگە مێژووییە ئاگەداربن.

لەکاتی دانانی دادگە هێشتا شەڕ لەگەڵ بارزانییەکاندا دەستی پێنەکردبوو و دەوڵەت سیاسەتێکی توندی لە مەهاباد نەگرتبووە بەر، بگرە لە ڕێگەی ئاشتییەوە هەنگاوی بەرەوپێش دەهاوێشت لەبەرئەوەی هێشتا سەرتاپێی ناوچەکە هێمن نەبووبوو وزۆر لە خێڵان بەتایبەتیش خێڵانی گۆشەی سنووری ئێران و سۆڤیەت و تورکیا چەکدار بوون، بۆیە دەوڵەت نەیدەویست پێش دەسەڵات شکانی خۆی بەسەر بارودۆخدا ترس و سامێك بنوێنێ، لەبەر هەمان هۆ و بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەعنەوی قازی محەمەد لەباربچێ، بێ وچان پاش دانانی دادگەی سوپایی، دەوڵەت زۆرینەی خێڵانی باکوروباشووری بۆ تاران بانگهێشتن کرد و لە ڕۆژی دەیەمی مانگی ڕێبەندان لە تاران لە ڕێوڕەسمێکی بەشان و شکۆدا هەموو سەرۆك خێڵان و پیاوانی ئاین و ماقووڵانی کوردستان لە ڕێگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپاوە بەخزمەت مەزن ڕێداری پیرۆز شاهەنشا گەیشتن. هەریەکە و بەگوێرەی پلەوپایەی خۆی بەخەڵاتی کوستیلکی ئەڵماس و فەرمانی دادوەری و میدالیە و نیشان و داردەست شانازکران، ئەو کاتە لەگەڵ شانازی پێدانەکەدا هەندێ لە سەرۆك خێڵانی مەنگوڕ و مامەش و ئایندارانی گەورە لە خزمەت پاتشادا داوای لەداردانی قازی محەمەد و برا و ئامۆزایەکانیان کرد. ئەوە بوو ئەو ئاخاوتنانە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و بەلاڤۆکەوە بەناو خێڵاتدا بلاوکرانەوە. داوەتکراوەکان بەدیتنی داوودەزگای سوپا و یەکەگەل، تواناو دەسەڵات و وزەی دەوڵەتیان زانی بەجۆرێ دوای گەڕانەوەیان جگە لە باسی دژبەریی قازی محەمەد و داوای لەداردانی ئەو، شتێکی تریان نەدەگوت.

پارێزگاری ئازربایجان ئەو کاتە بەڕێز عەلی مەنسوربوو کە پیاوێکی سیاسەتکارو بەوردە و نەرمبوو، بەری لە دەسدرێژی و تۆڵەسێنی و زەبروزەنگی نابەجێ دەگرت و، بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و هێمنیی دانیشتوان هەتا ئەو شوێنەی لە توانایدا بوایە هەنگاوی دەهاویشت.

بەم سەروبەر و کارزانییەوە، لێتۆژینەوە لە قازی محەمەد و برا و ئامۆزایەکانی بەبێ سەرهەڵدانی رووداوی ناخۆش یا خۆپێشاندانی ناپەسند، لە مەهاباد دەستی پێکرد، بەجۆرێ قازی محەمەد خۆی لە سێیەمین دانیشتنی لێتۆژینەوەدا گوتی: "من ئێستە هەندێك هیوام بەژیانی خۆم ماوە لەبەرئەوەی دەبینم دەتانەوێ لە دادگەمان بدەن بەلام سەرەتا پێم وابوو بێ پێشەکی دەمانکوژن."

لەبەرئەوەی دادگەی کتوپڕی سەدەمی شەڕ کە لە مەهاباد دامەزرابوو، بەگوێرەی بڕیاری سوپا نەیدەتوانی دانیشتنەکانی خۆی بپسێنێتەوە بۆیە زۆربەی دانیشتنەکان لە سەعات8ی سبەینەوە هەتا نیوەشەو هەندێك جاریش هەتا سێ سەعاتی پاش نیوەشەو درێژەیان دەکێشا.

پاش ئەوەی تۆژینەوە لەگەڵ یەکەیەکەی گوناحباران بەجیا بەکۆتا گەیشت، بۆ راوێژکاریەتی، فایل رەوانەی دادگەکرا و بەگوناحباران گوترا بریکار بۆ خۆیان دیاری بکەن. قازی محەمەد لە کاتی دیاریکردنی بریکاردا چەند ئەفسەرێکی لێوەشاوەو بەتوانای سوپای- وەك زەعیم عەمید ئەسلانی و عەقید مووسا شاقولی"کە ئەو دەمە بەژیان مابوو" بۆ بریکارەتی هەڵبژارد، بەلام پێیان گوت:"پێویستە بریکاری خۆت لە ناو ئەفسەرانی ئامادەی مەهاباد و مۆڵگەی ئەم شارەدا هەڵبژێری نەك لە شوێنانی تر، لەبەرئەوەی کار کۆسپەی تیدەکەوێ و یاساش ڕێگەنادا، دوورنییە تۆ بتەوی لە لەندەن بریکار هەڵبژێری."

قازی محەمەد گوتی: "ئێوەچی بڵێن من وا دەکەم، ئەگەر پێوەندیم بەلەندەنەوە هەبوایە کارم بەم ڕۆژە نەدەگەیشت. زۆرباشە لە ناو ئەم ئەفسەرانەی هەڵدەبژێرم ملم لە موو باریکترە." پاش ئەوە نەقیب شەریف و چەند کەسێکی تر بۆ بریکارەتیی ئەو و سەدری قازی و سەیفی قازی هەڵبژاردران. ڕۆژی نۆزدەی بەفرانبار کە دانیشتن لە پێشتبریی گوناحبارانی کۆڵییەوە، محەمەد قازی لە سەعات 8ی بەیانییەوە هەتا سەعات22 واتە لەو ماوەیەش کە دادگە بە ناوی پشووی نانخواردنەوە هەڵدەگیرا، نێزیکەی 14سەعات قسەی کردو کەموکورتیی جۆربەجۆری لە دادگە گرت. قازی محەمەد بەشێوەیەکی گشتی سێ کەموکورتیی لە دادگە گرت، یەکەم: ئەم دادگەیە دەسەڵاتی بڕیاری لە گوناحەکانی ئەودا نییە، لەبەرئەوەی پیاوێکی غەیرە سوپاییە و پێویستە لە دادگەی شارەکیدا، یان لە تاران لە دادگەی سوپاییدا لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بێت. دووەم: دادگە کاتێکی تەواوی پێنەدا

بۆ بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی بریکار.
سێیەم: ئەوەیە دەبێ گوناحباران بەیەکەوە بۆ پێش دادگە بانگ بکرێن.

دادگە پاش راوێژ هەرسێ رەخنەکانی ئەوەی بەپاش دایەوە. پێشبڕیی یەکەم نابەجێ بوو لەبەرئەوەی دادگە گەلی سوپایی لە شوێنانی پێویستدا بۆ بڕیاردان لە گوناحی کەسانی وەك قازی محەمەد پێك دەهێنرێن و، یاسای سزادانی ئەو کەسانەی لە دژی هێمنیی ولات رادەپەڕن، بەدادگەی سوپایی دەسپێردرێن، بەتایبەتیش ئەوانەی کاری چەکدارانەیان کردبێ. دووەم: لە یاسادا 24 سەعات مۆڵەت بۆ دانانی بریکار و لێکۆڵینەوەی فایل بەگوناحبار دەدرێ، بەلام دادگە بۆ قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی ئەم مۆڵەتەی هەتا **40** سەعات درێژکردەوە، لەبارەی لێتۆژینەوەی بانگهێشتن کردنی تاوانبارانیش بۆ پێش دادگە رایگەیاند کەوا بۆ رێگەگرتن لە رێککەوتنی گوناحبارانە کە هەموویان بەیەکەوە نەهێنراونەتە پێش دادگە. لەبەرئەمە ئەو پێشبڕییانە بەرپەرچ درانەوە و دادگە دەستی بە لە دادگەدان کرد.

لەدادگەدا قازی محەمەد بەشێوەیەکی یەکجارەکی بەرتەکی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ناوەندیی دایەوە و گوتی: "من لەم گۆشە دوور هەڵکەوتەی کوردستان و لەم سووچی گرتووخانەیەوە بۆ دەوڵەتی ناوەندی و کاربەدەستانی بەرپرسیاری جاڕدەدەم و دەڵێم من گوناحبار نیم و ئێوە گوناحبارن. لەبەرئەوەی ئەگەر دەوڵەت لەم چەند ساڵەی دواییدا وزە و دەسەلات و ویستی ئەوەی هەبوایە هێز بۆ ئەم ناوچەیە بنێرێ و فەرمانڕەوایەتی خۆی بنوێنێ و دەسەلات بەسەر بارودۆخدا بکێشێ ئەوا بیانییان پاڵەپەستۆیان نەدەهێنایە سەر دانیشتوانی بەلەنگازی ئەم دەڤەرە و من ناچار نەدەبووم بۆ پاراستنی گیانی خۆم و بنەماڵەم دەست لەم کارە وەربدەم. من لە لایەنی خۆمەوە ئەوەی پێویست بووبێ لە کاتی خۆیدا بەبەرپرسانی بەرزم گەیاندووە و، سەرۆك وەزیران و تێکڕای بەرپرسانم لە هەلومەرج ئاگەدار کردووەتەوە، ئێوە زۆرداریو بێ رەحمیمان لە دژدا دەکەن، وەك چۆن دەوڵەتی شاهەنشایی، وێڕای ئەوەی کە باڵیۆزخانەی دەرەکی لە تاراندا هەن و لەبەر چاوی نوێنەرانی ولاتانی جیاجیا و بەئاگەداریی هەموو دنیا لەم بارودۆخە، دەوڵەت چەندان جار لە پێش پاڵەپەستۆی سۆڤیەتدا خۆی بەدەستەوە داوە و فەرمانگەلی ئەو دەوڵەتەی راپەڕاندووە، بۆ پارێزگای جۆربەجۆری ولات هێزی نەناردووە و ماڵ و گیان و سامانی خستۆتە بەردەستی رووس، ئێمەش ناچاربووین. منیش کەهێزو ووزە و سوپام نەبوو ناچار بووم فەرمانی ئەوان بەجێ بهێنم، بەخوا ناچاربووم، وەلڵاناچار بووم..."

سەدری قازی، بەرگرییەکەی جۆرێکی تر بوو. لەبارەی ئەو شتەی لە خولی نوێنەرایەتیی ئەودا رووی دابوو دەیگوت من پاسەوانەتیم هەبوو و، لەگەڵ کەمینەیەکی پێکهاتوودا هاوکاریم دەکرد، لەبارەی کردەوەکانی ئەم دواییەش دەیگوت من لە تاران بوم و کارێکم نەکردووە، پێویستە من لە دادگایەکی شارەکیدا لە دادگە بدرێم نەك لەم دادگەیەدا.

سەیفی قازیش لەبارەی لەبەرکردنی جلکی جەنەراڵی رۆیشتنی بۆ باکۆ دەیگوت: "حکوومەتی هەرێمایەتیی تەورێز ئەو دەسەلاتەی بەئێمە دابوو و چاوەڕوان بووین دەوڵەتی ناوەندیش بەرەسمی بمانناسێ، پاش ئەوەی سەرۆك وەزیرانیش منی کرد بە قایقامی مەهاباد ئیتر وازم لە لەبەرکردنی جلکی جەنەراڵی هێنا."

بێ بەختیی قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لەوەدابوو داوەریی ئەم دادگەیە بە عەقید فەیوزی سپێردرابوو کە سەرۆکی ئەرکانی هێزبوو، لە نێوان ئەندامانی ئەم دادگەیە کەسانی وەك عەقید مزەفەری دەبینران کە بەدرێژاییی ساڵێك لەگەڵ قازی محەمەد و ئەوانیتردا سەری پێوەندییان هەبوو و زانیاریی زۆر قووڵیان لەبارەی چالاکی و ئەو نامانەی بەدەسخەتی خۆی لە دژی دەوڵەتدا نووسیبوونی، لەبەردەستدا هەبوون کە بوواری نکووڵییان بەقازی محەمەد نەدەدا، ئەگەر ئەوان دەیانویست دامەزرانی حیزبی کۆمەڵەی کوردستان و راپەڕینی لایەنگرانی ئەوو سەرجەم کارەکانی تریان بەئەنجامی سیاسەتی بیانییەکان بژمێردرێن و، بەپشت گوێ بخرێن ئەوا دەستهاوێژی تر لەبەر دەستدابوون پێشانیان دەدا کە قازی محەمەد خۆی و سەیفی قازی و سەدری قازی بەئارەزووی خۆیان هەندێ کاریان کردبوو کە رەنگە کاربەدەستانی ولاتانی بیانی بەهیچ جۆر رایان لەسەر نەبووبێ.

بۆ نموونە لە ئازربایجان، هەر چەندە بناغەی حکوومەت بەکۆمۆنیستی دارێژرابوو و ئەم نیازە لەگەڵ بنەڕەتی سوڵتانەتی "پاتشایەتی"دا ناکۆکە، بەلام سەرەڕای ئەمە لە رادیۆی تەورێز و بەلاڤۆکی فیرقەی دیموکراتدا هێرشی توند نەدەکرایە سەر پایەی پاتشایەتی.

بەلام لە مەهاباد بۆ هاندانی خەڵك لە دژی پاتشا و بنچینەی سوڵتانەتیدا لە هیچ کارێك نەدەسڵەمینەوە. تەنانەت بۆ ئەوەی دانیشتوانی ولاتپارێزی مەهاباد بۆ خۆیان رابکێشن پاتشایان بە"دوژمنی گەلی کورد یاخەڵکی کورد" پێناسە دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە ناوبەناو لاوێکیان بەجل و بەرگێکی پڕ لە زێڕ وزیو دەڕازاندەوە و هەندێ چەکداریان دەخستە دەوری و هەڕەشەیان لێی دەکرد لەسەرەوەشدا تابلۆیەکیان هەڵدەواسی و لێیان دەنووسی:
"بمرێ ئەو کەسەی دژی ئازادی کوردە".

لە لایەکی ترەوە هەندێ نووسینی ئەو کەوتنە دەست کە ئاشکرایان دەکرد ناحەزی سەڵتەنەتی "مەشرووتە"یە و بەچاوی کینە و رك لەسوپا دەڕوانێ. بەتایبەتیش لەم بارەیەوە عەقید فەیوزی کە

پلەی دادوەری دادگەی هەبوو نووسینێکی پیشاندا خوێنی هەموو ئەفسەرانی هێنایە جۆش و هەستی هەموانی هاڕووژاند. ئەو نووسینە نامەیەك بوو قازی محەمەد بۆ ئەرکانی هێزگەلی کوردستانی نووسیبوو. قازی محەمەد لە وەڵامی پرسیاری سەرۆکی ئەرکاندا کە چەند مانگ پێش ڕووداوانی ئەم ڕووداوانە ئەوی بۆ گوێڕایەڵی بۆ پاتشا و یاسا بانگ کردبوو و لە دژبەریکردنی سوپای وریادار کردبووەوە، وەڵامیکی بەسووکایەتییەوە بەشێوەی ژێرەوە دابووەوە:

"ئێوە ئەفسەرانی هەمان ئەو سوپایەن لەدەمی شەڕ و کاتی گیان لەسەر دەستیدا ڕێگەی هەڵاتنتان گرتەبەر و، ئەو شیعرەی شاعیری مەزن فیردەوسی-تان بەجێ‌هێ‌نا کە دەڵێ:

همه سريسر پشت بدشمن کنيم

أز ان كه خود را بكشتن دهيم

واتە: هەموومان بەیەکەوە پشت لە دوژمن بکەین چێترە لەوەی خۆمان بەکوشتن بدەین" ئاشکرایە ئەم جۆرە کار و نووسینە دوور لە ڕێزە بۆ بەرپرسانی سوپا بەهیچ بارتێك لە بیر نەدەکرا و نەیدەتوانی لە سزا ڕزگاری بکات.

دادوەر جگە لە پێشاندانی دەستهاوێژی پێویست بەدادگە، ئاماژەی بەو گەشتەی خۆی داکە لە سەردەمی سەرۆك کۆمارەتیی قازی محەمەددا بۆ مەهاباد کردبووی و گوتی:"قازی محەمەد نەك تەنێ سووکایەتیی بەسوپا دەکرد بگرە لە سەردانی ڕۆژی حەوتی گەلاوێژ و یەکی ڕەزبەر و بیست ویەکی گەلاڕێزاندا کە بۆ مەهاباد کردم هەڕەشەی لێ کردم و گوتی: "بەم زووانە هێرش دەکەمە سەر هێزگەلی میری، سەقز وسنە و کرماشانیش دەگرم." لە سەردانی حەوتی گەلاوێژدا لەبەر چاوی من بەجلکی جەنەراڵییەوە خۆنواندنی بەهێزەکانی خۆی کرد."

قازی محەمەد و سەیفی قازی چوونی باکۆیان نکووڵی کرد بەڵام دەستهاوێژی گرنگ بەدەستەوە هەبوون و خرانە بەرچاوی دادگە، ناچار هەردووك دانیان پێدا هێنا و لە ئەنجامدا دەرکەوت قازی محەمەد خۆی دووجار چووەتە باکۆ. گرینگتر لە هەمووی ئەوە دەرکەوت ئالای سێ ڕەنگیی شمشێر وڕۆژ کە جێگەی ڕێز و سەردانواندنی گشتییە، ئەو گۆڕیویەتی، ڕەنگی سووری بردووەتە سەرەوە و کەسکی هێناوەتە خوارەوە، لەجێگەی شمشێر و ڕۆژدا "ئارم"ی کۆماری کوردستانی کێشاوە.

بریکاری بەرگریکەری قازی محەمەد گوتی:"لە یاسای بنەڕەتیدا شتێك لەبارەی شوێنی ڕەنگەکانەوە نەگوتراوە."

دادوەر وەڵامی دایەوە:"ئەگەرچی شوێنی ڕەنگەکان دیاری نەکراوە بەڵام گۆڕینیشی پێشبینی نەکراوە. وێڕای ئەمە ئەگەر لە گۆڕینی ڕەنگەکانیشدا چاوپۆشی بکرێ ئەوا گۆڕینی(ئارم- دروشم)ی میللی کە شمشێر و ڕۆژە ناشێ نەبینرێ."

لە بارەی کردەوەکانی سەدری قازیشەوە، بەقسەی دادوەر ئاشکرابوو کەوا ڕۆژی شازدەی سەرماوەز ئەو لە مزگەوتی

عەباسی لە مەهاباد ئاخاوتنێکی داوە و خەڵکی بۆ ململانەی هێزگەلی میری هان داوە و گوتوویەتی:" دەوڵەت ناتوانێ لە هەردوو بەرەی ئازربایجان و کوردستاندا شەڕبکات. من نێزیکەی سێ ساڵ لە تاران ماوم و چاك شارەزای وزەی سەرباز و ئەفسەر و ئەفسەرانی پۆلم، دەوڵەت لە سەردەشت و سەقز و تکاودا هێزی نییە، ئێمە بەیارمەتیی (فیدائیانی دیموکرات)ەوە دەتوانین هێزی دەوڵە ت تەفروتوونا بکەین. جاران پەلێك لە خێلاّن دەیتوانی ماوەیەکی زۆر لە پێش هێزگەلی دەوڵەتدا بووەستێتەوە، ئێستە ئێوە لەوان کەمترنین. نابێ بترسن، دەبێ شەڕ بکەن و لە بەرامبەری دوژمندا بووەستن."

دەستهاوێژی تر هەبوون پێشانیان دەدا قازی محەمەد دوو ڕۆژ پێش گەڕانەوی هێز هەشت هەزار ڕیاڵی لە دارایی بۆکان وەرگرتبوو. جگە لەم کارانە، گوناحێکی لێ خۆش نەبووی تری قازی محەمەد لەبەرچاوی سوپاییەکان ئەوەبوو، بۆ هاوکاری لە محەمەد ڕەشیدی گیرابووەوە. لە گەڕانەوەی لیوا هومایوونیش لە بیست و دووی مانگی سەرماوەرز مەرجی ئاگربڕی بەجێ نەهێنابوو و بارزانییەکانی چەکدار کردبوو و مۆڵگەشی تالاّن و بڕۆکردبوو...

لە بارەی سەیفی قازیشەوە زۆر بەڵگە بەدەستی سەرکردایەتیی هێزگەلی کوردستانەوە هەبوون، بۆ نموونە لە مێژووی شەشەمی مانگی خەرماناندا پەنجا قوتابیی بۆ تەواوکردنی خولی کۆلێجی سوپای سۆڤیەتی ناردبووە تەورێز بۆ ئەوەی لەوێوە ڕەوانەی باکۆ بکرێن.

لەو ڕۆژانەدا"حاجی بابە شێخ"ی سەرۆك وەزیرانی قازی محەمەد کە پیرە پیاوێکی دڵنەرم و دوورزەین بوو، ئازادبوو ڕۆژێکیان نووسەر لەگەڵ رائید دوکتۆر خەمسە سەفا کە یەکێك بوو لە نۆشدارانی لێوەشاوە و ئەو دەمە کیژی حاجی بابە شیخی چارەسەر دەکرد، هەروەها ملازم دوکتۆر عەزیمی کە ماوەیەك لە لای بارزانییەکاندا دیلبوو، بەیەکەوە چووین بۆ لای حاجی بابە شێخ ئەو کە ئاگەداری سەرلەبەری چالاکییە سیاسییەکانی قازی محەمەد بوو دەیگوت:

"پاش مانگی گەلاوێژ بیانییەکان هەندێ لە سەرۆکانی کوردیان– لەمانەیش قازی محەمەد، بەرەو لای چۆمی ئاراسبرد، هێند بەپەلە بوون لە ماوەی بیست و یك سەعاتدا ئێمەیان لە سەقزەوە گەیاندە جەلفا ولەوێشەوە بردیانینە باکۆ. لە باکۆ لەگەڵ گەلێك لە جەنەراڵەکانی رووس کە نەماندەناسین دیمانەمان کرد، هەتا ئەوەی یەکێکیان کە خۆی بەناوی"ئاتاکیشۆڤ"ەوە بەئێمە ناساند، دیمانەیکی دوور و درێژی لەگەڵدا کردین و هەڕ شە و گوڕەشەی دەکرد کە دەبێ فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین." حاجی بابە شێخ دەیگوت:"ئێمە بەهیچ ڕووێك ئامادەی قەبووڵ کردنی فەرمانەکانی ئەوان نەبووین بەڕادەیەك قازی محەمەد پێوەبوو خۆی ەرمانخوار بکات. پاش ئەوەی پازدە ڕۆژ لەوێ ماینەوە ئینجا گەڕاینەوە مەهاباد." حاجی بابە شێخ دەیگوت:"من بەگەلێك شێوە راپۆرتی ئەم ڕوداوانەم بەکاردارانی دەوڵەت ڕاگەیاند و جاری دووەم خۆم لە چوونی باکۆ بەتەواوی بەدەستەوە نەدا." ئەو دەیگوت:"قازی محەمەد دوو جار و سەیفی قازی سێ جار چوونەتە باکۆ لەم گۆانانەی دواییشدا ئەو دەمەی دەوڵەت جاڕیدا کەوا دەیەوێ بۆ جێبەجێ کردنی هەڵبژاردن هێز بنێرێتە ئازربایجان، من بەقازی محەمەدم گوت وا چاکترە ئێمەش بروسکە بکەین بۆ ئەوەی هێزبێت. ئەویش رازی بوو بەلاّم ئەسەدۆڤ کە"کل فی کل" بوو بە جۆرێك دەستی بەسەرماندا کێشا نەیهێشت هیچ بکەین." حاجی بابە شێخ دەیگوت:" بەپێچەوانەی نواندنی بیانییەکان ئێمە هەرگیز نەمانتوانی لەگەڵ فیرقەی دیموکراتدا هەڵبکەین، لەبەرئەوەی ئەوان دەیانگوت دەبێ ئێوە سەر بەتەورێزبن لە کاتێکدا ئێمە دژ بووین و دەمانگوت پاش ئەم هەموو بەزم و هەرایە ئەگەر بویسترێ ئێمە گوێ بەفەرمانی تەورێز بین، ئەوا وەك جاران سەر بەتاران دەبین."

هەرچۆنێك بێ بەگوێرەی ئەو دەستهاوێژانەی بەدەستەوە بوون و ئەو قسانەی لەناو دادگەداکران، لە دوادوای دانیشتنێکی نهێنی کە زیاتر لە 18سەعات درێژەی کێشا، لە بەرەودواهاتنی مانگی بەفرانبار بەپێی بۆچوونی دادگەی کتوپڕی سوپایی، قازی محەمەدی موفتیی مەهاباد، سەدری قازی"سەدرولئیسلام" نوێنەری پێشووی ئەنجوومەنی ڕاوێژی میللی و، سەیفی قازی"سەیفولئیسلام"، فەرمانی لەداردانیان بۆ دەرچوو، بۆ جێبەجێ کردن، بەرپرسیارانی سوپایی لە تاران لە بۆچوونی دادگە ئاگەدارکرانەوە، بەلاّم لەبەرئەوەی لێرەولەوێ قسەوباس لەمەڕ ڕەچاوکردنی زرووفی تاوانبارانەوە دەکرا، لە لایەکی ترەوەش بەهۆی ئەوەی هێشتا شەڕ لەگەڵ بارزانییەکاندا دەستی پێ نەکردبوو، دەوڵەت نەیدەویست لەناو ئەو وتووێژە ئاشتیخوازانەیەدا ئەم جۆرە کارە تیژانە لە خۆیدا بنوێنێ بۆیە جێبەجێ کردنی فەرمانەکە بەدوا خرا هەتا ئەو جۆرەکارە تیژانە لە خۆیدا بنوێنێ. بۆیە جێبەجێ کردنی فەرمانەکە بەدواخرا هەتا ئەو کاتەی دادگەیەکی تر بەسەرۆکایەتیی بەڕێز عەقید نەجاتوڵلاّ زەرغامی بەتایبەتی لە تارانەوە بۆ بڕیاردان چووە مەهاباد، لەبەرئەوەی هیچ تێبینییەکی سیاسی و سەرنجێکی تر نەمابوو بۆیە فەرمانی ئەم دادگە نوێیەش فەرمانی لەداردانی تاوانبارانی وەك دادگەی پێشوو دەرکردەوە، لە شەوی دەیەمی مانگی ئاخەلێوەدا فەرمانەکە جێبەجێ کرا و قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بەداری سزاوە هەڵواسران، قازی محەمەد زۆر ڕماو و بێدەسەلاّت بووبوو، سەدری قازیش ڕەنگی هەڵبزرکابوو بەلاّم دەیوست پتەویی خۆی بپارێزێ بەلاّم سەیفی قازی بەلەشی تێکسمڕاویەوە وەك بێئاگا سەرنجی ترساوی بەملاو بەولادا دەگێرا ولە دووەکەی تر زیاتر دڵەڕاوکەی پێوە دیاربوو.

سێ سەعات لە نیوەشەو تێپەڕی کردبوو گوناحباران هێنرانە بەر پێیدار لەسەر بان و باڵەخانەکانی مەهاباددا برێن داندرابوون قازی محەمەد سەرەتا نوێژی کرد و پاڕایەوە گوتی: "سەدری بێ گوناحە، خوێنی خۆمتان پێ حەڵاڵ دەکەم برایەکەم ئازادکەن." لە دادگەشدا ئەو هەر کنەی دەکرد بۆ ئەوەی بێوەری بوونی سەدر پێشان بدات پاشی ئەو، دووکەسەکەی تریش بەدارەوە کران سەدری قازی سەرسڕماویی پێشان دەدا و تکای لێبوردنی دەکرد و واش پێ دەچوو کە بەڕاستی خۆی بە بێگوناح بزانێ. هەرچۆنبێ، لە ئەنجامی لە ڕێ لادان و پاڵەپەستۆی سیاسەتی دەرەکی، یەکێك لە گرینگترین و دەوڵەمەندترین بنەماڵەکانی کوردستان لەداردران.

نێزیکەی دوو مانگ پاش ئەوە، کاتێ مەزن ڕێزداری پیرۆز تەشریفی بۆ مەهاباد برد، ئافرەتێکی ڕەشپۆش پێچەدار خۆی گەیاندە پاتشاو نامەیەکی پێشکێش کرد مەزن ڕێداری شا فەرمووی: "ئەم ئافرەتە کێیە؟" عەرزیان کرد "ژنی قازی محەمەدە!" هەستێکی جۆراوجۆر بەشای لاودا سەری کرد، کەس تێ نەگەیشت چ هزرێك لەو کاتەدا بەبیری شای ئێراندا رابورد، مەزن ڕێزداری پیرۆز چەند ترووکەیەك چاوی داخست، پاشان فەرمووی: "هەقتان بەسەر ماڵی ئەمانەوە نەبێ و چاوتان لە پاشماوەکانیان بێ."

## سەرچاوە

له مهابادی خوێناوییەوە بۆ لێوارەکانی ئاراس
وەرگێڕانی: شەوکەتی شێخ یەزدین، چاپی یەکەم 2001، لە بلاْوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس.

# چاوپێکەوتنەکانی قازی محەممەد و کاربەدەستانی ئێران

حوسێنی مەدەنی

ماوەی سێ مانگێك قازی محەممەد و هاوڕێکانی لەتاران گیرابوون، دەوڵەت لێیان بەگومان بوو، لای وابوو هەرچی لە باکووری کوردستان قەوماوە، هەمووی لەبن سەری ئەو چەند کەسە دایە، لەو ماوەیەی کە لەوێ بوون ژمارەیەك لە شەخسییاتی پایەبەرز بەنۆرە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا پێکهێنان، دەیان دۆزین، تا بزانن دروشمی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ تاکوێ راستەو لەچ شوێنێکەوە هانی کورد دەدرێ و پشتیوانی لێدەکرێ، بەڵام، "قازی محەممەد" هەموو جارێ بە وەڵامی حەکیمانە تەوژمی شەپۆل ئاسای هێرشە سیاسییەکانی لەسەر خۆی هێور دەکردەوەو، شتێکی لێهەڵنەدەکرا بەکاریان بێ.

یەکەم جار ئاغای ساعید سەرۆك وەزیربوو کە چاوی پێکەوتن "ساعید" بە قازی محەمەدی گوتبوو:

"کوردەکان چونکە نیازی دروست کردنی کوردستانێکی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە حازر نین دامودەزگاکانی حکوومەتی بپارێزن کەسیش وەخۆناگرن و هەر لەبەر ئەوەشە ژێنراڵ ئەفشاری هوشمەند وەدەردەنێن".

"قازی محەممەد" لە وەڵامدا ئەو هەواڵەی وەدرۆ خستۆتەوە، لە جوابی قسەکانی "ساعید" دا دەڵێ:

"دەوڵەتی ئێران هیچ بایەخێك بە کوردستان نادا، نایەوێ گیروگرفتی تەندروستی و پەروەردەیی کوردستان چارەسەر بکات، بۆیە خەڵکیش لە دەوڵەت نارازین".

جارێ دووهەم دیداریان لەگەڵ "حەمەرەزاشا" بۆ پێك هێنان چاوپێکەوتنەکە لە رۆژێك دابوو کە، حەمەرەزاشا میداڵ و خەڵاتی لە سینگی ئەفسەران قایم دەکرد. حەمە رەزاشا لە کاتی خەڵات بەخشینەوەدا رووی لە"قازی محەممەد" و هاوڕێکانی کرد، گوتی:

"ئەو ئەفسەرانە برای ئێوەن لێیان نزیك ببنەوەو پێکەوە خزمەتی وڵات بکەن".

"قازی محەممەد"یش لەجوابی شادا دەڵێ:

"بەپێی باوەڕی ئاییینی ئێمەی کورد سوننی مەزهەبە، بەگوێرەی یاسای ئاییینی ئێمە، خەڵك دەبێ خزمەتی پادشای خۆی بکا، ئێمە لە رووی یاسای ئایینی‌مانەوە، هەموو کاتێك بەرامبەر بە شاهەنشای خاوەن شکۆ وەفادار ماوینەوە".

وەزیری جەنگ لە چاوپێکەوتنێك دابە"قازی محەممەد"ی گوتبوو:

"بەپێی دەنگ وباس، کوردەکان دەیانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێنن، رۆژنامەیەکی نهێنی لە کوردستان، بیروڕای سەربەخۆیی بۆ کوردەکان بڵاودەکاتەوە، بۆچی سەرکردەکانی کورد دژی گەڕانەوەی سوڵتەی ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستانن؟".

"قازی محەممەد" بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە:

"ئێمە دژی سوڵتەی ئەرتەشی ئێران نین، ئەوە فەرماندەرانی ئەرتەشی ئێرانن هەڕەشە لە کورد دەکەن، ژێنراڵ هوشمەند بەئاشکرا رایگەیاندوە تۆڵەی خۆی لە کوردە مەهابادییەکان بەرووخان و کاول کردنی ئەو شارە دەکاتەوە، ئەگەر نەیتوانی نێوی خۆی دەگۆڕێ، دەوڵەتی ئێران لە جیاتی هەڕەشە کردن و بەکارهێنانی تانك باشترە بە بەشی تەندروستیو فەرهەنگیی کوردستان رابگا".

از راست به چپ : ۱- میرزا خلیل فتاح قاضی ۲- حاج عبدالرحیم جوانمرد قاضی ۳ - میرزا محمود منصور قاضی ۴ - عبدالرحمان ملقب به سالار موکری ۵ - محسن مجاهدی پسر میرزا فتاح قاضی ۶ - میرزا قاسم قادری قاضی ۷ - محمد فیروزی قاضی



نشسته از چپ به راست (علما) : ۱- قاضی منعم ۲- قاضی علی ۳- سیف القضات ۴- صدر العلما ۵- ملا عبدالله مدرسی ( ظاهرا)

"ڕەزمئارا" ش کاتێک"قازی محەممەد" و "سەدری قازی" بانگێشت دەکا، پێیان دەڵێ:

"ئێوە وەک نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە ناجووڵێنەوە و لە بەرژەوەندیی بێگانەکاندا ئیش دەکەن".

"قازی محەممەد" لە جوابدا دەڵێ:

"من موسوڵمانم و دەتوانم بڵێم بە جەددو ئابادیشمانەوە هەر ئێرانی بووین و لە ئێرانیش لە دایک بووین، کەس بۆی نیە شک لە ئێرانی بوونەکەماندا بکا، بەڵام ئەگەر ئێوە بە قسەی هوشمەند، ئێمەی کورد بە خۆفرۆش دەزانن، داوا دەکەین ئیسپاتی کەن هوشمەند بەچی دەتوانێت ئێرانی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئێمە لە ئێرانی بوون و کەسایەتیی ئەو کابرایەدا بەشکین".

شا بۆجاری دووهەم چاوی بە"قازی محەممەد" کەوت، ئەمجار زۆر بەوردی وتووێژی لەگەڵدا کرد لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و بیروڕای کوردان و جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێران و دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان پرسیاری لێکرد، دوای ئامۆژگاری کردنی داوای لێکرد خۆی لە فەرماندەرانی ئەرتەش نزیک بکاتەوەو گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانیان بێت "قازی محەممەد" لەجوابی ئەو قسانەدا بە شای گوت: "ئێمە بەڕێزەوە سەیری کاربەدەستانی سپای ئێران دەکەین، بەڵام ئێمە تەنیا لەگەڵ هوشمەند ناکۆکیمان هەیە و لێینارازین، چونکە سیاسەتێکی غەڵەتی بەرامبەر بە کوردان هەیە".

"قازی محەممەد" لەگەڵ ڕەئیسی ستادی ئەرتەشیش"سەرلەشکر حەسەنی ئەرفەع" بە دووورودرێژی، بەڵام بە لەونێکی دیکە لەسەر مەسەلەی کوردستان دواوە بە"ارفع"ی گوتبوو، پێویستە دەوڵەتی ئێران بارودۆخی تایبەتیی کوردستان وەبەرچاو گرێ و مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بسەلمێنێ، کوردەکانیش ئامادەن بۆ پێشکەوتنی هەموو ئێران هاوکاریی دەوڵەت بکەن.

"قازی محەممەد" زۆر ڕوون و ئاشکرا لەسەر گیرو گرفتەکانی ڕابردوو گلەیی کردو گەندەڵی و بێکیفایەتیی دامودەزگای ئیدارەکانی دەوڵەتی لە کوردستاندا بۆ خستەڕوو و داوای لێکرد بەڕێوەبەرایەتیی ئیداراتی دەوڵەتی بە خودی کوردەکان بسپێرن.

کاتێک هەواڵی گرتنی شارەبانیی مەهاباد بەتاران گەیشت، ماوەی دەسبەسەریی"قازی محەممەد" و هاوڕێکانی دوایی هات دەوڵەت بە"قازی محەممەد" ی سپارد، دەسبەجێ بگەڕێتەوە مەهاباد، نەیەڵێ جارێکی دیکە ئەوجۆرە ڕووداوانە دووپات ببنەوە.

"قازی محەممەد" لەنێو پێشوازییەکی گەرم و کەم وێنەی خەڵکدا گەیشتەوە مەهاباد، وەزعی شڵەژاوی شار خێرا هێور بۆوە ئیداراتی دەوڵەتی کارەکانیان دەست پێکردەوە مەسەلەی گرتنی شارەبانی ڕەنگێکی دیکەی بەخۆوە گرت پیاو ماقووڵانی شاری مەهاباد لە تێلگرافێکدا کە بۆ مەرکەزیان بەڕێکرد، ڕووداوەکەیان بە شتێکی بچووک لە قەڵەمداو ڕایانگەیاند ڕووداوەکە هیچ مەبەستێکی سیاسی تێدانەبووە، بۆ ئەوەی قەزیەکە دیزەبەدەرخونە بکەن، حوسێنی زێرینگەریان لێدەرهاویشت و هەموو دیزەو گۆزەکانیان دەسەری عەزیزخانیدا شکاند، ئەمەش دەقی تێلگرافەکەیە:

لە سەندووس جەنابی سەرۆک وەزیر، وەزارەتی کیشوەر، وێنە جەنابی ئاغای

فەهیمی وەزیری موشاویر، وێنە ئاغای سەدری قازی نوێنەری شارستانی مەهاباد، وێنە رۆژنامەی کوهستان.

ئەو راپۆرتانەی لەسەر رووداوی ئەم دوایییانەی مەهاباد بۆ مەرکەز بەرێ کراون، هیچ کامیان راست نین رووداوەکە بەم شێوەبووە لە رۆژی 26ی رێبەندان دا جەماعەتێك لە خەڵکی مەهابادو هێندێك شوێنی دیکە کە عەزیزخان رێکی خستبوون، خۆپێشاندانێکیان ساز کرد چەند ئاژاوەگێرێك بە مەبەستی لەبەین بردنی پەروەندەی قەندو شەکرو چا کە دەغەڵییان تێدا کرابوو و ناعادلانە دایان بەشێیوونەوەو لە شارەبانی راگیرابوون، خۆپێشاندانەکە دەکێشنە خەیابانی پەهلەوی، پاسەبانێك بۆ بلاوە پێکردنیان تەقە دەکا، عەولا نێوێك دەکوژرێ، خەراپکاران بیانوویان دەکەوێتە دەست، هێرش دەبەنەسەر شارەبانی، شەرو تەقە ساز دەبێ، پەروەندەکان لەبەین دەبەن، دوایی لەلایەن رێزدارانی مەهاباد و چەند کەسێك لە ئاغاوەتی مەنگوڕ ومامەش و ئیدیکە، بلاوە بەجەماعەتەکە دەکەن و شارەکە ئەمین دەکەنەوە.

شاری مەهاباد کە سێ ساڵە بەخەرج و بەرجێکی زۆر ودانانی کێشك، بێ ئەوە لە هیچ شوێنێکرا یارمەتیی بدرێ، لێبڕاوانە پارێزگاریان لە خۆیان و مەئموورانی دەوڵەت کردووە بەرامبەربە قانوون و دەستووراتی دەوڵەت فەرمانبەری وەفاداری خۆیان سەلماندوە، بەو حاڵەش پێیان وایە رووداوەکە لەبن سەری وان دابووە ئێستا گشت خەڵك لەو رووداوە بەداخن و ئامادەی ئەمرو فەرمانن، پێویستە عەرزتان بکەین، ئەگەر قازی محەممەد لەودەمیدا لە مەهاباد بایە، ئەو رووداوە نەدەقەوما بەدوای گەڕانەوەی ناوبراو شار بەتەواوی ئارام بۆتەوە، نیگەرانییەك لە گۆڕێدا نەماوە، قەزیەکەمان چۆن دیتووە عەرزمان کردن، بەوتەی رۆژنامەی کەیوان، تۆ بڵێی لەبنەوە کەس دەستی لەوکارەدا نەبووبێ، تا ئێستاش بۆمان روون نەبۆتەوە: حسن محمدی، مصطفی داودی، علی حسینی، رەحمت شافعی مدرس(مدرسی) صالح زادە، مفتی، کریم خسروی، ابراهیمیان، احمد الهی، عبدالهی، احمد حسینی، حبیب داودی، محمد حسینی، عبدالله حکیم زادە، داودی، قادر، مصطفی سلطانیان، عزیز صدیقی، غفور محمودیان، محمد امین شریفی (شەرەفی)، عبد الرحیم".

## سەرچاوە

کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم. ئاپریلی 2001.

# ڕووخانی کۆماری کوردستان

حسێنی مەدەنی

دەوڵەت کاری "هەڵبژاردن" و گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستانی شمالی تێك بەستبوو، لەسەرەتای پاییزی 1325ی هەتاویدا ئەم سناریۆیە دەستی پێکرد، ڕۆژی 14ی ڕەزبەری 1325ی هەتاوی، (ئۆکتۆبری 1946ی زایینی) شا دەستووری هەڵبژاردنی خولی 15ی مەجلیسی شوورای میللی دەرکرد، سەرۆك وەزیریش ڕۆژی 17ی سەرماوەزی بۆ هەڵبژاردنەکە دیاری کرد حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی سۆسیالیست و حیزبی جەنگەڵ(اجتماعیون) چوار قۆڵی سازابوون و لەنێو بەرەی ئەحزابی ئازادیخوازدا کۆببوونەوە مەبەستیان دابینکردنی ئازادی و دیموکراسیی سەرانسەری و پێکهێنانی باسکێکی بەهێز لەنێو مەجلیسی شوورای میللی بوو.

کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی یەکگرتوویی ئەحزابی ئازادیخواز تێلگرافێکی بەڕێکرد، ئەمەش دەقی تێلگرافەکەیە:

## تێلگرافی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی یەکگرتنی شەش لایەنی ئەحزابی ئازادیخواز کە حیزبی دیموکرات بەشانازیی لە ڕیزی ئەو یەکگرتنەدایە پیرۆزبایی خۆمان پێشکێش دەکەین و بە شانازیی دەزانین کە(حیزبی ئێمە) دەستی دەناو دەستی زۆربەی هاونیشمانان ناوە و یەکیان گرتووە و دەتوانێ شانبەشانیان لەڕێی ئازادیی ئێرانی خۆشەویستدا لە خۆبوردووانە تێبکۆشێ بە هۆی ئەوە کە شەش مانگە "ارتجاع" بە بۆمب و تانك و تۆپان دای گرتووین و سەرقاڵی خەباتێکی خوێناوی بووین، پێشتر دەرفەتمان نەبوو لەسەر هاوکاریمان بۆ ئازادیی هاونیشتمانانی ئازادیخواز پێکەوە ڕاوێژ بکەین. داوای لێبوردن دەکەین، هیوادارین لەمەودوا لەقەدەر توانامان دەرحەق بەم ڕێککەوتنە کە بۆ برەوپێدانی ئازادیی وڵاتە خۆشەویستەکەمانە لێهاتوویی تەواو نیشان بدەین و بۆ بن برکردنی(ارتجاع) دەورێکی گرینگ بگێڕین".

**لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کەریمی**

دەوڵەت دەیزانی هەر هەڵبژاردنێك کە لە بێ دەسەڵاتیی دەوڵەتدا لە ئازربایجان و کوردستان بەڕێوەبچێ، دەیدۆڕێنێ، ئەوە هەر دەوڵەت نەبوو لە ئاکامی هەڵبژاردنەکە دەترسا، زانایانی ئایینیش نیگەران بوون، بەنەزەری ئەوانیش دەوڵەت مادام لە هێزی ئازەربایجان و کوردستان دانەبەزێ باو هەوساری دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرتبا، نەزەریان وابوو هەڵبژاردنەکە وەدوابخرێ هێندێکیش دەیانگوت ئازەربایجان و کوردستان لە هەڵبژاردنەکە دەرباوێژرێن باشترە.

حەمە ڕەزاشا لە کتێبی "پاسخ به تاریخ"دا نووسیویەتی:

"زۆربەی فەرماندەرانی نیزامیی ئێران، بێجگە لە سوپەهبود حاجیعلی ڕەزمئارا ڕەئیسی ستادی ئەرتەش لە ترسی دەخاڵەتی نیزامیی سۆڤیەت لە ئێران، ڕازی نەبوون ئەرتەش بۆ گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان و وەخۆ بکەوێ، ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە تەداروکاتی نیزامیی ئازەربایجان و کوردستان کامڵ نەبووەو ئەوکەسانەی بۆ پەروەردەکردن لەبەشی هێزی زرەهیی و هێزی هەوایی بۆ ڕووسیا نێردرابوون هێشتا ساڵێکیان مابوو بگەڕێنەوە ئێران"

"قوام السلطنه" لەوە دڵنیا بوو کە سۆڤیەتییەکان قازانجی خۆیان لە هەڵبژاردندا دەبینن، پێیوابوو دەوڵەت هەرکارێکی بۆ وەڕێخستنی هەڵبژاردنەکەی بکا، سۆڤیەت جوایە جەنگیی ناکا. سەرۆك وەزیر ڕۆژی 14ی خەزەڵوەر ڕایگەیاندبوو، هەڵبژاردنی ئازەربایجان لەژێر چاوەدێریدا ڕادەگرێ و لەکاتی هەڵبژاردندا نەزم و ئاسایشی مەڵبەندەکە دەپارێزرێ بۆ ئەو کارەش دەوڵەت بەنیازە هەیئەتی بازرەسی بەهێزی نیزامییەوە ڕەوانەی ئازەربایجان بکا. دەوڵەت ئەم خەبەرەشی بە سەفیری ئینگلس ڕاگەیاند و گوتی هەر بەربەرەکانی و بەرهەڵستێکی بەرامبەر ئەو قشوونە بکرێت بەتوندی سەرکوتی دەکات"جورج ئالن" سەفیری ئەمریکا وێڕای پشتیوانی لەبریاری دەوڵەتی ئێران ڕۆژ(27ی نوامبر) ڕەسمەن ڕای گەیاند:

"سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر بە پاراستنی سەربەخۆیی حکومەتی ئێران ڕوون و ئاشکرایە... بڕیاری دەوڵەتی ئێران لەسەر ناردنی هێزی ئەمنییەتی بۆ سەرانسەری وڵات بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێراندا نەماون و هەروەها گەڕاندنەوەی نەزم و ئاسایش کارێکی ئاسایی و بەجێیە."

سەرانی فیرقە ڕایانگەیاندبوو لەبەرامبەر پێشڕەویی هێزی نیزامیی دەوڵەتدا بەرگری دەکەن، ئەرتەشی ئێران هێرشی چارەنووسسازی خۆی لەسەرەتای سەرماوەزی 1325دا بۆسەر ئازەربایجان

دەست پێکرد، "قوام السلطنه" بۆخۆدزینەوە لە پرسیار و وەڵامی خاریجی‌یەکان لە ئوستانی گەیلان خۆی مەڵسدا. ئەرتەش رۆژی 2ی سەرماوەز لە پەلامارێکی کوتوپڕدا بۆسەر فیدایی‌یەکانی فیرقە لە زەنجان، دەستی بەسەر هەموو ئیداراتی دەوڵەتی ئەو شارە داگرت، کۆنسولی ئەمریکا لە تەورێز گوتی:

"... بەو زەبرە سەنگەری دیموکراتەکان تێکرووخا، لێرە بۆ یەکەم جار لەماڵی خۆیان شکستیان خوارد."

کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات لەبەرامبەر ئەو وەزعە نائاساییەدا رۆژی16ی سەرماوەز ئیعلانی شەڕیدا پیشەوەری هەڕەشەی لە"قوام" کرد":

"گەمە بە ئاگر نەکات چونکە خەڵکەکەمان سوێندیان خواردووە، بە هەموو تواناوە ئازادییەکانیان بپارێزن... بە سوێندەکەمان وەفادار ماوینەوە، ئەوانەی دەیانەوێ بە نووکی سەرنێزە ئازادیمان لێ بستێنن هەر کەس بێ بەهێزی باسکی خەڵك سەرکوتی دەکەین و بەرەو دوایەی دەگێڕینەوە ئەمەش ئاخرین قسەمانە"ئول ْمك وار دونمك یوخ! مردن بەڵێ گەڕانەوە نا...

زۆر زوو دەرکەوت هەڕەشەو گوڕەشەی پێشەوەری، دەهۆڵ کوتانێکی خۆرایی بوو، ئازەربایجانی‌یەکان بە قسەی سەرانی فیرقە نەهاتنە مەیدان، فیدایی‌یەکان وەرەیان بەردا، رۆژی20ی سەرماوەز فیرقەی ئازەربایجان بە بێ بەرگری لێك بڵاوبوو، پێشەوەری و داروودەستەکەی لە تەورێز رایان کرد، بە نێزیك بوونەوەی هێزی دەوڵەت لە تەورێز، خەڵکێکی زۆری ئەم شارە رژانە شەقامەکان بۆ پشتیوانی لە دەوڵەت هەڵیان کوتایە سەر بارەگای فیرقەی دیموکرات و ویرانیانکرد و ئاگریان تێبەردا، نیزیك15هەزار کەسیش تەرکە وەتەن بوون.

دەوڵەت رۆژی21ی سەرماوەزی ناونا"رۆژی نەجاتی ئازەربایجان" هەموو ساڵێك بۆ ڕێز لێنان لەو رۆژە لە سەرانسەری ئازەربایجان ڕێژەی نیزامی وجێژن و چراخانی بەڕێوەدەبرا، خەڵکی ئازەربایجان و کوردستان مەجبوور دەکران لەو رۆژەدا لەسەر جەستەی نێژراوی کۆمارە ساواکانیان شایی و زەماوەند بگێرن.

"قوام السلطنه" بە وردبینی‌یەوە حیسابی کوردستانی لە ئازەربایجان جیاکردبۆوە لەسەرەتای مانگی سەرماوەرزدا تێلگرافێکی بۆ پێشەوا نارد، ئەمەش دەقی تێلگرافەکەیەتی:

"ئاغای قاضی محمد بە وەبەرچاو گرتنی بریارێکی داومە، هەڵبژاردن دەبێ لەژێر چاوەدێریی هێزی ئەمنییەتیی نێردراو لە مەرکەزەوە بەرێوەبچێ پێویستە هەڵبژاردنی مەڵبەندی کوردنشینی ئازەربایجان بەهاوکاری دڵسۆزانە و بێ ئەم لاوئەولای ئێوە بەڕێوەبیردرێ، بۆیە پێویستە لێمان روون ببێتەوە لە خوی- شاپور- رضائیە و مەهاباد کە مەڵبەندی کوردنشینە بە چ شێوەیەك هاوکاری هێزی ئەمنییەتی دەکەن تاکوو دەستوراتی پێویست رابگەیەنین، ئەو هاوکارییە گەرم و خۆشەویستی یە تایبەتی‌یەی کە لەم ماوەیەدا لە شەخسی ئێوەمان دیوە چاوەروانم لەو شوێنانەی پێوەندی بە کوردەکانەوە هەیە، بە دڵگەرمی‌یەکی تەواوەوە هەوڵ بدەی کارەکان بەرەوپێش بچن." پێشەوا دژی گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ کوردستان بوو، بەڵام لەبەریەکهەڵوەشانی کوتوپڕی حکوومەتی ئازەربایجان، شوێنێکی خراپی لەسەر بارودۆخی کوردستان دانابوو، کاتێك ئەرتەش گەیشتە تەورێز، هێندێك لە عەشایری رۆژئاوای گۆلی ورمێ وەك گوڵەبەرۆژە بۆلای دەوڵەت هەڵگەڕانەوە وەختێك دەرکەوت سۆڤیەت پشتی دەحکومەتی ئازەربایجان کردووە، پێشەواو هاوڕێیانی کەوتنە نێو دووڕیانێکی سەختی تەسلیم بوون یان بەرگری کردن؟! ئاسۆیەکی روون بۆ کوردەکان نەمابوو، لە عەرزو ئاسمان هاوپەیمانێکیان شك نەدەبرد، تاك و تەریك مابوونەوە، بەو حاڵەش مەعنەوییاتیان بەرزو هەستی خۆڕاگریان بەهێز بوو، رۆژی 15ی سەرماوەرز بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان و پێشگری لە پێشرەویی ئەرتەشی ئێران" شووڕای جەنگ" یان پێکهێنا، بەڵام ڕ ار ایی وبێ تەسمیمیی ئەو شوورایە وای لە خودی ئەندامانی شووراکە کرد دەست لە شەرو بەرگری هەڵگرن و بێ قەیدو شەرت خۆیان بەدەستەوەبدەن.

هەستی خۆڕاگریی بارزانییەکان کە خاوەن ئەزموونی شەڕبوون و نەترەی هێزی نیزامی ئیرانیان لە ناوچەی سەقز بردبوو، زۆر بەهێزتر بوو"ژێنراڵ بارزانی" بەتوندی دژی تەسلیم بوون و خۆبەدەستەودان بوو، دوو جاران چووە لای پێشەوا، زۆر هەوڵی لەگەڵدا پێکەوە وەدەرکەون، بەڵام پێشەوا لەبەر ئەوەی خۆی لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا بە بەرپرس دەزانی لە وەڵامدا بە بارزانی دەڵێ: (من لەگەڵ خەڵکی مهاباد دەمێنمەوە، چونکە سوێندم بۆ خواردن لەگەڵیان بم و بیانپارێزم، حکومەتی مەرکەزیمان لێ غەزریوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر من بگرێ داخی خۆی بەمن دەڕێژێ و لەکوڵ خەڵکەکە دەبێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەروزیان نەبن ناچارم بمێنمەوە."

پێشەوا دوای ئەو قسانە ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت بە"ژێنراڵ بارزانی" دەسپێرێ و داوای لێدەکا بی‌پارێزێت، لەسەر ئەمری"پێشەوا"، :بارزانی" ئەوەی لە چەك و تەقەمەنی پێویستی بوو لەسەربازخانەی مەهاباد باری کردو بەهێزی بارزانی‌یەوە بەرەو ناوچەی نەغەدە کشاوە.

پیشەوەری لەکاتی راکردنەکەیدا بەتەلەفون پێشەوای دواند. گوتی: "ئەرتەش خەریکە بۆ تەورێز پێشرەوی دەکا، ئێمەش لە تەدارەك داین بۆ لای جوڵفا بچین و لەوێشڕا خۆ بگەیەنینە سۆڤیەت." بە پێشەوای پێشنیار کرد لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی شەوەکی مەهاباد بەجێبێڵێ و پەناهەندەی سۆڤیەت بێت پێشەوا وەڵامی دابۆوە:

"لەگەڵ خەڵکەکەم دەمێنمەوە تا ئەو جێگایەی تیغم بیبرێ پێش بەخوێنرێژی و ئاژاوەنانەوە دەگرم، هەر بەلایەکی بیانەوێ

بەسەرخەڵکەکەم بێنن، با بەسەر خۆمی بێنن..." ئەرتەشی شڕۆڵی"شاهنشاهی" ڕۆژی(17ی دیسامبر)، 26ی سەرماوەرز گەیشتە مەهاباد، بەخۆبەدەستەوەدانی پێشەواو هاوڕێکانی کۆتایی بە کۆماری کوردستان هات.

ڕۆژی30ی سەرماوەرز سەرتیپ هومایونی سەرەڕای ئەو تەئمینە گیانی‌یەی بە پێشەواو هاوڕێکانی دابوو، سەرجەم28کەسی لە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان گرت پێشەواو سەیفی قازی و سەدری قازی سەرقافڵەی گیراوەکان بوون.

## ئیعدامی پێشەواو هاوڕێکانی

پێشەواو سەیفی قازی و سەدری قازیان لە زیندانی سەربازخانەی مەهاباد ڕاگرت، دەسبەجێ لە دادگایەکی نهێنی و فەرمایشیدا دادگایی کران، ئەو شتانەی وەکو تاوان لەسەریان کەڵەکە کردبوون بریتی بوون لە پۆشینی جلوبەرگی ژێنراڵی، سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستان، گۆڕینی شکڵو ڕەنگی ئاڵای ئێران، سەفەر بۆ باکوو کۆبوونەوە لەگەڵ ژێنراڵەکانی خاریجی، کوشتنی ئەفسەرو سەربازی ئێرانی، بەڵێنی‌دانی بەخشینی ئیمتیازی نەوت بە بێگانە بە نیسبەتی 51، 49 و هەروەها بەڵگەو وێنەی ئەو وتانەی کە لەکاتی قسەکردن و میتینگ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا گوترابوون و نیشان درابوون، سەرجەم پێشەواو هاوڕێکانی پێ تاوانبارکرابوون.

لە سەرماوەرزی25دا هەرسێکیان بە ئیعدام مەحکووم کران، بەڵام لەبەر هێندێک هۆی ئەمنییەتی هەواڵەکەیان لەنێو خەڵکدا بڵاونەکردەوە دوای ئەوە کە 80ڕۆژیان لەژێر حوکمی ئیعدامدا ڕاگرتن، هەیئەتی دادگای"چاوخشاندنەوە" لە تاران ڕاگەیشتە مەهاباد لەسەریەک ڕەوتی موحاکەمەی ئەمجارە48سەعاتی خایاند دادستان لە یەک دووجێگادا بەتوندی هێرشیان دەکاتەسەرو بە"کوردی سەگانی سفەت" ناویان دەبا، پێشەواش لێی ڕاست دەبێتەوە، زۆر بەتوندی بەگژیدا دەچێتەوە.

پێشەوا قازی ناتقێکی بەهێزبوو، پێویستی بە وەکیل نەبوو بەشی هەرەزۆری ئەو دادگایە تا ئێستاش لە نهێنیدا ماوەتەوە ئەوەی کەم تا کورتێک لە زمان شارەزایان و نووسەرانی توێژەر و شاهیدانی زیندوو نووسراون بۆ دەرەوەیان درزکردووە، پێشەوا قازی لەدوایین دیفاعی خۆیدا گوتوویەتی:

"... وابیر نەکەنەوە کە شارەزای قانوون و موقەرەرات نیە، باش لێی شارەزایە بەرلە هاتنی ئەرتەش و هێزی مەرکەزی بۆ مەهاباد پێشگوییم کردوە کە هەر ئیعدام دەکرێم ئەدی بۆ هەڵنەهاتم، ئەوە نەبوو کە نەمدەتوانی، شەش دەزگا ماشێنی سواری و جیپم لە ئیختیاردابوو، هەر دەقیقەو ساعەتێک ویستبام دەمتوانی سنوور بڕم و خۆم دەرباز بکەم باش بزانن کەمن وەکوو پێشەوەری"ژنانیلە" نەبووم هەر کە تینم بۆ هاتبا ڕام کردبا بۆ کوێ هەڵدەهاتم؟ ئێرە وەڵاتی (من) کوردستانە، تا ئێستا8پشتی من لێرە لەو خاکە نێژراون".

سەروان شەریفی وەکیلی پێشەوا قازی گێڕاویەتەوە:

"حەیف بۆ قازی محمد، بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیرو زانایە، دوێنێ لەکاتی مەحکەمەدا بێ کاغەز 4سەعات وتاریدا، بە زانست و مەنتیقی خۆی هەمووانی حەیران کردبوو.. لە هەموو کەس باشتر قانوونەکانی ئێرانی دەزانی، لە هەموو کەسێک باشتر لەوەزعی سیاسیی ئێران و هەندەران شارەزابوو... لە ڕاستەقینەدا ئەوە قازی بوو کە مەحکەمەی موحاکەمە دەکرد..."

لەدوایشدا سەروان شەریفی بە تاوانی درکاندنی نهێنی‌یەکانی ئەو دادگایە، لە ئەرتەشیان وەدەرنا.

نیوەشەوی10ی خاکەلێوەی1326ی هەتاوی چەند سەعات بەرلە بەڕێوەبرانی حوکمی دادگا، بەبیانووی ئەوە کە پێشەواو سەدری قازی و حەمە حوسێن خان بۆ تاران بەڕێ دەکەن، لە سەربازخانەڕا بە زیلی ئەرتەشی بۆ خانوویەکی نیزیک مەیدانی چوارچرا ڕاگوێزران لەوشوێنەدا دادستانی هەیئەتی دادگای چاوخشاندنەوە جیا جیا حوکمی دادگای بۆ خوێندنەوە، دوای ئەمە پێشەوا لە مامۆستا مەلا سەدیق سدقی کە لەوێ حزوری دەبێ داوا دەکا ئەو شتانەی کە پێی دەڵێ لەسەر کاغەزێک بیان نووسێ و بیکاتە"وەسیەتنامە، سەدیق بەدەسخەتی خۆی و بەزمانی فارسی وەسێتنامە"ی پێشەوای نووسی ئەمەش دەقی وەرگێڕاوی "وەسیەتنامە"ی پێشەوایە:

"ئەو وەسیەتنامەیە ڕۆژی10ی خاکەلێوە"قازی" بە حزووری خۆم "محمد صدیق صدقی" گوتویەتی:

. یەک پارچە دووپارچە فەرش یان قاڵیچەی سەید ڕەحیمی سەید حاجی لەگەڵ شتەکانی منن، بیدەنەوە بەخۆی، ئەویش پاڵێکم پێ قەرزدارە، ئەگەر دایەوە باش، ئەگەر نەشی داوە ئیختیار بەخۆیەتی.

. گەنمێکی کە لە تسبیتدا بووە، هی خۆمە ئەگەر دایانەوە وەریگرن.

. ماشێنی فۆردی46یش ماڵی خودی خۆمە.

. کاتێک دەستبەسەریان کردم پێنج هەزار و پێنسەدتمەنم لە گیرفان دابوو، لێیان وەرگرتم فەقەرەیەک یەکسەدو پەنجاوسێ تمەن و"سەروان شەریفیش" بەنێوی"حق الوکاله" دە هەزار تمەنی لەخێزانم وەرگرتووە، ئەوانیش وەرگرنەوە.

. موعینی سی هەزار تمەنێک، شتێک زیادو کەمم پێ قەرزدارە، ئەویش شتێکی داوەتەوە، سەعاتێکیشی وەکو دیاری بۆ هێنابووم لە دەفتەری شیرکەت دای نابوو، ئەمنیش لەگەڵ ئەو شیرکەتە تەرەف نەبووم.

. ئەوەندەی بزانم هەشت هەزار تمەنێک یان شتێک کەمتر بە سەید سەلامی قەرزدارم، هەرچەندێکی داوای کرد بیدەنەوە.

. تەلەفونەکەیان بردوە وەدوای بکەون.

. ئەو ماشێنەی لە بابا شێخ(حاجی بابە شێخ) یان ستاندوە ئەویش هی خۆیەتی.

. چوار جیپ کە بۆ خۆم و لە ئیختیار خۆم دابوە ئەوانیش ماڵی شەخسیی خۆمن.

. "سەروان شەریفی لەبەر زەحمەتی... سێ سەدتمەنێکی بدەنێ.

. هەرکات ئەو پازدە هەزار تمەنە وەرگیرایەوە بە سەعیدی هەمایون و میرزا رەحیم کە زەحمەتیان کێشاوە هەر نەفەرەی هەزار تمەن و پێنسەدتمەنیش بدەن بە محەممەد فیروزە خانمێ.

. بەشی خوشکەکەم، بێجگە لە ئاغەڵیان کە بە نێوی خۆم سەبت کراوە، هەرچی ئێیرسی بابمە بەشی خۆی پێ دەبڕێ، ئەویش رازی بکەن.

. خێزانم دایکی منداڵەکان سەروەسی بێ، منداڵەکان بەخێوبکاو مەلا عەولاش چاوەدێرییان بکا.

. چاپخانەکە خۆم کرێومەو ماڵی خۆمە.

. مام عەزیزی قەرەنی ئاغا ئەوی بەسەری هاتووە وا دەزانێ من دەستم تێدابووە، هەرچەند من ئاگام لێ نیە، بەڵام کارێك بکەن گەردنم ئازابکا.

. نۆکەرەکان لەو ماوەیەدا خزمەتیان کردووە و زەحمەتیان لەگەڵدا کێشاوم، چاکەیان بدەنەوە و دڵیان رازیکەن.

. لە دوایی دا چەند هەزار تمەنم بۆ بکەنە ئیسقات و تەلیلە.

شەوی 1226/1/10

ئیمزا مەلا سەدیقی سدقی و قازی محەمەد

"ئاچیبالت رۆزویلت" موستەشاری نیزامیی دەوڵەتی ئەمریکا لەو کەسانە بوو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چۆتە مەهاباد چاوی بە پێشەوا کەوتووە، وتووێژی لەگەڵدا کردووە، بارودۆخی کوردستانی هاتۆتە دەست لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی: "هەر سێ قازی لە دادگایەکی تەواو نهێنیدا لە مەهاباد موحاکەمە کران، رۆژی 23ی ژانویە مەحکووم بە مەرگ کران، تاران بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدامی ئەوانی وەدواخست چونکە"قوام" پێی خۆش نەبوو لە گەرمەی وتووێژ لەتەك سۆڤیەتییەکاندا، هەڵلاو بەزم سازبێ. پێش ئەوە تاران بەجێبێڵم، ژێنراڵ رەزمئارا لە فێوریەی1947ی زایینی چوو بۆ مەهاباد دەلیلم هەبوو، لەوە دڵنیابم مەئموورییەتی پێدرابوو، لە ژێر چاوەدێریی ئەودا ئێعدامی برایانی قازی بەرێوەبچێ چوومە لای سەفیری خۆمان"جۆرج ئالن" بزانم چ کارێکی لەدەست دێ.

سەفیرمان لێی پرسیم: بۆ هێندە نیگەرانی چارەنووسی قازییەکانی؟ ئاخر ئەوانە هاوکاریی سۆڤیەتییەکانیان کردووە. گوتم

–ئەوە راستە، بەڵام ئەوان بە هەموو توانایانەوە بۆ باشتر کردنی وەعزێ خەڵك تێکۆشاون، لەونێوەدا هەر سۆڤیەتییەکانیش بوون ویستویانە کۆمەکیان پێبکەن، بێتوو ئێعدام بکرێن لە هەموو جێیەك ئێمە بە شەریکی ئەو کارە دادەنێن.

. باشە پێت وایە چم لە دەست دێ؟

پێم وایە دەبێ داوا لە"شا" بکەی دەستوور بە رەزمئارا بدا قازییەکان بۆ موحاکەمەیەکی عادڵانەو سەرئاوەڵە بنێرێتە تاران.

سەفیر داوای چاوپێکەوتنی حەمەرەزا شای کرد، شا دەسبەجێ وەریگرت سەفیرمان لەو چاوپێکەوتنەدا، هیواداربوو گیروگرفتی عەشایر و مەسەلەی کوردەکان بەباشی چارەسەربکرێن ئەوەشی بە شاگوت راستە قازییەکان هاوکاریی سۆڤیەتیان کردووە، بەڵام لە بواری پەروەردەو فێرکردندا خزمەتێکی یەکجار زۆریان بەو خەڵکە کردووە لێرەدا شا دەپەڕێتە نێو قسەکانی بە پێکەنینەوە لە سەفیری دەپرسێ: "ئێوە دەترسن تیربارانیان بکەم؟ ئەگەر قسەکەو هەر ئەوەیە دڵنیابن قەت خەیاڵێکی وام بەمێشکدا نایە."

بەرەبەیانیی سێیەکی مارس(10ی خاکەلێوە) بەدەستوری خاوەن شکۆ شاهەنشا، قازییەکان لە داردران! ئا- رۆزڤێلت دەڵێ: "وا وێدەچێ راست لەودەمەیدا سەفیر وەدەرکەوت و دەرگای هۆڵەکەی پێوە دەدا، شا دەستووری ئێعدامکردنی قازییەکانی دابێ."

# له یادی جه‌مهوریه‌تی کوردستان و پێشه‌وادا

## شێرکۆ بێکه‌س

خانمانی هێژا.. برایانی ئازیز

ئێواره‌تان باش‌و مه‌هاباد باش‌و رۆحی سپیی پێشه‌وایش باش!

به‌ر له‌شه‌ست ساڵ، له‌دڵی به‌فرو به‌سته‌ڵه‌کدا سووره گوڵێك چاوی پشکوت‌و له‌ئاسۆدا ئه‌ستێره‌یه‌کی نۆبه‌ره زاو له‌زوقمه‌کانی ئازاره‌وه زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌ك چون گوڵه‌لیمۆ سه‌ری ده‌رهێناو بۆ یه‌که‌مجاریش کورد چاوی به‌گزنگی به‌یانی جه‌مهوریه‌تێ ڕشت‌و ئازادیش له‌شێوه‌ی شۆڕه‌ژنێکی گه‌ردن به‌نێرگزی پرچ درێژدا، به‌م ده‌ست سه‌مه‌ڵی گوڵه گه‌نمی خۆشه‌ویستی‌و به‌و ده‌ستیان هه‌تاوی مزگێنی وئاشتی هێنا. به‌ر له شه‌ست ساڵ، پیاوێك هه‌بوو پڕبوو له‌کانی‌و دارستان‌و په‌لکه‌ڕێحانه‌و لێوان لێوبوو له‌ئه‌وینی هه‌ژاران ومێزه‌ره‌که‌ی وه‌ك سه‌ری شاهۆ سپی‌و ده‌سته‌کانی وه‌ك ده‌ستی رووبار به‌خشنده‌و دڵی هه‌ناری بۆکان‌و عه‌قڵی چرای دیوارکۆو ناوی قازی بوو.. ساڵێك هێنده‌ی چه‌ندین ساڵ پێش خۆی رووناکیی تێدابوو. یه‌ك ساڵ‌و مه‌هاباد بوو به‌پایته‌ختی دڵی هه‌موو کوردان. له‌وساڵه‌دا زمانی کوردی هه‌ڵفڕی‌و بوو به‌لاولاوو به‌بالآی ژیاندا هه‌ڵزنا، ئه‌زموونیش خوێنی تازه‌ی تێگه‌ڕاو مێژوویه‌کی تا ئه‌و وه‌خته که‌نه‌فت وکه‌سیره له‌به‌رده‌ستی عه‌جماندا راپه‌ڕی و هه‌ستایه‌وه سه‌رپیان.

له‌یاده‌وه‌ری نه‌ته‌وه‌یه‌کدا مه‌هاباد چاوگه‌و پێشه‌وا ڕێبه‌رێك‌و به‌ڵام ئایا ئه‌و یه‌ك ساڵه‌یش قوتابخانه‌یه‌ك بوو بۆ هه‌موو ساڵه‌کان، بۆتاقیکردنه‌وه‌ی دۆست‌و دوژمن‌و سه‌رکه‌وتن و ژێرکه‌وتن‌و بۆناسینی خۆمان‌و ده‌ره‌وه‌ی خۆمان‌و هه‌موو جیهان؟ ئاخر به‌ڕێزینه: ئێمه هه‌ر له‌به‌ر شکۆیه‌کی ڕابوردوو ئه‌م یاده‌ناکه‌ینه‌وه. به‌ڵکو چی لێوه فێربووین بۆ ئه‌مڕۆو ئاینده‌و داهاتوومان.. ئه‌و ئه‌زموونانه چیبوون بۆئه‌وه‌ی له‌م مێرگه‌دا گیاکه‌ڵه‌ی هه‌ڵه‌کان ده‌رکێشین‌و جوانیه‌کان له ناشیرینییه‌کان جیابکه‌ینه‌وه، چیمانکرد بۆئه‌وه‌ی سه‌ر له‌نوێ خوێندنه‌وه‌ی تازه‌ی خۆمان، خوێندنه‌وه‌ی عه‌قڵی ڕه‌خنه‌مان هه‌بێ بۆ ئه‌و مێژووه بۆئه‌و ئه‌زموونه‌و نه‌که‌وینه‌وه ناو بۆسه‌و داوێ، که‌به‌داخه‌وه تێیکه‌وتینه‌وه نه‌ك جارێ ده‌یان جار! که‌ڕه‌خنه نه‌بوو نه‌ڕاستکردنه‌وه ئه‌بێت‌و نه‌ئاینده، به‌ڕێزینه مه‌سه‌له گێڕانه‌وه‌ی مێژوو نییه، به‌و باره‌دا دڵی خۆمانی پێخۆشبکه‌ین، به‌ڵکوو پشکنینی ئه‌و مێژووه‌یه بۆئه‌وه‌ی به‌ر له‌سه‌روه‌ریه‌کانمان، خه‌وشه‌کانمان بدۆزینه‌وه‌و راست‌و ڕه‌وان په‌نجه بخه‌ینه سه‌ر هه‌ڵه‌کانمان. من نه‌مێژوونووس‌و نه‌سیاسه‌تمه‌دارم، به‌ڵام من ئه‌و چه‌ند رۆژه هه‌ستمکرد جگه له‌چه‌ند ئاماژه‌یه‌ك ئێمه ته‌نها له‌ڕواڵه‌تی ئه‌و ئه‌زموونه گه‌وره‌یه ئه‌دوێین و شۆڕنه‌بووینه‌ته‌وه بۆناو قوڵایی رووداوه‌کان. پرسیاری بۆو بۆچی‌و له‌به‌رچیمان نه‌کردو وه‌ڵامێکی تینوێتی شکێنمان نه‌دایه‌وه به‌خۆمان. که‌سایه‌تی پێشه‌وا چۆن بوو؟! ئاستی رووناکبیری و خوێنده‌واری ئه‌ومان روونه‌کرده‌وه؟! نه‌مان زانی پێشه‌وا له‌کاتی ،وتووێژه دبلۆماسییه‌کاندا چی وتووه‌و چیکردووه‌و به‌لای باری ده‌روونی و سایکۆلۆجی ئه‌ودا نه‌چوین، به‌شێکی زۆری قسه‌کان له‌سه‌ر ئه‌نجام ئه‌دوان‌و به‌ڵام هۆو هۆکاره‌کان ون‌و بزربوون! له‌سه‌رکه‌وتن و دروستبوونی جه‌مهوریه‌تی کوردستاندا هوشیاری خۆمان به‌پله‌ی یه‌که‌م هات یان هۆو هۆکاره ده‌ره‌کییه‌کان؟! ئێمه له‌وه نه‌دواین که‌ئایا له‌و شکسته‌دا موقاوه‌مه‌ت راست بوو یان نا؟! ئه‌توانرا بکرێ یان نا؟! له‌هه‌ردوو هه‌ڵوێسته‌که‌دا چی روویئه‌دا؟! ئێمه به‌ته‌نها باسمان له‌ئازایه‌تی‌و قاره‌مانێتی خۆمانکرد به‌ڵام په‌نجه‌مان بۆدواکه‌وتنی خۆمان. بۆناهه‌ستیاری خۆمان‌و گوناهه‌کانی خۆمان رانه‌کێشا! ئێمه تادواییش نه‌مانزانی جگه له‌پێشه‌وا خۆی، که‌سایه‌تی یه‌که‌یه‌که‌ی وه‌زیره‌کانی دیکه‌ی جه‌مهوریه‌تی کوردستان کێبوون؟! چۆن بوون؟! ئایا هه‌موان چون یه‌ك بوون له‌بیرکردنه‌وه‌دا؟! ئێمه نه‌مانزانی له‌ڕووداوێکی وادا دۆسته‌کانی کورد له‌جیهاندا کێبوون؟! له‌سه‌ر به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌و به‌ره‌نگارنه‌بوونه‌وه له‌ناو رووناکبیرانی ئه‌ووده‌مه‌دا هیچ ڕووینه‌دا؟! چی وتراو چی نه‌وترا؟! ئاخر به‌ڕێزینه له‌دوای شه‌ست ساڵ ئێمه هه‌ر هه‌مان ئه‌وقسانه ئه‌که‌ینه‌وه که‌پێشتر کردبوومان؟! ئه‌ی که‌شفی تازه‌مان؟! ئه‌ی خوێندنه‌وه‌یه‌کی جیاواز بۆ ئه‌م رووداوه گه‌وره‌یه، خوێندنه‌وه‌یه‌ك نهێنی‌و هۆو هۆکاری شاراوه‌مان بۆ دیاریبکات‌و په‌رده‌مان له‌سه‌ر زۆر ته‌م‌و مژ بۆلابدات؟! ئێمه حیکایه‌ت ناگێڕینه‌وه. ئێمه به‌ڕوونی پێویسته به 1، 2، 3، 4 و 5 بڵێین ئه‌م هۆو هۆکارانه بوون سه‌ری خستین‌و هه‌ر به‌وشێوه‌یه‌ش بڵێین 1، 2، 3 و 4 ئه‌مانه‌یش بوون و هه‌ڵه‌کانمان و خه‌وشه‌کانمان و هۆی شکستیمان!

به‌ڕێزینه: ئێمه ئه‌و وه‌خته راستگۆترین، ناڕاستیه‌کانی خۆمان ده‌ربڕین و ئێمه ئه‌وکاته‌یش ئازاترین که ترس‌و گومانه‌کانی خۆمان یه‌کالآبکه‌ینه‌وه. به‌ڕاستی ئێمه هه‌ر ته‌واو پاشکۆی ئه‌و میتۆدی خۆێندنه‌وه‌ین بۆمێژوو که‌له عه‌قڵی ئه‌مه‌ویه‌کان‌و سه‌له‌فیه‌کانی کۆن‌و هه‌زار ساڵه‌وه بۆمان ماوه‌ته‌وه‌و له‌سه‌رووی هه‌موویشیانه‌وه عه‌قڵێ که‌به‌رده‌وام ڕه‌خنه‌ی کوشتوه‌و به‌رده‌وامیش مه‌تح‌و سه‌نای هه‌ڵبژاردووه. هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یشه ئێمه وه‌ختێ ئه‌توانین خوێندنه‌وه‌یه‌کی نوێمان بۆ مێژووی خۆمان هه‌بێ، که‌سه‌ر له‌نوێ و له‌نووکه‌وه به‌م مێژووه‌دا بچینه‌وه. ده‌ست بکه‌ینه‌وه به‌هه‌ڵکۆڵین وه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌ر هیچ نه‌کرابێ. ته‌نانه‌ت له‌سه‌ر ئه‌و جومگانه‌یش بوه‌ستین که‌تائێسته بوون به‌یه‌قینمان، ئه‌وانیش بخه‌ینه‌وه به‌رده‌م

لێپرسینەوەی تازە. ئێمە پێویستە سەرلەنوێ بە بیروڕاو بۆچوونی هەموو رۆژهەڵاتناسەکاندا بچینەوە. چونکە من پێموایە بەشێك لەو ناڕاستیانەی ئەوانن کە لەئێمە بوون بەحەقیقەتو بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەگو ڕیشەوارمان بۆنەکردوون دەست بەرداریان بووین، هەر ئەوەندەیش نا بەڵکو بەبێ هیچ گەڕانەوەیەکی جدی بۆ لێکۆڵینەوەیان هەر لەسەر بناغەی ئەو قسانە گریمانەکانی تریشمان هەڵئەچنیەوە!.. ببوورن: من ئەگەر ئەم قسانەی خۆم چڕبکەمەوە ئەڵێم: ئەوە تەنها عەقڵی ڕەخنەگرانەیە کەڕووی راستەقینەی مێژوو دەرئەخاتو زۆر بەخۆدا هەڵدانیش لەهەر بوارێکدابێ نیشانەی کەم بڕوابوونە بەخۆو هەڵاتنیشە لەبەردەم ئەو حەقیقەتەدا کە ئەمڕۆ بێ یان سبەی یان درەنگتر ئەمانگەنێو هەموو پەردە یەکیشمان لەسەر لائەدەن! ئایا ئەزموونی بێ هەڵەو بێ خەوش هەیە؟! بێگومان نەء، ئەی بۆ بەوردی لەسەریان رانەوەستاین. ئێمە پرسیارمان نەورووژاند. چونکە لەم وروژاندنەوە راستیەکان دەرئەکەون. دەمێکە کورد وتوویەتی دۆست ئەوەیە ئەمگرێنێ و دوژمنیش ئەوەیە پێمپێئەکەنێ. ئێمە پێوستیمان بەوەیە دڵسۆزی خۆمان لەشێوەی نەشتەرگەری ڕەخنەدا لەپێناوی رزگاربووندا و لەپێناوی جەستەی مێژوویەکی ساغدا بەکاربێنین. ئێمە ئەو نەشتەرگەریەمان نەکرد و لەبری ئەوە هەر موسەکنەکانی ترمان دا بەخۆمان. ئێمەی ئەوەی ئەیزانین و هەزاران جار وتومانە ئەوە لایەنە جوانەکانی خۆمانن، بەڵام ئەوەی نایزانین و لەمیهرەجانێکی وا گەورەدا زۆرکەم خۆمان لەقەرەی دا، لایەنە تاریکەکانی خۆمان بوو. من وەك شاعیر چەندین سترانی خۆشەویستیو وەفاداریم بۆ ئەو سومبولانەی مێژووم وتوە لەشۆڕشی دەرسیمو ئاگریداخەوە بۆ مەهابادو شۆڕشی ئەیلولو تازەیش.. بەڵام کاری مێژوونووسو توێژەرەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارێکی جیاوازە. کاری مەنتیقی عەقڵی و لێکۆڵینەوەو ڕەخنەو هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوەیش. نەك کاری گێڕانەوەو حیکایەت جوانی. بەڵێ لەو باسانەدا، ناوبەناو تروسکەیەکمان ئەبینی، بەڵام زوو ون ئەبوون بیرئەچوونەوە. با نەلەخۆمان کەمبکەینەوەو نەزیادیشی پێوەنێین. لەبری گێڕانەوە لێکۆڵینەوە. لەبری هەستو نەستی رووت عەقڵ و لەبری لەخۆبایی بوون سادەیی و لەبری خۆش باوەڕی هەمیشە گومان و تاووتوێکردن بکەین بەپێوانەکانی خۆمان.

ئەمە دەقی ئەو وتارەیە کە نووسەر لە میهرەجانی "مەهاباد و پێشەوا قازی.. کەلتوور و ڕۆشنبیری، و ئەزموون" کە ڕۆژانی (4-6 ی شوباتی 2005) لە هەولێر بەڕێوەچوو. لە پانێڵێکدا بەناوی "مەهاباد لەمێژوو و یادەوەری دا" ڕۆژی 2005/2/5 لە هەولێر خوێندیەوە، جێگەی ئاماژەیە ئەو پانێڵە بەسەرۆکایەتی خودی نووسەر و ئەندامێتی (گوڵموراد گوڵمورادی) و بەشداریی (محەمەد جەمال، ئەمیر حەسەنپور، ئەنوەر سوڵتانی) ئەنجامدرا.

## بەشێ لە ڕۆمانی

# پێشمەرگە

ڕەحیمی قازی




ئەوسێ کوردە بە دڵێکی پڕ لە ئاوات و ئارەزووی خۆشی لە (دوڵی بەسرێ)وە سەرکەوتن و سابڵاغیان لێ وەدیارکەوت، میرزا قویتاس بۆ ئەو دوولاوە هەم بەلەدچی بووە هەم ردێن سپی، و لەبەرئەوە شێرکۆو پیرۆت هەر چاویان لە دەمی وی بو، کە شتێکی بڵێ و ئەوانیش بیکەن، میرزا قویتاس لە بیری هاورێکانی گەییشت و گوتی:

عەرزو بە حوزوری موبارەك بکەم ئەوا گەییشتینە(مەهاباد)، جاوەرن بچینە نیو باغی قازی هێندێك ئیستراحەت بکەین هەتا تاریك دادێ و بەعدەن دەچینە نێ و شاری بۆ ماڵی کاکە سوار، وەئێوەی پێ موعەرەفی دەکەم، کاکە سوار مەردێکی حیسابییە و عوزویکی فەعال و مەشهوری کۆمەڵەیە و بەوەسیلەی وی لەگەڵ کۆمیتەی مەرکەزی موناسیبات بەرقەرار ئەکەین...

لای ئێوارێ میرزا قویتاس بەلای(گەراوان)داشێرکۆو پیرۆتی بردە نێوشارێ و، چونە ماڵی کاکە سووار کە لە گەرەکی(خرێ) هەڵکەوتبو، کاکە سووار لە ماڵێ نەبوو و خێزانی میوانەکانی بردە ژوورەوە و رای گەیاند کە، ئێستا میردەکەشی دێتەوە، میوانەکان هێشتا نەپرژابونە سەرئەوەی کە، ئیستەکانیك چا بخونەوە کە کاکە سوار وەژور کەوت و زۆربەگەرمی میرزا قویتاس و هاورێکانی بەخێ رهاتن هێنا.

میرزا قویتاس بۆ ئەوەی کە، کاکە سووار حاڵی بکا هاورپیکانیشی ئەندامی کۆمەڵەن وەدەتوانێ رەپ و رووقسەیان لەگەڵ بکات گوتی:

برادەر ئەو دوجەوانە کە یێکیان ئیسمی شەریفی شێرکووە ئەوی تر ئیسمی موبارەکی پیرۆتە بونەتە عوزوی کۆمەڵە و دەتوانی بە ئاشکرایی سوحبەتیان لەگەڵ بکەی وە نیوی نهێنی شێرکۆ "ئازەر"و نیوی پیرۆتیش"برا"یە... کاکە سوار بەوەی زۆر دڵخۆشبووە بە زەردەخەنەوە گوتی:

جا میرزا قویتاس، ئەتۆ کەسێکی هاوبیرو هاورێ نەبێ بۆ ماڵی ئێمەی ناهێنی، ئەمن هەربەوەی چاوم پێیان کەوت دەست بەجێ زانیم هاواڵ و هاورێ و هاوبیری ئێمەن و هەستی نیشتمان پەروەری بۆ ئێرەی هێناون، زۆر- زۆر بە خێربێن...

میرزا قویتاس سەری قسانی دامەزراندو گوتی:

ئەو دو جەوانە چارەیان لێ قەتع ببو و هاتبونە خانەی بەندەی حەقیر مەسلەحەت وە تەدبیرم پێبکەن، ئەمنیش تەسمیم گرت داخلی کۆمەڵەیان بکەم و بیانهێنمە ئێرە.

میرزا قویتاس تەواوی بەسەرهاتەکانی پیروت و شێرکۆی بۆ کاکە سووار گێراوە و گوتی:

ئەوانە ئیتر ناتوانن لەدێیەکانی خۆیان زیندەگانی بکەن وەحەتمەن ئێستا جەندرمەو ئاغاکان وەك چاویشەدار لەوان دەگەرێن کەبیانگرن و تەنبێیان بکەن، بەناشوکری نەبێ لە ئەترافی سەقز هەنوز جەندەرمەکان دەستیان دەر وا وە لەتەواوی ئوموراتی کوردان دا دەخالەت دەکەن، ئومێدەوارم ئێوە لێرە بتوانن ئەوانە محافەزە بکەن وە بدونی شەك و شوبهە هەردووکیان دەستوراتی ئێوە بەچاکی ئەنجام دەدەن وە ناهێڵن مامە قویتاسیان رووسیایی بێت...

لەسەرەتای ساڵی1942دا کاتێك کە کۆمەڵە لە هەموو لایەکەوە دەستی بەتێکۆشینی نهێنی کردبو پێداویستێکی زۆری بەلاوانی کۆڵنەدەرو تێکوشەرو بەکارهەبو، ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی کۆمەڵە تاق- تاق بۆ مەڵبەندەکانی جیاواز- جیاوازی کوردستان وەرێ دەکەوتن کە لکی کۆمەڵە دابمەزرێنن و پتر خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن لە بەشی زۆری کوردستان هێشتا ژاندارم و ئاژانەکان وە لە چەند جێگایەك بەشە هوردووەکان و هەروەها خاوەن موڵکە زۆردارو نیشتمان فرۆشەکان دەستیان دەرۆیشت، و بە تەواوی هێزی خۆیانەوە لە ڕێگای ساز بونی کۆمەڵەدا کۆسپ و بەرهەڵستیان پێکدەهێنا، هەر لادێییەکی لە حاست زوڵم و زۆری لە تام دەرچوی خاوەن موڵك وستەی لێ وە هاتبایە بەبێ قسە نێ وی کۆمەڵەیان لەسەر دادەناو دەیانگرت، تەنانەت ئاغایەك لە محاڵی(شارویران) گویێ کرمانجێکی بری بو لەسەر ئەوەی کە، بە لادێییەکانی دیکەی گوتبو وەرن بچین تێکەڵاوی کۆمەڵە بین.

گۆڤاری"نیشتمان" کە، بڵاوکەرەوەی بیروباوەری"کۆمەڵەی ژ-ك" بو، تازە دەرچوبو وە بڵاوکردنەوەی ئەوەش بە تەواوی مەڵبەندکانی کوردستاندا ئەرکێکی زۆرگران و چەوت و نالەبار بو لەسەرشانی ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی. دانیشتووانی، کوردستان، بە تایبەتی لادێییەکان بەباوەشێکی ئاواڵەوە بەرەوپیری نوێنەرانی کۆمەڵە دەهاتن و لە دڵەوە ئەندامەتی وییان قوبوڵ دەکرد و ئەوەندەی بۆیان هەڵکەوتبایە بە نێوی حەقی ئەندامەتی دراویان دەدا بە سوندوقی کۆمەڵە.

دەرکـەوتنی هـەوەڵین ژمـارەی گـۆڤـاری "نیشـتمان" وەك تـۆپ لـە تـەواوی کوردسـتاندا دەنگـی داوە و هـەر کەسـێکی کەتـە سـەوادی کی ببایـە چ خـاوەن موڵك و تاجر و کەسەبە، چ مەلا و فەقێ و میرزا وهیدیکە لـە هـەموو لایەکەوە هــەوڵی دەدا ژمارەیــەکی "نیشــتمان" وەدەســت بــهێنێ و بیخوێنێتــەوە، "نیشتمان" دەستاو دەست دەگەرا ئەو هەلبەستانەی کە، لەویدا چاپ دەکران بەتایبـەتی دەمەتەقەی بایزوباپیر" کە، بەشێوەیەکی پـەتی و خومـاڵی دەردی دەداو ئاغاوەت و سەروك عەشیرەتە نیشتمانفرۆشـەکانی وە بەر پلاری رەخنـەو لومە دەگرت تەنانەت لەلایەن نەخویندەوارەکانیشـەوە لەبەر دەکران وە لەهـەموو جێگایەك باس- باسی بایزوباپیر بوو.

کۆمیتـەی سەرکردەیی کۆمەڵە لەبەرامبـەر داخووازو هەسـتی دانیشـتووانی کوردستاندا نەدەپەرژا سەر ئەوەی کە، گوورای "نیشـتمان" بەهەمو بگەیەنیت لەبەر ئەوە زۆری پێداویست بە لاوان لە خۆ بوردوو تێکوشەرو کۆڵنـەدەر هـەبو کـە بـەهۆی وان لەگـەڵ تـەواوی تەشـکلاتەکانی پێوەنـد ڕابگـرێ و گـۆڤـاری "نیشتمان" بەنی و کوردندا بلاّوبکاتەوە.

کاکە سوار بەدیتنی ئەو لاوە گەلێك کەیف خۆش بو وەلە دلێدا دەی گوت: "ئەوانە بـۆ ئێمـە زۆر پێویسـتن و دەتوانـن کـارێکی زۆرمـان بـۆ بکـەن..." کاکـە سوار روی کردە میرزا قویتاس و گوتی:

سبەی شـەوی "ئـازەر" و "بـرا" هـەڵدەگرین دەچینـە لای "کـاك بینـایی"، هاوەڵەکانی دیکەش لـەوێ دەبـن و هـەرچی ئـەوان بیلێن وادەکـەین، ولام وایـە زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنیان دەکەن...

جێگای کۆمیتـەی سەرکردەیی کۆمەڵە لە چەند وەتـاغیکی پیاویکی هـەرە دەوڵەمـەندی سـابلاغ هەلکەوتبو ئـەو پیاوە دەوڵەمـەندە لـە زەمـانی رەزاخـاندا زۆری چەرمەســەری دیتبــو، و بەتــەنیا لــە پــاش تێکچونــی رێ و شــوێنی دیکتاتوری توانیبوی هەناسەیەکی بەرەحەت بکێشێت ئەو لە دڵەوە پیاویکی نیشتمان پـەروەرو کـورد خۆشەویسـت بـووە، بەنـهێنی یارمەتیـیەکی زۆری بـە کۆمەڵە دەکرد، بەڵام کەس شـکی بۆ نـەدەچوو کـە، ئـەو نیشـتمانپەروەربێ و هـەر لەبەر ئـەوەش کۆمیتـەی سـەرکردەیی خانووەکـەی وییـان بـۆ نـاوەندی تێکۆشینی خویان هەڵبژاردبو کە لەبەر چاوی دوژمنان دوربێت، ئەو خانووە لە چـەند لاوە دەروازەی هـەبو وە تـەواوی ئەندامـەکانیش بـە جێگـای وییـان نـەدەزانی، تەنانـەت بەشــی زۆری ئەندامـەکانی کۆمیتـەی سـەرکردەیی لەگـەڵ چەند ئەندامێك پێوەندی هەبو.

بوسبـەی شـەوی کاکـە سـوار هاواڵـەکانی هـەڵگرت و رۆییشـتن وەکـاتێك گەییشتنە کۆڵانێك گوتی:

ئێوە لێرە چاوەری بن ئێستا دێمەوە.

هێندەی پێ نەچو کاکەسووار گەراوەو هاواڵەکانی بە دوی خۆیدا برد وەلە دەرگایەك نیزیك بوەوەو چووار تەقەی لێ هێناو دەرگا کە کراوە بەژێر خانێکی تـاریکدا روییشـتن وە لـە پاشـانی چـەند پلیکـانیك وەسـەر کـەوتن وەچونـە ژورێکەوە، ژورەکـە چرایـەکی فتیلـەی لێ داییسـاو کەسـی لێ نـەبو وەلـە نیـوە راسـتیدا چـەند کورسـییەکی لیداندرابـو لـە قونیچکیکـی ژورەکـە پەردەیـەك بەتاقـەوە هەڵاوەسـرابو وەبـەر لـە هـەمو شـتیك ئـەو پەردەیـە ئـەزەری شـێرکوو پیروتی بۆ لای خوی راکیشا ئەوان بەوردی تەماشای پەردە کەیان دەکرد کە، لە نەکاو لەپشتەوە یەکێك وە ژور کەوت گوتی:

شەوباش

کاکە سووار و میرزا قویتاس دەست بەجێ هەڵستان و شێرکوو پـیروتیش لـەجێی خۆیـان قیـت بونـەوە وە لـە چەشـنی راوەسـتانی کاکـە سـووارو مـیرزا زانییان کە، ئەو پیاوە گەورەیـە، وە رەنگە ئەو "کاك بینایی" یەی کـە، لـە مـاڵی کاکە سووار باسی دەکرد ئەوەیی...

هێشتا هەموو بە پیوە راوەستابون کە، کاکە سووار هەڵ دایەو گوتی:

قوربان، ئەو دوو لاوەی عەرزم کردی ئەوانەن هاتونە خزمەتت.

"کاك بینایی" پیاویکی کەلەگـەت و چووارشـانەو بەخووە بـو، تەمـەنی لـە چل- چل وپێنج دەدا وە ردینێکی رەنگ کارەبایی تـەنکی هیشتبوەوە وە دایما زەردەخەنە لە لیوییەوە دیار بو وە ئەوە هیندەی دیکەش سەحەتی سوك کردبو چل وبـەرگێکی سـادەی مەلایانـەی لـە بـەردا بـو وە هـەر کەسـێکی نـا بەلـەدو نەناسیاو دیتبایەی دەی کوت ئەوە فەقیی هەژاری مزگەوتی هەباس ئاغایە.

"کاك بینایی" روی کردە لاوەکان و پرسی:

رولە نیوتان چیە؟

قوربان شێرکۆوە پیروت.

"کاك بینـایی" کـە ئـەو نیوانـەی بیسـت بـە نابەدلییـەوە تەماشایەکی کاکـە سووار و میرزا قویتاسی کردووە وئەوان لە چاوی ویدا خویندیانەوە کە دەڵێ: "تەروفیر کردون، هەر دەلەی نیوی نهێنی تان لینەناون...".

میرزا قویتاس کە، زانی "کاك بینایی" بەوەی قەلس بو هەڵ دایەو گوتی:

قوربان، ببەخشە، ئیسمی هووەیان "ئازەر" وەهی ئەوەشیان "برا" یە، ئەمن فەراموشم کرد کە حاڵیان بکەم لەمەو بە دووا نیوە تازەکانیان بلێن.

شـێرکو وە بـە تایبـەتی پـیروت ئـەو قسـانەیان پـێ سـەیر بـو وەهیـچ رانەهاتبوون کە، بە نیویکی دیکە یەکتر بانگ کەن.

"کاك بینایی" فکری دڵی ئەو لاوانەی خوینـدەوەو دەستی بەقسـە کـردوو گوتی:

رۆڵەکانم، روی دنیا رەش بێ، رۆڵەی کوردان بۆ ئـەوەی خۆیـان لـە جـەنگ دوژمن بپارێزن جاری دەبێ نیوی ئەسڵی خۆیان فری دەن وەنیـوی دیکـە لـە خویـان بنـین، بـەوەی دڵتـان تـەنگ مەکـەن وە ئـەوەی بزانـن هـەتاوە کونـی تەشکیلاتەکەی خۆمان بە تەواوی وە روونەخەین نیوی ئێوە "ئازەر" و "برا" یە، وەهەر بەو نیوانە یەکتر بانگ بکەن تاوەکونی خوی پیبگرن دەی، کاك "ئازەر"، کـاك "بـرا"! بلـەن بـوانم سـەروکی سـتادی سـەقز وە مینـە ئاغـا کـەی کـانی کیسـەلەتان چلـون کوشـت ئـەوکارەی ئێـوە لـە تـەواوی کوردسـتاندا دەنگــی داوەتـەوە، زورناچیـەکانی تـاران پـاش کوژرانـی خوجەندی دەیان کـوت ئـەوە کـاری کۆمەڵەیە، بەلاّم لـە پـاش کوژرانـی مینـە ئاغـا وە ون بونـی ئێـوە ئیـتر دەستیان لە کول کۆمەڵە کردوتەوە، وە ئێستا نیو هەر نیوی پیروت و شیرکویە لـەو رۆژانـەی دووایـی داڵە حـەول و حەوشـی سەقز چەند کـاروان روت کـراوە و چـەند ژاندارمیکیشـان کوشـتووە وە تـەواوی ئەوانەشـیان بەئەسـتوی ئێـوەدا بریـوە بـرام، ئێسـتا ئێـوە بونەتـە قارەمـانی رۆژ وە لـە هـەمو لایەکـەوە لێتـان دەگەرێن...

شیرکوو پیروت کە ئەوەیان بیست پەشوکان و تەماشایەکی یـەکتریان کردو لە دلەوە دەیـان کـوت: "ئـەوەچ زو پـیی زانـی..." شـیرکو خـەریك بـو وەلاّمـی پرسیارەکەی "کاك بینایی" بداتەوە کە میرزا قویتاس هەڵ دایەوە گوتی:

قوربان، "کاك برا" بەهیچ وەجهیك حازر نـەدەبو لـە گـەلمان کـەوێ وەهـەر نەیەویست بچێ راهزەنی و غارەت و چەپاول بکا، ئەمما بەندە حالیم کرد کە، ئـەو کارانـە فـایدەی نیـە... "کـاك بینـایی" هەلستا سـەر پـی وەبەدەسـتی

پەردەکەی کە بەسەر تاقەوە هەلاوەسرابو وەلابردو چلون مامۆستا دەرس بە قوتابیان دەڵێ هەر بەو چەشنە رووی کردە شیر کوو پیروت وە زۆر بە ژماردەو لەسەرە خوو ئەسپایی گوتی:

ئەو نەخشەیەی کە دەبینن بیرەدا هەلاوەسراوە نەخشەی کوردستانە، یانی نیشتمانی کوردەوارییە کە، ئێستا بە چووار لەت بەش کراوە وە لە ژێر حوکماتی بێگانە دایە، چەرخی بیستەم کە چەرخی رزگاری و سەربەخۆیی وەدەست هێنانی گەلانی جیهانە ئەرکێکی زۆر گەورەی لە بەرامبەر ئەسڵی ئەو رۆکەی نەتەوەی کورد داناوە، ئەورۆ کە نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەیەکی دنیاڵ قەوماوتر و پاش کەوتوتر و بەش خوراوترە، بەڵام ویرای ئەوە هەست و بیری رزگاری خووازی و سەربەستی وە دەست هێنان زۆر بە توندی لە نێو نەتەوەکەی ئێمەدا رەگ ئاژوی کردووە، هەر کوردێکی بیدوینی دڵی پرە لە قین و غەزەب لە بەرامبەرداگیرکەراندا، خو بەکاری و ئازایەتی و نەترسی و لە یاقەت و مشوریش نیعمەتیکی خودا دادەیە کە، لە رەگی کوردانەوە سەرچاوە دەگری وە لە شیری دایکمانەوە هەلدەوەری، جا کۆمەڵەی ئێمە بویە سازبووە کە، هەست و بیری رزگاری خووازی لەگەڵ خاسیەتەکانی تایبەتی کوردان کە، باسم کردن، تێکەڵاو بکات وە بە تاقە ریگایەکدا بەرەو پیشیبەری، بۆ رزگاری کوردو کوردستان لە چەنگ داگیرکەران ئێستاکە ئێوەش هاتون تێکەڵاو بون دەبێ بەر لە هەمو شتێ: لە دڵەوە ببنە پێشمەرگەی ئەو ریگایەو دەبێ هینديك لە مێژوو هەڵکەوتووایەتی نەتەوەو نیشتمانە کەتان شارەزاین...

شیرکوو پیروت کە بە وردی گوییان لەو قسانە راگرتبو هەر تەقەیان لە سەری دەهات، پیروت وەی دەزانی کە، لەخەوندا ئەو قسانەی پی دەڵێن ئەو قەت ئەوانەی نەبیستبو وە لە زۆر وشەی"کاك بینایی" نەدەگەییشت چونکە کاك بینایی بە کوردییەکی پەتی و خاوێن دەدواو"کاك بینایی" چەند باسێکی دیکەشی بۆ کرد نو لە پاشان گوتی:

با ئەورۆ بەسبێ، کاکە سووار! "ئازەر" و"برا" بە تو دەسپیرم وە بە رۆژ با بخولێنەوەو مانویان بحەسێننەوە، شەوانەش بیان هینەئیرە بۆ سکالا با دە پازدە رۆژێك هەروا رای بویرن وە هینديك شارەزابن لە سیاسەت و چلونایەتی نیشتمانە کەیان وە لە پاشان تاقییان دەکەینەوە...

ئیتر نیزیك بە پارشیو هەر چوواریان وە دەرکەوتن وە بۆ ماڵی گەرانەوە لە رێگا پیروت روی لە شێرکۆ کردو گوتی:

ئەریّ کاك شیرکو لەو قسانە شتیکت لێ حاڵی بو؟ میرزا قویتاس نەی هیشت شیرکو وەڵام بداتەوە گوتی:

کاك"برا" ئەوە نەشود، قەرارمان چ بو، مەگەر نازانیّ ئیسمی شەریفی ئەو ئاقایە"ئازەر" ە.

پیروت هینديك سوور هەڵگراو دەنگی نەکرد.

شیرکوو پیروت چەند رۆژێك هەر بەو چورە رایان بووارد، بە رۆژ لە نێو شاریدا دەخولانەوەو دەچونە بازار و قاوەخانە، شەوانەش لەگەڵ کاکە سووار دەچونە"کۆمەڵە"وە "کاك بینایی" لە مەر کورد و کوردستان قسەی بۆ دەکردن.

رۆژێکی لە قاوە خانەی سەر چومی سوور دانیشتبوون وە تەماشایان کرد هەمو باسی ئەوە دەکەن کە، چەند سەرۆك عەشیرەتێکی نیشتمان فروش لەشکری خۆیان لەدەوری سابلاغ وەخر کردووە وەدەیانەویّ بەشەو پەلامار بهێننە سەرشاروتالانی بکەن، وە قازیش پیاوی وە نیو شاری خستووە کە، هەر کەسێکی پیاوە ئیواری تفەنگ و دەمانچەو خەنجەر هەڵگری وە لەهەر چووار لای شاری کیشك بکیشیّ وەبە هیچ چەشنێك نەهێڵن سووارەی عەشیرەتە نیشتمان فرۆشەکان بینە نیو شارییەوە شیرکوو پیروت دەست بەجێ بۆ ماڵی کاکە سووار گەرانەوە وە ئەوەی بیستبویان بۆ خانە خوییان گیراوە پیروت گوتی:

ئەریّ کاکە سووار، ئەو قازییە کییە کە، وا خەڵك بە حورمەتەوە باسی دەکەن و بەدوایدا دەرون؟

"کاك برا" قازی سابلاغییەوەخەڵکی سابلاغ لەو پەشیوینی و گیروگرفتەی ئێستادا ئەویان یەسەروکی خۆیان هەڵبژاردووە وە ئەویش شەووروژ بۆ دابین کردنی هیمنییەتی و ژیانی خۆشی گەلەکەی تێدەکوشی وە شەوانە نانوی بە تەواوی شاریدا دەکەریّ وەکیشکی خەڵکی شاری دەکیشی...

لە پاشان کاکە سووار گوتی:

چابو وەبیرم کەوتەوە، "کاك بینایی" رای ئەسپاردووە ئەورو هینديك زووتر بچینە لای وە گوتویەتی تفەنگەکانیش هەڵگرین.

ئیواریّ کە تاریك داهات هەرسێکیان تفەنگ و فیشەکەکانیان هەڵگرت و چونە کومەلەوە، کە گەییشتنە ژوورەکە تەماشایان کرد"کاك بینایی" رانك و چۆغەییکی بۆری لەبەر کردووە، دەمانچەیەکی ناگانی بەروتی لەبەر پشتیندەکەی چەقاندووە وەچاوەرێی ئەوانە هەر کە چاوی بەوان کەوت گوتی: کاکە سووار، ئەتو بچولای پیاوەکانی گەرەکی خۆتان وە ئەمن"ئازەر" و "برا" لەگەڵ خۆم دەبەم.

کاك بینایی هەردووك لاوی هەڵگرت و وەنیو شاری کەوت وە هەر لە کۆلانیك رابو کۆلانێك، لە گەرەکێك را بۆ گەرەکێك دەچو، هێندە گورج و گۆڵ و پتەوو سوك رەوت بو، کە، شیر کوو پیروت بەو لاوینیەی خۆیانەوە نەیدە گەییشتنەوە، توشی هەناسە برکی ببون"کاك بینایی" کە دیتی هاوریکانی ماندو بون لەسەر سەکۆیەك راوەستاو گوتی:

دەی، هینديك با ماندومان بحەسینینەوە، لە پاشان دەچینە قەراغ شاری لەو دەمەدا کە هەلتروشکابون پیروت هەلی دایەو گوتی:

وەلا کاك بینایی ئەگەر تەواو خەڵکی شاری وەکو تۆ بەقسەی قازی وا بەنیوشاریدا بخولێنەوەو وریابن و کیشك بکیشن، نەك هەر لە شکری عەشیرەتەکان، لەشکری هیچ دەوڵەتێك ناتووانیّ پەلامار بۆسەر سابلاغ بهێنیّ ئەتۆ کەوای داخولا قازی چلون بیّ؟!

"کاك بینایی" بەبیستنی ئەو قسانە زەردەخەنەیەکی هاتیّ، و هیچ دەنگی نەکرد لە پاشان پیروت سەر لە نویّ گوتی:

ئەری ماڵی قازی لە چ حاستە و وەچلون پیاوێکە وە داخولا لەگەڵ کۆمەڵەی ئێمە نێوانی چونە؟

کاك بینایی وەڵامی داوە:

ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵە نێوانی خراپ بوایە ئێمە بەقسەی وی کیشکی شاریمان نەدەکیشا، وەئەوەندە خۆمان ئەزیەت و چەرمەسەری نەدەدا وە دەچوین لە نیو لیفەو دوشەکی نەرمدا لێی دەنوستین:

پیروت دیسان پرسی:

ئەری"کاك بینایی" قازی ئەندامی کۆمەڵەیە، یانا؟

"کاك بینایی" وا دیار بو لەوهەمو پرسیارەی پیروت خۆشی نایە وە لەبەر ئەوە گوتی:

روڵە، هیچ کاتێك حەول مەدە هەموشتێك دەست بەجێ بزانی، دەنا ئەگەر وابێ توکی سەرت هەمووی سپی دەبیوە زووپیردەبێ…

لە پاشان"کاك بینایی" دەسرەیەکی پیچراوی لە باغەڵی چوغەکەی دەرهێناو گوتی:

"ئازەر"، "برا"! ڕەنگە برسی بوین، هیندیکم نان و پەنیر و پیوازی تەر پییە وەرن با بیخوین وە لە پاشان هەلدەستین دەچینە قەراغ شاری وە سەریك لە کێشك چیەکانی ئەوی دەدەین.

چەند شەوێك هەتا بەری بەیانی "کاك بینایی" لەگەڵ ئەو دولاوە بە نیوشارو قەراغی ویدا خولانەوە وەهەر شەوەی"کاك بینایی" رانکوچۆغەیەکی دیکەی لەبەر دەکرد وە بە جۆرێك دیمەنی خۆی دەگۆڕی کە، تەنانەت ئەگەر شێرکوو پیروت لە نەکاو توشی هاتبایەن نەیان دەناسیەوە.

خەڵکی قارەمانی سابلاغ بە وردو درشتەوە وە بە وریایی‌یەکی تایبەتی‌یەوە کیشکی شاری خۆیان دەکێشا وە نەهایەت سەرۆك عەشیرەتە نیشتمان فروشەکان کە، ئەوەیان هەست کرد مەجبور بون بەرەو دووا بکیشینەوە، وە لە خویان رانەدی پەلامار بۆ سەر سابلاغ بەرن.

شێرکوو پیروت بە چەشنێك گیرودەی سکالاو هەلستان و دانیشتنو ری و شوینی"کاك بینایی" ببون کە هەر دەت گوت لە منداڵییەوە لەگەڵی ناسیاون. "کاك بینایی" نەك هەر وەك مامۆستا، بەڵکو وەك هاوالێکی هەرە نیزیك و سادە لەگەڵ وان دەدوا، وە لە کاتی هەڵستان و رۆنیشتون و چون وهاتن قەت خۆی لە ژوروی ئەوانەوە دانەدەنا، هەر چەند بە تەمەن15-10ساڵ لەوان گەورەتر بو، بەڵام خۆی وەك دەستە برایەکی هاوراز بەریوە دەبرد وە هەموو چەشنە جەفەنگ و گاڵتەیەکی لەگەڵ دەکردن و گەرەلاوژەی لەگەڵ دەکوتن شێرکوو پیروتیش ئیتر لە حاست وی وەك جاران شەرمیون نەبون وە رەپوروڵە گەڵی دەدوان و جەفەنگیان لەگەڵ لێ دەدا…

رۆژێك شێرکوو پیروت لە قاوەخانە دانیشتبوون کە، بیستیان دەڵین ئەورۆ لە"چوارچرا" خەڵك وەکۆ دەبین وە قازی قسەیان بۆ دەکا، ئەوانیش بە ئاواتی دیتنی قازی وەگوی راگرتن لەوتارەکانی وی بە پەلەخویان گەیاندە"چوارچرا" وەلە نیزیك ئەو جێگایەی کە، کورسی‌یەکی بەرزی لێدانرابو راوەستان، دەستە- دەستە خەڵك لە مەیدان وەکو دەبون لە ماوەی سەعاتێکدا نیزیکەی بیست هەزار کەس لەوێ وە کوبون وە بەجۆرێك دەوری مەیدانەکەیان گرتبو کە، دەرزیت هاویشتبایە وەعەرزی نەدەکەوت لە ئەکاو لەلای رۆژئاوای مەیدانەکەوە خەڵکەکە رێگایەکی باری کیان ئاواڵە کردەوە وە مەلایەکی بو لای کورسیەکە هات وە تەواوی خەڵکە کە بەدیتنی وی لە چەپلەیاندا.

شێرکوو پیروت کە، بەوردی تەماشایەکی ئەو مەلایەیان کرد دیتیان ئەوە"کاك بینایی" یە، وە دەست بەجێ لە کوردێکی کەنیزیك بەوان راوەستابو پرسییان:

ئەی گووانی قازی؟ خودەیان گوت ئەوروئەوقسان دەکات؟

کابرا کە، تەماشایەکی ئەو دولاوەی کرد زانی کە، لە دی راهاتوون و نابەلەدن وەگوتی:

قازی ئەوەتا قسان دەکا

شێرکۆو پیروت کە، ئەوەیان بیست تاویك مردن و ژیانەوە وە تەواوی لەشیان عارەقی لێ دەرژا وەباوەریان بە چاوی خۆیان نەدەکرد، هەر چەند کە، "کاك بینایی" ئەی دەزانی شێرکوو پیروت لەوین، بەڵام ئەوان لە شەرمان خۆیان لەوێ پێ رانەگیرا وە بەدزە- دزەوە لە مەیدانە کەی وە دورکەوتن هەر دەت گوت زمانیان بەستراوە وە تەنانەت لەگەڵ یەکتریش ماوەیەك قسەیان نەدەکرد "کاك بینایی" رۆژێك پێشتر بەوانی کوتبوو کە، ئێواری هیندیك زووبچینە لای شێرکوو پیروت لە روویان هەل نەدەهات کە بچن بۆلای وە لە شەرمان وەختە بۆ دیق بکەن لای ئێواری کاك سووار هاتەوە ماڵی وە بەدیتنی ماتبون و خەفەت باربونی میوانەکانی لێی پرسین:

چیتان لێ قەوماوە، بۆچ وا خەفەت باروکزن؟

شێرکوو پیروت تەواوی هەواڵەکەی ئەو رۆژەیان بۆ گیراوە وە رایان گەیاند کە لە روویان هەڵنایە بچنەلای"کاك بینایی" کاکە سووار دلداری دانەوەوگوتی:

نا، نا هەستن بچن وە هیچ وەسەر خۆتانی مەهێنن "کاك بینایی" هەتا خودا حەز کا سادەو پەتییە وە ئەگەر بیتو نەچن لیتان زویر دەبێ.

شێرکوو پیروت بە نابەدڵی و لەرزە- لەرزەوە رێ کەوتن وە کاتێك گەییشتنە ژوورەکە دیتیان"کاك بینایی" هەر بەجل و بەرگەکەی رۆژێ دانیشتووەو کتیبیکی لە بەردەمی خوی داناوەودەیخوێنیتەوە، ئەوان تاوێك عەبەسان و متەقیان لێوە نەهات، لە پاشان بەرەوپێش چون وە ویستیان دەستی"کاك بینایی" ماچ کەن. "کاك بینایی" کە ئەوانی دی لە بەریان هەڵستاو نەی هێشت دەستی ماچ بکەن وە دەست بەجێ تێ گەییشت کە، ئەو لاوانە ئەویان ناسیوەوە لەبەرئەوە بۆ ئەوەی شەرمیونی یان وەلابەری بە پێکەنینەوە گوتی:

دەی قازی یە لینگەرر"، کەتان چاوپێکەوت؟

هەر چەند"کاك بینایی" بەوانی کوتبو دانیشن ئەوان دانەنیشتبون وە دەستەو نەزەر راوەستابوون و سەریان داخستبوو لە پاشان پیروت خۆی پێرانەگیراو گوتی:

قوربان، جەنابی قازی! لیمان ببورە تا ئیستا نەمان ناسیوی..

"کاك بینایی" تاوێ: نیو چاوانی گرژکردو گوتی:

ئەوە لە کەنگێوە ئەمن بۆ ئێوە بومەتە جەنابی قازی! "کابرا" مەگەر تۆ نیوی منت لە بیر چۆتەوە، ئەمن بۆ تۆ"جەنابی قازی" نیم، "کاك بینایی"م کاکە قەت ئەوەتان لە بیرنەچێ دەناتوشی کێشەدەبێ وە بەچوکترین بەسەر چونێ: هەڵ بە دوژمن دەدەی لە کارەنهێنیەکانمان شارەزابێت، بۆ ئێمە ئەو رۆ وووریایی، ئەویش وریایی‌یەکی پەتی گەییشتویی لە هەموشتێك پێویست ترە.

"کاك بینایی" تاوێك بێ دەنگ بو وەلە پاشان بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

پێتان وابو قازی شاخی هەیە وە لە پیاوان ناچێ؟ نا، نا براکانم ئەمنیش هەروەك ئێوەم وە هیچ شتێکم لە ئێوە زیاتر نیە، وە ئەگەر لەمەوبەولاوەش، هەروەك دەستە براو هاوزارو هاوالی تەماشام نەکەن دڵم لیتان دێشێ…

جەقەنگ و قسە خۆشی و سادەیی"کاك بینایی" شەرمیونی ئەو لاوانەی وە لابردوە، ئەوان دانیشتن وە"کاك بینایی" ش لە مەر مێژووی کوردستان بە درێژی قسەی بۆ کردن…

پاش چەند رۆژێك"کاك بینایی" شێرکوو پیروتی بانگ کردوو گوتی:

سبەینی ماشینیکی لوری بۆ لای(ورمێ) دەچێ ئێوەش سوواری ئەو ماشینە بن وە ئەو بوخچە کتیبە بەرنە مەحالی(تەرگەوەر)، وە بیدەن بە(کاك جەنگوی) هەرکی لە دێی(سیرمە)، با بڵاوی بکاتەوە بەڵام تفەنگ لەگەڵ خۆتان هەڵ مەگرن…

شێرکوو پیروت لە مێژ بۆ چاوەرێی ئەوەبون کە، لەلایەن کۆمەڵەوە، وە بە تایبەتی لە لایەن"کاك بینایی"یەوە ئەسپاردەیەکی ئەوتویان پێ بدرێ کە،

خۆیان بنوێنن، پیروت هەر چاوەڕێی ئەوەبوکە، رۆژێك پێی بلەن بچوفلان سەرۆك عەشیرەتی نیشتمان فرۆش بکوژە، وەیاپەتی کەو بیهێنە بۆ شارێ، وەیا بچۆ فلان سەرۆکی ژاندارم رووتکەوە، بەلام هیچ چاوەڕێی ئەوە نەبو کە، کولێکی کاغەز لە پشتی قایم کەن و پێی بلەن بچۆ بلاوی کەوە، لەبەر ئەوە زۆربە نابەدڵییەوە لەلای"کاك بینایی" وە دەرکەوت، وە لە ڕێگا روی لەشیرکو کردو گوتی:

حەی بەریشی خیوی ئەوە تەاومان کرد! جاتو خوا پیاو بەکاغەزو پەڕو بە سەر دوژمندا سەردەکەوێ؟ حەیف نیە تفەنگە رەشەی لە دوژمن ئاور نەدەی!...

شیرکو وەلامی داوەو گوتی:

ئەوان لەمە عاقلترن وە هەرچی بە مەسلەحەتی بزانن دەیی وابکەین، کاغەزبلاوکردنەوەش کاریکە، لە هەموو جێگایەك تفەنگ بەکار نایە...

شیرکوو پیروت هەر چلونێکی پییان کوتبون بە دییان گەیاند، وە بۆ سابلاغ گەڕانەوە.

ئیتر ئەو جوتە لاوە ببونە خۆشەویستی کۆمەڵە وەهەر کارێك پییان دەسپاردن بەسەر کەوتنەوە بەجییان دەگەیاند"کاك بینایی" چەند جار ئەو جوتە لاوەی لەگەڵ خۆی بۆنیۆ عەشیرەتەکان وە سەفەری دور- دور بردبووە، لە عەینی وەختدا هەمو رۆژێ سەعاتێك دەرسی پێدەگوتن، وە پاش سالێك ئیتر فێری نووسین و خوێندنەوە ببون.

بەکورتی، قولی ئەو قولی نەمابو بە قەولی کاك مامەند"پیروتە کولکنە"کەی بەتەواوی وەلاتدا، نیو بانگی بەکاری و تێکوشەری و ئازایەتی بلاوببوەوە، پیروت بەتەنیا بە شتیك قەلسبو، ئەویش ئەوەبوکە. دوست و برادەرەکانی هەر بە"برا" نیویان دەبرد، وەنیوە خۆشە کوردیە کەی خۆی نەدەکرا بویژری، رۆژیك بیروت لەگەڵ چەند دوست و هاوەلێکی خۆی کە هەموو ئەندامانی کۆمەلە بون دانیشتبوو نانی دەخوارد وە هەموو هەر"برا""برا" نیویان دەبرد لە پراگوربەیەك بە میاو میاو کردن وەژورکەوت وە پیروت کە، گوریەکەی دی لە قاقای پێکەنینی داو هەموو پییان سەیربووە لییان پرسی بوچی پیدەکەنی پیروت گوتی:

لە لای ئێمە مەلایەك هەبو کە نیویان نابو"مەلا خیت فس" وە ئەوەش لەبەر ئەوەبو کە، ئەو مەلایەبەو دووقسەیە، یانیبە"خت- فس" زۆر تووره دەبو فەقیکان رۆژی جومعە دەچوون راتبەیان دەکرد، رۆن و برنج و مریشك یان وەکو دەکرد وە بەئیشتیاوە پلاوو مریشکیان لیدەنا وەکاتێك ویرای مەلاوە کۆدەبوونەوە سەر مەجوعمە پلاوو گوشتەکەی بخون گوربە بوریان لیوە ژوور دەکەوت فەقیکان لە ترسی مەلا نەیان دەویرا بلەن"ختە-فسە" وە مەجبور بون بە نیوی دیکە گوربەکە دەنگ بدەن یەکێك دەی کوت"وەحە!" ئەوی تر"هەچە!"، سییەمی"کس- کس!" بەلام گوربەبور گوێی لەو قسانە رانەدەگرت وە کێهەتکە گوشتی چەوری دیبایە دەی رفاند، چەند جار ئەو کارە دووپاتە بوەوە، وەئیتر یەکێك لە فەقیکان حەجمینی لی برا وە رۆژێك کە، نانیان دەخووارد وەگوربە بور وە ژورکەوت گوتی: "وەللاهی مەلا بشم کوژی ختیش و فسیش" جا ئێستا ئێوەش دەم کوژن و دەم برن کەیفی خۆتانە نیوی من پیروتە، "برا، برا"م لی دامەنینەوە...

پیروت لەو ماوەیەدا کە، لە کانی سەوزەوە دەرکەوتبو هیچ کاتێك باب و، دایك و خوشك و براکانی لە بیر نەچوبو وەبە هۆی ریبواری ناسیاو هەر بە چەند مانگ جارێك دراوو پیلاوو قەندو چای بۆ مالی دەنارد، وە کاك مامەند بەو هۆیەوە لە چەنگ زولم و زۆری لە تام دەرچوی قەرەنی ئاغا ژیانێکی نەمرو و نەژی بەریوە دەبرد، وە هەر دوعای بو عومر درێژی کورەکەی دەکرد...

پیروت هەروەها چەند جارێك هەرەشەی بۆ قەرەنی ئاغاش ناردبو وە کوتبوی: "ئەگەر رۆژێکم بمینی تولەی خۆم و بابمی لێ دەکەمەوە..." پیروت چەند جارێك ویستبوی بۆ ئەنجامی کاریك لە لایەن کۆمەلەوە بۆ مەلبەندی سەقزی بنیرن، بەلام سەروکەکانی کۆمەلە کە، دەیان زانی لەوێ مەترسی بۆ پیروت هەیە وە لە هەموو لایەکەوە لێی دەگەرین ئەو داخووازەی وییان قوبول نەکردبو.

قەرەنی ئاغاش لە هەرەشەو نیو بە دەرەوی پیروت زۆر وەترس کەوتبو، وە لەبەر ئەوە بەر مەلا نەی دەویرا لەگەڵ کاك مەمەند دوژمنایەتی بکات، بەلام لە ژیرەوە وە لە رێگای جیاواز- جیاوازەوە بۆ مال ویران کردن و چارەرەش کردنی خیزانی کاك مامەند لە هیچ چەشنە خراپەو ناپیاوەتییەك نەدەپیرنگاوە.

لە هاوینی سالی1945دا لەلایەن کۆمەلەوە پیروت ویرای دو کەس لە سەروکەکانی کۆمەلە بۆ مەلبەندی لای (ماکو) و(خو) و(سەلماس) ناردرابون بۆ کاروباری سیاسی وە لەو سەفەرەدا چەند مانگێکیان پێچو، وە لەو ماوەیەدا ئەو نەی توانی یارمەتییەك بۆ باوکی بنێرێ، نەهاتنی یارمەتی لەلایەن پیروتەوە وە خراپکاری بە ئانقەستی قەرەنی ئاغا لەگەڵ حاسلەکەی کە کاك مامەند بەرەنجی شانی هینابویە بەرهەم چلونایەتی ئەو مالەی لە زستانە سەختەکەی سالی1945دا توشی چەوتی و نالەباری و برسیەتییەکی زۆرپیس کردبو....

## سەرچاوە

ڕۆمانی"پێشمەرگە، نوسینی دکتۆر رەحیمی قازی، ل108-129

33

Rovar

A Newspaper Size Magazine